بابەک ئەحمەدی

# پێکهاتەو راڤەی دەق

## کتێبی یەکەم

و: مەسعود بابایی

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٤



لەبلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٣٦)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ _ جەمال پیرە

ناوی کتێب: پێکهاتەو راڤەی دەق
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: بابەك ئەحمەدی
وەرگێرانی: مەسعود بابایی
دیزاین‌و بەرگ: ئیسماعیل کوردە
چاپ: چاپخانەی ڕەنج
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ ( ٢٥٠٠ )دینارە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نما پارێزاروە

# پێش گوتار

ژینی ڕاستەقینە ژیانێکە کەلە ئەنجامدا دوبارە ئەیدۆزینەوە، دیارو ئاشکرایەو تەنیا فۆرمی ژیان کەلە ڕاستیدا بە ئاکام دەگات ئەدەبیاتە.

مارسێل پروست

ئەم کتێبە دوو مەبەستی سەرەکی لە پێشدایەیەکەم، ناساندنی سێ ڕێبازی نوێی تیۆری ئەدەبی واتەپێکهاتەگەرایی هەڵوەشاندنەوەو هێرمێنۆتێکە، کەلە دەیەکانی ڕابردوودا بوارو میتۆدی لێکۆڵینەوە لەنێو بابەتگەلی هونەریو بەتایبەتی ئەدەبیاتی دیاری کردووە. لەمەڕ ئەم سێ ڕێبازە لە زمانی فارسی) بەدەگمەن سەرچاوە دەست دەکەوێ، هەربۆیە زۆربەی بابەتەکانی کتێبەکە) وەکوو بابەتی نوێ ( خۆیان دەنوێنن ڕەنگە بەلەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵە بە ئاسانتر بتوانین چاو لە کەموکوڕیەکانی بپۆشین. ئێمە مانا( ⋆) ( هەرچەند لەبیرمان چۆتەوە) ( پاش هەڵگرتنی یەکەمین هەنگاو گلاوین. ئامانجی دووەم، سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە سێ ڕێبازەکە، جیا لە جیاوازیەکانو نایەکسانی زۆریان، لەکۆتاییدا نزیکی یەکتری بوونەتەوە. بەیان کردنی ئەم هاوئاراستەییە، رەنگە بە کەڵکی خوێنەرێك بێت کە پێشتر لەتەك ئەم بابەتانەدا ئاشنایی هەبووە. وتەی جوانناسانە هەرگیز بە جۆرێکی سەداسەدو تەواو لە قسەی فەلسەفی جیا نەکراوەتەوە. لێدوان لە گەوهەری هونەر بەردەوام، ئاماژەیەکی فەلسەفیە. ئەم خاڵە بەتایبەتی لەبارەی ئەو سێ ڕێبازانە کە مەبەستمانن دەگونجێ، چونکە هەرسێکیان لەگەڵ بابەتە تازەکان لە فەلسەفەی زماندا هاوڕێن. لەم کتێبەدا، بەناچار، چەندین جار لە سنووری وتەی جوانناسانە تێپەڕیمو خەریکی ڕوونکردنەوەی تەوەرە فەلسەفیەکان بوم. هەوڵمدا لەم ( چونە نێو پەراوێز ) انەدا کورت بێژبمو تەنیا خاڵ گەلێك ڕوون بکەمەوە کە راستەوخۆ بەکەڵکی کاروباری هونەری هاتونو بەبێ ئەوان هەندێك لەبابەتە سەرەکیەکان بەنەناسراوی دەمانەوە. ئەمەم نووسی تا خوێنەر بزانێ کە تەنیا گۆشەیەك لە جیهانی فیکریی بیریارانێك چەشنی یاکوبسین، باختین، دریدا، گادامێر، ریکۆرو..تاد کە بۆی ئاشکرا کراوە (یاهیوادارم کە ئاشکرا کرابێ)و نابێ خوێنەر ئەم کتێبە جگە لە سەرەتایەك





بۆ چوونە نێو هزری جوانناسانەی مودێڕن دابنێ. لەم کتێبەدا دەقی هونەریی بە واتایەکی فراوان بە کارهاتووەو بە هیچ جۆرێك لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا نیە. بەڵام ئاشکرایە کە مەبەستی سەرەکی بابەتەکە دەقو قسەی ئەدەبییە. نوسەرانی (سەربە) هەرسێ ڕێبازەکە زیاتر لەمەڕ ئەدەبیات نوسیویانەو نموونەیان لە بەرهەمە ئەدەبیەکان هێناوەتەوە. قسەی ئەدەبی لێرەدا لە فراوانترینو اتایدا بەکارهاتوەو "فۆرمەکانی سادەی دەربڕین" چەشنی حیکایەتی ڕەوشتی، نوکتە، چیرۆکی مناڵانو ..هتد دەگرێتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێ بڵێم کە بنەمای تیۆریەکانو یاسا گشتیەکانی ئەم سێ ڕێبازە لەمەڕ هەر فۆرمێکی داهێنانی هونەری، کارا "ئەکتیڤ active"ە. لەم کتێبەدا نمونە گەلێکی گرنگ لە نوسەرانی ئەم سێ ڕێبازە کە هێناویانەتەوە، وەکو بنەمای کارەکەم بە کارمهێناون. هەندێ جار ئەم نموونانە لە پێکهاتنی بنەما تیۆریەکان کارەکەیان گرنگیەکی چارەنووسسازیان هەیە (چەشنی پێگەی ڕۆمانەکانی دستۆفسکی لەبەرهەمەکانی باختیندا، یا ئەو نمونانەی کە تودۆرف بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك هێناویەتیەوە، یا ئەو سێ ڕۆمانەی کە سوژەکەیان "کات"ە لەکتێبی کاتو هەواڵدانو ریکۆرو) لەم خاڵانەدا هەڵبەتە هەمان ئەو نمونانەم بەسەرکردۆتەوە، بەڵام هەندێ جار نمونەکان گرنگیەکی چارەنوس سازیان نیە، لەم خاڵانەدا خۆمم بە دەست ئاوەڵازانیو چەندین جار لەو بەرهەمانەدا نمونەم هێناوەتەوە کەباشتریان دەناسمو زیاتر حەزم لێیانە. لەڕوونکردنەوەی باوەڕی بیریارانێك کەلەم کتێبەدا هاتووە، بنەماکەم لەسەر کەڵك وەرگرتنی ڕاستەوخۆو بێ دەستکاری لە بەرهەمەکانی خودی ئەواندا، داناوە تا ئەو جێگەیەی کە بۆم کرا لە ( سەرچاوە پلە دووەم )ەکان واتە ئەو بەرهەمانەی کەلەمەڕ ئەوانەوە نوسراون، کەمتر نمونەم هێناوەتەوە. هەندێ جار لەنوسراوەکاندا، ئاماژەم بە خوێنەر داوە کەبۆ ژمارەیەك کتێبو وتار گەلێکی (پلەدو)بگەڕێتەوە ئەمانە کۆمەڵە دەقێکن کە پێموایە خوێندنەوەیان پیویستە. خۆزگە توانیبام لەجێی وەرگێڕانی نمونە ئەدەبیەکان، لەدەقەکەدا "دەقە" راستەقینەکەیان بمێنمەوەو لە پەراوێزدا وەرگێڕدراوە فارسیەکان، ئەگەر هاتو تا ئاستێك کە "بۆم دەلوێ" (وردبن) بهێنمەوە، ئەگەرچی جوانو ئەدەبی خۆنەنوێنن. ئەم کارە دەری دەخست کە هیچ بانگەشەیەکم لەبواری وەرگێڕانی دەقە ئەدەبیەکاندا نییە، بەڵام لاپەڕە بەندیم ئاستەم دەکردو قەبارەی کتێبەکەی زیاتردەکرد. یەکەمین پاری کتێبەکە روونکردنەوەی بنەمای تیۆریەکانی سێ بیریاری دانەری نیشانەناسی مۆدێڕن سوسێر، پیرس، موریس. ئەو خاڵانەی کەلەم بەشەدا هاتوون بۆ تێگەیشتن لە

بنەمای بابەتەکانی بەشەکانی دواتر پێویستە، بەڵام لە ڕواڵەتدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ (بابەتە هونەری‌و ئەدەبیەکان)دا نیەو رەنگە خوێنەری خوازیاری ئەم بابەتانە ماندوو بکا. بە دڵنیاییەوە دەبێ بڵێم کە ئەم ناسینە (ساکارو سەرەتاییە) ناتوانی بەئاسانی بەسەریدا بازبدەی. بابەتێکی سەرەتاییش کەلەمەڕ فینۆمینۆلۆژی phenomenology هۆسرل لە پاری هەژدەهەمدا هاتووە، وادێتە بەرچاو کە دوورە لە بابەتە هونەریەکان. سەرەتا دەمویست چەشنی پاشکۆیەك لەکۆتایی کتێبەکەدا بیهێنمەوە، بەڵام بەهۆی گرنگی‌و ڕۆڵی چارەنووسسازی فینۆمینۆلۆژی هۆسرل لەبابەتەکانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرندا، وام بەباش دەزانی لەچەقی ئەو بەشەدا جێی بکرێتەوە. بەشێك لە دەستورەکان لە نێو پارەکاندا دوبارە بوونەتەوە، هەرجارەو لەزاری یەکێك لە تیۆریسیەنەکان (وەکوو گرنگی میتودەکانی زمانناسی لە توێژینەوەی دەق، یا جیایی زمانی شیعر لە زمانی رۆژانە، یا جیایی دەق لە مەبەستی دانەر.) لەبەرهەمێکدا کە لەسەر بنەمای روونکردنەوەو وەسفی هزرەکان فۆرمی وەرگرتبێ‌و لەم ڕێگەیەوە تا ڕادەیەك رەنگدانەوەی هاوڕێکی مێژویی بێت. ئەم دوبارە بوونەوەیە پێویست‌و لە چارنەهاتوو خۆی دەنوێنێ.. ئەگەر بنەمای بابەتەکانی کتێبەکە هەڵگری هەوێن گەلێکی تیۆری بوایەن، لەو کاتەدا دەکرا تا ڕادەیەك لە دووبارە بوونەوەی تیۆری خۆ ببوێرین. ئەنجام، بەڵام پێموایە، ئاراستەیەکی پۆزۆتیڤیش هەیەو بێ سوود نییە. ئێستا خوێنەر دەتوانێ بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگە گەلێکی هەندێ‌جار جیاوازو هەندێ جار هاوشێوە کە تیۆرە واتا بۆ سەلماندنی تیۆرە هاوشێوەکانیان هێناویانەتەوە، کەم تا زۆر لەتەك شێوەی بەڵگە هێنانەوەو کرۆکی باسەکانیان ئاشنا ببێ‌و لەلایەکی دیکەشەوە لە لێکچوونەکان یا جیاکاریەکانی میتۆدۆلۆژی جوانتر تێبگات. بە خوێنەر پێشنیار دەکەم کەبەر لە هەرشتێك بێ یەکەم پاشکۆ لە کۆتایی کتێبەکەدا بخوێنێتەوەو هەروەها لە ( فەرهەنگۆك ) ەکە ورد بێتەوە. ژمارەیەك لەو زاراوانەی‌کە بەکارم هێناون هاو واتای نامۆن بۆ زاراوە سەرەکی‌و کلیلیەکانی وتەی ئەدەبی. (بۆ نمونە ( تیۆریی ئەدەبی ) لە بەرانبەر Poetics،... (وتە) لە بەرانبەر Descourse...هتد ) هاتووە، تێگەیشتن لە هۆی ئەم (داهێنانی وشەیی)ە، خوێندنەوەی کتێبەکە ئاسان دەکات. خا لێکی دیکە بەکارهێنانی پاشگری ( یك ) بۆ ئەو زاراوانە کە کۆتاییان بە ( ی ) ی چاوگ دێت‌و هەربۆیە (ی)ی پەیوەندیان پێوە نالکێ وەکو ( بوونناسی) هەستی شوناسیك(کە ئاماژە پێکراوەکەی هەموو ئەو شتانەن کەبەبوونناسی)





ontology= ناو دێر کراون). بە هۆی زیندو کردنەوەی ئەم پاشگرە کەلە زمانی پەهلەویدا هەبو ـ ئەمە کاری پسپۆر گەلێکە کە زاڵن بەسەر و تەی ئەدەبی فارسیدا، وەکوو (د. شەفیعی کەدکەنی)، ڕەگەزناسی زاراوەکان (د.ئەدیب سوڵتانی) و زمانناسی مێژویی(داریوش ئاشوری) ـ لێرە پێویست نیە هۆی ئەو بەڵگانە دوبارە بکەینەوە کە ئەوان لە سەر قازانج و پێویستی ئەم پاشگرە هێناویانەتەوە.*

تێبینیەکان‌و پەراوێزەکانی هەر پارێك لە کۆتایی هەمان پاردا چاپ کراوە. لە تێبینیەکانی هەر بەشێك تەنیا بۆ یەکجار ئەگەر ئاماژە بە کتێبێك یا وتارێك کرابێ، ناونیشانی بەوردی هاتوە. لە تێبینیەکاندا ئاماژەی زۆر کراوە بە کتێب‌و وتارە بنەماییەکان‌و ئەم خاڵە وای کرد کە ڕێکخستنی کتێبناسی لەکۆتایی کتێبەکەدا نا پێویست بکا. ڕێکەوتی لە چاپدانی کتێبەکان کەلە پاش ناوونیشانی هەرکامیاندا هاتوە، بە ناچار پێوەندی بە چاپی یەکەمەوە نیە، مەگەر لە چەند خاڵێکدا نەبێ کە ئەم خاڵە جەختی لەسەر کرابێ.

تێبینی بۆ چاپی سێیەم:

چاپی سێیەمی "پێکهاتەو راڤەی دەق" جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ چاپی دوەمدا (کە نزیکی دوو ساڵ لەمەوبەر بڵاوکرایەوە)نیە. ئیدی پێویست نیە کە پاشکۆیەك لەمەڕ کتێبە تازەکانن)و بەرهەمەکانی نوسەر (دابین بکرێ، چونکە ئەم کارە لە کۆمەڵەو تارێکدا درێژە پێدەدەم کە بە تایبەتی لەبارەی رەخنەکاری هێرمێنۆتیکدا خاڵی نوێی تێدایەو، تێیاندا ئاماژە بە کتێب‌و هزرە نوێترەکان دەکرێ. ئەم کتێبە بەو شێوەیەی کە هەیە جێ دەهێڵم‌و خوشحاڵم کە هێشتا بە زیندوێتی ماوەتەوەو دەخوێنرێتەوە.

خەزەڵوەری١٣٧٤ھ ) ئۆکتۆبری۔١٩٩٥ ز
بابەك ئەحمەدی

* ئەم روونکردنەوەیە تایبەتە بە زمانی فارسی و پەیوەندی بەزمانی کوردیەوە نیە، مەبەست لێرەدا تەنیا پاراستنی وەرگێڕانەکەیە. (وەرگێڕ).

# کتێبی یەکەم
# نیشانەکان و فۆرمی دەق

لاپەرەیەك و ابزانە رووی لە تۆیە و روویەکەی‌دی لەیار، یان ) روی ( لە هەر کەسێك کە هەیە، ئەو دیوەی کە رووی لە تۆیە خوێندوتەتەوە، ئەو دیوەش کە ڕووی لە یارە دەبێ بیخوێنیتەوە.

وتارەکانی شەمس تەبریزی پێداچوونەوەی م.ع.موەحید، تاران ١٣٦٩، دەفتەری دووەم، ل ١٢٨.

### سەرەتا

تۆ پشت لە پەنجەرەوە و من بەرەو ڕوی دانیشتوین. دەڵێم: " درەختێ دیارە! " ئەگەر لەتەك زمانی فارسیدا ئاشنا بیت، واتە رێکەوتنەکانی ئاماژەیی (signification) بزانی، نەك لە ڕێگەی دیتنی دارەکەوە، بەڵکو بەهۆی بیستنی وشەی دارەوە، واتە بە هۆی شتێك جگە لە خودی دارەکە، وێنایەك لەو دارە زەینتدا پێك دێ. هەڵبەتە هێشتا نازانی ئەمە چ جۆرە دارێکە، ئەندازە و تەمەنی چەندە، بەڵام هەرچۆنێك بێت وێناکردنێکی (ئەبستراکت) لەمەڕ دار لە وشیاریتدا فۆرم دەگرێ. وشەی دار کەمن بەکارم هێناوە (ئاماژە) پێکراوەو وێناکردنی زەینی تۆیە بۆ دارەکە (ئاماژە پێکراو). نیشانەیەك کەمن‌و تۆ بە یارمەتی ئەو (نیشانە)یە پێکەوە پەیوەندیمان گرتووە، پەیوەندیەکە نێوان ئەم وشەیە (دەنگ)و وێناکردنە یان بەشێوەیەکی دیکە پەیوەندیەکە لە نێوان ئاماژەو ئاماژەپێکراودا. شتێکە جیاواز لە بەرناس "objective" واقیعی درەخت. وادابنێ کە من بە زمانی فەرەنسی تۆ لەبوونی درەخت ئاگادار بکەمەوە تەنیا ئەگەر رێکەوتنەکانی ئاماژەیی لە زمانی فەرەنسی‌دا بزانی وشەی arbre بۆت وەکو ئاماژە دەبێ‌و وێنایەك لە درەخت لە زەینتدا پێك دێنێ. نیشانە لەسەر بنەمای رێکەوتنێك دامەزراوە کەبە پێوار هەر شتێکدا دەبێتە هۆی





بەرهەم هاتنی وێناکردنێك لەو شتە لەنێو زەینتدا و بواری پەیوەندی دەرەخسێنێ. ئاماژە پێکەر "signifiant " پێویست نیە هەمیشە وشەیەك بێت. هەبوونی دوکەڵ لە ئاسماندا نیشانەیەکە لەبۆ ئاگرێك کە هەڵکراوە. فۆسیلك لە دەستی مندا نیشانەی کۆتای هاتنی ژیانی گیانەوەرێکە لە رابردویەکی دووردا، (کەوێل)ێك لە ناوچەیەکی پەراوێز نشین وێناکردنێك لە هەژاری لە زەیندا بەرهەم دێنێ‌و وێنەیەك لە تاوەری ئیڤڵ لەفیلمێکی سینەمایی، شاری پاریس دێننەوە بیر. دوکەڵ، فوسیل، کەوێل‌و وێنەی تاوەری ئیڤڵ هەموویان نیشانەیەکن (کە) پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ ئاماژەپێکراو (یان وێناکردنێکی زەینی) دروست دەکەن.[1] یەکەمین وێنە لەدەستەکانی ئێمابواری‌و (چاوە قاوەییەکانی ئەو کەبەهۆی برژانگەکانی رەش دەینواند) وێناکردنێك لەو لە زەیندا بەرهەم دێنێ، بەڵام ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ وێنەکانی دوایی کە گوستاو فلوبێر لەمەڕ ئێما دەیان کێشێتەوە، دەگۆڕدرێت. نیشانە ناسی ئەدەبی گونجانی نێوان ئەو وێنەیە (ئاماژە پێکەر)و ئەم وێنا کردنە(ئاماژە پێکراو)ەیە. ئامانجی"نیشانە ناسی ئەدەبی" لەکۆتایدا دۆزینەوەی گونجانێکە لەنێوان ئەو شتەی نوسەر هێناویەتە گۆڕێ‌و ئەو شتەی خوێنەر تێی گەیشتووە یان تەئویلی کردووە. بە دەربرینی‌تر نیشانەناسی ئەدەبی ناسینی ئەو رێکەوتنە سەرەکیانەیە کە توانای دروست کردنی ( واتایەکی دیکە ) بەهەرجۆرە وێنە یاخود وەسفی ئەدەبی ورە دروسکردن دەبەخشێ. زمان دەزگایەك لە نیشانەکانن. هەریەك لە ئێمە لە بەکارهێنانی تایبەتی زماندا واتە ئاخاوتنمان، کۆمەڵەیەك لە نیشانەکانی هەڵدەبژێرین، لە بەشێك لە تواناکانی زمان کەڵك وەردەگرین‌و جۆرێك لە"وتەی تاکە کەسی" یا ( میتۆدی تایبەتی خۆمان) دەخولقێنین. ئێمە لە ئاخاوتنماندا کەڵك لە نیشانە گەلێك و ەردەگرین، کەبە پێی رێکەوتنێك کە پێشتر پەسند کراوە، دەبنە هۆی بەرهەمهاتنی کۆمەڵە ئاماژە پێکراوێك یان کۆمەڵە وێناکردنێك لەزەینی گوێگردا. ئێمە لەزمانی رۆژانەدا، لە دەرەوەی پانتایی ئەو

[1] تەنانەت نیشانە دەنگدارەکان/ مۆزیکالێ لە کۆپلەیەکی مۆسیقادا، دەبنە هۆی بەرهەم هاتنی ئاماژە پێکراوی ئاڵۆز و ئەبستراکت لە زەیندا کە دۆزینەوەیان زۆر ئاستەم، و بەڕای هەندێ لە نیشانەناسان مەحاڵە، بەڵام هەرچەندیش ئەو ئاماژانە سەخت بن، ناتوانین حاشا لە هەبوونیان بکەین.

كەرەستەو توانایانەی كە رێكەوتنەكان دروست دەكەن نیشانەیەك بەكار ناهێنین، چونكە ئامانجمان دروست كردنی پەیوەندیەو پەیوەندی لەسەر بنەمای رێكەوتنە ئاشناكانە. پەیوەندیەكانی نێوان كەسەكان، ناسانەدا semiology _ semiotics وەكوو ناسینی پەیوەندی نێوان نیشانەكانە. بەڵام هەر بەرهەمێكی هونەری، لە گوتاریان " وتەی تاكە كەس " ئاستی بەرزتردەبێتەوە،چونكە نەك تەنیا كۆمەڵەیەكە لەنیشانە هەڵبژێردراوەكان (كە هەریەكەیان بە پێی رێكەوتنێكی پێشتر دیاریكراو، كۆمەڵە ئاماژە پێكراوێك لە زەینی گوێگردا دروست دەكەن)، بەڵكو كۆمەڵەیەكیشە لە رێكەوتنە نوێیەكان (نیشانەكانو ئاماژە پێكراوە تازەكان. ئاگاداربوون لەم نیشانانە (واتاناسی واتا رێكەوتنیەكانو واتا تازەكان) وەكوو دۆزینەوەی پەیوەندیە راستەقینەكانە لە نێوان بەرهەمو بەرامبەرەكەیدا. نیشانەیەك كەلە بەرهەمی هونەریدا بە پێی رێكەوتنێكی لە پێشدا پەسەند كراوە، بەكاردێت. بە رەمز یان ( كۆد) ناودێری دەكەین. ئەم رێكەوتنانە لەوتەی تاكە كەسی ( یا) تایبەتی سەرترنو زۆرتر لە رێگای (ژانری) تایبەتیەوە دەناسرێنەوە كە بەرهەم لە نێویانداجێگیر بووە.[۲] هەر بەرهەمێك (دنیای نیشانەكان) ی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێو ئاماژەیەكی واتایی تایبەت بە خۆی دروست دەكا، بۆیە كەوارێكی تەمومژاویە. هەر ئاماژەپێكراوێك لە زەینی گوێگردا لەگەڵ تەئویلە جۆربەجۆرەكاندا بەرەو ڕوو دەبینەوە. (۳)

(رای گشتی) كە لەدوا لاپەڕەی (ڕۆمانی) "مەدام بوڤاری"دا هاتووە، رەمزێك یان دەلالەتێكی تایبەتیە لەنێو ئەم رۆمانەدا. چەمكێكیتر كە (لەوەی سەرەوە) چەندین جار ئەبستراكتتر بێت واتە (سروشتی بێ هەڵوێست) لە دوا لاپەڕەی "باوكان و كوڕان" ی ئیڤان تورگینیف (یش)دا نیشانەیەكە لە جیهانی ئەم رۆمانە. پێكهاتەی دەقی ئەدەبی بەواتای كۆمەڵەیەك لە گونجانە ناوەكیەكانە كەلە نێو نیشانەكانی دەقدان. میتۆد

---

[۲] ((كۆد)) بە وتەی ژولیا كریستوا (( خۆی سیستەمێكی پۆلێنكردنی چەمكەكانە لە نێو پێكهاتەی بنەمایی پەیامدا)):

J.kristeva,le langage , cetinconnu , Paris , 1981 \ 9 \ 16

[۳] چارلز سندرس پێریس بە هێنانەگۆڕی ((خاڵی راڤەكاری)) یەكەم هەنگاوی بۆ نزیك كردنەوەی پێكهاتەگەرایی و هێرمێنۆتێك هەڵێنا.





(یا تیۆری) پێكهاتە گەرایی ئەدەبی هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بە مەبەستی چونە نێو "دنیای نیشانەكانی هەر بەرهەمێكی ئەدەبی" واتە دۆزینەوەی رەمزەكانو نیشانە نوێیەكانی "بەرهەمەكە"و تێگەیشتن لە پەیوەندیە ناوەكیەكان. لەدوا لاپەڕەكانی (برایانی كارامازوف )دا ئالیوشا لە "ئامۆژگاری تەنیشت بەردەكە "دا بە تازە لاوان دەڵێ كەلە ژیاندا شتێك پیرۆزترو بەدەسەڵاتتر، تەندروستترو باشتر لە (بیرەوەری باش) نییە، بەتایبەتی بیرەوەری سەردەمانی منداڵی و ماڵەوە) بەردەوام دەبێ و دەڵێ

(كە ئەگەر كەسێك تەنیا بیرەوەریەكی باش و پیرۆزی لە سەردەمی منداڵیدا هەبێ، هەر ئەم بیرەوەریە رزگاری دەكات.[٤] ئایا كۆمەڵە بیرەوەریەك هەبوون كە دیمیتری ئیڤان رزگار بكەن؟ نازانین، فیۆدۆر دستۆفسكی ئێمەی لەگەڵ بیرەوەری ئالیوشی ئاشنا كردووە، و بەراستی كۆی رۆمانەكە لە گرەوی فراوانبونیەتی) بیرەوەریەكە: ئێوارە درەنگانێكی هاوینی و هێور، تیشكی خۆر بە شێوەیەكی كووڕ لە پەنجەرەیەكی كراوەوە دەرژێتە ژوورەكەوە، دایكی ئالیوشا لەبەردەم پەیكەرێكی پیرۆزدا ئەژنۆی داداوە، نزا دەكا و دەگری. پاشان ئالیۆشای منداڵی لە باوەشیدا دەگوشێ. لەبەردەمی دایكدا چرایەك هەڵكراوە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە بیری ئالیوشدا ماوەتەوە، تیشكی كەوانەیی خۆرە.[٥] سەیر لەوەدایە كە باوكی زوسیما-مەبەستی ئالیوشا، برا نەخۆشەكەیەتی (كەلە منالێیدا مردووە)-بیرەوەریەكی هاوشێوەی هەیە: ( لەبیرم دێ كە جارێك چوومە ژوورەكەیەوە، كاتێك كە كەسێك جگە لە خۆی لەوێ نەبو. سەرەتای ئێوارە بو خۆر ئاوادەبو، بەڵام هێشتا تیشكی هەتاو ژوورەكەی رووناك دەكردەوە. چوومە تەنیشتیەوە، دەستم خستە سەر شانیو بە میهرەبانیو سۆز چاوی تێبڕیم. بۆ ساتێك هیچی نەوت تەنیا سەیری كردم. پاشان وتی: ئێستاكە بڕۆ یاری بكەو لەجیاتی من چێژ لە ژیان وەربگرە ) . زوسیما دەڵێ لەوە بەدواوە بەردەوام ئەم راسپاردەیەی براكەی بە خەمێكی قووڵەوە وەبیر هێناوەتەوە.[٦] لە لاپەرەیەكی پاش ئەمەدا، لەبارەی بیرەوەریەكی دی، واتە چون بۆ كلیسا لەگەڵ دایكیدا، دەدوێ. ئەو باس لەوە دەكا كە هەڵمێك لە ئاگردانەكەوە هەڵدەستاو لەسەروی گۆمەزەكەوە، چەشنی شەپۆلانێك لەگەڵ تیرێژی خۆردا كەلە درزێكی چكۆلەوە بەرەو ناوەوە پرشنگی دەدایەوە، تێكەڵاو دەبو: (بۆ یەكەمین پێشوازیم لە تۆوی وتەی خوام لە دڵاكرد).[٧] تیشكی نەرمو كەمرەنگی خۆر كەلەدرزێكەوە بەرەو ناوەوە دەرژێت (بەتایبەتی تیشكی كەوانەیی زەردەپەڕی ئێواران) نیشانەی سەرەكی و تەنانەت دەبێ بڵێین ( كلیلی واتایی ) رۆمانی دستۆفسكیە. نیشانەی ئارایی خوا لەرۆمانێكدا كە هەوێنە سەرەكیەكەی مشتومڕی مرۆڤە لە پێناوی

دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە کە: ئایا هەیە؟ دۆزینەوەی دەلالەتی واتایی نیشانەکانی بەرهەمی هونەری کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر پەیوەندی ناوەکی نیشانەکان بزانرێت تێگەیشتن لەقوڵایی واتاکان ئاسان دەبێت. لەتابلۆی نیگاری باڵوێزاندا(١٥٣٣) بەرهەمی هانس هۆلباینداکە لەمۆزەخانەی نەتەوەیی لەندەندا دەپارێزرێ، بریاری سۆفیانەی رێنسانس (لەیادی مەرگ بە) سەرچاوەی کاری هونەرمەند بووە. دوو ئەریستۆکراتزادەی لاو لەژوورێکی شکۆمەندا راوەستاون. کراسە بەنرخەکان، پەردەکان‌و هەموو شتێك لەژوورەکەدا دەرخەری دەوڵەمەندی، شکۆو دەسەڵاتی (ناسوتی)یانە. لە کتێبەکان، کەرەستەکانی ئەستێرەناسی‌و ئامێرەکانی موسیقا دیارە کە ئەوان لەگەڵ زانستەکان‌و هونەرەکانی سەردەمەکەیان ئاشنان. لەنیگای پڕ بەخۆبایی و ساردیان بە ئاشکرا دیارە لە ژیان‌و دەسەڵاتدا سەرمەستن. بەڵام (راستیەکی دیکە)ش لە ئارادایە، لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە پەی پێ بردنیان ئاستەمە. هێمایەك بە کڵاوی یەکێك لە خانزادەکانەوە دوراوە. هێمایەکە کەئێسکە پەیکەری کەللە سەرێکە کەئەگەر زۆر لێی ورد نەبینەوە ناناسرێتەوە. کاتژمێرە دارینەکەی سەر مێزەکە کاتژمێرو رۆژی مردنی باوکی نیگارکێش دەردەخەن، لە نێو تابلۆکەدا ( تەلێك لە تەلەکانی لۆت پچڕاوە.. بەڵام گرنگترین نیشانە شتێکی سەرسوڕهێنەرە کەبە شێوەیەکی کوور لە تەنیشت باڵوێزەکان لە بۆشاییدا ئاوێزانە. ئامادە بوونی ئەم شتە نەناسراوە لەچوارچێوەی ئەم تابلۆ ریالیستی خۆی خاڵێکی سەرسوڕهێنەرە. سەرسوڕمانەکە کاتێك زیاتر دەبێ کەلە مەودای یەك‌و نیو مەتر لە تەنیشت دەستە راستی تابلۆکەدا راوەستین‌و تێبگەین کە ئەم مادەیە، ئێسکە پەیکەری کەللەی مرۆڤێکە کەبە چەشنێکی شێواو کێشراوەتەوە.[8] ئێمەش وەك دوو باڵوێز چاومان لەئاست (راستیەکی‌دیکە) بەستبوو. راستیەکی شاراوە لەچوارچێوەی تابلۆکەی هولباین دایەو لە(سیستەمی شتەکان) بەڵام ئاشکرایە لە هەبوونمان بە ئاراستەی مەرگ: لەیادی مەرگدابە. (کلیلی وتایی) رەمزی سەرەکی بەرهەمی هونەریە. دۆزینەوەی چارەسەرکەری زۆربەی ئاڵۆزی‌و دژواریەکانە. کەمتر کەسێك هەیە کە شەیدای ئەدەبیات بێ‌و نەزانێ بۆچی بۆن‌وچێژی شیرینی مادلێن لە چایەکەدا بووە هۆی دۆزینەوەی کاتی لەدەست چوو لە شاکارەکەی مارسێل پروستدا یاخود چیرۆك گێڕەوە کاتێك دانەوی تابەنی کەوشەکەی گرێ بداتەوە، چۆن توانی داپیرە مردووەکەی بدۆزێتەوە. بەڵام هەرساتێکیش لە چیرۆکدا خاوەنی کۆمەڵە رەمزێکی واتاییەو هەر ساتێك لەخوێندنەوە بە واتای گریمان‌و پێشبینی ئەو "رەمزانە"یە. دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم رەمزانە جادووی خوێندنەوەیە. ئێمابواری نامەیەك دەخوێنیتەوە کە لەلایەن باوکیەوە بۆی





هاتووە نامەیەك پڕلە هەڵەی نوسین، بەڵام زۆر جوان، نامەیەك کە (ئێما دەیدۆزێتەوە) لە ناوەراستیدا مەودایەك هەیە لەنێوان دێرەکانیدا: (وادیاربوو پیرەمێردەکە ساتێك خامەکەی دانابوو تا لە نێو خولیاکانیدا نغرۆ ببێ ) . ئێما پاش تەواوکردنی "نامەکە" کاتێك زانی کە باوکی بە هۆی گەرمای خۆڵەمێشی سۆبەکە نامەکەی وشك کردۆتەوە — لەبەر ئەوەی کەمێك لە تۆزی خۆڵەمێشەکەی لە سەر نیشتبوو، لە نێو خولیاو بیرەوەریەکانیدا نوقم دەبێ، سەرەتا چاوی بە وێنەیەکی باوکی کەوت کەلە بەرانبەر ئاگری سۆبە دارینەکە چەماوەتەوە تا مەقاشەکە هەڵگرێتەوە. پاشان (کەوتەوە بیری ئەو رۆژە ئاوا بوونانەی هاوین، جوانوەکان تێدەپەڕین‌و دەیان حیلاندو بەغار دەرۆیشتن.. لە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەیدا کەنویەك لە هەنگوین هەبوو، هەندێ جار هەنگەکان کەلە روناکاییدا دەفرین، چەشنی تۆپ گەلێکی زێرین و پڕ لە با خۆیان بە بە شوشەکەدا دەکێشا. چ رۆژانێکی پڕ بەختەوەری! چ ئازادیەك! ئارەزوگەلێ! چ خەیاڵانێك کە لەدەست رۆیشتن! ئێستا لەو هەموو شتە تەنانەت شوێنەوارێکیش بە جێ نەماوە! ئەو لەهەموو مەترسیە گیانیەکاندا، لەهەموو روداوە یەك لەدوای یەکەکاندا، لە رۆژانی کچێتی بگرە تا هاوسەرێتی‌و خۆشەویستی، هەموو شتێکی لەرەوتی ئەم ژیانە لەدەست داوە، چەشنی گەڕیدەیەك کە هەموو جارێك شتێکی نێو هەگبەکەی لە هۆتێلەکانی سەرەڕێ دا لەکیس بدات[9]. ژیان لەرەوتی بەرەو پیشچوونی‌دا هەژارترو تەنیاترمان دەکا. ئێما وەکوو چیرۆك گێڕەوەیەك لەگەڕان بەدوای کاتی لەدەستچودا لەگەڵ نیشانەگەلێکی کەم لە بەرانبەر هێرشی ژیان‌و بیرەوەریدا بە تەنیا دەمێنێتەوە. لە شوێنێکی دیکەدا تەنها وێنەیەك لە ئێوارەی شارۆچکەیەکی کەنار دەریا پیرە ژنێك دەورژێنێ. لە رۆمانی "دڵی سادە "دا فلیسیتە ( کاتێك گەیشتە سەر ئێك مۆویل، رووناکایی ئۆنفلێری دی کە لە تاریکیدا چەشنی کاکێشانێك دەدرەوشایەوە)و ( پانتایی نارون و تەم و مژاوی دەریای بینی. بە هۆی ماندوێتیەوە و دستا، هەژاریی ساڵانی منداڵی، فریوی یەکەمین ئەوین، رۆیشتنی خوشکەزای، مەرگی و یرژینی، هەموو ئەمانە وەکووشەپۆلێك، و یێکرا، رژان بەسەریدا، بەهۆی خەمی لە رادە بەدەریەوە گەرووی گیرا و هەناسەی سوار بوو ) .(١٠)

---

[9] G. floubert, oeuvres, Paris 1951, vol, pp. 247- 249.

[10] I did , vol . 2 . p . 616.

# پاری یەکەم
# زمان و نیشانە: سۆسێر، پیرێس، مۆریس

دەتوانین زمان چەشنی شارێکی دێرینو وێنا بکەین: کۆمەڵەیەکی خوارو خێچ، پێکهاتوو لە رێرەوەکان، مەیدانەکان، خانوە کۆنو نوێکان، خانو گەلێك کە چەند بە شێکیان لەچەند قۆناغێکی جیاجیادا دروست کراوەو هەموو ئەمانە بەهۆی شارۆچکە تازە دروست کراوەکانەوە کە شەقامەکانیان راستەوانەو خانوەکانیش هاوشێوەن، گەمارۆ دراون.

(لودویك) و یتگنشتاین

(١)

فەیلەسوفەکان یەکەمجار بیریان لە گەردون دەکردەوەو پاشان (بیریان) لە شێوازی تێگەیشتن لە گەردون و لە کۆتایشدا لە ئامرازێك کە بە هۆیەوە ئەو زانستە بتوانێ ناسینی جیهان سانا بکات. ئەم رێڕەوە رێگەیەکی سروشتی و لۆژیکی فەلسەفەیە لە میتافیزیکەوە بەرەو ئەپستمۆلۆیو پاشان بەرەو فەلسەفەی زمان. [1] ئەم پرۆژەیە هەرچەندە سادە گەرایە، بەڵام خاڵێکی گرنگ ڕوون دەکاتەوە. گرنگیدان بە ( فەلسەفەی زمان ) ئەنجامی لۆژیکی وتەی فەلسەفی رۆژئاوایە. لەسەرتای سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، فەیلەسوفەکان بە شێوەی چڕوپڕتر وردبینیو سەرنجی خۆیان خستە سەر زامن، تا ئەو ڕادەیە کە زۆربەی رێبازە میتافیزیکیو ئەپستمۆلۆژیکیەکان لە رێگای فەلسەفەی زمانەوە سەرلەنوێ بەیان کرانەوە. هێردر لێدوان لەمەڕ زمانی لە تەوەرەکانی (مێژووی مرۆڤایەتی)دا، گونجاند، گروپە زماننٲسی مێژوویو وشەناسی لە رێگای رەخنەی میتافیزیکی هێگلیەوە تێکەڵاو کرد، فرگە بە هۆی ئامرازێکی نوێوە کەلە ئەنجامی توێژینەوە لە نێو لۆژیك و بیرکاریدا و ەدەستی هێنابوو، لە زمان تێفکری، هۆسرێل هەرچەند زمانی نەخستە ناوەندی سەرنجی خۆیەوە بەڵام قوتابیەکانی تیۆریەکیان لەبارەی زمانەوە دروست کرد کە ریشەی لەکتێبەکەی





(هوسرل)دا بەناوی "توێژینەوە لۆژیکیەکان" دابوو، بەناوبانگترین شیکردنەوەی ئەو تیۆریە دەتوانین لە بەرهەمەکانی مۆریس میرلۆپونتێ بدۆزینەوە، هایدگەر لە پەیوەندی زمانو بون وردبویەوەو خەریکی دارشتنی تیۆریەك لەبارەی (زمانی شاعیرانە) بوو کە لەئەنجامدا هێرمێنۆتیکی مۆدێڕنی لێ کەوتەوە. لە سێ دەیەی رابردوودا، فەلسەفەی شیکاری ( زمانی وێنەیی ) بەیەکێ لە بنەما سەرەکیەکانی دانا و لە ژێر کاریگەری ویتگنشاین (زمانی سروشتی) هێنایە نێو چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە. لەم سەردەمەدا یەکێ لە گرنگترین لقەکانی فەلسەفەی شیکاری فەلسەفەی زمانە و بەرهەمەکانی کارناپ، تارسکی، ئاستین، سێرل، چۆمسکیو خەڵکانیتر چەمك گەلێکی نوێیان لە بواریواتاناسی (سیمانتیك)و پێکهاتە سیناکسیکیەکاندا هێناوەتەکایەوە. زانستو قسەی زانستی بەتایبەتی لە دەیەی رابردوودا، بەرەو رووی زمان بۆتەوە. لیوتار لەکتێبی "شوێنگەی پۆست مۆدێڕن"دا ڕونی کردۆتەوە کە دەنگناسی، زمانناسیو واتاناسی لە زانستە ڤیزیکیو سروشتیەکاندا بەکارهاتوونو بابەتگەلی تازە لە پەیوەندی ناسیو سیبرنتیکدا هاتونەتە ئاراوە. پێویستی ئافراندنی زمانێکی تایبەتی لە (سەردەمی) ئەنفورماتیکدا هەستی پێدەکرێ. تۆکمەبوونی جۆرەکانی کۆمپیوتەرو زمانی تایبەتیان، وەرگێران. وەرگێڕانی دەقەکان بە یارمەتی ئامێرو بە گشتی پەیوەندی زمانو ئامێر، بابەتی ئەرکی زمانناسانەی زەینو بیرەوەری، ئەرکی (سەربەخۆ)ی ئامێرەکان، واتە پرۆسەی رێکخستنی دراوە* تازەکان لەسەر بنەمای پرۆسەی پاشماوەکان، نەگونجانەکان لە پراگماتیکدا تەنیا نمونەیەکن لە چڕبوونەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بابەتی زمان[2]. پەیوەستبونی زمانو فەلسەفە ئەوەندە پتەو بووە کە ئاستەمەچۆمسکی و یاکوبسن هەربەتەنها بە( زمانناس ) لەقەڵەم بدەین.چونکە کاری ئەوان پرسیاری فەلسەفی کەم وێنەی خولڤاندووە.بابەتەکانی سیمیۆلۆژیك لەپانتایی زماندا. لە بنەماکەیدا خاوەنی چیەتیەکی ماهیەتی فەلسەفیە. سۆسێر بە هێنانە ئارای ئاماژە پێکراو چەشنی راستیەك لەزەیندا هەڵوێستێکی فەلسەفی گرت و پێریس بەهێنانە گۆڕی بابەتی ( تەئویلی) نیشانەناسی خستە نێو جەرگەی فەلسەفەی زانستەوە. ئێستا زمانناسی لەلایەن پێکهاتەگەراکانەوە وەکوو (سیمبۆمی فەرهەنگی مرۆڤی) چاوی لێ دەکرێ.

* مەبەست لێرەدا دراو واتە پارە نیە، بەڵکوو مەبەست ژمارەی ئاماری بیرکاریە.

وەکو ئوستورەکانی (هۆزە سەرەتاییەکان)ی کیشوەری (ئەمریکا (لیوشتراوس). هێماکانی دەروون شیکاری (ژاك لاکان)، شوێنەوارناسی (زانستە مرۆڤایەتیەکان) (میشیل فۆکۆ)، نیشانەناسی ژیانی رۆژانەو وتەی ئەدەبی (ڕۆلان بارت) هەموویان لەسەر بنەمای سیمبولێکی زمانناسانە شیکراونەتەوە.

(٢)

مونژێن فردینان دۆسۆسێر (١٩١٣ـ ١٨٥٧)یەکێ لەپێشانگەکانە کەجەختی لەسەر گرنگی نیشانەناسی کرد. ناوبانگەکەی لەئەنجامی نوسینی کتێبێکە لە ژێر ناوی "چەند وانەیەك لەبارەی زمانناسی گشتی " کەپاش مردنی لەسالی ١٩١٦، بلاوکرایەوە.[٣] زاراوەی semiology لەلایەن سۆسێرەوە دروست کراوە، کە لەدەربڕینی واتاییدا لۆژیکیسنەکانی سەدەی پێشوو، سەدەی نۆزدەهەم ـ پێیان دەوت semiotics. نیشانەناسیلەلایەن سۆسێر زانستی لێکۆلینەوەی دەلالەتی واتاییە. زمان یەکێك لەم سیستەمانەیە. مرۆڤەکان بەیارمەتی ئاماژەکانی ئەندامانی لەش، سیستەمی جل و بەرگ، سیستەمی خۆراك، سیستەمە هێماییە فەرهەنگیەکان) دەمامکەکانی (نەتەوە سەرەتاییەکان) تاسیستەمی نیگار کێشی ئەبستراکتی هاوچەرخ (واتە بەهۆی ئامراز گەلێك جیا لە نوسراوو ئاخاوتنیش لەگەل یەکدیدا پەیوەندی دەگرن. بەشێك لەم ئامرازانە پەیوەندیان بە ڕێسا وێنەییەکانەوە هەیەو هەندێکیشیان پەیوەندیان بەم ڕێسایانەوە نیە. نیشانەناسی زانستی ناسینی ئەم سیستەمانەی پەیوەندی گرتنە. خودی سۆسێر لە "چەند و انەیەك لەبارەی زمانناسی گشتیدا" نوسی:

زمان سیستەمێك لە نیشانەکانە کە باوەڕەکان دەردەبڕێ، هەربۆیە شایانی بەراوردە لەگەل شێوازی نوسین، ئەلف و بێی کەڕەکان، بۆنە سیمبولیەکان، ڕێساکانی رەفتاری بەئەدەبانە، هێما سەربازیەکان و هتد. بەلام زمان گرنگترینی ئەم سیستەمانەیە. ( دەتوانی زانستێك شك ببەیت کە بابەتی توێژینەوەکەی تۆکمە بوونی ئەم نیشانانەبێ لەژیانی کۆمەلایەتیدا. ئەم زانستە بەشێك لە دەروونناسی کۆمەلایەتی دەبێت و هەربۆیە لقێك لە دەروونناسی گشتی دەبێت. ئێمەپێی دەلێن نیشانەناسی) کە لەزاراوەی یۆنانی سمیۆن بەواتای نیشانە (وەرگیراوە) (نیشانەناسی ڕوونی دەکاتەوە کە نیشانەکان لەچ شتێك دروست دەبن و ئەو یاسایانەی کە بەسەریاندا زالن کامانەن. لەبەر ئەوەی کە هێشتا ئەم زانستە نەهاتۆتە ئاراوە، کەسیش ناتوانێ بلێ کەچ جۆرە زانستێك دەبێت. بەلام مافێك بۆ





هەبوونی دەبێتو پلەکەشی هەر لە ئێستاوە ڕوون و ئاشکرایە. زمانناسی تەنیا بەشێك لەم زانستە گشتیە واتە سیمیۆلۆژیە. دەتوانین ئەو یاسایانەی کە بەیارمەتی نیشانەناسی دەدۆزینەوە لەمەڕ زمانناسیشەوە بە چالاك بزانین.[٤] دواتر رۆلان بارت ئەم دەستوورەی سۆسێری ئاوەژوو کردەوە. بە بۆچوونی بارت هەرچەشنە سیستەمێکی سیمیۆلۆژیك دەتوانێ لەڕێگەی یاساکان، رێساو میتۆدەکانی زانستی زمانناسی بناسێتەوەو هیچ سیستەمێکی دەلالەتی واتایی بەبێ زمانناسی ناناسرێتەوە، پاش سۆسێر زمانناسی دانیمارکی لویی یلمسلف پێشنیاری کرد کە دووجۆر نیشانەناسی ( زانستی)و ( نازانستی) لێك جیابکەینەوەو هەردووکیان بخەینە نێو ( پۆست سیمیۆلۆژی ) یەوە. بەلام جەختی کردەوە ئەم دووجۆرە تەنیا بەیارمەتی تیۆری زمانناسانە دەتوانرێ بناسرێتەوە.[٥] بیست و سێ سال پاش ئەمە، کریستیان میتز پێشنیاری کرد کە نیشانەناسی زانستە سروشتیەکان لە نیشانەناسی زانستە مرۆییەکان جیا بکرێنەوە، زانستی نیشانەکان لە زانستە سروشتیەکاندا semiotics و زانستی نیشانەکان لە زانستە مرۆییەکاندابە semiology ناودێربکەین.[٦] ئۆمبێرتۆئێکۆ ئەرکی گشتی نیشانەناسی لەدارشتنی دو تیۆری جیاوازدا، دەست نیشان کردووە: تیۆری رەمزەکان (کۆدەکان) و تیۆری بەرهەم هێنانی نیشانەکان. تیۆری دووەم لایەنەکانی بەکارهێنانی گشتگیری زمان، (کامل) بوونی رەمزەکان، پەیوەندی جوانناسانە، فۆرمە جۆربەجۆرەکانی رەفتاری پەیوەندیی دوسەرە، بەکارهێنانی نیشانەکان بەمەبەستی تێگەیشتن لەواتای شتەکانو بارودۆخەکان.[٧] کتێبی "تێزێك لەبارەی نیشانەناسی گشتی" "ئێکۆ" لەپاش دوو بەشی سەرەتایی لەبارەی بنەماکانی نیشانەناسیەوە، سەبارەت بەم دوو تیۆریە [کتێبەکە] بەسەر دوبەشی سەرەکیدا دابەش کراوە. (ئێکۆ) پێیوایە ئەو نیشانەناسیەی کەلە ( دەلالەتی واتایی) دەکۆلێتەوە بەرهەم هێنەری (تیۆری رەمزەکان )ەو نیشانەناسیەکی دیکە کە خالە سەرەکیەکەی پەیوەندیە، دروستکەری ( تیۆری بەرهەم هێنانی نیشانەکان)ە. ڕەنگە بتوانین کە بلێین کە دەلالەت، پەیوەندی بەبنەمای سینتاکی هەیەو لەکۆتاییدا بە چەمکی ڕەهای زمانو [خودی] (پەیوەندی) پراگماتیك یا بەکارهێنانی پراکتیکی زمانەوە، پەیوەستە. بەلام ئێکۆ ئەم جیاوازیە پەسەند ناکاو لە باوەڕەدایە کەلە تیۆریی رەمزەکانیدا زۆربەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بەبەکارهێنانی پراکتیکی زمانیش باسیانلێکراوە[٨] ئێکۆ نوسیویەتی :"نیشانەناسی لەگەل هەرشتێك کە بتوانێ چەشنی

نیشانە بێتە بەرچاو، پەیوەندی هەیە. نیشانەکان هەموو ئەو شتانەن کەبتوانن لەجێگەی شتێکی دیکە دەلالەتی واتایی دەستەبەر بکەن. هەبوونی ئەم (شتانەی دیکە) پێویست نیە. واتە نابیٚو ناکریٚ لەشوێنێکداو لەساتێکدا کە نیشانە لەو شوێنەو لەوکاتەدا (شتێك) بەیان دەکا، (نیشانە)یەکی دیکە لەگۆڕیٚ دابیٚ..[٩] ئەگەر لەم تیۆرانە کەلەمەردابەش کردنی نیشانەناسیٚدان وازبێنین، پرسیارێکی گرینگ دەمێنێتەوە: پێگەو پلەی نیشانەناسی لەوتەی جوانناسانەدا لەکویٚ دایە؟[١٠] هەڵبەتە ئیستاتیکا خاوەنی چەند لایەنێکی ( ناسیمیۆلۆژیك )یشە. (وەکوو دەروون شیکاری داهێنانی هونەری، نزیکایەتی نێوان فۆرمی سروشتی لەگەڵ فۆرمی هونەری، پەیوەندی نێوان هونەرو ڕەوتی تۆکمە بوونی کۆمەلایەتی، ڤازانجی جوانناسیو ...هتد) بەلام لەهەر جێیەك کە فۆرمی بەرهەمی هونەری لەئارادا بیٚ، نیشانەناسیو میتۆدەکانی زمانناسی (ئاگایانە یا نائاگایانە،و رد یا سەرپێی) لەئارادا بن.[١١] جیاوازیەك کە سۆسێرلەنێوان زمانو ئاخاوتنی دۆزیەوە، گرنگیەکی زۆری لەزماناسیدا وەدەستهێناوە.[١٢] سۆسێر جیاوازی کرد لەنێوان ڕەهای زمانو ئاخاوتندا، ڕەهایی زمان، هەموو تواناو هێزەکانی مرۆڤە بۆ هێنانە ئارای واتاو چەشنی یەك دەزگاو سیستەم، چوارچێوەو ڕێسا گەلێکی هەیە کەلەسەروی هەڵبژاردنی تایبەتیدان. زمان، سیستەمی نیشانەو ڕێسا تایبەتیەکانە کە زمانێکی دیاریکراو (وەکوو زمانی فارسی) دروستیان دەکا. ئاخاوتن بەکارهێنانی تایبەتی زمانە، فۆرمی سەرهەڵدانو بەکارهاتنی ئەو سیستەمە، لەئاخاوتنو لەنوسیندایە. سۆسێر زمان بەبابەتی سەرەکی زمانناسی لەقەڵەم دەدا. لەئاخاوتنو نوسین بەزمانی فارسی، ئێمە کەرەستەی لەڕادە بەدەرمان هەیە (توانا رۆنانییەکانی توخمە زمانیەکان)مان لەبەردەستدایە، ئەم کەرەستانە لەسەر بنەمای ڕێژەیەکی دیاریکراو) نەك بیٚ کۆتایی (وشەو ڕێسا زمانیەکان دامەزراون. پەیوەندی نێوان ئەم توخمانە بەشێوەیەکی هەمە لایەنە ناناسرێتەوە. هەریەك لەئێمە، لەنێوان ئەم توخمە دەروونیانەی سیستەمی زمانیی، ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆمان هەڵدەبژێرین. ناسینی هۆیەکانی، چوارچێوەکانو پانتایی ئەم هەڵبژاردنە هەر بەتەنیا کاری زمانناسی نیە، بەڵکو زانستە مرۆڤایەتیەکانی دیکە چەشنی کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژیو...تادیش، لەم بارەوە کارابیان هەیە. لەنێوان زمانناساندا لەسەر دیاریکردنی سنوورێکی وردو ڕێکوپێك کە زمان لە ئاخاوتن جیا دەکاتەوە، ڕای جیاواز هەیە، بەلام





هەموویان بڕوایان بە پێویستی هەبوونی ئەم سنوورە هەیە. کاریگەری بابەتەکەی سۆسێر لەمەڕ جیایی زمانو ئاخاوتن، سەرەتا لەسەر فەلسەفە بوو، نموونەیەك کەبە خێرایی بە زەین دادیٚ جیاوازیەکە مێرلۆپۆنتیٚ لە نێوان هەڵکشانو (لەبەرانبەر ئاخاوتن)و سیستەم (لە بەرانبەر زمان)دا داینا.[١٣] لەهەنگاوی دواتردا کاریگەری ئەم باسەی سۆسێر لە دەرون شیکاری لاکاندا دەدۆزینەوە: لیبیدۆ سیستەمێکە پێکهاتوو لەنیشانەکان کە کارکەردە تاکیەتیەکەی نەك لەسەر بنەمای هەوێنەکانی) دامەزراوە (بەڵکوو پشتیان بە فۆرمەکانو ئەرکەکانی بەستوە. بارت لە:" توخمەکانی نیشانەناسی"دا وەبیرمان دێنێتەوە کە جیاکردنەوەی زمانو ئاخاوتن ستونی بنەمایی هەرچەشنە ناسینێکە لەمەڕ نیشانەکانو زانستی نیشانەناسیدا.[١٤] بەڕای سۆسێر هەر نیشانەیەك زمانێکە کەلەسەر بنەمای ڕێکەوتن دامەزراوە. هاوواتاکانی: درەخت،Tree,arber سیٚ نیشانەی زمانین لە سیٚ زمانی جیاجیادا کەبۆ یەك دیاردە یا یەك واتای تایبەتی بەکاردێن. ئەمانە سیٚ دەربڕینیجیان، بەلام باس لەیەك چەمك یا یەك واتادار دەکەن. هەریەك لەم سیٚ وشەیە ئاماژە پێکەرێکە کە دروستکەری وێنەیەکی زەینیەکە ئاماژە پێکراوی پێدەوتریٚ. لە سیستەمی دەلالەتی زمانی فارسیدا، بەپێی ڕێکەوتنێك کە فارسی زمانەکان پەسندیان کردووە وشەی (درەخت) دروستکەری وێنەی زەینیی (دار)ە ڕێسایەکی لۆژیکیو بەڵگەیەکی تایبەتی بۆ بەکارهێنانی وشەی درەخت لە بەرانبەر واتای درەخت ناتوانی بدۆزیتەوە. هیچ پەیوەندیەکی چیەتیو سروشتی لەنێوان وشەی درەختو واقیعی فیزیکی درەخت بونی نیە. هەڵبەتە هەندیٚجار وەکوو ئاوێزە دەتوانین بەڵگەیەکی تایبەتیش بۆ ڕێکەوتنو نیشانە دانان بدۆزینەوە. بۆ نموونە بەهۆی ئاوازی مەلێکەوە) ئەو مەلە ( بە کوکو ناودێر کراوە یا لەدەنگی ڕژانی ئاو وشەی شڵپەشڵپیان دروست کردووە، یاخود وشەی هەنسك تا ڕادەیەك وەبیرهێنەری دەنگی کردەی گریانە. ئەم نیشانانە بەتەنیا لەڕوانگەی فۆنۆلۆژیکیەوە لەسەر بنەمای تایبەتو ئاماژە پێکەرەوە دامەزراون، ئەگینا وەکوو هێماکانی نووسین، بچوکترین لێکچوون لە نێوان بابەتو ئاماژە پێکەردا ناتوانی بدۆزیتەوە. بەهەر حاڵ، بەگشتی، بەڵگەیەك بۆ ڕێکەوتنی نیشانەدانان لە زماندا لەبەر دەستدانیە.[١٥] من ئەگەر بمەویٚ کەسێکی دیکە (لە قسەم تێبگات) ناچارم ڕەچاوی ئەم ڕێکەوتنە بکەم.[١٦] ئاراستەی ڕێکەوتنی نیشانە بەم مانایەیە کە نیشانە لە نێو پەیوەندی چیەتی نێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژە پێکراودا سەرهەڵنادا، یان

بەشێوەیەكی‌تر ئاماژەپێكەر و ئاماژەپێكراو هیچ چەشنە پێوەندیەك، جگە لەپەیوەندی هێماگەراییان، لەگەڵ یەكدیدا نیە.[١٧] من هاوكات لەگەڵ دەربڕینی وشەی درەخت (ئاماژە پێكەر) وێنەیەكی زەینی یا چەمكی لەمەڕ درەخت لەزەینی تۆدا دادەهێنم (ئاماژە پێكراو). زۆر لە زمانناسان بۆچوونی سۆسێریان لەبارەی وێنەی زەینی پەسەند نەكردووە. سۆسێر لە كۆتاییدا، مەبەستی خۆی لەبەكارهێنانی (چەمكی زەینی) بەوردی ڕوون نەكردەوە. وادیارە بەبۆچوونی ئەو ئەم وێناكاریە وەكو ڕاستیەكی سایكۆلۆژیانە بونی نییە. خاڵەكە لێرەدایە كەبە پێی جەختكردنی سۆسێر، ئاماژە پێكراو شتێكە كە پەیوەندی لەگەڵ كردەی زەینی هەر كەسێكەوە هەیە كەلەگەڵ نیشانەیەك بەرەو ڕوو دەبێتەوە. بەم پێیە، نیشانە ئامرازی پەیوەندی نێوان دوو زەینی جیاوازە كە مەبەست یا نیازی دروستكردنی پەیوەندیان لە نێوان یەكتریدا هەبێ. كردەی زەینی ئەوان كاریگەریان لە توخم گەلێك وەرگرتووە كە ڕون كردنەوەیان، بەهەر حاڵ، لە دەرەوەی پانتایی زمانناسی‌دا جێی دەبێتەوە. سۆسێر نوسیویەتی:

خاڵی دەستپێكردنی پەیوەندی، زەینی كەسی یەكەم، بۆ نموونە (A)ە. لێرەدا خاڵەكانی ئاگایی كە ئێمە پێیان دەڵێن چەمك لەگەڵ ئاخێوەرانی نیشانە زمانیەكان، یا دەنگەكاندا، كە بۆ دەربڕینی ئەو چەمكانە بەكاردێن، پێكەوە دەبەسترێنەوە. گریمان كە هەر چەمكێكی زەینی وێناكاری دەنگیی پەیوەست بە خۆی دادەهێنێ. ئەم دیاردەیە یەكسەر لایەنێكی دەرونی هەیە كە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی پرۆسەیەكی فیزیۆلۆژیك: مێشك لەرینەوەیەكی پەیوەست بەو وێناگەریە دەنگیە بەو ئەندامانە كە دەبنە هۆی پەیدا بوونی دەنگ دەگەیەنێ، لە ئەنجامی "ئەم پرۆسەیە"دا شەپۆلەكانی دەنگ لە دەمی Aەوە بە گوێی B دەگات كە پرۆسەیەكی تەواو فیزیكیە.پاشان سەرو كردارێكی پێچەوانە لە زەینیBەوە دەست پێدەكات: گوێ دەنگەكان لە ڕێگەیەكی تەواو فیزیۆلۆژیكەوە دەگەیەنێتە مێشك لە مێشكدا چەمكێكی پەیوەندی دار لەگەڵ ئەم وێناگەریە دەنگیە دروست دەبێتو ئەگەر Bبە نۆرەی خۆی بئاخفێ ئەو پرۆسەیە لە مێشكی ئەوەوە بە مێشكی A) دەگاتو كتومت بەم شێوەیە دوبارە دەبێتەوە.[١٨] بەر لە سۆسێر ئسپینۆزاتا رادەیەك لەم خاڵە نزیك كەوتبووەوە، بەڵام یاساكەی ئەو لەسەر ڕەوشت بە تێگەیشتنێكی دەروونناسانە لەبارەی ئەركی زەینی گەیشتو بەرێكەوتنی سیمیۆلۆژیك نەگەیشت:(كەسێكی ڕۆمی بەهۆی بیر كردنەوە لە Pomum (وشەی لاتین بەواتای سێو) كتوپڕ بە وێناگەری





مێوەیەك دەگات كە بچوكترین لێكچوونێكی لەگەڵ ئەم دەنگە ئاخاوتنیەدانیە... سەربازێك ئەگەر شوێن پێی ئەسپێك بەسەر لمێك ببینێت، یەكسەر بە بیركردنەوەلە ئەسپ بە وێناكاری جەنگاوەرو لێرەوە بە وێناكردنی شەڕو ...هتد دەگات. بە پێچەوانەی"سەربازەكە" جوتیارێك لە تێفكرین لە ئەسپ، بە وێناكردنی جووتو كێڵگەو..هتد دەگات. بەم شێوەیە هەر كەس بە پێی راهاتنێك كەلەبارەی هاوڕێكی وێنەكانەوە هەیەتی، لە بیركردنەوەیەكەوە بەرەو بیركردنەوەیەكی دیكە دەگات )[١٩] سۆسێر لە چەند وانەیەك لەبارەی زمانناسی گشتی‌دا لە هەموو شوێنێكدا زاراوەی (سیستەم) پێكهاتەی بەكارهێنا؛ بەڵام پاش ئەو زمانناسی روسی نیكۆلای ترۆبتسكۆی وشەی ( پێكهاتە ) ی بەكار هێنا. سۆسێر لەبەر ئەوە كەڵكی لە وشەی سیستەم وەردەگرت، چونكە باوەڕی و ابوو كە چیەتی سیستەماتیكی زمان، زمان لە ئاخاوتن جیادەكاتەوە. ئەم گەوهەری زمانە (ئەوەی كە كۆمەڵایەتیە لەو شتەی كە تاك ئامێزە ... واتە خاڵە بنەڕەتیەكان لەو شتانەی كە كەم تا زۆر ڕێكەوت ئاسان، جیا دەبێتەوە)[٢٠] زمان بە گشتی، لە بەرانبەر ( جیهانی بەرجەستە [objective] ) دا هەڵسو كەوتی دڵخوازانەی هەیەو هەر یەكەیەكی زمانی تەنیا لەرێگەی جیاوازیەكەی لەگەڵیەكەكانی دیكە دەناسرێتەوە. چەمكی جیاوازی یەكێك لە گرنگترین خاڵەكانە لە زمانناسی سۆسێردا. خودی ئەو بۆ رون كردنەوەی ئەم چەمكە نموونەیەكی بەناوبانگی هێناوەتەوە: گریمان شەمەندەفەرێك هەموو شەوێك كاتژمێر هەشتو چل‌وپێنج خولەك ژنێڤ بەرەو پاریس بەجێ دەهێڵێ. هەر چەند هەمووشەوێك دەتوانی ژمارەی واگۆنەكان، شێوەی رازاندنەوەی كافتریاكان، ژمارەی موسافیرەكان و نموونەی‌تری لەم چەشنە بگۆڕینو ئاساییە كەهەموو موسافیرەكانیش دەگۆڕدرێن، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم شەمەندەفەرە هەمان ( شەمەندەفەری ژنێڤ ـ پاریس ٨١٤٥) دەمێنێتەوە ئەوەی كەبەم شەمەندەفەرە دیاریكراوی و تایبەتمەندی دەبەخشێ، جیاوازیەكەیەتی لەگەڵ شەمەندەفەرەكانی‌تر: كاتی ڕۆیشتن و رێگەو (خاڵی) مەبەست (شەمەندەفەری ژنێڤ ـ پاریس ٨١٤٥) لەشەمەندەفەری (ژنێڤ ـ ڕۆم ٨١٤٥)و یان لە شەمەندەفەری ( ژنێڤ ـ پاریس ١٢) جیا دەكاتەوە.[٢٦] لە زمانناسیشدا ئەركی سەرەكی لەناسینی توخمە زمانیەكاندا جیاوازی هەر توخمێك لەگەڵ توخمەكانی ترە، نەك ئەو فۆرمە تایبەتەی كە دەتوانین وەریبگرین. پیتی (ئەلف) دەتوانین بەشێوەی جۆراوجۆر بنوسی، تایبەتمەندیەكەی نەك لە فۆرمەكەیدایە،

بەڵکوو لەو جیاوازیەدایە کەلە نێو پیتەکانی تری ئەلفو بێدا خۆی حەشار داوە. هەرجارێك کە (مەرجی ڕەخساندنی هەڵسوکەوتی تەنیا) واتە جیاوازیو ەدەست بێنن، تەواوی فۆرمە جیاجیاکانی دەرکەوتن بێ کەڵك دەبن. ئەم (مەرج)ە واتە ڕۆیشتنی شەمەندەفەر لە ژنێفەوە بۆ پاریس لە کاتژمێر هەشتو چلو پێنج خولەکدا هەر کاتێك کە بڕەخسێ، ئێمە لەگەڵ (هەمان شەمەندەفەر) بەرەوڕوو دەبینەوە. هەربۆیە سۆسێر نوسیویەتی کەلەزماندا جیاوازی هەیە)[٢٢] جیاوازی ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو جیاوازیەکی میتۆدۆلۆژیکە. باسکردن لەم جیاوازیە پێشینەی لەوتەی فەلسەفی سەدەی ڕابردوو "سەدەی نۆزدەهەم"دایە. یەکێك لەگرنگترین نموونەکان، جیاوازیەکە، کە گۆتلێب فرگە لە نێوان واتاو واتادار [refrent]دا داینا. لەیەکێك لە نمونە ڕۆشنگەرەکانی ئەو لە تێزی (واتا واتادار) (١٨٩٢) وردبینەوە: ( ئەستێرەی شەوانە هەمان ئەستێرەی بەرەبەیانە) . سەردەمانێك پێیان وابوو کە ئەستێرەی شەوانە) لە ئەستێرە ئێرانیەکاندا (ئەستێرەی شەو) (ئەستێرەی بەرەبەیان ) یا ( ئەستێرەی سەحەری)(دو ئەستێرەی جیاوازن بەڵام لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا زانستی ئەستێرەناسی سەلماندی کە ئەم دوو ئەستێرەیە لەراستیدا یەکنو دوو وشە بەتەنیا چەند ناوێکی جیاجیان بۆ تەنیا یەك ئەستێرە واتە ئەستێرەی زوهرە. فرگە ڕایگەیان کە پێشتر ئێمە لەگەڵ دوو واتاو یەك واتادار بەرەو ڕوو بووین. هەر بۆیە گوزارەی (ئەستێرەی بەرەبەیان هەمان ئەستێرەی شەوانەیە) جۆرێك لە دووبارە گوتنەوەی لۆژیکی نیەو لەگەڵ گوزارەی (ئەستێرەی بەرەبەیان، ئەستێرەی بەرەبەیانە) جیاوازی هەیە[٢٣]. ئێدمۆند هۆسرێل ئەم یاسایەی لەگەڵ نموونەیەکیتر هێناوەتە ئاراوە: (سەرکەوتووی شەری ینا) هەمان (شکست خواردووی شەری واتەرلۆ) واتە ناپلیۆن پۆناپارتە. بەڵام ئەم دوانە دوو واتاو چەمکێکی جیاوازن بۆیەك واتادار[٢٤]. جیاکاریەك کە هۆسرێل لەنێوان ( نێوەرۆکی ئاگایی ) و( ئاراستەی نیاز ئاسای ئاگایی) دەیکات فۆرمێکیتری جیاوازییە کە فرگە لەنێوان واتاو [referent]دا دایناوە. جیا کاریەك کە سۆسێر لە نێوان دوو گۆشەنیگا لەمەڕ زمانەوە، واتە هاوکاتیو نێوکاتی [diachronic] هێناویەتە ئاراوە گرنگیەکی زۆری لە نێو بابەتەکانی تیۆرە ئەدەبیەکاندا بەدەست هێناوە. بەڕای سۆسێر دەتوانین هەر دیاردەیەکی تایبەتی لە دوو ڕێگاوە تاوتوێ بکەین. یان ئەم دیاردەیە چەشنی بەشێك لە سیستەمێکی گشتی دەناسرێتەوە کە هاوکات لەگەڵێدا لە ئارادایە، وەیان وەکوو ساتێك لە





سیستەمێکی مێژوویی لەبەرچاو دەگیرێ. ئەگەر وشەیەك یان (واکە)یەکی تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ وشەکانیترو (واکە)کانی دیکەداو (کە لەهەمان کاتدا لەزماندا بەکاردێن) شی بکەینەوە، مێتۆدی کارەکەمان هاوکاتی وەسفی دەبێت. بەڵام ئەگەر ئەو وشەیە یان (واکە)یە بە شێوەیەکی مێژوویی تاوتوێ بکەین بۆ نموونە لە ڕێگەی ڕەگەزناسی [etymology]یەوە، ئەو کات لە مێتۆدێك لە کاتێکی (دیاریکراو) کەڵکمان وەرگرتووە. بەڕای سۆسێر ئەم دوو گۆشە نیگایە بەهۆی یەك میتۆدەوە ئەنجام نادرێنو دەبێ دوو شێوازی لێکۆڵینەوە بەوردی لێك جیا بکەینەوە. لە مێتۆدی شیکردنەوەی هاوکاتیدا بارودۆخی هەمەلایەنەی زمان لە قۆناغێکی تایبەتی (بەزۆری لە کاتی ئێستادا) لێك دەدرێتەوە، لە مێتۆدی تاوتوێ کردنی نێوکاتیدا توخمێکی تایبەتی زمان لە نێو توێژەکانی کاتدا لێی دەکۆڵرێتەوە (وەکوو توێژینەوەکانی گۆڕانە دەنگیەکان) سۆسێر بە پێداگرتنەوە ڕای گەیاند کە بنەمای کار لەناسینی زماندا میتۆدی کردنی هاوکاتیە[٢٥]. ئەم بڕیارەی سۆسێر دابڕانی تەواوەلەڕوتی زمانناسی مێژوویی سەدەی نۆزدەهەم. (هەڵبەتە ژمارەیەك لەبابەتی ناوێزە وەکوو بەرهەمەکانی فۆن هومبۆلێت نابێ پشت گوێ بخەین). بە بۆچوونی سۆسێر هەڵکەوتی هەر زمانێك لەهەموو کاتێکدا هەڵکەوتێکی هەمەلایەنە نیەو بەم پێیە، لەزماندا (ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی)بێمانایە. ئیمیل بنۆنیست - زمانناسێك کە بەرهەمەکانی کاریگەریەکی قوڵیان لەپێکهاتەگەراکان داناوە - لە پشتیوانی ڕایەکەی سۆسێردا دەنوسێ: پەسەند کردنی ئەم خاڵە کە زمان سیستەمێکە، وادەکات کە پێکهاتەکەی بە ناچار شی بکرێتەوە، هەر سیستەمێك چەند یەکەیەکی پێکهاتووە کە کاریگەری دەخەنە سەر یەکتری. هەر سیستەمێك لە سیستەمەکانی دیکە، بەهۆی هاورێکیە ناوەکیەکانی جیادەکرێتەوەو، هاورێکیەك لە پێکهاتەکەی پێك دێنێ. بەشێك لەم ڕۆنانگە زۆرنو بەشێکیان دەگمەنن، تەنانەت ژمارەیەك لە لێکدراوەکان لە ڕوانگەیەکی تیۆریەوە دەشێت ئەنجام بدرێن، بەڵام لە راستیدا هێشتا ئەنجام نەدراون. بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ زمانێك (یان بەشێك لەهەر زمانێ، وەکوو سیستەمی دەنگی یا مۆرفۆلۆژیو.. هتد) چەشنی سیستەمێك کە بەرهەم هاتووی پیپکهاتەیەکی ئاشکراو شایامی ڕوون کردنەوەیە، بەواتای دانانی ڕوانگەیەکی پێکهاتە گەراییە[٢٦]. زمان سیستەم یان پێکهاتەیەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵە یەکەیەك کە پێکەوە پەیوەندیان هەیە. لیۆشتراوس نوسیویەتی: "گرنگترین وانەی شۆرشی

فۆنۆلۆژی ئەوەبو کە هەرگیز ناتوانین یەکەیەکی سەربەخۆ پەسەند بکەین" [٢٧]. و سۆسێر دەڵێ: "لەزماندا هیچ خاڵێك نیە گە سەربەخۆ بێت" [٢٨]. گۆشەنیگای هاوکاتی وەکوو هەوڵێك بۆ رێکخستنی سیستەمی زمانە لەڕوانگەی ئەرکییەوە، لەحاڵێکدا گۆشەنیگای نێوکاتی هەولێکە بەمەبەستی گەشەکردنی مێژوویی (یەکە) زمانیەکان لەقۆناغە جۆربەجۆرەکانی (کامڵ) بوونیدا. سۆسێر نموونەی هێنایەوە کە وشەی Pas لەزمانی فەرەنسیدا بەواتای هەنگاوەو لەگەڵ وشەی Pas کەلەو زمانەدا هەڵسوکەوتی نیگەتیڤی هەیە، خاوەنی یەك ڕەگەزو ریشەیەکی هاوبەشن، بەڵام ئەم پەیوەندیە بچوکترین گرنگی لەزمانی فەرەنسی ئێستادا نیە. ئەمانە دوو وشەن لەگەڵ دوو ئەرکی تەواو جیاواز (کەلە ئەنجامی پەیوەندییان لەگەڵ وشەکانی‌تر لەنێو گوزارەکان‌و رستەکاندا دەناسرێنەوە). هەوڵدان بۆ بەکارهاتنی هاوشێوە مێژووییەکان لەرێزماندا بەواتای لەنێو بردنی هاشێوەکانی نێوان بەشەکانی زمانە. بایەخ‌و لێکچوونی یەکە زمانیەکان بەهۆی پلەو پێگەیان لە سیستەم (پێکهاتە)دا دیاری دەکرێ، نەك بەهۆی (مێژووی)یانەوە. لەنموونەی بەناوبانگی سۆسێردا، زمان لەگەڵ یاری شەترەنج دا بەراورد کراوە. ڕووداوەکانی ڕابردووی یاریەك (جوڵانی مۆرەکان‌و فۆرمە جۆربەجۆرەکانی هاوڕێکی توخمەکان) هەڵبەتە شوێنگەی ئێستایی یاریەکەیان پێکهێناوە، بەڵام بۆ ئێستا ئیتر گرینگ نیە.ئێستا کەرەستەکانی یاری لەرێگەی پەیوەندیەکانی نێوان مۆرەکانەوە دیاری دەکرێت. مشت‌و مڕ لەبارەی جوڵەکانی ڕابردوو، بۆ دیاری کردنی بڕیاری ئێستا کارایی نیە. بێ گومان لە ڕوانگەیەکی گشتیەوە، لە شوێنێك کە بمانەوێ چیەتیی رێساکانی یاریی شەترەنج، شێوەی ئەرکی زەینی دوو یاریکەرو بابەتگەلی لەم جۆرە تاوتوێ بکەین، (مێژووی یاری)یا(کۆی جوڵەکان) دێنە کایەوە، بەڵام لەبارەی گرینگترین خاڵ واتە ( ناسینی جوڵەی ڕاست) بەتەنیا پەیوەندیە هەنووکەییەکانی نێوان مۆرەکان لەئارادایە. تەنیا دەرکەوتی (رێساو مێژووی یاری) هەر ئەم پەیوەندیە هەنووکەییانەیە [٢٩]. لەزمانیشدا تەنیا دەرکەوتی زماناسانە شوێنگەی ئێستایی توخمە زمانیەکان لەرێگەی گۆشەنیگای هاوکاتیەوە دەناسرێنەوە. بەرای سۆسێر: (هەر بێژەرێکی ئاسایی) زمانێکی نامێژوویی بەکاردێنێ ئەگەر بمانەوێ زمانێك وەسفبکەین پێویستیمان بەڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە نیە کە بەشە جیاجیاکانی (ئەم زمانە) بەچ جۆرێ پاش تێپەڕ کردنی ڕەوتی کامڵبوونی مێژوویی فۆرمی ئەمڕۆیی





خۆیانیان وەرگرتووە. لەوەسف کردنی زماندا سەرەتا دەبێ بزانین کە ئێستا توخمەکانی ئەم زمانە چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە و بەچ شێوەیەك فۆرم پێدەری یەك سیستەمن. سۆسێر لەم بارەیەوە باسی (هەڵکەوتی زمان)ی کردووە، هەڵکەوتێك کە تیایدا نەك یەکە پێکهێنەرەکان، بەڵکوو پەیوەندیەکانیان گرینگیان هەیە [٣٠]. باسەکەی سۆسێر لەبارەی ( پێواری) کێشەی گرینگی جیاوازی دوو سەنتەری زمان واتە هاونشینی‌و جێ نشینی دەهێنێتە گۆڕێ. ئەم جیاواغزیە لە تیۆری ئەدەبی‌و مۆدێڕن‌و لە شیکردنەوەی پێکهاتەیی شیعردا گرنگیەکی زۆری بەدەست هێناوە. سۆسێر بەهێنانە ئارای پەیوەندیەکانی هاونشینی‌و پەیوەندیەکانی جێ‌نشینی کە بۆ وەسفی تەواوی ئاستەکانی زمان کاراییان هەیە، دابەشکاری نەریتی زماناسی کەبریتی بوو لە سینتاکس، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، بێ بایەخ کرد. ئەو دەری خست کەئەو دوو فۆرمی پەیوەندیە دیاریکەری دەنگ‌و واتای هەر نیشانەیەکی زمانین‌و هەموو پێکهاتەکانی زمان دەتوانین بەیارمەتی ئەوان (دووفۆرمی پەیوەندی) بناسین‌و رونیانبکەینەوە. هەر رستەیەك لە ژمارەیەکی سنووورداری یەکە زمانیەکان پێکهاتووە کە لەبەدوایەکدا هاتنێکی هێڵی دان، پاڵیان داوە بەیەکەوەو لە گەیاندنی واتادا ڕۆڵێکی کتوپڕ و ڕاستەخۆیان هەیە. رێسای ( سروشتی هێڵی دەلالەتی زمانی ) دەردەخا کە ئەم هاونشینیەی یەکە زمانیەکان، دروستکەری دوا واتای هەر گوزارەیەکە [٣١]. بۆ نموونە لە رستەی (ئەم پەرلۆدە باخ دروستی کردووە) !! (وشەکانی لەگەڵ یەکدی‌دا بێ‌لایەنن، بەڵام لە هاونشینی لەگەڵ یەکدی‌دا، بەشێوەیەکی دەلالەت ئاسا واتا دروستدەکەن. پەیوەندیەکانی هاونشینی زمانی ڕۆشنگەر، هەڵکەوتی نیشانەیەلە نێو هاوڕێکیەکی واتایی تایبەتی‌دا. لە رستەیەکدا کە هێنامەوە، واتای وشەیەکی تایبەتی وەکوو (دروستکردن) تەنیا لەرێگەی هەڵکەوتی تایبەتی خۆیەوە لەنێو رستەدا دیاری دەکرێ، واتە بەرەچاوکردنی ئەو پەیوەندیانەی کەکردار لەگەڵ وشەکانی‌ترو بنەما رێزمانی‌و رێسا سینتاکسیەکانی رستە پەیدایان دەکات. واتای ئەم وشەیە لە پەیوەندیەکانی هاونشینی لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا (دروستکردنی بڕگەیەکی موسیقا )یەو بەم شێوەیە لە دەلالەتە واتاییەکانی وشەی (دروستکردن) جیادەبێتەوە. پێکهاتەی رستە ئەگەری جێ گرتنەوەی یەکە زمانیەکانی تریشی ڕەخساندوە. واتە دەتوانین لەسەر بنەمای پێکهاتەی هەر رستەیەك، ژمارەیەکی تری رستە (بەواتای نوێوە) دروست بکەین. یەکەکانی هەر پەیامێکی زمانی (هەر گوزارەیەك

یاخود رستەیەك)جیا لەپەیوەندیە هەنوکەییەکان، بەرجەستەو هەستیارانە کەلەگەڵ یەکتریدا هەیانە (بەپەیوەندیە هاونشینیەکانی ناودێرمان کردن) کۆمەڵە پەیوەندیەکیشیان لەگەڵ یەکەکانی دیکەشدا هەیە کەبە (کاش) لەم پەیامە یاخود رستەدا ئامادەنین. بۆ نموونە دەتوانین کۆمەڵە جیٚ گرەوەیەك بۆ یەکە واتاییەکانی ڕستەی( ئەم پەرلۆدە باخ دروستی کردووە ) وێنابکەین؛ توخمەکانی ڕستەی ( تۆڵستۆی ئەو کتێبەی نوسیوە ) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێی رستەی پێشویان گرتۆتەوە. هەروەها توخمە واتاییەکانی ڕستەی (نوسەری ئەو کتێبە ڕەشەی سەر مێزەکە نەناسراوە) ش جێی ڕستەی یەکەمیان گرتۆتەوە: (ئەو) لەجێی (ئەم)، (کتێبی ڕەشی سەر مێزەکە) لەجێی (پەرەلۆدە)، (نوسەر) لەجێی (باخ)و(نەناسراوە) لەجێی (دروستی کردووە)، لەگەڵ هاوڕێکیەك کەلەسەر بنەمای رێسای رێزمانیو سیستەمی سینتاکی زمانی فارسیدا دامەزراون، ریزکراون. وشەکانی رستەکەی ئەم دواییە پێکەوە پەیوەندی هاونشینیان هەیە، بەڵام لەگەڵ رستەکەی یەکەمدا پەیوەندی جێگرەوەییان هەیە. هەر بەمجۆرە دەتوانین نێوان واکەکانی وشەیەکدا پەیوەندیەکانی هاونشینی بدۆزینەوەو لەهەمان کاتدا واکەیتر بخەینە جێگەکەیانەوە. پەیوەندیەکانو سەنتەری جێگرەوەیی دەبنە هۆی ئەوە کەلەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی یەکگرتو، رستەی زۆر دروست بکرێنو بۆ هەر دۆخێکی نویٚ لەسەر بنەمای ئەم پێکهاتەیە یان ئەم سیمبولە هەنوکەییە ( هەڵکەوتێکی زمانی نویٚدا بهێنیٚ). ئاشنایی منالٚ لەگەڵ سەنتەری جێگرەوەی بەواتای توانای ئەوە لە دروستکردنی ڕستەی زۆر کەپێشتر نەیبیستوونو لەیادیدا نەبوون. دابەش کردنی دوو دەستە پەیوەندی هاونشینیو جیٚ نشینی زمان وەکوو دەزگایەك دەردەخات کەلە ( جیٚنشینیەکان )ەوە رێکخراوە؛ لەم دەزگایەدا، نیشانەکانیش لەڕوانگەیەکی واتاییو هەم لەڕوانگەیەکی دەنگیەوە پانتایی کاری یەکتری سنوردارو یەکتری دیاری دەکەن. ئەم ڕایەی سۆسێر کەدەبیٚ هەر دیاردەیەك لەرێگەی پەیوەندیەك لەگەڵ کۆی ئەو دیاردانەی کەخۆی بەشێکە لێیان، تاووتویٚ بکەی، بنەمای مێتۆدی پێکهاتەگەراییە.

(٣)

چارلز سندرس پێرس (١٩١٤ ـ ١٨٣٩) فەیلەسوفو ژیربێژی ئامریکایی بوو. بەرهەمەکانی پانتاتییەکی فراوان هەر لەلۆژیکەوە تافەلسەفەی زانستەوە بگرە تا ماتماتیكو فیزیك دەگرێتەوە.[٣٢] ئەو خۆی بە (لۆژیکسن)





دادەنیٚ بەڵام لەم سەردەمەدا وەکوو یەکێك لەگرینگترین فەیلەسوفە پراگماتیستەکان ناوبانگی دەرکردووە. بەشێکی سەرەکی ئەم کتێبانەی کەلەبارەی ئەوەوە نوسیویانە، پەیوەندیان بەبەرهەمەکانیەوە هەیە لەچوارچێوەی بیرکاریو لۆژیکدا، بەڵام لە دوودەیەی ڕابردوودا بایەخی کارە فەلسەفیەکانیان زیاتر زانیوە. فاریس باوەڕی وایە کەدەبیٚ (پیرێس بەهۆی زانستی فراوان، وزەی گەورەی هزریو ڕەسەنایەتی بەرهەمەکانی لەگەڵ ئەرستۆو لایبنیس هاو ئاستی بزانین)[٣٣]. ئاپێڵ کەلە ساڵی ١٩٨١دا کتێبێکی لەبارەی ئەو "پیرێس"ەوە نوسیوە، گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی (پیرێس) لەهزری فەلسەفی هاوچەرخدا بەکارێکی لەناچارنەهاتوو پێویستی لەقەڵەم داوە[٣٤]. بەرهەمەکانی پیرێس لەمەڕ نیشانە لەبنەما سەرەکیەکانی نیشانەناسی مۆدێڕنە؛ بەڵام ئەم بەرهەمانە پەرتەوازەو ئاستەمن. پیرێس کەخۆی بە (دەسپێکەری نیشانەناسی) دەزانی، لەکۆتاییدا ڕونکردنەوەیەکی تەواوی لەبارەی ئەم زانستەو جیاوازیەکی لەگەڵ لۆژیکدا نەهێنایە ئاراوە (ئەوەندەی مندەزانم، من دەسپێکەرو پێشڕەوم، ڕەخسێنەری زانستێکم کەخۆم پێیدەڵێم نیشانەناسی، کەرێبازی ناسینی چیەتیی بنەڕەتیو فۆرمە جۆربەجۆرەکانی نیشانە ئەگەریەکانە)[٣٥] نوسینەکانی پیرێس لەمەڕ نیشانە دەبیٚ لەنێوان کۆمەڵەیەکی زۆری ئاماژەو وتارەکان، کتێبەکانو نامەکانیدا کۆبکەینەوە.[٣٦] لەلایەکی دیکەشەوە دەبیٚ بزانین کە پیرێس هۆگریەکی زۆری لەگەڵ بابەتە جوانناسیەکاندا نەبوو لەبارەی (سیمیۆلۆژیی هونەر)یشەوە شتێکی نەنوسیووە. بەناچار دەبیٚ چوارچێوەی تیۆری سیمیۆلۆژی هونەریی بەیارمەتی بەراوردی بڕگەی بەرهەمەکانی پیرێس کەلەگەڵ نیشانەدا پەیوەندیان هەیە، دیاری بکەیت. واتە سەرەتا دەبیٚ تیۆری گشتی ئەو بزانیت، پاشان بەشێك لەو بابەتانەی کەلە مەڕ نیشانە نائیستاتیکیەکان هێناویەتە گۆڕیٚ، وەبەرچاو بگری. زاراوەیەك کەپیرێس لەمەڕ نیشانەناسی بەکاری هێناوە Semiotisە. ڕەچەڵەکەکەی بۆ کۆتایی کتێبەکەی جان لاك بەناوی "تێزێك لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ" (١٦٩٠) دەگەرێتەوە. لاك لەو دەقەدا، ئەم زاراوەیەی بەشێوەیەکی یۆنانی هێنابویەوە. لەسەدەی هەڤدەهەمدا ئەم زاراوە یۆنانیە بە (قۆناغە سەرەتاییەکانی ناسینی نەخۆشی) یان ( وردبوونەوە لە نیشانەکانی نەخۆشی) دەوترا، بەڵام لاك بەیەکێك لەلقە سەرەکیەکانی فەلسەفەی لەقەڵەم دا. پێریس ئەم وشەیەی بەمانای تیۆری گشتی نیشانەناسیو چەندین جاریش بەواتای(تیۆری ئاماژە) بەکاریهێنا. مەیلو

ئارەزووی پێریس بۆ ئەم بابەتەبۆ ساڵی ١٨٦٧ دەگەڕێتەوە؛ هەر لەسەرەتاوە ئەو سێ چەشنە نیشانەی لەسەر بنەمای سێ تەوەری زانستی کە خۆی ناوی (دیاردە وێنایی [وێنا =image ] ) لێنا، لێك جیاکردەوە: ( ئەمە زانستی توێژینەوەی دیاردەکانە ـ واتە ئەو شتانەی کەلەبەردەم ئاگایی یا زەین ڕیز دەبن کتومت بەوشێوەیە دەردەکەون )[٣٧]و جەخت دەکاتەوە کەئەم دیاردانە دەتوانن ڕاستەقینە یا زەینی بن[٣٨]. سێ گوتار دیاردەکات کەبریتین لە:١) ئەو نیشانانەی کەبە دیاردە هاوشێوەکانەوە بەستراونەتەوە؛ کەپێریس دواتر نازناوی ڕوخسارەکانی دایەپاڵ. ٢) دیاردە ئیندێکسیەکان یان (نیشانەگەلێك کەپەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ڕوداوەکاندا دامەزراوە ) (٣٩) ٣) ئەو دیاردانەی کە بە سیمبولەکان یا نیشانە گشتیەکان ) ناودێر دەکرێن. یەکەمینیان پەیوەستە بە هەستەوە، دووەمیان بە (بونی دیاریکەر)و سێهەمیان بە گشتگریو یاسای هزری زانستیەوەپەیوەستە. پێریس پەیوەندیە ناوەکیەکانی ئەم سێ" دیاردەیە"ی بە( لۆژیکی پەیوەندیەکان) ناودێرکرد. کاتێك کەپیرێس باسکردن لەنیشانەی دەستپێکرد، هێشتا (لۆژیکی پەیوەندیەکان)ی نەدۆزیبوەوە. دواتر بقەم ئەنجامە گەیشت کەبە پێچەوانەی پەیڕەوی کارانی دیکارت، نەك (نیاز) بەڵکوو (کردەوە) ڕۆشنگەری ئایدیایەو بۆ ناسیانی دەلاتی واتایی هەرئایدیایەك(دەبێ ئەنجامە پراکتیکیەکەی ئەو بیرە بناسین) [٤٠]. هەربیرێك بەهۆی ئەو ئاراستە جیاوازە کرداریەی کەدای دەهێنێ لەبیرێکی دی جیا دەبێتەوە [٤١]. پیرێس (کردەوە)ی بۆ ناسینی دووەمین گوتاری دیاردە وێناییو (ڕووی کردەوە)ی "کە دواتر بەڕاهاتن ناودێری کرد" بۆ ناسینی گوتاری سێیەمی دیاردە وێنایی هێنایە ئاراوە. ئەمە یەکەمین هەوڵدانی فەلسەفەی پراگماتیزم بەمەبەستی پۆلێن کردنی لۆژیکی جۆرەکانی دەلالەت بوو. پیرێس لەو نامانەی کەلەنێوان ساڵانی ١٩٠٣ تا ١٩١١ بۆ خاتونێکی لۆژیکزان کەپێی دەوت ( لیدی وۆڵی ) نوسی ئەنجامی تیۆرەکەی خۆی لەمەڕ پەیوەندی نیشانەناسی لەگەڵ زانست ڕوون کردەوە. ئەم نامانە گرینگیەکی زۆریان هەیە، چونکە وردترین دەربڕین کە پیرێس لەبارەی تیۆری نیشانەناسی دەستی خستوە، تیایاندا دەدۆزرێتەوە. ڤیکتۆریا وۆڵی نوسەری کتێبێك بەناوی ( واتا چیە؟) و چەند وتارێکیتر لەبارەی واتاناسی بو. لەنامەی یەکەمی پیرێس "١٢ی ئەکتۆبری ١٩٠٤دا" ژمارەیەك لە گرنگترین بڕیارەکانی هاتووە: هەر نیشانەیەك پەیوەندیەکە لە نێوان خاڵی تەئویلیو بابەت تەواوی چەمکە زەینیەکان نیشانەیین. ئەم خاڵە





لەلایەن ئێکام، هاڵی (لایبتیتیس)یش پەسند کراوە، بەڵام ئێمە نیشانە بەواتایەکی فراوانترو گشتیتر بەکاردەهێنین. بەجۆرێك تەئویلکردنی نەك "تەنیا" هزرێك بەڵکوو کردەوە یان ئەزموون بێت[٤٢]. لەدونامەیتر (٢٣,٢٤ ی دیسامبری ١٩٠٨) باس لە دابەشکردنی نیشانەکان کراوە. لە یەکەمدا، دابەشکردنی پەیوەندیدار بە دیاردەی وێنایی، واتە ئەو دابەشکردنە سیانیەی کە ئاماژەم پێداوە لەنامەی دووەمدا ( دە جۆری جیاوازی دابەشکاری نیشانەکان ) هاتووە[٤٣]. سۆسێر نیشانەی وەکوو پەیوەندی نێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو لەقەڵەمدا؛ بەڵام لەلای پیرێس نیشانە هەڵگری چەمکێکی ئاڵۆزترە: ( مەبەستی من لەنیشانە کردەوەیەك یان کاریگەریەکە لە ئەنجامی هاوئاهەنگی سێ شت پێك هاتبێ: بنەمای نیشانە بابەتو خاڵە ڕاڤەکاریەکەی ) لەڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە نوسیی: نیشانە یان دەرخەر، شتێکە لەبۆ کەسێك کە لەپەیوەندیەکی تایبەتی بەناوێکی تایبەتیەوە نیشانەی شتێکی دی بێت. قسەکەی بەرەو ڕوی کەسێکە، واتە لەزەینی ئەو کەسەدا، نیشانەیەکی هاوشێوەو لەوەش زیاتر نیشانەیەکی تەواوتر دروست دەکا. ئەم نیشانە)ی دووەمە (من بەخاڵی ڕاڤەیی نیشانەکەی پێشوو ناودێر دەکەم. ئەم نیشانەیە باس لە شتێك دەکات: لەبابەتی خۆی دەدوێ، بەڵام لەهەموو پەیوەندیەکانیدا بەم شێوەیە ناکات، بەڵکو لەگەڕانەوەیدا بۆ ئایدیایەکی تایبەتی کە من بنەمای نیشانەی پێ دەڵێم باس لەبابەتەکەی خۆی دەکات [٤٥]. دەڵێ: " ئەم ڕاستیە کە نیشانە پەیوەندی بەسێ شتەوە هەیە واتە بنەما، بابەتو خاڵی ڕاڤەکاری، لەئەنجامدا زانستی نیشانەناسیش بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات"[٤٦] خاڵی ڕاڤەکاریو بنەمای نیشانە ( کە پیرێس هەردووکیانی چەشنی (ئایدیا)ی ئەفلاتون، بەشتێکی زەینی زانیوە) لەلێکۆڵینەوەکەی سۆسێر بەیەك واتا هاتونو بەهۆی تەنیا وشەیەکەوە دیاری کراون؛ ئاماژەپێکراو. ڕەخنەگری زۆر لە بونی تەمومژی چەمکەکانی (تەئویل)و خاڵی (تەئویل)ی لەبەرهەمەکانی پیرێسدا باسیان کردووە. پیرێس خۆی جارێکیان خاڵی راڤەکاری بە ( کاریگەری ئاماژەکەریی نیشانە ) ناوهێناو نوسیی: " یەکەمین کاریگەری گرینگی ئاماژەکەریی نیشانە ئەو هەستەیە کە (ئامادەکەری نیشانە) دروستی دەکات"[٤٧]. پیرێس ئەم کاریگەریە یان هەستەی بە (ڕاڤەکاری سۆزداری) نیشانەی ناوزەد کردو جەختی کردەوە کە هەندێجار ئەم هەستە (تەنها ئەنجامی نیشانە)یەو وتی: " پێشکەش کردنی بڕگەیەکی مۆسیقا خۆی نیشانەیەکە، دەرخەری بیرەکانی ئاواز

دانەرە، یان دەبێ دەربڕی [بڕگە مۆسیقاییەكە] بێت. بەزۆری ئێمە ئەو بیرانە لەرێگەی زنجیرەیەك لە هەستەكانەوە تێ دەگەین. "[٤٨] لە ڕوانینی یەكەمدا و ادەردەكەوێ كە هێنانە ئارای چەمكی (تەئویل) لە پەیوەندی نێوان نیشانەو (وێنەی زینی)دا (هزر لەلای سپینۆزا ئاماژە پێكراوی لەلای سۆسێر) كارەكەی ئاستەم كردوە، تائەو جێیەی كەپیرێس بەرهەمی هونەری نەك وەكوو كۆمەڵێك لە نیشانەكان بەڵكو بە (نیشانەیەك)دەناسێ. ئۆمبرتۆئێكۆ رەخنە لە پیرێس دەگرێ لەبەر ئەوەی كە ئەو بەهێنانە ئارای خاڵی راڤەكاری، نیشانەی (لەبنەڕەتدا بەدیاردەیەكی مرۆیی) ناساندوە"لەكاتێكدا كەدەبێ بتوانی نیشانە تەنیا بە[دیاردەیەكی] مرۆیی نەزانیت"[٤٩] بەڵام (خاڵی راڤەكاری) ئەمرۆكە كاریگەریەكی زۆری هەڵوەشاندنەوەی هێرمێنۆتیكی مۆدێرن وەرگرتووەو جیا لەبەشێك لە گرفتەكان كەپێكیان دێنێ لەچەمكی ئاماژەپێكراوی سۆسێر لەنیشانەناسیدا ڕونترە. پیرێس چەشنی سۆسێر بابەتی نیشانە ناسی هەم بەنیشانە زمانیەكانو هەم بەنیشانە نازمانیەكان، دەزانی. دیسانەوە وەكوو سۆسێر ئاماژەپێكراوی بە وێنەی زەینی دەناسی "هەرچەند وەكوو دوو ئەركی جیا لەیەك دابەش دەكرد". جیاوازی ڕای پیرێس لەگەڵ سۆسێر لێرەدایە كە پیرێس نیشانەناسی بە " ناوێكیتر بۆ لۆژیكی رێبازی وێنەیی نیشانەكان " دەزانی[٥٠]، سۆسێر وەكوو ( لقێك لە سایكۆلۆژی گشتی ) لەقەڵەمی دەدا. ئەم جیاوازیە، هەڵبەتە كەم بایەخ نیە، بەڵام لەهەنگاوەكانی تردا كامڵ بونی نیشانەناسی دێتە گۆڕێ، نەك لەم قۆناغەی باسەكەدا. لەڕوویەكی ترەوە دەبێ بەكارهێنانە جیاجیاكانی زاراوەكان لەبەرهەمەكانی دوو بیریاردا وەبەرچاو بگرین. لەكاتێكدا كە سۆسێر سیمبوڵ بە (بەیانكردنی سروشتی نێوان ئاماژەپێكەرو ئاماژەپێكراو) دەناسێنێ[٥١]، پیرێس(سیمبولی) ڕێكەوتن ئاسا دەزانێ. ئەو شتەی كەسۆسێر بە سیمبول ناودێری كردووە، هەر ئەو شتەیە كە پیرێس بە ڕوخسارەكان ( ison )ی ناوی ناوە. هەڵبەتە ئەمە سروشتیە كە زانستێك لە قۆناغە سەرەتاییەكانی سەرهەڵدانیدا، هێشتا بەو ئاستە لە پێگەیشتن نەگەیشتبێ كە زاراوەی كۆتایی و جێگیری بۆ ئەودیاردانەی كە باسیان لێوە دەكا دۆزیبێتەوە[٥٢]. پیرێس جارێكیان پێناسەیەكی كورتی نیشانەی هێنایە ئاراوە و نوسیی:" نیشانەبۆ كەسێ، شتێك لەجێی شتێكی دیبەیان دەكا "[٥٣]. كەوابوو نیشانە دەلالەتی شتێكە لەسەر شتێكیتر بەم پێیە لەسەر بنەمای پێواری دامەزراوە. بەڕای پیرێس ڕوویەكی ناتەواوی كەمتر پێویست لە هەر





نیشانەیەكدا هەیە، چونكە هەر نیشانەیەك دەبێ بەردەوام" ڕاڤەیەك یا ڕونكردنەوەیەك یابەڵگە هێنانەوەیەكی لەگەڵ دابێ تاكەڵكی لێوەربگیرێ.. نیشانەو ڕونكردنەوە پێكەوە،نیشانەیەكی نوێ دروست دەكەنو لەبەر ئەوە كە ڕونكردنەوە خۆی دەبێت بە نیشانەیەكی نوێ، دیسانەوە پێویستی بەڕونكردنەوەیەكی زیاتر دەبێ "[٥٤]. بەوتەی ژاك دریدا (بەمجۆرە هەرگیز واتای تەواو دروست بێ، تەنیا جیاوازیو مەودا هەیە). ئاماژەپێكراو لەشوێنێ لێی تێدەگەین كە ڕاڤە بكرێت، ڕاڤەیەك كە ئاماژەپێكراو لەبابەتەكانیتر جیادەكاتەوە، بەڵام خۆی بەهۆی ئەم بابەتانەوە دەناسرێتەوە. پیرێس لەنێوان پێشڕەوەكانی نیشانە ناسیدا تەنیا كەسێكە كە جەختی لەسەرڕوویەكی ناتەواوی نیشانە بەهۆی(خاڵی پێواری واتا) كردۆتەوە. كاتێك كە دووكەڵ دەبینین بەو ئەنجامە دەگەین كەلە شوێنێ ئاگرێ هەڵكراوە، بەهۆی دیتنی شوێن پێی ئاژەڵێك كەلەسەر زەوی بەجێماوە بەو ئەنجامە دەگەین كە ئەو ئاژەڵە لە كاتێكی، نەك چەندان دور، بەسەر ئەم خاكەدا تێپەڕیوە. دوكەڵو شوێن پێ، نیشانەن، بەڵام ئێمە ئەو شوێنەی كە ئاگر هەڵكراوەو ئەو كاتەی كە ئاژەڵ تێپەڕیوە، ناناسین. بەشێك لەواتا لەپێواردایە. هەر چەشنەئەنجامگیریەك لەسەر بنەمای پێواریی دامەزراوە. هەڵبەتە دەبێ بزانین كە نیشانەناسی یەكسان نیە لەگەڵ ئەنجامگیری. ئەمپێرتۆ ئێكۆ پێی لەسەر ئەوە داگرتووە كە هەموو فۆرمەكانی ئەنجامگیری سیمیۆلۆژیك نین، تەنیا بەشێكیان بە سیمیۆلۆژیك دادەنرێن. هاویەكی نیشانەناسیو ئەنجامگیری وەكوو گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی كۆن كەلەوێدا ئەنجامگیریو ئاماژە پێكەوە بەهاویەك دادەنران[٥٥]. ئێكۆ لەپاری سێیەم لەبەشی یەكەمی كتێبی (لوایتان)ی بەرهەمی تامس هۆبر نموونەی هێناوەتەوە (بەمجۆرە) كەهەر هۆیەك نیشانەی دروست بوونی هۆكارێكە. بەڵام ئێكۆ لەو باوەڕەدایە كە تەنیا كاتێك كە (هۆ بەچەشنێكی فەرهەنگی بناسرێو جێگیر بێو بەشێوەیەكی سیستەماتیك رەمزی بۆ دابنرێ، (دەتوانێ) نیشانەی هۆكار بێ). یەكەمین پزیشك كەلەسەر دەموچاوی نەخۆشێك هێمایەكی سوریی وەبەرچاو كەوتو بەو ئەنجامە گەیشت كەنەخۆش تووشی سورێژە بوە، كارەكەی لەئاستی ئەنجامگیری زانستی ئەزمونی دابو. بەڵام لەوكاتەوە كەبوونی ئەم هێمایە وەكوو دەلالەت لەسەر (یانیشانەی) نەخۆشی سورێژە پەسەند كرا (واتە ڕاڤەی ئەم نیشانەیە گۆڕا بۆ باوەڕێكی زانستیو لە وتەو تێزە پزیشكیەكاندا دوبارە كرایەوە) بو بەپیشەی پزیشكە (سیمۆلۆژیك)ەكان.

ئێکۆ نوسیویەتی:"نیشانە لەوێدا هەیە کە کۆمەڵێك لەتاکەکانی مرۆڤ دانبەوە دابنێن کەسودی لێوەر دەگرن‌و چەشنی هێمای شتێك کەڵکی لێوەربگرن (و) هەرشتێك کەلەسەر بنەمای باوەرێکی کۆمەڵایەتی پێشتر پەسەندکراو دامەزرابێ‌و لەجێی شتێکی دی پێناسە بکرێ نیشانەی پێ دەوترێ"[٥٦]. بەڕای کارێل ئێتۆئاپێل نیشانەناسی کرۆکی هزر و بەرهەمەکانی (پیرێس)ە و بەپێی ئەم تیۆرە ناتوانین (فەلسەفەی پراگماتیستی پیرێس) بناسین. ئاپێل ئەوەندە دەچێتە پێشەوە کە بەپێ داگریەوە دەڵێ:" کاری فەلسەفی پیرێس دەبێ وەکوو گۆڕانی نیشانە ناسانەی لۆژیکی ترانسێتاکی کانت لەبەر چاوبگریت"[٥٧]. دابەشکاری پیرێس لەبۆ نیشانەکان لەگەڵ پرۆژەی چەمکی (خاڵی راڤەکاری) دەتوانین بە گرینگترین دەستکەوتی (پیرێس) لە نیشانەناسیدا بزانین. ئێستا نزیکەی یەك سەدەلەکاتی نوسینی بەرهەمە پەرتەوازەکانی پیرێس لەبواری نیشانەناسیدا تێ پەڕیوەو هێشتا دابەشکاری ئەو لەنیشانەکان باوەڕپێکراوە. ژیل دیلۆز نوسیویەتی:" بێگومان پۆلێن کردنی گشتی پیرێس لەمەڕ وێنەو نیشانەکان تەواوترین‌و هەمەرەنگترین سیستەمی پۆلێنکردنی نیشانەکانە کەتائێستا هاتوونەتە گۆڕێ"[٥٨]. پیرێس دەجۆر پۆلێن کردنی نیشانەکانی هێناوەتە ئاراوە؛ هەریەکەیان لەسەر بنەمای رێسایەکی تایبەتیەوە هاتوونەتە کایەوەو لەنێوانیاندا دابەشکردنی نیشانەکان لەسەر ڕوخسارەکان (icon)،(index)و سیمبۆل کارایی زیاتری هەیەو بەناوبانگترە. ئێکۆنەکان (icon) نیشانەیەکن کەلەسەر بنەمای لێکچوونی وێنەیی لەنێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو دامەزراون، یان لەزاری (پیرێس)ەوە نێوان بنەمای نیشانەو خاڵە راڤەکاریەکە(ن). وێنەیەك یان تابلۆیەکی نیگارکێشی (فێگۆراتیف) نیشانەگەلێکی ئێکۆنین. ڕوخسارەکان زاراوەیەکە کە پیرێس بەگومانەوە بەکاریهێنا. ئەو پێشتر کەڵکی لەزاراوەی (نیشانە نارێکەوتنیەکان) وەرگرتبوو. ئەو لەنامەیەکدا بۆ لیدی وۆڵبی بنەمای مۆسیقای بە نیشانە (ئێکۆن)یەکان زانیبو و تەنانەت جارێکیش هونەری بیناسازیشی (بەهونەرێك لەقەڵەمدا) کەلەسەر بنەمای نیشانە ئێکۆنیەکان دامەزراوە [٥٩]. دەتوانین بڵێین کە نیشانە ئێکۆنیەکان بابەت بەیارمەتی چۆنیەتی خودی بابەت‌و بەدەر لەهەر چەشنە رێکەوتنێك بەیان دەکەن[٦٠]، هەربۆیە پیرێس نیشانە ئێکۆنیەکانی تائاستی ئاماژە زەینیەکانیش بەرین کردووە:"ئێکۆنی ڕەسەن‌و تەواو جگە لەفۆرم لەگەڵ هیچ شتێکی‌تردا هاوشێوە نیە [واتە ئێکۆن تەنیا فۆرمە و بەس]"[٦٢]. بەم پێیە دەتوانین





تابلۆیەکی نیگار کێشی (ئەبستراکت)یش بەکۆمەڵەیەك لەنیشانە ئێکۆنیەکان بزانین‌و لەلێکۆڵینەوەی تیۆری ئەبستراکتدا لە جێی پەیوەندی ئاماژەپێکەر / ئاماژە پێکراو لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمی واتا باس بکەین. مەبەستی پیرێس لەفۆرم، پەیوەندیە ناوەکیەکانی پاژەکان یەك پێکهاتەیە. لەنێوان وێنەیەك کە لە درەختێك گیراوە و خودی درەختەکە، بەم پێیە هاوچەشنی وێنەیی هەیە چونکە پەیوەندیەکانی پاژە پێکهێنەرەکانیان هاوچەشنە. بەڵام تێگەیشتن لەم لێکچوونە جیا لەجۆرێك ڕاڤە نییە. لێرەشدا دەبێ باس لە (خاڵی ڕاڤەکاری) بکەین [کە] پیرێس (بەکاریگەری نیشانە لەسەر زەین) ناودێری کردووە. ئەو لەکۆتایی‌دا پەیوەندی نیشانەی ئێکۆنی‌و بابەتی بەڕاڤەکاری گوێگرە بەستۆتەوەو وتویەتی کەلە نیشانەی ئێکۆنی‌دا، هاوچەشنی فۆرم لەگەڵ واتا نەلەرێگەی فۆرمەوە، بەڵکوو لەرێگەی ڕاڤەوە دەدۆزینەوە [٦٢]. هەر چەند بنەڕەتی نیشانە ئێکۆنیەکان هاوچەشنی وێنەیی نێوان نیشانەو بابەتە، بەڵام تەنیا بەهۆی (ڕاڤە هەڵگریی) ئەم پەیوەندیە، دیاریکاریە فەرهەنگیەکان گرینگی پەیدا دەکەن. نەتەوە (سەرەتاییە) هێشتا هەن‌و تاکەکانیان ناتوانن دەموچاوی خۆیان لەوێنەیەکدا بناسنەوە، لێرەدا ناتوانین وێنە بەنیشانەیەکی ئێکۆنی بزانین. نیگارە (فیگۆراتیڤ)ەکانی سوریالیستەکان هیچ چەشنە لێکچونێکی وێنەییان لەگەڵ بابەتە ڕاستەقینەکەدا نیەو وەکوو نیشانەی ئێکۆنی سەیر ناکرێن. وێنەیەك کە نیگارکێشێکی سەردەمی رێنیسانس لەبارەی مۆدێلەکەی خۆی لەژنێکی لاوی بەڕوومەت بێگوناە بوو ناوی (مەریەمی پیرۆز)ی لێدەنا، تەنیا لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەیەتی، بەنیشانەی ئێکۆنی دەزانرێت، بەڵام لەدەلالەتی دووەمی خۆی (واتا لەو جێیەی کە وەکوو ڕومەتی مەریەمی پیرۆز لەبەرچاو دەگیرێ) بەم شێوەیە نیە. لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانی نیشانە ئێکۆنیەکان بەسەر دودەستەی وێنەکان‌و دەرخەرەکان دابەش بکەیت، لەیەکەمیاندا هەمان لێکچوونی کەرتەکان گرنگە؛ بەڵام لەدووەمیاندا لێکچوونەکانی پەیوەندیە ناوەکیەکانی بەشەکان گرنگ دەبن. پیرێس جارێکیان نوسیی:"تەنیا رێگا بەمەبەستی دروست کردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بیرێکدا کەڵك وەرگرتن لەئێکۆنەکانە )و[٦٣]. تەنانەت وتی کە ڕاڤە لە رێگەی گۆڕانی هەر نیشانەیەك بە نیشانەیەکی ئێکۆنی ئەنجام دەدرێت. لەهەنگاوێکی دیکەدا، ئەو دوجۆرە نیشانەی ئێکۆنی لە یەکتر جیاکردەوە: وێنەو میتافۆر. وێنە پەیوەندیەکانی نێوان توخمەکان‌و بەشەکانی بابەتەکە دوبارە دەکاتەوە.

بەڵام لەمەڕ میتافۆر پیرێس كەمی نوسیوەو وادیارە مەبەستی" دروست كردنیجۆرێك لە تەریب لە نێوان بەشەكانی بابەت و بەشەكانی ئێكۆن بوو "[٦٤]. ئاماژەپێكردنی پیرێس بە میتافۆر گرنگە، چونكە لێرەدا مەودای نێوان نیشانەی ئێكۆنی و بابەت باشتر دەزانرێت. بەهۆی ئەم مەودایەوە (ئێكۆن دەتوانێ لەرێگەیەكی لۆژیكیەوە دروست بكرێ، تەنانەت ئەگەربابەتەكەی لە ئارادانەبێ). هەروەها پیرێس ئاماژە بەپاڵەوانە چیرۆكیەكان دەكات) كە بونێكی ڕاستەقینەیان نیە "[٦٥] و بەئەنجامێكی گرنگ دەگات: " لە ڕوانگەیەكی لۆژیكیەوە لەئارادابون بە واتای هەبوونی پێكهاتەیەكی ئێكۆن ئاسایە "[٦٦]. هەندێ جار ئێمە لە كاتی سەیر كردنی تابلۆیەكی نیگاركێشی ریالیستیدا) تابلۆكە ( وەكوو (دیمەنێكی) ڕاستەقینە یاخود خودی بابەتەكە دەزانین. ئەم نمونەیە كەم ڕودەداو پیرێس جەخت دەكات كەئەمە(چركە) ساتێكی سایكۆلۆژیك - بایۆلۆژیك - نیە،بەڵكو "خورپە"یەكە[٦٧]. بەهەرحاڵ، ئاماژە زەینیەكان یا " ئەو شتانەی بە خەیاڵی ئێمەوە دەنوسێن ) بەردەوام لەگەڵ بابەتەكەی خۆیاندا مەودایان هەیە. بەگونەی ژان پۆل سارتەر لەكتێبی بابەتی خەیاڵیدا جیهانی خەیاڵی ئێمە، جیهانێكی ناراستەقینەیەو هەر وێنەیەكی خەیاڵی هەبونی خۆی بەستراوزەتەوە بە خەیاڵكەرەوە واتە كەسە راستەقینەكەوە، نەك بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ بابەتدا دایمەزراندوە. درەختێ كە لەزەینی مندا وێنەی دەكێشرێتەوە، بەستراوە بەمنەوە، نەك بەو درەختە راستەقینەیەی كەلە باخیماڵەكەم دایە. من تەنیا لەرێگەی ناراستەقینە كردنی بونی خۆمەوە دەتوانێ پێبنێمە جیهانی خەیاڵیەوە. یەكێك لە تابلۆ نیگاركێشیەكانی لئۆناردۆ داوینچی خۆ وڵاتیەو هەڵگری كۆمەڵە ڕەنگێكی بەرجەستەیە. تائەم راستیە لەئارادایە ئێمە مەریەمی پیرۆزو فریشتە نابینین، كاتێك ئەم دوو بونەوەرە بۆ ئێمە دەبنە راستەقینە كە خودی ئێمە لەواقیع دابرابین، واتە ئاگاییمان بۆ پانتایی ئاماژە خەیاڵیەكان گوازرابێتەوە[٦٨]. نیشانە نوێنییەكان [index]، گروپی دووەمن لە دابەشكاریە سیانیەكەی پیرێس لەبارەی جۆرەكانی نیشانەوە. لێرەدا پەیوەندی ئاماژە پێكەرو ئاماژە پێكراو، پەیوەندیەكی هۆو هۆكاریە. دوكەڵ نیشانەی هەبوونی ئاگرە، ئامێری باڵۆن نیشانەی ئاراستەی با، هێماكانی نەخۆشی نیشانەی پلەی پەرەسەندنی نەخۆشینو شوێن پێی مرۆڤ نیشانەی تێپەڕینیەتی. ئەم نیشانانە جۆرە پەیوەندیەكی بەردەوامو گەشەكردوویان لەگەڵ بابەتدا هەیە. بەدەربرینیتر بەستراونەتەوە بە





ئەرك یان گۆڕانی بابەت. پیرێس دوو چەشنە نیشانەی ئیندێكسی لێك جیاكردۆتەوە: نیشانەكانی جۆری یەكەم پەیوەندیەكی راستەوخۆو فیزیكییان لەگەڵ بابەتدا هەیە، وەكوو نموونەكانی دوكەڵی ئاگرو شوێن پێ. بەڵام نیشانەكانی جۆری دووەم بە فۆرمێكی دەسكاری كراوی جۆری یەكەم ئەژمار ئەكرێن. هەرچەند ئەو پەیوەندیە راستەوخۆو فیزیكیانە لەگەڵ بابەتدا نیە، بەڵام بەردەوام بەستراونەتەوە بە گۆڕانی بابەت. بۆ نموونە هەموو ئەو توخمانەی كەلەنێو تابلۆیەكی نیگاركێشیدانو بواری ئەوە بەبینەر ئەدەن، كەتا پاشخانی كۆمەڵایەتی، یا شوێنی ئەو تابلۆیە بناسێتهەموویان وەكوو نیشانەی ئیندێكسین. نوسراوەكان لە ئێكۆنێكی سەدەكانی نێوەڕاستدا، ئەو بڕگە نوسراوانەی كە لەمەودای) نێوان (دیمەنەكان لە سینەمای بێ دەنگدا دەردەكەوتن، ئەو پیتانەی كە لە فیلمەكاندا شوێن یان كاتمان پێ دەناسێن، وەسفی شەڕ لەڕۆمانی شەڕو ئاشتی تۆڵستۆی) هەموویان (نیشانەی ئیندێكسین. پیرێس نوسیویەتی كە وێنە بەبێ نیشانە ئیندێكسیەكان تەنیا دەردەبڕێ كە شتێك وەكوو ئەمە هەیە، بەڵام بەهۆی نیشانە ئیندێكسیەكانەوە، تازە تێدەگەین كە ئەو شتە بەڕاستی چییە[٦٩]. ئەگەر لێكۆڵینەوەی نیشانە ئیندێكسیەكان بەبابەتی نیشانەناسی لەقەڵەم بدەین ئەگەری ئەوە هەیە هەموو زانستی مرۆڤایەتی ببێتە بابەتی نیشانەناسی؛ چونكە هەموو زانستەكان پەیوەندی هۆو هۆكاری (تاڕادەیەك) دەهێننە گۆڕێ. لەلایەكی دیكەشەوە ناتوانین (ئیندێكس) یەكسەر لەپانتایی شیكردنەوەی سیمبولێك (لەسەر بنەمای رێكەوتن) جیابكەینەوە ڕۆلان بارت، بەتایبەتی، پێی لەسەر ئەوەدا گرت كەلە دواشیكردنەوەدا ئیندێكسو سیمبول لێك جیانابنەوە. خاڵی گرنگیتر ئەوەیە كەلە زانستەكاندا ئیندێكس پێبەپێی گۆڕانە ناوەكیەكان و زانست جیاوازی تێ دەكەوێ. هێما بالینیو پزیشكیەكان لەسەردەمە جیاجیاكانی (مێژووی پزیشكی)دا بەچەند جۆری جیاواز زانراونو تەنانەت خودی چەمكی هێماكانیش گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە. دەتوانین بڵێن كەلەم نموونەیەدا پەیوەندی بابەتو نیشانەی ئیندێكسی گۆڕاوە. میشل فۆكۆ دەریخست كە (دیدی پزیشكی) لەسەردەمە جیاوازەكاندا لەسەر بنەمای رێكەوتنە فرەچەشنەكان گۆڕدراوە.[٧٠] نیشانە سیمبولیەكان دواگروپی نیشانەكانن لەنێو دابەشكاریەكەی پیرێسدا. لێرەدا پێوەندی ئاماژە پێكەرو ئاماژەپێكراو لەسەر بنەمای رێكەوتن دامەزراوە. چەشنی نیشانە زمانیەكان (وشەكان) كەلەسەر بنەمای رێكەوتنە سیمبۆلۆژیكیەكان لەگەڵ ئاماژە

پێکراوو واقیعی بەرجەستەدا پەیوەندیان هەیە. وشەی گوڵ بەپێی ڕێکەوتنێك واتای گوڵو دیسان بەپێی ڕێکەوتنێکی دیکەو بەیارمەتی پاشگری ( ئاسا) واتایەك دی دروسدەکات "بۆ نموونە گوڵ ئاسا". بەپێی کۆمەڵە ڕێکەوتنێکەوە ئاماژەی تایبەتی لە فەرهەنگێکدا دروست دەبێ: لەبەر کردنی جلوبەرگی ڕەش نیشانەی پرسەیە، هەڵبونی چرای سور نیشانەی وەستانە، هەڵگرتنی کڵاو لەسەر سەرو نیشانەی ڕێز لێنانە.. هتد. پیرێس لە چەمکی (ئاماژەیی ڕێکەوتنی)یەوە لەژێربێژیدا بە نیشانەی سیمبولیك گەیشت؛ وەکوو سۆسێر ئەمەی ئاماژەی ڕێکەوتن (نیشانە بەواتای ڕاستەقینە) دەزانی. نیشانە سیمبۆلیەکان جیا لەهەر چەشنە لێکچونێکی وێنەییان پەیوەندیەکی هۆو هۆکاری یان بەراوردیی واتە جیا لەهەر جۆرە پەیوەندیەکی ڕاستەقینەو هەنوکەیی لەگەڵ بابەتدا لەوە ئاگادارمان دەکەنەوەواتا لەواتای ڕاستەقینەی نیشانە ئاگادارماندەکەنەوە [٧١] بەبۆچونی پیرێس هەر سیمبولێك، بەهەر جۆرێك کەبێتە ئاراوە، لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی شایانی ناسینەوە دامەزراوە[٧٢]؛ هەر فۆرمێکی بەیانکەریو ئاماژەیی لە کۆتاییدا دەبێتە سیمبۆلێك: " هەر وێنەیەکی بەرجەستە، بۆ نموونە تابلۆی نیگارکێشی، لە شێوەی بەیانکەری خۆیدا لەسەر بنەمای ڕێکەوتن دامەزراوە "[٧٣]. ڕۆمەن یاکوبسێن دەڵێ کە ئێگۆنو ئیندێکس (هەمان) پەیوەندی ئێستایی نێوان ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراون، بەڵام ئیندێکس پەیوەندی دەرەکیی کاتە. نیشانە زمانیەکان لە بنەڕەتدا سیمبولن. گرینگیی سیمبول، بەتایبەتی سیمبولی زمان ناسانە لەوەدایە کەبواری ئەوەمان پێ بداکەداهاتوو پێشبینی بکەین، وشەو دوارۆژلەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییان هەیە [٧٤].

(٤)

چارلز وێلیام مۆریس فەیلەسوفی پراگماتیسی ئامریکایی بەشی سەرەکیی کارەکەی بۆ کێشەکانی واتاناسیو دەلالەتی زمانی تەرخان دەکردو لەنیشانەناسیدا درێژەی بەکارە فیکریەکەی "پیرێس"دا. ئەو ڕوونکردنەوەیەکی وردو سیستەماتیکی بۆ نیشانەناسی هێنایە گۆڕێو یەکەمین بەرهەمی لەم بوارەدا کتێبێکە بەناوی بنەماکانی تیۆری نیشانەکان کەلە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاو کراونەتەوە. خودی مۆریس و تویەتی:" چەند دەیە، کارەکەم بۆ گەیشتن بەدوو ئامانج؛ کامڵبونی تیۆری نیشانەکانو کامڵبوونی تیۆری بەهاکان" (٧٥). کورتەیەك لەڕایەکی لەمەڕ





نیشانەناسی لەکتێبی نیشانە، زمانو ڕەفتاردا (١٩٤٦) هاتوە (٧٦). لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا کە ڕون کردنەوەیمێژووی نیشانەناسیە، مۆریس (کە بەردەوام کارەکەی بەبێ گوێدان بە نەریتی سۆسێرو ڕێبازی ژنیڤ درێژە دابو) تەنانەت ئاماژەیەکیشی بە زماننناسی سۆسێر نەکردوە، هەرچەند زۆر لەباسە سەرەکیەکانی سۆسێر لە دەقی کتێبەکەیدا هاتوە. لە بەشی سێیەمی کتێبی نیشانە، زمانو ڕەفتار جۆرێك دابەشکاریی نیشانەکان هاتوە کە تازەییان پێوە دیارە. مۆریس دەنوسێ کەلە هەر کردەوەیەکی پەیوەندی گرتندا، نیشانەکان خاوەنی یەکێك لەم پێنج ڕوویەن:

١) ناسێنەر، وەکو: من، ئێستا، لەسەر کاتژمێر پێنج ٢) دیاری کەر؛ وەکو: سپی، پارچە، گەورەتر ٣) ڕوونکەرەوە؛ چەشنی جوان، زبر ٤) فرماندان: وەکوو: بڕۆ ببینە ٥) فۆرم دەریا لۆژیکی؛ وەك: یان، نا،+،٥، هەندێك. هەر گوزارەیەك لەلێکدانی (وە هەندێ جار لەهەموو) ئەم توخمانە دروست دەبێ. لە پاری پێنجەمی کتێبەکەدا، مۆریس پۆلێن کردنێکی گشتیو ورد لە جۆرەکانی (گوتە)ی هێناوەتە ئاراو لەسەر بنەمای فۆرمی زاڵی ئاماژەو بەکارهێنانی پەیام، گوتەی بەسەر جۆرەکانی زانستی، چیرۆکیی، یاساییو گەردوون ناسی دابەش کردووە. ئەم پۆلێن کردنانە لە بابەتەکانی نیشانەناسی مۆدێرن کاراییان نیە[٧٧]. مۆریس لەتێزێکدا (بەناوی) " ئاماژەو ڕوخسار" پێنج توخم لە نیشانەناسیدا بەگرنگ دەزانێ:" یەك لەنێو دوودا دژکردەوەیەك دادەهێنێ. دوو بە شێوازی تایبەتی ـ شێوەی سێو لەبەرانبەر بابەتێکی تایبەتی وەکوو چواردا، لەهەلومەرجی پێنجدا ئەم دژ کردەوەیە دەردەخات "[٧٨]. "بەردەوام نموونە دینێتەوە: " هەرکاتێك هەنگێك ڕووەکێکی شیرین بدۆزێتەوە، باڵەکانی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی لێك دەداو (سەما دەکا) تا هەنگەکانی دیکە تێ بگەیەنێ." لێرەدا سەما نیشانەیە، هەنگەکانی دیکە ڕاڤەکارانن، کاردانەوەیان بەهۆی سەمای هەنگەکەوە بابەتی ڕاڤەیە، ئەوانەی بەدوایدا پەلکێش دەبن ئاماژە پێکراوە و دۆخەکەیان بوارە" [٧٩].

بەڕای مۆریس لەمەڕ تاکەکانی مرۆڤەوە، بابەتی ڕاڤە بەزۆری نابێتە هۆی کاردانەوەیەکی مەرجی و کتوپڕ، چونکە توانای تاك لەبەرهەم هێنانی ( سیمبۆل گەلی بەرزتر لە زمانی تاکەکەسی ) " واتە هزر " بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ تا " ئەنجامەکە بۆخۆی بهێنێتە ئاراوە "[٨٠]. بەم چەشنە ڕاڤەی هەر نیشانە بەهزرو ئەزمونە سەرەتاییەکانی ڕاڤەکار دەبەسرێتەوە. ئەم باسەی مۆریس لە تیۆری مۆدێرندا بایەخدارە.

لەلایەکەوە پڕوپاگەندە یا هەر کردەوەیەکی ئامانج داری دیکە دەتوانێ بابەتی راڤە پێچەوانە دەربخاتو ؛ لەلایەکی دیکەشەوە "زمانی دەقی ئەدەبی خۆی راڤەیەکە لەو واقیعانەی کە خوێنەر دەبێ بیانقۆزێتەوە"[٨١]. کەوابو ناسینی وزەگەلێك کەلە ڕەوتی دۆزینەوەی واتا (یان ڕاڤە) کاریگەری بخەنە سەر تێگەیشتنی ئێمە (یان لەبنەڕەتدا گۆڕانی بەسەر بێنن) هەر ئەوەندە گرینگی بەدەست دێنێ کە ناسینی پەیوەندیەکانی دەق لەگەڵ بابەتی ڕاستەقینە ) بەدەستی هێناوە ( . بەشێوەیەکی دیکە، دەق و ئەو هێزە کارتێکەرانە پێکەوەو لەگەڵ یەکدیدا واتا دروست دەکەن. مۆریس ئەرکی ئەو چەشنە هێزانەی (کەبەزۆری بە هۆی سیاسی، دینی یان رەوشتیەوە کاریگەری دادەنێن) لە خواستندا دەبینیەوە؛و باوەڕی وابوو کە کارەکە لەبواری زمانناسیی ناسینی دەقەکانەوە دەست پێ بکەیت.مۆریس لە (تیۆری واتا)ی خۆیدا لەجێی چەمکی کلاسیکی واتا لە دوو چەمکی جیاواز کەڵکی وەرگرت: خاڵی راڤەکاریو ئاماژەیی واتایی. مۆریس بڕیاریدا کەبە درێژایی کات ئێمە لەگەڵ کۆمەڵە پۆلێن کردنێکی جیاوازی نیشانەکان بەرەو ڕوو دەبین کە هەریەکەیان بەهۆی ئەرکێکی تایبەتی بەخۆیان هاتونەتەکایەوە. ئەم پۆلێن کردنانەی بە (جۆرەکانی گوتە) ناوزەد کردو ئەم جۆرانەی بە سێ دەستەی سەرەکی: زانستیو جوان ناسانەو تەکنیکی دابەش کرد. مۆریس بۆ شیکردنەوەی گوتەی جوانناسانە بە ڕەفتاری ئێکۆن ئاسای نیشانە ئاماژەی کرد: "بەرهەمی هونەری نیشانەی جوانناسانەیە، واتا ئێکۆنێکە لەگەڵ بایەخە تایبەتیەکانی خۆی "[٨٣]. بەڕای مۆریس، ئاخێوی هونەری، زمانێکە کەبۆ دروست کردنی پەیوەندیو نیشانە ئێکۆنیەکان کەڵك وەردەگیرێ. لەسەردەمێکدا پیرێس نوسیبوی: " نیشانە ئێکۆنیەکان بابەت لەرێگەی هاوشێوەییەوە ڕون دەکەنەوە، فۆرمی بونی بابەت گرنگ نیە.. هەرچەشنە وێنەیەکی بەرجەستە، بۆ نموونە تابلۆی نیگارکێشی لەشێوەی بەیان کەریی خۆیدا لەسەر بنەمای هاشێوەیی و رێسا رێکەوتنێکیان، دامەزراوە "[٨٤]. مۆریس نیشانەی ئێکۆنی بە (هەر چەشنە نیشانەیەك) لەقەڵەم دەدا "کەبەهەر حاڵ لەگەڵ بابەتێك کەئاماژەی پێ دەکا هاوشێوە بێت. رەفتاری ئێکۆنی نیشانە، بەم جۆرە زیاتر لە پلەی ئەم هاوشێوەیە دەتوانرێ بدۆزرێتەوە". بەهۆی ئەم پلە بەندیەوە نیشانەی ئێکۆنیش وەکوو دوو فۆرمەکەی تری نیشانە کەپیرێس باسی لێوە کردبوون شایانی راڤەکردنە. هەربۆیە بەڕای مۆریس تەنانەت ئەوبستراکترین تابلۆ نیگارکێشیەکانیش دەکەونە نێو پانتایی نیشانەی ئێکۆنیەوە؛ ئەو لە و تاری





(ئیستاتیکاو تیۆری نیشانە)دا نوسیویەتی: " هونەری ئەبستراکتی تەنیا فۆرمی زێدەڕۆی رەفتاری هەمە لایەنەی یەکگرتووە سیمانتیکیە "[٨٥]. بەپێی ئەم پێناسەیە، هەموو هونەرەکان لە نیشانە ئێکۆنیەکان پێك هاتوون. مۆریس پێی داگرتووەکە هەرچەندەیش پانتایی راڤەکاریەکانی کۆپلەی پەرەستنی بەهاری ئێستراڤێسکی فراوان بێت، لە کۆتاییدا هەموو راڤەکاران لەسەر لایەنی سەرەتایی، ترسناكو تووڕەی ئەم مۆسیقایە جەخت دەکەنەوەو هیچ کەس بە مۆسیقایەکی هێمن کەبۆ وەسفی شەوێکی ئاشقانە بەکاربێت، لەقەڵەمی نادا " سروشتی ساناو ساکاری ئەم مۆسیقایە، بەڕاستی " نیشانەی "سروشتی ئێکۆنیەتی "[٨٦]. مۆریس لەرێگەی ئەم پێناسە گشتیەوە (کە) بۆ رەفتاری ئێکۆن ئاسای نیشانە هونەریەکان دەیکات، داهێنانی هونەری تا ئاستی (لاسایی رەسەن) نزم دەکاتەوە بەرهەمی هونەری بەم پێیە لە نێو خۆیدا بوونی نیە، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ "خاڵێکی کەم تا زۆر هاوشێوە"و هەموو کێشە جوانناسیەکان لە چوارچێوەی تێگەیشتن لەم پلە هاوشێوەییەدا پێناسە دەکرێن. مۆریس دواتر لە کتێبی نیشانە، زمانو رەفتار رێسای خۆی لەبارەی نیشانە ئێکۆنیەکان گۆڕیو نوسیی: هیچ نیشانەیەك خۆی لەخۆیدا جوانناسانەنیە.. هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی هونەرە جوانەکان لەرێگای تاوتوێی سەربەخۆی گروپێکی تایبەت لە نیشانە جوانناسیەکان کارێکی هەڵەیە[٨٧]. مۆریس بەرەبەرە لەبەرانبەر فرە چەشنی سیستەمە ئاخێویەکان پۆلێن بەندیە جۆربەجۆرەکانی زانست بە پێکهاتەیەکی تیۆری"کەسادەو تەنیا بێت" باوەڕی هێناو وتی کە سیمیۆلۆژی لەلایەکەوە زانستێکە لەنێوان زانستەکانی دیکەدایەو لەلایەکی دیکەدا ئامرازێکە کە بەکەڵکی زانستەکانی دیکە دێت. مۆریس زیاتر لەمەش گرنگی بۆ نیشانەناسی دادەناو دەیوت کە ئەم زانستە ئامرازی بەخشینی یەکپارچەییە بەهەموو زانستەکان. ئەو ـ وەکوو پیرێس ـ جەختی لەسەر خاڵی راڤەکاری دەکردەوە: "نیشانە تەنیا بەو هۆیە کەبە هۆی راڤەکەرەوە بە نیشانەی شتێکیدی دەزانرێت، نیشانەیە "[٨٨]. ئۆمبێرتۆ ئێکۆ دەنوسێ کە ڕاڤەکەر نیشانە پەسەند دەکا، چەنکە "رێکەوتنێك کەلەسەر بنەمای باوەڕی کۆمەڵایەتیو پێشتر پەسەندکراو دامەزرابێ " پەسەند دەکا[٨٩] مۆریس سێ لایەنی جیاوازی نیشانەناسی لێك جیا کردەوە: لایەنی واتاناسی، لایەنی سینتاکسیو لایەنی پراگماتیك. ئەو چوار لایەنی (بەکارهێنانی)شی بۆ نیشانەکان دۆزیەوە: زانیاریانە، بایەخ دانەرانە، وروژێنەرانەو سیستەم

سازی.بەڕای مۆریس لایەنی سینتاكسی، لایەنێكە كەلەرێگەی پەیوەندیەكانی نێوان نیشانەكان بەدەست دێت. تێگەیشتن لە پلەوپایەی پێكهاتە سینتاكسیەكان لەنێو پێكهاتەی لۆژیكی زماندا، مێتودی تاوتوێی لایەنی سێنتاكسی دەردەخات. لایەنی واتاناسانە، لایەنێكە كەلە ئەنجامی پەیوەندی نیشانەكان لەگەڵ بابەت یان ( بارودۆخی شتەكان ) بەدەست دێت. ئەم لایەنە، سەرچاوەی لۆژیكی ئەزمونی زانستە نوێیەكانە كە خاڵە نەریتیەكان لەبارەی ڕاستی "حەقیقەت"ەوە (هەروەك بۆ نموونە لە تیۆری هەقیقەتی ئەرەستۆدا ڕون كرابونەوە) لەگەڵ ئەم پرسیارەدا جێگۆڕكێ دەكەن، كە بەچ جۆرێ دۆخی شتەكان بە شێوەیەكی واتاناسانە بەهۆی گوزارەكان یا سیستەمی گوزارەكان ڕون دەكرێنەوە. دواجار لایەنی پراگماتیكی لایەنێكە كە لەرێگەی پەیوەندیەكەی نێوان نیشانەكان بەكار هێنەریانەوە واتە مرۆڤ بەدەست دێتو لەگەڵ نیشانەناسی پیرێس (كەبەر لە هەرشتێك لەگەڵ ئەركی زەمانو زانست لە بواری ژیانی مرۆڤەوە سەروكاری هەیە) دەست پێدەكات.[٩٠] لایەنی واتاناسانە پەیوەندی نێوان نیشانەو واتاكان تاوتوێ دەكاتو مۆریس هەر نیشانەیەكی واتادار (نیشانەیەك كە واتاكەی دۆزرابێتەوە) بە ( هێمای واتادار ) ناودێر دەكات. بەڵام لایەنی پراگماتیك خەریكی لێكۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان نیشانەكانو راڤەكار (كەلە تیۆری ئەدەبیدا گوێگری پێ دەڵێن) دەبێت. رۆدێلف كارناپ لەگەڵ دابەشكاریی مۆریس سێ فۆرمی بەكارهێنانی نوێی هێنایە گۆڕێ: ئەگەر سەرنجدان، بە گوێگر، یا بەواتایەكی گشتی‌تر بە (بكەری زمان) بێ، لەگەڵ لایەنی پراگماتیك بەرەو ڕووین، ئەگەر گوێ نەدەینە گوێگرو لە پەیوەندی نێوان دەربڕینو واتا وردبینەوە لەگەڵ لایەنی واتاناسانە بەرەوڕووین، دواجار ئەگەر هەردووكیان پشت گوێ بخەینو سەرنجی خۆمان تەنیا بەرەو فۆرمەكانی دەربڕین ئاراستە بكەین، لەو كاتەدا لەگەڵ لایەنی سینتاكسی بەرەو ڕووین كە كارناپ ئەم دوا خاڵەی بە (لایەنی لۆژیكی) ناودێر كردوە[٩٢]. نزیكەی چل ساڵ لەمەوبەر ئابرامز لەكتێبی ئاوێنەو چرا (١٩٥٣) كەلەبارەی ئەدەبیاتی رۆمانتیكی ئینگلیزیە (كتێبێك كە ئەمرۆكە وەكوو بەرهەمێكی " كلاسیك" ناوبانگی هەیە) نوسیی: كە شوێنگەی دەقی ئەدەبی ئەتوانی بەهۆی پەیوەندی چوار توخمەوە بناسێتەوە: ١) ـ توخمی بەیانكەر، كە ڕون كەرەوەی پەیوەندی دەق لەگەڵ نوسەرە. ٢) ـ توخمی پراگماتیك، كە دەربڕی پەیوەندی دەقە لەگەڵ





خوێنەردا. ٣) ـ توخمی لاسایی كەرەوە، كەپشت ئەستورە بە پەیوەندی دەق و جیهان

٤) ـ توخمی بەرجەستە، كەڕون كەرەوەی پەیوەندی دەق لەگەڵ خودی "دەق"وەكوو بابەتێكی تەواو سەربەخۆ "یە"[٩٣]. بە بۆچوونی ئابرامز جەخت كردنە سەر هەریەك لەم چوار توخمە بە قۆناغەكانی كامڵبونی مێژویی وتەی ئەدەبی بەستراونەتەوە. لەسەردەمی رۆمانتیك (لایەنی بەیانكەر)ی دەق بەسەر لایەنەكانی‌تردا زاڵبوو، چونكە بەپێی دیدی بونیادی رۆمانتیسیسم، هونەرمەند لەساتی داهێناندا "هەستە تایبەتیەكان"ی خۆی دەردەبڕێو هەربەرهەمێك رەنگدانەوەی شەڕی دەرونی هونەرمەندە. مێتۆدی رەخنەیی كە زەینی هونەرمەندی وەكو سەرچاوەی لەدایكبوونی بەرهەمی هونەری دەناسی، هەروەها ئەم تێگەیشتنە لەمەڕ بەرهەمی هونەری ریشەی بۆ "ڕوانگەی" رۆمانتیك خوازەكان دەگەڕێتەوە. دەتوانین لەسەر بنەمای ڕای ئابرامز ئەدەبیاتی ریالیستی بە فۆرمی زاڵی لایەنی پراگماتیك بزانین، چونكە ئامانجی لە وێنەگری وردو ( بەرجەستە)ی "واقیع" لەرۆماندا، كاركردنە سەر خوێنەرەو لەزۆربەی حاڵەتەكاندا بەنیازو مەبەستی وروژاندنی ئەو نوسراوە. بەڵام لە "داستانی" قارەمانێتیدا، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی هەستپێكراوەو تیایدا لایەنی لاسایی كردنەوە گرنگتر لە لایەنەكانی دیكە لەقەڵەم دەدرێت.بەپێی دابەشكاریی ئابرامز دەتوانین بڵێین كەلە تیۆری ئەدەبیی مۆدێرندا، لایەنی بەرجەستە زاڵ بووە. واتا خاڵی سەرەكی و گرنگ پەیوەندی دەقە لەگەڵ خودی دەقدا؛ و لایەنەكانیتر تارادەیەك گرینگی كەمتریان پەیدا كردوە. لایەنی پراگماتیك هەروا باوەڕ پێكراوە، بەڵام تەنیا لەرێگەی تاووتوێ كردنی پەیوەندی دەق لەگەڵ خودی دەق، دەتوانی پەیوەندی دەق لەگەڵ خوێنەردا بناسیتەوە. لایەنی لاسایی كەرەوە، واتە پەیوەندی دەق لەگەڵ جیهان، بایەخێكی كەم پەیدا دەكات (لە خاڵ گەلێكی زۆر كەمدا باس لە ئاماژەكانی دەق لەگەڵ جیهاندا دەكرێ) و لایەنی بەیانكەری یەكسەر بێ بایەخ لەقەڵەم دەدرێت.

پەراوێزەکانی پاری یەکەم:...

1- H. sluga, gottob frege, london. 1980, p,1.
2- J.F- Lyotard, la condition post moderne, paris, 1985,pp,11,12.
3- F. de saussure, cours de linguistique generaled. T. mauro, paris, 1979.
4- Ibid, p.33.
5- L. hjelmeslev, prolegomana to a thoury of language, wisconsin u. p., 1961.

ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٤٣ نوسراوە و بۆیەکەمجار بڵاو کراوەتەوە.

1- C. metz, "les semiotique ou semise", communicalions, 7,1966.

گرێماس پێشنیاری کردوە کە semiology بەزانستە تایبەتمەند بکەین نێوەرۆکیەکان تایبەتمەند بکەین: بەزانستە semiotis(بەیانکەر )ەکان و

A. J. greimas, puosense, parise, 1970, p,33
7- U.eco, Atheory of semiotics, Indiana, u.p., 1976, p.3.
8- Ibid, p.4.

9- Ibid, p.7.

١٠_ ئێکۆ دەری خستووە کەهەر رەمزێك بوارمان دەداتێ لەسەر توخمەکانی شیکردنەوەی جوانناسانە ئەنجام بدرێت سەیری پاری سێیەم بکەن:

U. eco, op. Cit, pp,261-276.

١١_ پۆل دێمان نوسیویەتی: (نیشانەناسی لەبەرانبەری لەگەل واتاناسیدا زانست یان توێژینەوەی نیشانەیە وەکوو ئاماژە پێکەر. خاڵی سەرەکی لەنیشانەناسیدا ئەمەنیەکە وشەکان واتایەکیان هەیە، بەڵکو ئەوەیەکە: چۆن واتایان هەیە. ) :

P.deman, allegorios of Reading, Yale u.p.,1979, p,5.

١٢_ جیاوازیەك کەچۆمسکی لەنێوان توانایی [competence]و کردەوە [performance] دۆزیویەتەوە، تاڕادەیەك وەکوو جیاوازیی زمانو ئاخاوتنە. چۆمسکی





لەنێوان کردەوەی زمانی وێژەرو کردەوەی بەکارهێنانی زمان بەهۆی وێژەرەوە جیاوازی دادەنێ.

١٣_ سەیری وتاری مێرلۆپۆنتی ( لەمەڕ دیاردەناسی و زمان ) لە:

M.merleuponty, Eloge de la philosophie, paris, 1967, pp.83,111.
14- R. barthes, L'aventure semialigique, paris, 1985, p,20.
15- F. de soussure, op. cit, pp,100-103.

١٦_ بەگوتەی ئۆمێرتۆئێکۆ ( نیشانەناسی هەموو دیاردە فەرهەنگیەکان وەکوو پرۆسە پەیوەندی کاریەکان تاوتوێ دەکات. هەر بۆیە لەم پرۆسانە دەبێ لەگەڵ سیستەمێکی ئاماژەیی تایبەت بناسرێتەوە ) :

U. Eco, op. Cit, p.8.

١٧_ نیشانە زمانیەکان لەبەر ئەوە رێکەوتنین چونکە ( هیچ چەشنە پەیوەندیەکی ناوەکیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە فۆنیمانەدا نیە کەخۆیان ئاماژەپێکەریانن:

F.de saussure, op.cit,p,101.
18 Ibid, p, 28.
19- B. spinoza, Ethique, trans. C. Appuhn, paris, 1983, vol. 1,P,169.

ئیسپینوزرا لەم دەقەدا وشەی لاتینی cogitato بەکارهێناوە کەبەر هەدوو واتای (هزر)و (وێناکردن)و تەنانەت هەندێجار بەواتای (چەمك) بەکاردێت. وەرگێڕی ئینگلیزی لەهەموو شوێنێك ئەم وشەیەی بەهزر و ەرگێڕاوە:

B. spinaza, the chiaf works, trans, R.H… melwes, newyork, 1955, p.101.
20- F.de saussure, op.cit, pp,24,25.
21- Ibid, pp, 151, 152.
22- Ibid, p, 166
23- G, frege, from the philosophical, writings trans. P. geach and M.black. oxford, U.P, p, 960

گ. فرگە ( لەبارەی واتا و واتادار ) و ەرگێڕانی م. بەدیعی، فەرهەنگی (وشەکان) ٣-٢، تاران، لاپەڕەکانی ٢٩٢-١٦٣.

24- J. Lyons, semantics, cambridge, U.P, vol 1,p,199.

25- F.de saussure, op, cit. Pp, 114-138.

26- E. Benviniste, problemes de linguistique generale, paris, 1987, vol. 1,pp,95-96.

27- C. levi- strauss, anthropologie structurale, paris, 1958, p.40.

28- F.de saussure, op,cit. P,160.

29- Ibid, pp,125-127.

30- Ibid, p.103.

٣٢_ زانکۆی هاروارد کۆی بەرهەمەکانی پیرێسی لەچاپ داوە:

C.S. peirce, callected papers, harvard U.P.8, vols, 193-1958.

لەدەیەی ١٩٧٠وە چاپێکی رەخنەگریی نوێ لەبەرهەمەکانی پیرێس لەچاپەمەنی زانستگای ئیندیا نا پلیسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) دەستی پێکردوە.

33- J.A. faris, “c.s.peirce,s existential Graphes” britesh Institute of mathmatics, 17, 1981, P.232.

یاکوبسێن، پیرێس بە" گەورەترین فەیلەسوفی ئەمریکا" دادەنێو دابەشکاریسیانی ئەو بە ( گەورەترین رونکردنەوەی زمان و کات ) دەزانێ.

R.jakobson and K. pomorska, dialogues, cambridge U.P, 1983, pp, 91-92.

34- K-o apel, charles, s. peirce, M,I, press, 1981.

ئاپێل و هەرڵبژاردەی بەرهەمەکانی پیرێس بەزمانی ئەڵمانیشە.

35. C.s, pierce, collected papers, vol, 5,p. 488.

٣٦_ هەڵبژاردەیەك لەنوسینەکانی پیرێس لەبارەی نیشانە و نیشانەناسی بەزمانی فەرەنسی بڵاو کراوەتەوە:

C.S. peirce, Ecrits surle signe, trans, G, deledalle, paris, 1978.

37- C.s. peirce, collected papers, vol. 8,p. 303.

38- Ibid, vol, 1,p.284.

39- Ibid, vol, 1,p.588.

40- Ibid, voI, 5,pp. 398- 402.

41- Ibid, vol, 5,p. 398.

42- Ibid, p. 332.





43- C.s. peirce. Ecrits sur le signe, P.55.

44- C.s. peirce, collacted papers, vol, 5,p. 489 / Ecrits pp.133-134.

45. Ibid, vol, 2,p, 228/I did, p,121.

46- Ibid, vol, 2,p, 229./ I did, pp, 121-122.

47- Ibid, vol, 5,p, 475.

٤٨_ لەهەندێ خاڵدا پیرێس ڕاڤەی سۆزداری (emotiasnal interpretan) بەڕاڤەی کت و پڕ یاڕاڤەی ناراستەوخۆ داناوە. تاڕادەیەك تەواوی ڕاڤە کارانی بەرهەمەکانی پیرێس لەو باوەڕەدان کەهاو واتای ئەم دووناوە ) تەنیا ( یەك دیاردەیە، بەڵافیتزجراڵد ئەم ڕایە ڕەت دەکاتەوە:

J. fitzgerald. Peicde’s theory sings, the hague, 1966, p.200.

49- eco. U,op,cit. P,15.

50- C.S peirc, op,cit, vol. 2,p. 227.

51- F.de sassure, op.cit,p.101.

٥٢_ سیمبول لەبەرهەمەکانی سۆسێردا بەردەوام وەکوو خاڵێکی (سروشتی) نەزانراوەو ئەو لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی کامڵ بونیفیکری خۆی ئاماژە گەلێکی بۆ (لایەنی رێکەوتنی سیمبول ) هەیە. سەیری بابەتی رۆمەن یاکوبسێن بکەن لە:

R. jakobson, problems dulanguge, paris, 1966, p,24.

54- C.S. perice, op, cit. Vol 2,p. 228 / op. Cit, p. 121.

55- Ibid, vol 2,pp, 136 – 137.

٥٥_ سەیری پاشکۆی دووەم لەکۆتایی کتێبەکەدا بکە:

56- U. eco, op, cit. Pp, 16 – 17.

57- K-o apel, Toward ,trans formation of philosophy. Trans. A,glyn and D. frisby, london, 1980,
p.81.

58- G. delouze, cinema, I, L’image mouvement, paris, 1983, p.7.

59- C.S. peirce, op, cit. Vol, 2. P, 391, p, 281.

60 Ibid, vol 2, p, 247.

61- Ibid, vol, 4. P, 244.

62- J. Lyons, op, cit. Vol,1. P,102.
63- C.S. peirce, op, cit. Vol,2. P,278.
64- Ibid, p, 277.
65- Ibid, vol,5. P, 152.
66- Ibid, vol,4. P,531.
67- Ibid, vol, 3. P, 362.
68- J.P. sortre, L'imaginaire, paris, 1948.
سەیری پاری چوارەم ( ژیانی خەیاڵی ) و بەتایبەتی بەشی یەکەمەکەی ( بابەتی ناراستەڤینە (لاپەڕەکانی ١٧٥ – ١٦١).
69- C.S. peirce, op, cit. Vol,8. P,183.
70- M. foucoult, naissance de la clinique, paris, 1988, pp, 87–106.
71- C.S. peirce, op, cit. Vol,5. P,73.
72- Ibid, vol,2. P, 308.
73- Ibid, vol,2. P, 276.
74- R. jakabson and K. pomorska, dialogues, op. Cit, p,92.
75- C. morris, signification and signifiance, cambridge U.P. 1964, p, v 11.
76- C. morris, sign, Language, and behaviour, newyork, 1946.
مۆریس تێزێکی گرنگی لەژێر سەردێڕی ( جوانناسی و تیۆری نیشانەکان ) لەساڵی ١٩٣٩ نوسیبو. لەساڵی ١٩٧١ کۆی نوسینەکانی لەبارەی نیشانەناسیەوە چاپ کرا:
C. morris, writings on general theory of sings, the hague, 1971 •
٧٧_ ژۆرژمۆنین دەنوسێ کەهەڵەی کاری مۆریس لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کەئەو شیکردنەوەی سیمبۆلۆژیکی بەبەشێك لە شی کردنەوەی لۆژیکی زانیوە:
G. mounin, Introdoction a la semiologie, paris, 1970, pp, 65–66.
78- C. morris, writings on general theory of sings pp, 401–402.
79- Ibid, p, 403.
80- Ibid, p, 278.
81- R. kuhns, "semantics for Litrary ganguege"
new Litrary history,4, 1972. Pp, 91–105.





82- C. morris, op, cit. P, 226.
83- C. morris, "science, art, and technology"
the kenyon review, 114, 1939, p. 415.
84- C.S. peirce, collected papers, vol, 2. P, 157.
85- the gornal of unified science, 1-3, 1939. P, 140.
86- Ibid, p, 193.
87- C,morris,Longuage & Behaviour, p. 195
88- C,morris, foundation of atheory of sings, chicago U,P, 1938. P,12.
بەڵام پیرێسیش ئاگای لەم خاڵانە هەبوو. بۆنمونە نوسیبوی: ( هەبوونی هزر بەستراوەتەوە بەو شتەی کەپاش ئەو دروست دەبێ؛ تائەو ڕادەیەی کەدەتوانرێ باس لە هەبونی ناچالاکی (ئەو شتە) بکرێ کەبەهزری دواتری کۆمەڵ بەستراونەتەوە ) .
C.S. price, collected popers, vol, 5, pp, 313 – 316.
89- U. eco, op, cit. P, 16.
90- K-o apel, op, cit. Pp, 93 – 98.
٩١_ مۆریس لەوشەی لاتینی [denotea] بۆ ( هێمای واتادار ) کەڵکی وەرگرتوە.
92- R- carnap, Intradection to semiotics, M.I,T. press, 1942, p. 9.
93-M.H abrams, the miror and the Lamp, oxford, 1991.

# پاری دووەم

# بایەخی فۆرم، فۆرمالیستە ڕوسیەکان

بۆ مرۆڤ هیچ شتێك ترسناکتر لەنەبونی وەڵام نیە.
(باختین)

(١)

بزوتنەوەی فۆرمالیزمی ڕوسی کەلە ساڵی ١٩١٤دا یەکەمین نیشانەکانی دەرکەوت، لە دواساڵەکانی دەیەی ١٩٢٠ بەهۆی هێرشەکانی ڕژێمی ئیستالینستیەوە هەڵوەشایەوە. بەڵام لەم مەودا کورتەدا بۆتە یەکێك لە گرنگترین ڕێبازەکانی هزر گەرایانەی سەدەی بیستەمو کاریگەریی لێکۆڵینەوە سەرەکیو مێتۆدەکانی کاری فۆرمالیستەکان هێشتاش بەسەر تیۆری ئەدەبیەوە ئاشکرایە [1]. ڕەخنەی ئەدەبیی سەدەی نۆزدەهەمی ڕوسیە زیاتر لە خزمەتی بزوتنەوەی بیرکردنەوەی ئازاد و لەدوا دەیەی ئەو سەدەیەدا، تا ڕادەیەك لە خزمەتی سۆسیال دیموکراسیی ڕوسیە بوو. هەموو ڕەخنەگرە ڕوسیەکانی سەدەی پێشو، ڕەخنەی بۆ ڕۆشنگەریی (بنەما ڕامیاریو ڕەوشتی)یەکان دەهێنایە گۆڕێ؛ تەنانەت نوسەرێکی کۆنخواز وەکو (ئاپۆلۆن گریگۆرۆف)یش ڕەخنەی خۆی (لەخزمەت بە نەتەوە) دەنوسیو یا لئۆتۆلستۆی کەنەلەگەڵ دیموکراتە ڕادیکاڵەکانو شۆڕشگێڕەکاندا بوو نەك لەگەڵ هێزە کۆنخوازەکاندا، دەیوت ڕەخنە دەبێ ڕۆشنگەری ئایدیای(ڕەوشت)بێت. تەنیا لەسەدەی ١٨٩٠دا دیمیتری مرژوفسکیو ڤلادیمیر بریاسۆف جەختیان کرد کەدەبێ ڕەخنەی هونەریی بەرلە هەموو شتێك لە چوارچێوەی (بنەما جوانناسیەکان) ئەنجام بدرێو ئامرازی هەڵسەنگاندنی دەقێك (یاسا هونەریەکان)بن. دو بیریاریتر لە تاوتوێ کردنی ڕیشەکانی بزوتنەوەی فۆرمالیستەکان گرنگن: یەکەمیان ئەلکساندێر پۆتێب نیا بو، کەچەند کتێبێکی"بەناوی" وانە گەلێك لەبارەی تیۆری ئەدەبی و کێشە تیۆریەکانی سایکۆلۆژی هونەری نوسیو تیایاندا باسی گرنگی ڕزگاربون لە





زاڵ بوونی باوەڕەکان کردو بایەخی شاعیرانەو ئەدەبی زمانی وەکوو (سیمبۆل گەرایی زمان) لەقەڵەمدا. ئەوی تریان ئەلکساندێر شکلۆفسکی بوو،"کە" بەتایبەتی ڕوانگەی فۆرمالیستەکانی لەبارەی (مێژووی ئەدەبی)ەوە ڕێکخستو لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی فۆلکلۆرەوە کاریگەریەکی زۆری لەسەر مێتۆدی لێکۆڵینەوەی ڤلادیمیر پرۆپ دانا [2]. پێبە پێی پەرەسەندنی خێرای بزوتنەوەی سیمبۆلیزم، دو گروپی سەرەکی لە نێوان ڕەخنەگراندا سەریان هەڵدا: (ئەوانەی بڕوایان بە ئیستاتیکا) هەبو کە پەیڕەوی مرۆڤسکیو بریاسۆف بونو (سۆفیەکان) کە ویاچسلاڤو ئیڤانۆڤ یەکێك لە گرنگترین وتە بێژەکەیان بوو هونەری بە ( دەرکەوتی نەریتی دینی) دادەناکە بەرهەم هاتوی توخمە پیرۆزەکانە، بەرزتر لە ڕاستیەکانی سەر زەوی، و بەیارمەتی (جادو، نهێنی، سیمبۆل) پێك دێ. بەڕای ئەو هونەری ئاینی دەتوانێ نەك تەنیا کۆمەڵگاو مێژو، بەڵکو (واقیع)یش بگۆڕێت."ڕەخنەی سۆفیانە" ڕیشەی بۆ بەرهەمەکانی ڕۆمانتیك خواز ئەڵمانیەکانو نوسینە جوانناسیەکانی شیلینگ دەگەڕایەوەو "ڕەخنەی سۆفیانە " لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسوفە لە دوا بەرهەمەکانیدا لەمەڕ وزەی گۆڕێنەری (پەیوەندی هونەریو دینی) بەرگری دەکرد. دواجار لەساڵی ١٩١٠دا لەنێوان (ڕەخنەی سۆفیانە)و (ڕەخنەی جوانناسانە) دابڕانێکی تەواو ڕوویدا. لەکاتێکدا کەپەیڕەوی کەرانی (بنەمای ئاینی هونەر) بەرەو (کلاسی سیزم)دەچونە پێشەوە، لایەنگرانی ڕێبازی جوانناسانە بە ئارمانجە سەرەتاییەکانی سیمبۆلیستەکان وەفادار مانەوەو بەخێرایی بەرەو ( هونەری نوێ )و بەتایبەتی باوەڕەکانی فوتوریستە ئیتاڵیاییەکان ڕاکێشکران. بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی فۆتۆریزمی ئیتالیایی لەساڵی ١٩٠٩ دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێوان ڕەخنەگرانی لاوی ڕوسی هەبو، پێداگرتن مایاکۆفسکی کە ( دەبێ مستێکی بەهێز لەقەپۆزی چێژی هەمووان بدەین) بنەماکەی بۆ مشتومڕی فۆتۆریستەکان دەگەڕایەوە. بزوتنەوەی نوێی ئەدەبی ڕوسیە پشتیوانی نوێگەری بوون لەبواری شیعر، پەخشانو شانۆ. لەدەیەی ١٩٢٠ بەم لاوە تێگەیشتنی نەریتی لەمەڕ (جوانیی هونەر) شوێنی خۆی بەتێگەیشتنی ئەبستراکتیو خۆشەویستی فۆرمە ئەندازەییو ( ئیستیلیزە ) کان سپارد. لەجێی یەکگرتوویی و نزیکی لەگەڵ سروشتدا شارو ئۆتۆمبێل گرینگیان پێدراو خاڵێکی سەرەکیی‌تر نەك پەیوەندی بەرهەم لەگەڵ واقیعو جیهان، بەڵکوو بووبە ئەم پرسیارە سادەیەکە: "شیعر چۆن دروست دەبێ؟"[3]. بزوتنەوەی فۆرمالیستەکان بە پەیوەندی

لەگەڵ ئەم نوێخوازیە هونەریە سەری هەڵدا و بنەما دارێژەکانی گروپە لاوە نوێخوازەکان بوون.. بەزۆری یەکەمین بەڵگەنامەی فۆرمالیزمی روسی وتاری درێژە ڤیکتۆر شکلۆڤسکی بەناوی (رابوونی وشە) دەزانن کەلە ساڵی ١٩١٤دا بڵاوکرایەوە. دو وتاری کورت کەئەو لەساڵانی دواییدا نوسی واتە (لەبارەی تیۆری زمانی شیعریەوە) " ١٩١٦ "و (لەبارەی شاعیریەوە) " ١٩١٩ " لە ڕوانگەی مێتۆدۆ لۆژیکیەوە گرنگی زۆریان هەیە. قوتابخانەی فۆرمالیزم بەهۆی دامەزراندنی opolaz (لێژنەی لێکۆڵینەوەی زمانی ئەدەبی) لەساڵی ١٩١٦ لە پێترز بورگدا پێکهاتو لەگەڵ گروپە نوێخوازەکاندا یەکی گرتەوە. نیشانەگەلێك لەم یەکگرتنە دەتوانی لەوتارێکدا کە رۆمەن یاکوبسێن لە ساڵی ١٩٢١ لەپراگ بڵاوی کردەوەو بەناوی شیعری نوێی روسی ناوبانگی دەرکردووە، بدۆزیەوە.[٤] پەیوەندی دۆستانەی فلبنیکۆڤو مایاکۆفسکی لەگەڵ رەخنەگرە فۆرمالیستەکاندا نیشانەیەکە لەنزیکی فیکری ئەوان[٥]. دۆزینەوەی کاریگەریی فۆتۆریستەکان لەسەر بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکان ئاسانە. شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکانیتر، لە فۆتۆریستەکانەوە فێر بوون کە کۆمەڵە وشەیەك بدۆزنەوە کەلە هەرچەشنە دیاریکاریەکی (بایەخ دانەرانە)بەدەربن و بەدوی (سینتاکس)ێکی زمانی نوێ کەلەگەڵ ئەم وشانەدا بگونجێت، بگەڕێن. بەڵام دەبێ بزانین کە فۆرمالیستەکان بە تەنیا بەلایەنگران یا پەیڕەوی کەرانی فۆتۆریستەکان ئەژمار نەدەکران. بۆ نمونە، کتێبێك کە بۆریس ئاخن بام لەمەڕ ئانا ئاخماتووا لەساڵی ١٩٢٣ بڵاوی کردەوە، دەری خست کەفۆرمالیستەکان بە زۆری بەنەریتەکانی سیمبۆلیزم وەفادار مابونەوە[٦].
ڤیکتۆر شکلۆڤسکی (لەدایکبووی ١٨٩٣) باس لە گرنگترین رێسا تیۆریەکانی فۆرمالیزمی روسی دەست پێکردو هاوشان لەگەڵ ڕۆمەن یاکوبسێن، بە ناسراوترین وتەبێژی بزوتنەوەی فۆرمالیستەکان دادەنرێت. ئەو کۆمەڵەیەك لە وتارەکانی خۆی لەژێرناوی( لەبارەی تیۆری پەخشانەوە) لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاو کردەوە. بوریس ئاخن بام (١٨٨٦ـ١٩٥٩) بەنوسینی و تاری ( چۆن پاڵتۆی گوگول نوسرا؟ ) کاری خۆی دەست پێکرد، پاشان کتێبێکی قەبارە بچووکیلەبارەی شیعرەکانی لۆرمانتێڤ نوسی (١٩٢٤). بوریس تۆما شڤسکی (١٨٩٠-١٩٥٧) لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی کێشناسیەوە نوسیو لەگەڵ کۆمەڵەیەکدا لەژێر سەردێڕی:" لەبارەی شیعری روسی "ەوە لەساڵی ١٩٢٣ بڵاوی کردەوە، ئەو بە چەشنێکی تایبەتی بەهۆی بەرهەمەکانیەوە لەمەڕ جیاکردنەوەی تانوپۆ (plot)و چیرۆك بەناوبانگە. یۆری تینیانۆف(١٩٤٣-





١٨٩٤) بە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کاریگەری گوگول لەسەر دستۆفسکی دەستی پێکردو لەژێر ناوی کێشەی زمانی ئەدەبی لەساڵی ١٩٢٤دا بڵاوی کردەوە، پاشان لەلێکۆڵینەوە گرنگەکەی خۆی لایەنە کۆنو نوێکان لەشیعری روسیدا (١٩٢٩) خەریکی لێکۆڵینەوەی گۆڕانەکانی زمانی شاعیرانەی روسی بوو. ڤیکتۆر ژیرمۆنسکی بە لێکۆڵینەوە لەبارەی رۆمانتیسمی ئەڵمانی دەستی پێکردو هەوڵیدا تا رەگەکانی سیمبۆلیزم بناسێتەوە. لێکۆڵینەوەکەی لە ژێر ناوی هونەری رۆنان لەشیعری گۆرانی لەساڵی ١٩٢١ چاپ کرا [٧]. ڤیکتۆر ڤینۆ گرادۆف، لەنێوان فۆرمالیستەکاندا، بیردۆزەوانێکی بەناوبانگ نەبوو، بەڵام وەکوو لێکۆڵەری مێژوویی ئەدەبی بەرهەمی گرنگی نوسیوە. کاری سەرەکی (تیۆرێکی) ئەو لەبارەی پێوەندی فیکری دستۆفسکی گۆگۆل لەو لەژێر ناوی کامڵ بونی ناتۆرالیزمی روسی بڵاو کراوەتەوە. بەرهەمەکانی دوای ئەو زیاتر بەزمانەکانی فەرەنسی،ئەڵمانیو چیك نوسراون. ئوسیب بریك، بەئاشکرا ڕۆڵێکی گرنگی لەرێك خستنی فکری فۆرمالیستەکاندا هەبوو، بەرهەمی چاپ کراوی زۆر نین، بەڵام وتارێك کەلەبارەی (واکەکانو شیعری روسی) لەساڵی ١٩١٩ بڵاوی کردەوە دەستپێکی تیۆری گەلێکە کەلەدەیەی دواتردا لەپراگ، ترۆ بێتسکوۆی، یاکوبسێنو مۆکارۆفسکی هێنایانە گۆڕێ.(لیف یاکۆبیبنسکی)ش، هەرلە ساڵی ١٩١٩ وتارێکی گرنگی لەبارەی چەمکی مێژوی ئەدەبی بڵاوکردبوویەوە. بوریس ئینگالیگارد کارەکەی ئەوی درێژەپێداو لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی مێتۆدی وێنەیی لە مێژوی ئەدەبی لەساڵی ١٩٢٧ لە مۆسکۆدا بڵاو کردەوە. لەم نێوەدا دەبێ یادێك لەو کەسانە بکەینەوە کەهەرچەند بە فۆرمالیست دانەدەنران بەڵام پەیوەندی فکری نزیکیان لەگەڵ فۆرمالیستەکاندا هەبو: میخائیل باختین، فلادیمیر پرۆپ، ڤاسیلی گی پیۆس کەلە ساڵی ١٩٢٤دا کتێبێکی لەمەڕ گۆگۆل بڵاو کردەوە، گئۆرگ کۆکۆفسکی کەلە ساڵی ١٩٢٧دا لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ئەدەبیاتی روسی سەدەی هەژدەهەم لەچاپدا، گئورگی ڤینیۆکۆر زمانناسێك کەلە ١٩٢٥ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانی شیعری نوسیو لەساڵی ١٩٤٣دا کتێبی (مایاکۆفسکی زمانساز)ی لەمۆسکۆ بڵاوکردەوە، کتێبێکی بەنرخەو پابەندە بە بنەماکانی فۆرمالیزم. دواجار دەبێ یادێك لە ئەلکساندێر رێفرماتسکی بکەینەوە کەلە ١٩٢٢دا (کە تەمەنی لە ٢٢ساڵ تێنەدەپەڕی لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی ( شیکردنەوەی فۆرمی کورتە چیرۆك ) نوسی [٨]؛ و ئەم تێزە بەنرخە کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئۆسیپ برێك و تۆماشفسکی دانا. لەم

دوایی‌یە کۆمەڵەیەك لەبەرهەمەکانی ریفرماتسکی لەبواری تیۆری ئەدەبی بەزمانی روسی بڵاوکراوەتەوە [٩]. لەپاش هەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی فۆرمالیزم، ریفرماتسکی خەریکی وانە وتنەوەی فۆنۆلۆژی‌و زماناسی بوو بە یەکێ لەگرنگترین زماناسەکانی سۆڤیەت‌و بەرهەمەکانی کاریگەری زۆریان لەسەرهەڵدانی (قوتابخانەی نوێی زماناسی مۆسکۆ) دانا. لەنێوان ساڵانی ١٩١٦ تا ١٩٢١ فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا بە دەربڕینی ڕەق‌و مشت‌ومڕ ئاسا جیاوازی‌و مەودای خۆیان لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبیەکانی‌تر بنوێنن. لەنێوان ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٢٨ ئەوان ئاستی چالاکی خۆیان فراوان کردو بابەت گەلێکی وەك (مێژووی ئەدەبی)شیان هێنایە ئاراوە. رێبەرانی حزبی کۆمۆنیست لە ١٩٢٤دا ئاشکرا دەستیان کرد بە پەلاماردانی فۆرمالیستەکان. لئۆن ترۆتسکی لە ئەدەبیات‌و شۆڕشدا هێرشی کردەسەر (باوەڕەکانی دژی مێژوو)و مارکسیزمی (لە بەرانبەر فۆرمالیزم) قوت کردەوە [١٠]. نەیارانی ترۆتسکی لەباڵەکانی دیکەی حزب هێرش کردنە سەر فۆرمالیستەکانیان بەزمان‌و شێوەیەکی توندو تیژتر درێژە پێدا. لەساڵی ١٩٢٨دا فۆرمالیزم ڕەسمی قەدەغە راگەیەندرا. فۆرمالیستەکان کەلەساڵی ١٩٢٤دا لەدژی دیدی رەسمی لەمشت‌ومڕدا بوون، بەناچاری بێدەنگ بوون‌و تا لەنێوانی دەیەی ١٩٣٠دا هەریەکەو رێگەیەکیان هەڵبژارد. توێژینەوەی شکلۆفسکی لەبارەی تۆلیستۆی، بەرەبەرە رێساکانی پەیوەندی "ئەوی" لەگەڵ فۆرمالیزمدا، پچراند؛ تا ئەو جێیەی کەلە (بەرهەمی) تۆلیستۆدا ئیدی ئاسەوارێك لەفۆرمالیزم نەمایەوە [١١]. دابڕان لەبەشێك لە premise )= لەپێشدانانەکان (فۆرمالیستەکان دەتوانین لەژایاننامەی شکلۆفسکی کەبەقەڵەمی خۆی‌و (بەناوی) سێیەمین هۆکار کەلە ساڵی ١٩٢٦ نوسرابو بڵاو کرابویەوە، بدۆزینەوە. شکلۆفسکی کەڕۆژانێك هونەری بە (بەدەر لەژیان) ناودێر کردبوو لێرەدا باسی‌لە ( هۆکارە سەرو ئیستاتیکی ) یەکان کردووە کە کاریگەرییان لەسەر واتای ئاخێوی ئەدەبی هەیە [١٢]. بەڵام لەمەڕ ئەم خاڵە نابێ زێدەڕەوی بکەین؛ هەر هزرێکی زیندو چەندین جار رەخنە لەخۆی دەگرێ‌و زۆربەی لەپێشدانانەکانی بنەڕەتی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هۆکاری سەرەکی کەکۆتایی بەژیانی فۆرمالیزمی روسی هێنا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بوو هیچ شتێکی جگەلە تێگەیشتنی ساکارو گاڵتەجارانەی خۆی لەبۆمارکسیزم، پەسەندنەکردو "لەبەرانبەری"دا خۆڕاگری نەدەنواند. بەڵێ، شکلۆڤسکی لەدەیەی ١٩٣٠دا ڕووی کردە (تیۆری فیلم)و وتارگەلێکی گرنگی لەمەڕ سینەما نوسی‌و لەم بەرهەمانەی‌دا هێشتا رەنگ‌و بۆنێك لە





فۆرمالیزم مابویەوە. ئەو لەساڵی ١٩٢٣دا لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی سینەماو ئەدەبیات چاپ کردبوو [١٣] لەساڵی ١٩٢٧ لەتەك باخن ئام، تیتیانۆف‌و ئادریان پیۆ ترۆفسکی کۆمەڵەیەکی لەژێرناوی تیۆری ئەدەبی سینەما چاپ کرد بو "کەلە ساڵی ١٩٩٠لە مۆسکۆ دوبارە چاپ کراوەتەوە" [١٤]. یاکوبسێن کەلە ١٩٢٠لە پراگ وانەی دەگوتەوە، لەساڵی ١٩٢٨دا بۆ هەتاهەتایە روسیای بەجێ هێشت‌و لەپراگ درێژەی بەکاری خۆی‌دا، پاشان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا رۆیشت. لەدەیەکانی دواییدا ئەو لەو بیڕیارە دەگمەنانە بو کەبە نەریتە ڕەسەنەکانی فۆرمالیزمی روس وەفادار مایەوە. ئاخنبام لەسەردەمی ژدانۆفدا بەتوندی هێرشی کرایە سەرو تائەو ڕۆژەی کەمرد ئەم پەلامارانە بەردەوام بون، هەرچەند بەتەنیا خەریکی نوسینەوەی ژیاننامەی ئەدەبیات بوو. تۆماشفسکی ڕوی لەرێکخستن‌و بڵاوبونەوەی رەخنەگرانەی بەرهەمی کلاسیك خوازە روسییەکان کردو لەکاری لێکۆڵینەوە لەدەقە کۆنەکان پسپۆرێکی بێ وێنەی لێوە دەرچوو. تینیانۆف ڕووی کردە نوسینی چیرۆکگەلێك لەسەر بنەمای ژیانی پوشکین‌و گریبایدۆف. ژیر مۆنسکی دەستی دایە نوسینی وشەوزارە ئاڵمانیەکان ڤینۆگرادۆف لەبنەڕەتدا ڕووی لە زماناسی کرد، بەڵام لەکتێبەکەی‌دا بەناوی (زمان‌و مێتۆدی دەربڕینی پوشکین) "١٩٤١" بزیسکەکانی مێتۆدی فۆرمالیستی‌و ەبەرچاو دەکەوێ. هەروەك لەبەرهەمەکانی‌تریدا لەبارەی رێزمانی روسی و مێژوی ئەدەبیاتی روسیاش نیشانە گەلێك لە فۆرمالیزم ماوەتەوە. ژمارەیەکی کەم لەبەرهەمی فۆرمالیستەکان بەزمانی ئەوروپاییەکان بڵاوکراونەتەوە. ناسینی گەورەیی کارەکەیان بەبێ ئاشنایی لەگەڵ زمانی روسی هەمەلایەنە نابێت؛ بەتایبەتی تێگەیشتنی تەواوی ئەو بەرهەمانەی کەلەمەڕ کێشەکانی زمانی شاعیرانی روسی نوسیویانە تەنیا لەرێگەی دەق‌و خودی زمانە "روسی"ەکەوە دێتەدی [١٥].

(٢)

سەرەتا هیچ کام لەم دامەزرێنەران‌و نوسەرانی ئەم بزوتنەوەیە نازناوی (فۆرمالیزم)یان پەسەندنەکرد. ئاخنبام لەیەکێ لەتوێژینەوە سەرەتاییەکانی خۆی دەنوسێ: " پێمان دەڵێن فۆرمالیست، بەڵام دروستتر بو ئەگەر لەجێی فۆرمالیزم کەڵکیان لەمۆرفۆلۆژی وەرگرتبا". ئەو بابەتی کاری بزوتنەوەکەی (نەك خودی بەرهەم، بەڵکو ئەو شتەی کەلە بەرهەمەکەدا رەنگی داوتەوە) دەزانی و بەم پێیە چەمکی ناسێنراوی شێوە (یان فۆرم)ی بەرهەمی هونەری پەسەند نەدەکرد. چەندین ساڵ دواتر

ئاخنبام نوسیی: "ئێمە فۆرمالیست نین،بەڵکو لەگەڵ تایبەتمەندیی بەرهەم ئاشناین "و زاراوەیەکی نوێی دروست کرد کەتا ئەو رۆژە لە زمانی روسیدا بەکارنەهات، specifikatory، " واتە " پسپۆڕ "[٣١]. بەرهەحاڵ، نازناوی فۆرمالیزم سەرەتا رەخنەگران‌و نەیارانی ئەم بزوتنەوەیە وەکوو تۆمەتێك دایانە پاڵ "بزوتنەوەکە". جۆرێك واتای سوکایەتی ئامێز تیایدابوو کە ئاماژەی بە ( گرینگی‌دانی لەرادەبەدەری ئەم نوسەرانەبە فۆرم ) دەکرد. بەڵام بەرەبەرە ئەم نازناوە لەلایەن لایەنگرانی بزوتنەوەکەش پەسەند کراو بەکارهات‌و ئەمرۆکە، رون کەرەوەی سەرنجدانی ئەوانە بەواتایەکی تایبەتی لەبارەی فۆرمی بەرهەمی هونەری کە نزیکە لەواتای پێکهاتەوە. یاکوبسێن گرنگترین لەبەپێشدانان"premise "ی لەمێتۆدی تاوتوێی فۆرمالیستەکانی لەرێسایەکی کورتدا، لەوتاری (شیعری نوێی روسی) رون کردۆتەوە:" بابەتی زانستی ئەدەبی نەك ئەدەبیات بەڵکو ئەدەبی بون (ئەدەبیەتی)ی دەقەکانە"[١٧]. پاش پەنجا ساڵ یاکوبسێن لەپاشکۆی هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی خۆی کەلەژێر ناوی کێشەکانی تیۆری ئەدەبی، بڵاو کرایەوە نوسیی: " ئەدەبی بون یان بەدەربڕینی‌تر، گۆڕینی ئاخاوتن بۆ بەرهەمی ئەدەبی‌و سیستەمێك کەکاریگەری بخاتە سەر ئەم گۆڕینە دەسمایەی سەرەکیە کە زماننا‌سی لەشیکردنەوەی خۆی لەبارەی شیعرەوە، بەشێوەیەکی هەمە لایەنە"کامڵ"ی دەکات [١٨]. رێبازە رەسمی‌و زانستگاییەکانی رەخنەی ئەدەبی لەدەیەی ١٩٢٠ نەك تەنیا لەروسیە، بەڵکو لەکیشوەری ئەوروپاو وڵاتە ئەنگلۆ ساکسیونیەکان (لەدەرەوەی دەق) بەدوای بابەتی سەرەکی توێژینەوەی خۆیان دەگەڕان، واتە لەروانگەیەکی کۆمەڵناسانە ـ مێژویی یان دەرونناسانەوە. پرسیاری سەرەکی بەلایانەوە ئەمەبو: " چ شتێك دەق دروست دەکات"؟ بەڵام فۆرمالیستە روسیەکان بابەتی سەرەکی و نێوەندی کارکردنیان (خودی دەق) یان بەدەربڕینی باشتر (ئەو شتەی لە دەقدا رەنگی داوەتەوە) دەزانی و هەرچەشنە ڕوانگەیەکی‌تریان کەلە دەرەوەی دەق هاتبایە ئارا، وەکوو گرنگیەکی پلە دو ڕیز بەندیان دەکرد. پرسیاری سەرەکی بۆ فۆرمالیستەکان ئەمەبو:" جیاوازی دەقی ئەدەبی لەگەڵ هەر دەقێکی‌دی لەچیدایە؟ یان بەشێوەیەکی‌تر ئەدەبی بوونی دەق چیە؟ " دو شێوازی سەرەکی کاری فۆرمالیستەکان دەتوانین بەمجۆرە کورت بکەینەوە:١) پێداگرتنی ئەوان لەسەر گەوهەری سەرەکی‌و ئەدەبی دەق بو، واتە خودی بەرهەمیان لەبەرچاو دەگرت‌و هەوڵیان دەدا تا بەشە پێکهێنەرەکانی ئاماژەی واتایی





دەق لەفۆرم و بنەمای "بەرهەمەکە" و ەربگرن‌و بەئامانجی ناسینی ئەو شتانەی کەلە بەرهەمەکەدا رەنگیان داوەتەوە، بگەن. ٢) بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە جەختیان لەسەر سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکرد، واتە تەنیا ئەو ئەنجامە تیۆری‌و ئەدەبیانەیان بەباوەڕ پێکراو لەقەڵەم دەدا کەبەهۆی تاوتوێ کردنی خودی بەرهەمەوە بەدەست هاتن نەك لەرێگەی تاوتوێی بوارە مێژوییەکانی لە دایکبونی بەرهەم یان " نەك " لەرێگەی ناسینی کەسایەتی‌و رەفتاری دەرونی نوسەرەکەیەوە. فۆرمالیستەکان مێتۆدە ناسراوەکانی توێژینەوەی ئەدەبیان وەلانا تا (مێتۆدی تایبەتی ناسینی گەوهەرو شێوازی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی) بدۆزنەوە. یاکوبسێن لەمبارەیەوە نوسیی:

مێژوونوسە کۆنەکانی ئەدەبیات وەکو پیاوانی پۆلیسین کەبۆ دەستگیرکردنی کەسێك، هەموو کەس دەگرن‌و دەست بەسەر موڵك‌و ماڵی هەموان دەگرن. تائەوجێیەی بۆ دواجار هەرکەس کەبە شەقامدا تێپەڕێ دەزگیری دەکەن. مێژونوسانی ئەدەبیاتیش هەموو شتێك بەکاردێنن: بواری کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیك، سیاسەت‌و فەلسەفە. ئەوان بەجێی ئەوەکە کەڵك لەمێتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەرگرن، کۆمەڵەیەك لەبنەماکان دەهێننەکایەوە کە خۆیان دروستیان کردون [١٩]. فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا تا شتێك (جگە لەخودی دەق) بەکارنەهێنن. ئەوان گرنگی ناسینی (کامڵ بونی) "فۆرمەکانی دەربڕینی ئەدەبی"یان رەتنەکردەوە، بەڵام دەریانخست کەئەم فۆرمانە تەنیا لە (هەڵکەوتی ئەمرۆیی) خۆیاندا دەناسرێنەوە. بەمجۆرە فۆرمالیستەکان (وەکو سۆسێر) یەکسەر مێژویان لانەبرد، بەڵکو هەوڵیاندا (ئەوەی کەئێستا هەیە) بیناسن. خاڵی گرنگ بۆ ئەوان لەئارادا بوونی فۆرمی تازەی دەبڕین بو، نەك شێوەی سەرهەڵدانەکەی؛ بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەلماندیان کەگۆڕان تەنیا دەرەنجامی کار و کاردانەوەی توخمە ناوەکیەکانی دەق نیە، بەڵکو بەرهەم هاتووی گۆڕانە لە(یاسای ژانر)ە ئەدەبیەکانیشدا کە زیاتر لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکاندا، واتە ئەو گۆڕانانەی کەلەژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕودەدەن، هاوکاتە. دەسکەوتی فۆرمالیستەکان زۆرو بەرچاو بو: دەقی ئەدەبییان بەنێوەندی کاری سەرەکی خۆیان دانا، لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان، مێژوویی، ژیاننامەیی، کۆمەڵناسانە، سایکۆلۆژیك‌و (دەرون شیکارانە). بەکورتی هەرشتێکی نائەدەبییان خستە پەراوێزی کارەکەیانەوە. ئەوان (واتای) ئەدەبی بون یان لێکدانەوەو مێژووی ئەدەبیاتیان بەپرۆسەی بەردەوام‌و گەشە کردووی (شێوە گۆڕانی

ناوەکیەکانی، ئەدەبیات ) پێناسە کرد. جگە لەمانەش دەبێ باس لەو دەست رەنگینی و مێتۆدانە بکەین کە ئەوان لەشی کردنەوەوی دەقدا بەکاریان هێنا. ئەوان شێوە جۆربەجۆرەکانی دەربڕینیان بەوردی لێك جیاکردەوە، فۆرمەکانی گێڕانەو- چیرۆك ئامێزەکانیان هەڵسەنگاند، ڕۆڵی چیرۆك گێڕەوە یان ڕون کەرەوە، هیرارکی (hierarchy)ی گۆرێنراوی ژانرەکانیان لەمێژووی ئەدەبیدا ڕون کردەوە. بەڵام ئیستاکە لەتاوتوێ کردنی شیعردا، رەخنەمان لەم پێناسەیە کە دەڵێ شیعر وێنەیە هەیە. لەهاتنە گۆڕی میتافۆرو خوازە، ڕۆڵی جێناوی ئێوە (لەئاستی) سینتاکسیو ڕێزمانیدا باس دەکەین بۆ ئەمانە هەموومان قەرزاری کاری فۆرمالیستەکانین. یەکێك لەگرنگترین خاڵەکان لەمێتۆدی کاری فۆرمالیستەکاندا جیاکردنەوەی دەق لەمێژوو بوو. شکلۆفسکی کە هەر چەشنە راڤەیەکی کۆمەڵایەتیـ مێژوویی بەرهەمی هونەری رەت دەکردەوە، لەساڵی ١٩٢٣دا نوسیی:(هونەر هەمیشە جیا بووە لە ژیانو ڕەنگەکەی پەیوەندی بەو ئاڵایەوە نیە کەلەسەر دەروازەی شارەوە هەڵکراوە[٢]. ئەو پێی لەسەر ئەوەداگرت کە لەهونەردا هەموو بابەتەکان لەڕوانگەی بایەخدارییەوە یەکسانن. یاکوبسێن لەپشتگیریی ئەم رایەدا پرسیی:" بۆچی دەبێ پەسەند بکەین بەرپرسیارەتی شاعیر لەبەرانبەر شەڕی باوەڕەکاندا، زیاترە لەبەرپرسیاریەتیی ئەو لەبەرانبەر هەرشتێکیتردا؟" یەکسان دانانی چەوتی هونەر و ژیانی بەرەفتاری ئەو بینەرانەی سەربەخۆشی سەدەکانی نێوەڕاست دەشۆبهاند کەلە کۆتایی شانۆکەدا دەیانویست تێروپڕ لەو کەسە بدەن کە ڕۆڵی یەهودای نواندوە[٢١]. ئاخن بام لەمەڕ جیایی لەمێژوو لەوتاری (زەمینەی ئەدەبی) دا ئەم لەپێشدانان " premise="ەی هێنایە گۆڕێ کە (هەڵبژاردنو چەمك سازی راستیەکان لەسیستەمێکدا) بەردەوام بەستراوەتەوە بە تیۆریەکی مێژوویی یان روانگەیەکی تایبەتی لەبارەی مێژووەوە. ئەو پاشان ئەو ڕێسایەی هیگلی سەلماند کەبەردەوام راستیە مێژوییەکان لەژێر تیشکی تێگەیشتنی سەردەمانەی ئێمە دەتوانرێ بناسرێنەوەو" مێژوو مێتۆدێکی تایبەتیەبۆ لێکۆڵینەوەی زمانی ئێستا بەیارمەتی راستیە هەڵبژێردراوەکانی رابردوو "[٢٢]. مێژوو بەجۆرێك لەجۆرەکان هەڵبژاردەی راستیەکانی ژیانە، چونکە بە پرۆژەی راستیەکانی چیرۆك دەژمێردرێت. بەپێی ئەمەکە روانگەی سەرەکی ئێمە چ بێت؟ پەیوەندی نێوان ئەم (هەڵبژێردراوانە) گۆڕانی بەسەردادێت. ئاخن بام مێتۆدی بەسەر ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن تا لەرێگەی پەیوەندیە





کۆمەڵایەتیەکانەوە، پەیوەندیە ناوەکیەکانی دەق ڕون کەنەوە بەهەڵە زانیو نوسیی: " ئەم مێتۆدە بەشێوەیەکی قوڵ سایکۆلۆژیکیەو هونەر تیایدا کەمترین گرنگی هەیە "[٢٣]. ئەو پێی داگرت کەئەم جۆرە مێتۆدە هەرگیز ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە کە:"بۆچی لەهەلو مەرجێکی تایبەتیدا، بەرهەمی تایبەتی خولقاوە؟ (بداتەوە، چونکە: " ئەدەبیات چەشنی هەر دەزگایەکی رێكوپێك لەو راستیانەی کە بەهاورێکیەکی دیکەوە بەستراونەتەوە، سەرچاوە ناگرێ، هەربۆیە ناکرێ ئاستەکەی بۆ ئەم جۆرە راستیانە دابەزێ. پەیوەندی نێوان راستیەکانی سیستەمی ئەدەبیو ئەو راستیانەی کەلەیەکاتدا هەن هاوکات لەئارادان، زۆر بەئاسانی پەیوەندیەکی هۆو هۆکاریی نییە، تەنیا پەیوەندیەکی دوو لایەنەیە، کەخاوەنی کردەوە ناوەکیەکانەو پەیوەست بەیەکتری چوارچێوە دانەری یەکتر [یشن] "[٢٤]. کەوابوو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی "تەنیا دەتوانن بەیارمەتی خۆیان شی بکرێنەوە. ڕاستیە ئەدەبی/ مێژوویەکان راستی گەلێکی ئاڵۆزن کە ڕۆڵی بنەڕەتیان بۆ ئەدەبی بوون دەگەرێتەوە، نەك بۆ شتێکیتر"[٢٥]. بێگومان بەرهەمی ئەدەبی باس لە (واقیع) دەکات، بەڵام بەگوتەی مۆکارۆفسکی "بەهیچ شێوەیەك بەرهەم هاتووی میکانیگی ئەو و اقعە نیە "[٢٦]. دروست نیە کە لەرێگەی شیکردنەوە (واقیع)ی جیهانەوە بچینە نێو جیهانی دەقەوە. بە پێچەوانەوە، دەبێ لەرێگەی (واقیع)ی دەقەوە، بە (واقیع)ی دەرەکی بناسینەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەوە ڕۆمانی مارسل پرۆست زیاتر لەهەر وانە نامەیەکی زانکۆیی بەکەڵکی ناسینی دەرونی مرۆڤ دێتو کورتە چیرۆکەکانی کافکا سەردەمی ئێمە وردبینانەتر لەراگەیاندراوە جۆربەجۆرە سیاسیەکان ڕون دەکەنەوە. باسەکەی ئاخن بام بەچەشنێکیتر لە لێکۆڵینەوەی تینیانۆڤ ( لەبارەی (کامڵ) بونی ئەدەبی) " ١٩٢٧ " هاتوە تینیانۆڤ هەوڵیدا تا ئەرکو ئامانجی رەخنەگری ئەدەبی دیاری بکا. ئەو نوسیی کە) : " نوسینی مێژووی ئەدەبی و توێژینەوی دەرون ناسانە هەندێك خاڵی پەراوێزی ڕون دەکاتەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئەم ئەنجامانە " مەبەستی سەرەکی رەخنەگری ئەدەبینیە "[٢٧]. تینانۆڤ جەختی کردەوە کە " تەنیا کاتێك مێژووی ئەدەبی وەکوو زانستێکی لێ دێت کەبابەتەکەی بریتی بێ لە بەئەدەبی بوونی بەرهەم ". پێشنیاری کرد کەبەرهەمی ئەدەبی وەکوو سیستەمێکی تایبەتی بناسین کەلەنێو سیستەمێکی دیکەدا واتە ( هەڵکەوتی ئەدەبی ) جێگیر بووە. پرسیاری گرنگ ئەمەیە: " ئەگەری هاوئاهەنگی کردنی

بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ توخمەکانیتری سیستەمی هەڵکەوتی ئەدەبیو لەئەنجامدا کۆی ئەم سیستەمە چیە؟ "[٢٨]. بۆ نموونە کۆی وشەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی لەلایەك پەیوەندی لەگەڵ توخمەکانی خودی ئەم بەرهەمەوە هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ جیهانی وشەکانی بەرهەمە ئەدەبیەکانی تریشدا لەپەیوەندی دایە. تینیانۆف پێشنیاری کرد کە مێتۆدی تاوتویێ کردنی توخمە ناوەکیەکانی سیستەمی بەرهەمێکی ئەدەبی لە مێتۆدی تاوتویێ کردنی توخمە ناوەکیەکانی (سیستەمی هەڵکەوتی ئەدەبی جیا بکەینەوە: تاوتویێ کردنی پەیوەندی زمانی بەرهەمێك لەگەڵ توخمەکانی دیکەی خۆی مێتۆدێکی تایبەتی دەوێ کە لەگەڵ مێتۆدی تاوتویێ کردنی پەیوەندی کۆی وشەکانو زمانی ئەم بەرهەمە، لەگەڵ جیهانی بەرهەمەکانیتر جیاوازە. تۆدۆرۆف دەڵێ کەئەمە یەکێك لەگرنگترین وانەکانە کە ئێمە لەفۆرمالیستە ڕوسیەکان فێری بوینە: ناتوانین توخم گەلێك لە بەرهەمێکی ئەدەبی ـ کە تەنیا لەچوارچێوەی ئەو بەرهەمەدا وزەی ئاماژە ئاسای خۆیان وەدەست دێنن ـ لەگەڵ توخمەکانی بەرهەمێکیتر بەراورد بکەین. جیایی توخمە تراژیدیەکانی ڕاسینو توخمە تراژیدیەکانی کۆڕنی زۆر گرنگە، چونکە هەر توخمێك لەهەریەك لەم دوو دەستە بەرهەمانەدا (ئاماژەی واتایی) تایبەت بە خۆی هەیە [٢٩]. تینیانۆف ئەنجامێکی دیکەشی وەدەست هێناوە: ئەو شتەی کەلە سەردەمێکدا بەتوخمی ئەدەبی دەزانرێت، لەسەردەمێکیتردا تەنیا دیاردەیەکی زمانناسیەو بەس [٣٠]. هزرو نیەتی نوسەر هێنانە بەرچاوی ئەو هەڵکەوتانەیە کەلەسەروی دەقەوەن. لەنێوان هەلومەرجەکانی ژیانو هزری نوسەر لەگەڵ بەرهەمەکەی مەودا هەیە، بەیارمەتی لێکدانەوەی ئەو هەلو مەرجانە ناتوانیت بەرهەمە بناسیتەوەو تینیانۆف پێی داگرت کە ناتوانین لەنێوان(نیازی نوسەر)و بەرهەم پەیوەندیەك بدۆزینەوە. توێژینەوە لەبارەی ڕەفتاری دەرونی کارایی نیە، هەر بەو چەشنەش ناتوانی بەرهەمەکانی نوسەر لەڕێگەی شیکردنەوەی ژینگەو ڕووداوەکانی ژیانیی، یان شوێنگەی ئابوریو فەرهەنگیو چینایەتیەك کە تیایدایە، بناسین[٣١]. یاکوبسێن نموونەیەکی لەبارەی جیایی نوسەرو بەرهەم هێناوەتەوە. ئەو هێمای بۆ شیعرە دڵداریەکانی شاعیری ڕۆمانتیکی (چیك) کارێل هینك (یان) ماشا کردوە شاعیر تا سنووری پەرەستن دڵخوازەکەی وەسفکردووەو پێدا هەڵگتوە. ئەو لەلایەکی دیکەوە لە دەفتەری بیرەوەریەکانی شاعیر نموونەی هێناوەتەوە کەتیایدا هەر ئەم دڵبەرە بەشێوەیەکی بێ شەرمانە





داشۆرکراوە . یاکوبسێن دەپرسێ: کام ڕون کردنەوە لەبارەی ئەزمونی شاعیر ڕاستە و دەڵێ: ( هەردوکیان و هیچ کامیان). ئەو درێژەی پێدەداو دەڵێ: " شاعیرێك کە بەڵێن دەدات کە ئەمجارەیان ئەوەی کەدەیڵێم ڕاستی پەتی دەبێت هەروا چیرۆکان دەڵێ* هەروەها ئاماژەی شاعیر بۆ ئەوەکە هەرچی گوتوە زادەی خەیاڵی خۆیەتی، ڕاست نیە، چونکە شیعرەکەی لەنێو جەرگەی ڕاستی وژیاندایە " [٣٢]. کەوابوو دەبێ لەگەڵ ئاخنبام هاوڕابینو بڵێین کە (لە شیعردا ڕومەتی شاعیر ەنیا دەمامکێکە) بەرهەم جیایە لەژیانی نوسەر؛بەو واتایە کەبە چەشنێکی ڕاستەوخۆو خێرا "ڕەنگدانەوەی ژیان " نیە؛ کەوابو بۆ ناسینی بەرهەم، گەڕانەوە بۆ ژیانی نوسەر سوودی نیە. بەرهەم بەو مانایە پەیوەندی بەژیانی نوسەرەوە هەیە کە (ئەو ژیانە) دەشارێتەوە. بەهەر حاڵ یاکوبسێن زیاتر لەیەکجار بەپێداگرییەوە وتبووی کەبەڕای فۆرمالیستەکان، هونەر بی گومان خاوەنی دیاریکاریە کۆمەڵایەتیەکانەو خاڵەکە لێرەدایە کەلەڕێگەی ئەم دیاری کاریانەوە ناتوانین بەرهەمی هونەری بناسین:" تینیانۆف، مۆکارۆفسکی، شکلۆفسکیو من هەرگیز لەسەر ئەو باوەڕە نەبووین کە هونەر لەنێو خۆیدا تەواوە، بە پێچەوانەوە، ئێمە بەردەوام جەختمان کردووە کە هونەر بەشێکە لە (واقیع)ە کۆمەڵایەتیەکانو پەیوەستە بەتوخمەکانیترەوە"[٣٣]. ئەم ڕێسایەی یاکوبسێن ڕێگە لەبەردەمی ڕاڤە کردنە هەڵەکان دادەخاکە بەرهەمی هونەری وەکوو (چارەنوسی حاشاهەڵنەگری خولقاون) لەبەرچاو دەگرنو نوسەرو بارودۆخی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی یەکسەر و ەلانێن ـ نموونەیەك لەم تێگەیشتنە دەتوانین لەم وتەیەی ئوسیپ بریکدا بدۆزینەوە:" ئەگەر (پوشکین)یش لەدایك نەبوایە، دیسانەوە یوگنی ئونەگین " [٣٤]. ئەم جۆرە تێگەیشتنە یەك لایەنە و زێدە ڕۆیانەیە. هەر بەو چەشنەش کاتێك کە (شکلۆفسکی)یش هونەری بە (بەدەر لەژیان) ناودێر کرد بڕیارێکی هەڵەی دەداو بە پێچەوانەوە کاتێك کەدەینوسی: " بەرهەمی هونەری کۆی هەموو شێوازەکانی مێتۆدی دەربڕینە کە تیایدا بەکارهاتوون "[٣٥]. نەك تەنیا تێڕوانینی مێژوویی ڕەت نەدەکردەوە، بەڵکوو قبوڵی دەکرد کەنوسەر هەندێك لەتوخمە ڕون کەرەوەکانی بەرهەمەکەی هوشیارانە بەکارهێناوە. خاڵەکە لێرەدایە کەتەنیا بەهۆی ئەو توخمانەی کەنوسەر ناوشیارانە بەکاری هێناون، هەڵەیە کە ( نیاز) ی نوسەر بەخاڵی

* ئەم دەربڕینە بە ئەدەبانەیە، ئەگینا مەبەستەکەی یاکوبسێن درۆ کردنە }و{.

دەسپێکی تاوتوێ کردنو ناسینی بەرهەم بزانین. تاوتوێ کردن نەك بەهۆی تەوەرە مێژووییەکان، بەڵکو لەگەڵ (خودی بەرهەمی هونەری) دەست پێ دەکا. پەیدابونو پێکهاتەی شێوازەکانی مێتۆدی دەربڕین گرنگ نیە، ئەوەی کە گرنگە کۆی هەموویانە لە دەقدا. فۆرمالیزم بەواتای رەت کردنەوەی رەهای مێژووی ئەدەبی نیە، بەڵکو هەوڵ دەدا تاکو لەپێگەی ڕاستو دروستی خۆی دایبنێ. نموونەی باسە مێژووییەکان لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکاندا کەم نین، بەڵام لەهەموو ئەوانەدا (مێژووی فۆرمە ئەدەبیەکان ) گرنگە نەك مێژووی دروست بوونی بەرهەمە ئەدەبیەکان. هەربۆ نموونە کاتێك کە یاکوبسێن لە وتارێکدا لەبارەی (پوشکین)ەوە لەساڵی ١٩٣٦ دەینوسێ:"بنەمای جوانناسانەی شیعری پوشکین (کلاسسیزم)، بەڵام ئەمە جۆرێك لە کلاسسیزمە کەبە ئاشکرا لە ژێر کاریگەری رۆمانتیسیزم، پێك هاتووە، هەربەو جۆرە کە رۆمانتیسیزم بەو واتایەی کە لە بەرهەمەکانی دوا ڕۆمانتیك خوازەکان (بۆ نمونە لەبەرهەمەکانی لۆترە ئامۆن، بودلێرو دستۆفسکی) بەناچاڕ کاریگەریی لەم راستیە وەرگرتووە، کە سەردەم سەردەمی ریالیزم بوو [٣٦]. لەراستیدا مێژوویەکی ئەدەبی بە شێوەیەك کە وۆلفلین لەمەڕ هونەرەوە بەکاری هێناوە، دەگۆڕێت بۆ مێژووی مێتۆدی بەیان کردن، یان مێژووی فۆرمەکان ڕاستەو ڕاست بەو واتایەیە کە ئاخن بام دەیوت: "ئێمە مۆرفۆلۆژیستین".

(٣)

یەکێك لەگرنگترین خاڵەکان کەفۆرمالیستەکان لەبارەی فۆرمی دەبڕینەوە هێنایانەکایەوە،چەمکی"ناسیاوی سڕینەوە"[defhmilarization] بوو. شکلۆفسکی یەکەمجار ئەم چەمکەی هێنایە گۆڕێو وشەی روسی ostrannenja ـ بەکار هێنا. پاش ئەو یاکوبسێنو تینیانۆف چەند جارێك ئەم چەمکەیان بە(نامۆ سازی) ناودێرکرد. یەکەمین هێمای شکلۆفسکی بۆ ناسیوی سڕینەوە لەتوێژینەوەکەیدا بەناوی" هونەر چەشنی شێوازە"(١٩١٧) دەدۆزرێتەوە [٣٧]. بەڕای شکلۆفسکی هونەر، تێگەیشتنی هەستیارانەی ئێمە دوبارە رێکدەخاتەوەو لەم پێناوەدا رێسا ناسراوو پێکهاتە بەڕواڵەت جێگیرەکانی (واقیع) دەگۆڕێ. هونەر خووخدەکانمان دەگۆڕێتو هەر شتێکی ئاشنا لەبەرچاومان نامۆ دەکا. نێوان ئێمەو هەموو ئەو شتانەی کەلەگەڵیان ڕاهاتووین. (بۆ نمونە کار، جلوبەرگ لەبەر کردن، رازاندنەوەی ماڵ، هاوسەر، ترس لەشەر) مەودایەك دروست دەکا، کەرەستەکان ئەگەرکو (خۆیان لەئارادابن) بەئێم دەنوێنێو هەموو شتێك





لەژێر دەسەڵاتی لایەنی خۆ کرد کە زادەی تێگەیشتنە هەستیارەکانی ئێمەیە، رزگار دەکات [٣٨]. ئەم تێگەیشتنە لەبارەی (ناسیاوی سڕینەوە) نیشانەی کاریگەریەیکە کە دیاردەناسی هۆسرێل لەسەر شکلۆفسکی بەجێی هێشتووەو بەڕوونی وەبیر هێنەری باسی هوسرێلە لەبارەی ناتەواوەتی روانگەی (سەرەتایی یان سروشتی) ئێمە بۆ جیهان و پێویستی چونە نێو"خودی شتەکان"ەوە [٣٩]. لە وتاری(هونەر چەشنی شێواز)دا شکلۆفسکی نموونەگەلێك لەمەڕ ناسیاوی سڕینەوەی هێنایەوە. مێتۆدی تۆلستۆی و ەبیر هێنایەوە کەبریتی بولە (دیتنی شتەکان لەدەرەوەی بواری ئاساییو سروشتی هەبونی خۆیان) لە وێنە ئێرۆتیکیەکا (بەرهەمی) دیکامێرۆنی بۆ کاچێوو بەکارهێنانی وشە کۆنو لەبیرچووەکان لەشیعردا نموونەی هێنایەوە [٤٠]. باسەکەی شکلۆفسکی گۆڕان لەپەیوەندیە ئابوریو کۆمەڵایەتی. رامیارەکانیشی گرتەوە. بۆ نموونە ئەو (ناسیاوی سڕینەوە)ی تا ئاستی رەت کردنەوەی (هەر رێسایەك کەلە نێو خاوەندارێتی تایبەتی سەری هەڵدابێ) بردە پێشەوە، هێما کردنەکانی شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکانیتر بۆ (خاوەندارێتی تایبەتی)و پەیوەندیە بەرهەم هێنەرەکانی سەرمایەداریی رەنگدانەوەی گوتاری باڵادەستو زاڵی مارکسیستیە لەروسیای ئەو سەردەمەیدا. ناسیاوی سڕینەوە لەبەرهەمەکانی شکلۆفسکیدا بەدوو واتا بەکارهاتووە. یەکەم بەواتای مێتۆدێك لە نوسینی وشیارانە یا ناوشیارانە لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەناوبانگدا دەدۆزرێتەوەو تەنانەت هەندێجار فۆرمی زاڵی دەربڕینە. ئەم چەمکە، بنەرەتەکەی لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆنی تیۆری ئەدەبیدایە کەلەمەڕ بەکارهێنانی توخمە خوازەیەکانە لەنێو دەقی ئەدەبیو شیعردا. بەکارهێنانی خوازیەوشەییەکان سەرنجی زەین بەرەو واتا نوێیەکان ڕادەکێشێو واتا ناسیاوەکان بێ بایەخ دەبنو بزر دەبن. واتای دووەمی (ناسیاویسڕینەوە)لەبەرهەمەکانی شکلۆفسکیدا واتایەکی فراوانترو تەواوی ئەو شێوازەو تەکنیکیانە دەگرێتەوە کە نوسەرو شیارانە کەڵکیان لێ وەردەگرێ تابتوانێ " جیهالنی دەق لەبەرچاوی خوێنەران نامۆ بنوێنێ". نوسەر لەجێی چەمکە ناسیاوەکان، وشەکان شێوەی دەربڕین یا نیشانە نەناسراوەکان بەکار دێنێ. ئەم گرێیە، هەڵبەتە تێگەیشتنی ئاماژە واتاییەکانی بەرهەم زۆر ئاستەم دەکاو بابەتەکە بەو شێوەیە دەردەخات کەگوایە لەمەو پێش لەگۆڕێدا نەبووە. ئامانجی دەربڕینی جوانناسانە لەم دۆخەدا نەك ڕون کردنەوەی خێراو راستەوخۆی وشەکان، بەڵکو داهێنانی هەستی نوێ، تایبەتیو بەهێزەکە خۆی دەبێتە هۆی داهێنانی واتا تازەکان.

لەراستیدا بەهاتنە ژوورەوەی وشەو بابەتی شیعری بۆ نێو سنووری دەسەڵاتی ( تێگەیشتنە هەستیارە نوێیەکان ) ناسیاوی سڕینەوە دەستپێ دەکات. شکلۆفسکی نوسیوویەتی کەلێوارنشینان ئیتر دەنگی شەپۆلەکانی دەریا نابیستن‌و (ئێمە هەموو ڕۆژ سەیری یەکتری دەکەین، بەبێ ئەوەی ئەوی دیکە ببینین) چونکە تێگەیشتنی هەستیاری ئێمە لەگەڵ جیهاندا ڕاهاتووە. ئەرکی شاعیر لەنێو بردنی وزەی (خوا)یە واتا خوڵقاندنی دنیای نوێ، دیتنی ئەو شتانەی پێشتر نەبینراون. شکلۆفسکی ئەم هەوڵانەی بۆ (نامۆسازی) بەهیچ جۆرێك لەرەفتاری تایبەتی هونەری مۆدێرن نەدەزانی. بەڵکو ئەم "جۆرە رەفتار"یش وەکوو تایبەتمەندیی زۆربەی دەقە هونەریەکانی ڕابردوو دەناسی. ئەو لەیەکێ لەمامۆستاکانی هونەری ریالیست نمونەی هێنایەوە کەباشترین چرکەساتەکانی بەرهەمەکانی ئەوانەن کەلەهەر شتێکی ئاشنا جیادەبنەوە. لەشەڕو ئاشتیدا دیمەنی ئۆپێرا ( بە کۆمەڵەیەك وەرەقی یاری ) دەشو بهێنێ (هەروەها) چیرۆك گێڕەوەی کورتە چیرۆکی خوستومێر ئەسپێکەو ئێمە لەڕوانگەی ئەم (تەواو بێگانەیە)وە سەیری هەموو شتێك دەکەین[٤١]. ئێرلیش نوسیویەتی کە پێشینەی نامۆسازی بۆ تیۆری ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کەتیایدا هاتووە "ەربڕین بەهۆی وشە نەناسراوەکانەوە دروستدەبێت "و هەروەها فۆرمێکی دیکە لەم"نامۆسازی"ە دەتوانین لەبەرهەمەکانی ڕۆمانتیکخوازە ئینگلیزیەکاندا، بدۆزینەوە. ئێرلیش دەربڕینی ئەمڕۆیانەی ئەو"امۆسازی"یەی تایبەت بە فۆرمالیستەکان نەزانی‌و سوریالیستەکانی بەنموونە هێنایەوە کەچ لەبواری تیۆری چ لە بواری داهێناندا پشتیوانیان لە (نامۆسازی) کردوە. ئەو ژان کوکتۆی بەنمونە هێنایەوەو ئەوی بە (یەکێك لە گرنگترین شاعیران‌و رەخنەگرانی روسیالیست )زانی کەناسیاوی سڕینەوەی بە بنەمای کاری هونەری داناوە. جیا لەهەڵەی ئێرلیش کەکوکتۆی بەسوریالیست داناوە) نازناوێك کەکوکتۆ بەردەوام بەپی داگریەوە ڕەتی دەکردەوە( بنەمای بڕیاردانەکەی دروستە. کوکتۆش چەشنی سریالیستەکان باس لەگرنگی" دەربڕینی نامۆ" کردوە. یەکێ لەلایەنە گرنگەکانی لەناسیاوی سڕینەوە (تەم‌ومژی زمانی) بەرهەم‌و نەناسراوبونی، مێتۆدی دەربڕینە. لەمەڕ شیعرەوە دەتوانین ئەم خاڵە لەنێو لایەنە جۆربەجۆرەکاندا یەکێکیان بەکارهێنانی زاراوەکان، وشەکان‌و زمانی (ئاڵۆز) "بۆ نموونە کەڵك وەرگرتن لەوشە کۆنەکان"ە.ئەم (خو شکێنی)و دژایەتی کردنە لەگەل یاسا هونەریەکان، بەڕای فۆرمالیستەکان ( گەوهەری





سەرەکی خۆڕاگریی هونەر)ە. تێگەیشتن لەبەرهەمی هونەریش بەبێ یارمەتی ئەو شتەی کەیاکوبسێن بە (هاوڕێکی شکێن هاوڕێکی) ناودێری کردووە، ناکرێت. "ئەم"چەمکە هەنگاوێکە بەرەو مێتۆدی بنەما شکێنیی دەق یەکێ لەبنەماکانی‌تری چەمکی ناسیاوی سڕینەوە، دەروونناسی گشتاڵتە: هەر تێگەیشتنێکی هەستیارانە دەبێتە خویەك‌و ئەرکێکی ئۆتۆماتیك وەردەگرێ. کەوابوو خوو ئەرکی ئۆتۆماتیك، فۆرمەکەی هەرچی بێت دەتوانین نێوەڕۆکەکەی پێشبینی بکەین‌و وادابنێین کەئەیناسین. بەڵام ئەرکی سەرەکیی هونەر ئەمەیە کەفێر بین کەهەر چەشنە فۆرمێکی (خو) بەلاوە بنێین.بەڵگە بۆ هەبوونی هونەر ئەوەیەکە ئێمە هەست بە شتەکان دەکەین. ئامانجی هونەر دروست کردنی هەستێکە بەهۆی شتەکانەوە، بەو جۆرە کەدەبینرێن نەك بەو جۆرە کەدەناسرێن، یان شیدەکرێنەوە. شێوازی هونەر هەموو شتێك نەناسیاوو تەم‌ومژاوی دەکا. هەر ۆبیە تێگەیشتنی هەستیاریارانە ئاستەم‌و دێردۆز دەکات. کرداری تێگەیشتن هەستیارانە لەهونەردا خۆی دەبێتە ئامانجێك‌و هەر بۆیە دەبێ درێژە بکێشێت. لەهونەردا (تەنیا) ئەو شتە لەبەر چاودەگرێ کە ئەزمونی ئێمە بێت بەهۆی پرۆسەی پێکهاتنەوە، نەك بەرهەمی کۆتایی[٤٢]. شکلۆفسکی هەر لەپاش ئەم باسە، هونەریە بەواتای وێرانی لایەنی ئۆتۆماتیکی تێگەیشتن لەقەڵەمدا واتە هەر وێنەیەك دەبێ تێگەیشتنێکی نوێ لەبۆ بابەت بدابەدەستەوە نەك واتاکە دوبارە بکاتەوە. کەوابو وینە بەردەوام پەیوەندی بە (ناسیاوی سڕینەوە)وە هەیە. لە هونەری چیرۆك نوسیندا، ناسیاوی سڕینەوە لەرێگەی ڕونکردنەوەی ڕوانگەی پاڵەوانەکان، بەکارهێنانی زمان‌و (هەڵبژاردنی تان‌وپۆ [plot])وە مەیسەر دەبێت. نوسەر لەرێگەی هەڵبژاردنی چەند چرکەساتێك لەرووداوەکانی چیرۆك‌و لێکدانیان لەنێو تان‌و پۆدا، هەموو شتێك"سەرسوڕهێنەر" نیشان دەدا. دەتوانین بڵێین لە ئەدەبیاتدا شێوازێکی ریالیستی نیە. نوسەرێك کەئاگاداری ئەم خاڵە بێت، چاکتر دەنوسێ، بەرهەمەکەی چەشنی بەڵگەیەك لەبارەی نوسینیشەوە بەکاردێت. هەر چەند کە تریسترام شاندی بەر لەهەر شتێك ڕۆمانێکە لەبارەی شێوازەکانی نوسەری، لەهەمانکاتدا) نموونەیەکی تەواوە لەمەڕ شێوازەکانی نوسەری تەواوە کەپێکهاتەکەی (بەچەشنێکی‌و شیارانە) لەرێگەی ئارایی نوسەرو تەنانەت هەندێجار لەرێگەی شیکردنەوەی ئەو گرێیانەی کەبەکار هاتوون ئاشکرا دەکات. ئاخن بامیش باسی لەشێوازەکانی گۆگۆڵ لە (پاڵتۆ)دا کردووە کە لەرێگەیەکی ناراستەوخۆوە "ئاوازی وشەکان،

نوکتەکان، رووداوە ناماقوڵ و گاڵتەجاڕیەکان، ناوی گاڵتەجاڕی و ڕووداوی پڕ و پووچ" پێوەرە ڕیالیستیو ناسیاوەکان تێك دەشکێنێ. توێژینەوەی شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکان لەمەڕ (ناسیاوی سڕینەوە) کاریگەریەکی قووڵی لەسەر رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ داناوە. ڕۆلان بارت بەیارمەتی ئەم باسە دەری خست کە مێتۆدی فلۆبێر ( کە بارت پێی و تووە ( گێڕانەوەی قسەی کەسێکی دی بەبێ کەڵك و ەرگرتن لەگیومە = "دوکەوانە" لەسەر بنەمای مەودای نوسەر لەگەڵ دەق (پاڵەوانەکان، رووداوەکان، تانو پۆ) دامەزراوە. ژان پۆڵ سارتەر لەبەرگی دووەمی( گەمژەیی خێزان)دا باسی لەم (نامۆسازی)یە کرد[٤٣]. بەڕای سارتەر، فلۆبێر هەموو شتێك "نەناسیاو دەکا"و ڕونکردنەوەی هەر رووداوێك کەلەبنەمای خۆیدا پشتی بەگۆڕان پەسەندی واتای ئاخێو بەستوەو خودی رووداوەکانی ژیانی رۆژانە"لەسەرچاوەیەکی سادەو ئاساییەوە" دەگۆڕێت بۆ سەرچاوە سەیرو سەمەرەکان (٤٤). لێرە سارتێر بڕیاری سەرەکی شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکان دوپات دەکاتەوە.

(٤)

چەمکی (فۆرمی بەرهەمی ئەدەبی)کە لەبەرهەمەکانی فۆرمالیستەکاندا گرنگیەکی زۆری پەیداکرد. بەستراوەتەوە بەد,و لەپێشدانان [premise] کەلەلایەن ئەوانەوە هاتوونەتە ئاراوە:١) هەر خاڵێکی ئەدەبی لە وشەوە تا ئاخێو، دەبێ لەرێگەی ئەو پێوەندیەی کەلەگەڵ خانەکانیتردا وەری دەگری شیبکرێتەوە بناسرێتەوە: و ە بەم پێیە ناسینی پێکهاتە یا بنەمای سەرەکی بەرهەم گرنگترین لایەنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیە. ٢) توێژینەوەی (هاوکاتی) "کە سۆسێر هێناویەتە گۆڕێ" مێتۆدی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیە. تینیانۆف لە (پەخشانی روسی)دا " ١٩٢٥" نوسیی: " لێکۆڵینەوەی ژانرێکی ئەدەبی بەبێ پێوەندیەکانی" ئەوژانرە" لەگەڵ سیستەمی ئەدەبیدا، نایەتە ئەنجام"[٤٥]. ئامانجی سەرەکی کەفۆرمالیستەکان، هەریەکەو بەجۆرێك، هێناویانەتە ئارا گەیشتن بە (زانستی ئەدەبیات) بوو. زانستێك کەتێیدا وەسفی ئەرکەکانی سیستەمی ئەدەبی، شیکردنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی دەق، تاوتوێ کردنی یاسا ناوەکیەکانی زاڵ بەسەر ژانرە ئەدەبیەکان لە رێگەی ناسینی پێوەندیی توخمە ناوەکیەکانەوە ئەنجام دەدرێ. ئەم تێگەیشتنە لەبۆ زانست بێگومان بەدەر لەدزەکردنو کاریگەری چەمکە پۆزیتیڤیستیەکان لەبارەی زانستەوە نەبوو. لەسەرەتادا رێگەی دروست بەبۆچوونی فۆرمالیستەکانەوە بوو کە لەگۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە





(فۆنۆلۆژی، رێساکانی کێش (ی شیعر)، فۆرم ناسی، ئەرکی سینتاکسی، مۆرفۆلۆژیو.. هتد) سەیری دەقێکی ئەدەبی، بۆ نمونە کۆپلە شیعرێك بکەنو پاشان پێوەندیە ناوەکیەکانیان بهێننە گۆڕێ. لەهەنگاوی دواییدا ئەوان بۆیان دەرکەوت کەسەرەتا دەبێ هەر رەمزێکی ئەدەبی لەرێگەی رەمزە زمانناسیەکانەوە بناسنو لەم رێیەوە خاڵی سەرەکی، واتە پێوەندیی ئەدەبیاتو زمانیان باس کرد. ئەدەبیات سیستەمی ئەدەبیاتی نیشانەکانە، وەکوو هەر سیستەمێکی ئاماژە ئاسایتر (وەك زمان، هونەرە بەرجەستەکان، ئوستورەو.. هتد(بەلاّم لەگەڵ هەموو سیستەمە نیشانەییو هونەریەکانیتردا لەخاڵێکی سەرەکیدا جیاوازە: کەرەستەی سەرەکیو پێکهاتەی بونیادیی (ئەدەبیات) زمانە، واتە (خۆیشی) جۆرە سیستەمێکی ئاماژە ئاسایە. شکلۆفسکی لەلێکۆڵینەوەی (ئەدەبیات و سینەما)دا نوسیی: "جیهانی دەرەکی، بۆ نیگارکێش چەشنی نێوەڕۆکی کارەکەی نیە، بەڵکو زۆر بەئاسانی، کەرەستە گەلێکە بۆ نیگارکێشی، بەلاّم جیهانی دەرەکی بۆ شاعیڕو نوسەر خودی نێوەڕۆکە. باوەڕەکان، ئەو هەڵچوونانەی کەلە بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەیان دەکرێن وەکوو کەرەستە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکە سەیر ناکرێن. بۆ من ڕون بۆتەوە کە وشەکان، ئامرازێك نین کە نوسەر بۆ ڕونکردنەوەی شتەکان بەکاری دەهێنێ، بەڵکو کەرەستەی سەرەکیی کاری ئەون. ئەدەبیات لەوشەکان دروست دەبێ و هەمان ئەو یاسایانە کەبەسەر ئەدەبیاتدا زاڵن، بەسەر زمانیشدا زاڵن"[٤٦]. لەدرێژەی باسەکەیدا شکلۆفسکی سێ جۆر کەرەستەی جیا کردەوە: ١) کەرەستەی فیزیکی وەکوو ڕەنگ و تابلۆی نیگارکێشی، دەنگ لەمۆسیقا و زمان لەئەدەبیات. ٢) کەرەستەی ئاماژەیی کە زیاتر بە (بابەتی بەرهەم) ناودێری دەکەن؛ وەکوو جیهانی دەرەکی لە نیگار کێشاندا. ٣) کەرەستەی چەمکی یان هەوێنی بەرهەم. شکلۆفسکی (واتاکان)ی لەدەستەی سێیەمدا پۆلێن کردو نوسیی: " تەنانەت واتاکنیش وەکوو کەرەستەیەك بۆ بینای هونەری بەکار دێن"[٤٧]. کۆی باوەڕەکانی کەسیەتیەك، واتای ڕوداوەکان، واتای یەك ڕستە و نیشانە ئێکۆنیەکان، هەموویان سەر بەسێیەمین جۆری کەرەستەکانن. ئەم تایبەتمەندیە کە کەرەستەی سەرەکیی ئەدەبیات زمانە، هەر تەنیا لەبەرهەمەکانی فۆرمالیستەکاندا باس نەکراوە، (یان مۆکارۆفسکی)ش باسی لێوە کردوە. ئەم خاڵە ئەنجامێکی گرنگی لێکەوتەوە کەبوو بەبەردی بناغەی رەخنەگریی ئەدەبی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا: بەکارهێنانی مێتۆدە زمانناسانەکان لەناسینی دەقە ئەدەبیەکاندا

شتێکی هەرە پێویستە (مەحاڵە لێی دەرباز بیت) فۆرمالیستەکان بەردەوام شەیدای ناسینی ئەم نهێنیە بوون کە چۆن (ژانرێکی تایبەتی) دوبارە گەنج دەبێتەوەو لەحاڵێکدا کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ و ادێتە بەرچاو کە کۆتایی پێ هاتووەو مردووە، لەناکاو بەچەشنێکی تازە سەر هەڵدەداتەوە. یاکوبسێن نوسیویەتی ئەدەبیات بەردەوام پێویستی بەم گەنج بوونەوەیە یان (دیسان گەیشتنەوەی یاخیگەری)هەیە. دستۆفسکی ڕەوتی ڕوو لە نەمانی پەراوێز نوسی بڵاو کراوە فەرەنسیەکانی سەدەی نۆزدەهەمی بەنیو ڕۆمان نوسیندا تێپەڕاند. ئەلکساندێر بلۆك شیعرە لەبیر چووەکانی قەرەجە روسیەکانی زیندو کردەوە. پوشکین غەزەلی دلداری هێنایە نێو شیعری نوێی روسیەوە.لەمەڕناسینی ئەم (ژیانەیتر) مێتۆدی فۆرمالیستەکان نەك مێژوویی بەڵکو زمانناسانە بوو. شیکردنەوەی (هاوکاتی) کەبنەمای کاری ئەوان بوو، بە هیچ شێوەیەك بەواتا رەت کردنەوەی گرنگی شیکردنەوەی "نێوکاتی" نەبوو. تۆماشفسکی دەری خست کە هەندێجار توخمێکی ئەدەبی، ئەرکی ئاسایی خۆی لەدەسا دەداو لەهەلومەرجێکی نوێی مێژووییدا ئەرکێکی نوێ وەردەگرێ. وەکوو نموونەی فۆرمی (گرۆتسك= [grotesque]) کەلە سەردەمانی کلاسیزم لەبنەڕەتدا دەربڕینی کۆمیدی بوو، لەسەردەمی رۆمانیسم گۆڕا بۆ دەربڕینی (تراژیدیك): "لەنێو ئەم گۆڕانە هەمیشەییەی ئەرکەکاندا، ژینی راستەقینەی دەقی ئەدەبی دەردەکەوێ"[٤٨]. فۆرمالیستەکان، ئەم گۆڕانیەکانەیان لە ئەدەبیاتی روسیدا درێژە پێداو بۆیان دەرکەوت کەبەچ جۆرێ فۆرمێکی لاوەکیو بێ بایەخ " هەندێجار تەنانەت فۆرمێکی"مردوولەناکاو دەگۆڕێت بۆ "فۆرمێکی ناوەندیو زاڵی دەربڕینی ئەدەبی"و، لە پەراوێزی ئەم خاڵەدا ئەوان لە پێوەندیە دووسەرەکانی (ئەدەبیاتی رەسمی)و "ئەدەبیاتی فۆلکلۆریك"و هەروەها لەم نهێنیە کە نوسەرانی کلاسیکی روس بەچ جۆرێ لە(فۆرمە ئەدەبیە کەم بایەخەکان) کەڵکیان وەرگرتووە، تێگەیشتن. لەم تاوتوێ کردنەدا، بەوتەی یاکوبسێن، ئەم خاڵە زیاتر لەجاران وەکوو لەمپەڕێك دەردەکەوێ کەلە بەردەمی هەر توێژەرێکی کولتوری ئەم سەردەمەدایە، واتە تێگەیشتنێك لەبارەی رابردوو نەك خودی رابردوو[٤٩]. ڤینوگرادۆڤ لەوتاری (پەیامی مێتۆدی دەربڕین) دا پێ دادەگرێ کەلە پەکەم هەنگاودا (دەبێ مێتۆدی دەربڕینی تایبەتی نووسەر بەجیا لە هەموو نەریتەکانو بەرهەمەکانی خودی نووسەر بناسینەوەو (ئەو میتودە) لە تەواوەتی خۆیدا وەکوو سیستەمێکی زمانناسانە لەبەرچاو





بگرین)[٥٠]. بەڕای ڤینۆگرادۆف دەبێ زمانی هەر بەرهەمێك بە چەشنێکی جیاجیا تاوتوێ بکەیت، پاشان پەیوەندیەکەی لەگەڵ زمانی کۆی بەرهەمەکانی نووسەر لەبەرچاو بگریت. پاش بڕینی ئەم دوو قۆناغەی توێژینەوەکە دەبێ زمانی چەند بەرهەمێکی تر کە لە سەردەمی بەرهەمی ناوبراودا نووسراون تاوتوێ بکەی. بەڕوی بەکارهێنانی میتۆدی (شیکاریی هاوکاتی) لەبەرهەمی فۆرمالیستەکاندا کاریگەری سۆسێرو قوتابیەکانی دەردەخات. لەچەمکێکی دیکەی سەرەکیدا لەبەرهەمی فۆرمالیستەکاندا واتە سیستەم یا پێکهاتەی دەقیشدا کاریگەریی سۆسێر دەتوانین بدۆزینەوە. هەموو فۆرمالیستەکان لەمبارەوە کە "هەربەرهەمێکی هونەری یەکسەر خاوەنی بنەمایەکە و هەر یەکەیەکی (بەرهەمەکە) پەیڕەوی ڕیسایەکە، کە لەگەڵ پەیوەندی خۆی لەگەڵ پێکهاتە سەرەکییەکەوە بەدەست دێت"[٥١] هاوڕاو تەبا بوون. ئاخنبام هاوشێوەی ئەم ڕیسایەی لە ڕستەیەکدا هێناوەتەوە: " تەنانەت ڕستەیەك لە بەرهەمێکی ئەدەبیشدا ناتوانێ بە تەنیا دەربڕی ڕاستەوخۆی هەستی تایبەتی نووسەر بێت، بەڵکوو بەردەوام چرکەساتێکی دەقە"[٥٢]. جەختکردن لەسەر گرنگیی پەیوەندییە ناوەکییەکانی پێکهاتەیەك (یەکێك لە گرینگترین بنەماکانی پێکهاتەگەرایی) لەبەرهەمەکانی تری فۆرمالیستەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دووبارە بۆتەوە. تینیانۆف لەساڵی ١٩٢٩دا نووسیی:" بەرهەمی ئەدەبی بەیانکەری سیستەمی ئەو توخمانەیە کە پەیوەستن بە یەکترەوە. پەیوەندیی هەر توخمێك لە گەڵ (توخمی) دیکە بەئەرکی ئەو (توخمە) لەچوارچێوەی سیستەمی بەرهەمەکە دەژمێردرێت "[٥٣]. هەڵبەتە لەم سیستمەدا وەکوو هەر پێکهاتەیەکی تر باس لەسەر (یەکگرتوویی توخمە یەکسانەکان) نییە، بەڵکوو لە سیستەمێکدا زنجیرە توخمێکی زاڵ هەن کە هۆکارەکانی دیکە بێ بایەخ دەکەن [٥٤]. بۆ نموونە لەڕۆمانێکدا کە جیهانبینیی نووسەر گرینگییەکی زۆری هەیە، میتۆدی دەربڕینی زاڵ وتووێژی نێوان کەسیەتیەکانە (وەکوو ڕۆمانەکەی داستۆفسکی). خاڵی (گرنگ) لێرەدایە کە هەبونی توخمگەلی زاڵ، دروستکەری جۆرێك هیراریکی بایەخدارانەیە. چەمکی فۆرم لەبەرهەمی فۆرمالیستەکاندا چەندین جار گشتی ترە لەو چەمکانەی کەلە تیۆریە ئەدەبیەکانی تردا هەیە. کاتێك کە شکلۆفسکی دەیوت:" فۆرمی تازە، نێوەرۆکی تازە دەخولقێنێ " واتایەکی نوێو فراوانی لەمەڕ فۆرم هێنایە ئاراوە. فۆرمالیستەکان پەیدا بوونی فۆرمیان بەدەرەنجامی دوو ئەرکی دژ بەیەك دەزانی: ڕێکخەری دۆزە و فۆرم شکێنی.

چەمکی ( فۆرم شکێنی ) بەڕای ئەوان بەهێچ شێوەیەك خاوەن ئەرك‌و ڕووی نیگەتیڤ نییە، بەڵکوو بە واتای ئەو گۆڕانکاریانەیە کەلە کەرەستەکاندا ڕوو دەدەن. چەشنی ڕێگەیەك کە بەهۆیەوە وشە شاعیرانەکان، لە دژایەتیی لەگەڵ وشەکانی پەخشان‌و زمانی پێوەردا پێك دێن. بەڵام ئەم کەرەستە و توخمانە دەبێ بە شێوەیەکی (سیستماتیك) پێکەوە ڕێك بکەون، (واتە) (هاوڕێ‌و هاوچەشن) بن. هەر بۆیە فۆرمالیستەکان نەك تەنیا خالگەلێکی وەکوو: دەنگەکان، وشەکان، کێش‌و سینتاکسی شاعیرانە، ژانرە ئەدەبیەکان‌و.. یان لەبەرچاو دەگرت، بەڵکوو ئەرکی جوانناسانەی هەوێنەکان، تان‌وپۆی (plot) چیرۆك‌و ڕیساکانی دەربڕینیشیان پشتگوێ نەدەخست.

(٥)

جیاوازی نێوان چیرۆك ( کە فۆرمالیستەکان بە یارمەتی وشەی لاتینی (fabula)یان پێدەوت، لەگەڵ تان و پۆ (کە وشەی روسی sjuzetیان لەبارەیەوە بەکار دەهێنا) یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکانی ئەوانە لەپانتایی تیۆریە ئەدەبیەکاندا. بەرهەمەکانی شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکان لەڕون کردنەوەی لایەنە ئالۆزەکانی ئەم باسەدا کارایی زۆریان هەیە، بەڵام بەناوبانگترین کار "لەم بوارەدا کە ئەنجام درابێ" نوسینی تۆماشفسکی‌یە لەژێر ناوی "واتاگەلی بەرهەم" [٥٥]. بەڕای فۆرمالیستەکان چیرۆك رەهەندی بنیاتی گێڕانەوە، دوا لۆژیکی هەموو کردەوەکان ڕێسای سەرەکی پەیوەندیەکان‌و ( ئارایی) کەسیەتیەکان، رەوتی تەواوی کردەوەکان (بەیان کراو یان بەیان نەکراو لەتان و پۆدا)و جوڵەی پەیوەندیەکانی گێڕانەوەیە. بەڵام تان‌و پۆ هەڵبژاردەی بڕگەکانی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بەو شێوەیەی کە چیرۆك گێڕەوە \ نوسەر، ڕێکخستنەکەی (هەڵبژاردوە) . کەوابو تان‌وپۆ کۆمەڵە دابڕانێکی (وەختی) هەیە،"ئاراستە"ی جوڵەکەی هەمیشە بەرەو داهاتو نیەو ڕیتمەکەی هەمیشە لەگەڵ کاتی رۆژژمێریی‌دا ناگونجێ. زۆر لەم خاڵانە لە تان‌وپۆدا نادرکێنرێن‌و بە (گریمان یان گومان)ی خوێنەر "یان بینەری شانۆ، یان فیلم، یان ئۆپێرا" دەبەسترێنەوە. ئۆمبێرتۆئێکۆ لەم بارەیەوە باسی لە (توانای کەوانەسازیی خوێنەر) کردوە [٥٦]. سەرنج راکێشی خوێندنەوەی چیرۆك پەیوەستە بە ئازادیی خوێنەرەوە کە چۆن لە " بڕگە" هەڵبژێردراوەکانی نوسەر واتە لەتان‌و پۆ، (سەر لە چیرۆکەکە دەربێنێ) بەدەربڕینی باشتر چیرۆکەکە بخولقێنێ.





چیرۆك هەمان Diegesisی ئەرستۆیی‌و تان‌وپۆ گێڕانەوەی هەڵبژێردراویەتی. یەکەمیان توانایە و دووەمیان کردار، یەکەمیان لەزەینی خوێنەردایەو دووەمیان لە لاپەڕەکانی کتێب دا. هەموو ڕووداوەکانی شەڕو ئاشتی، بەو شێوەیەی کەلە بەسەرهاتەکانی کەسیەتیە خەیاڵیەکانی رۆمانی تۆلستۆی‌دا ڕویان داوە (هەروەها لەو رووداوە مێژوویانەدا کەئەو دەیان گێڕێتەوەو؛ لەمێژووی (راستەقینە)دا کە خوێنەر لە ڕێگەی چەند دەقێکی دیکەوە لەگەڵیدا ئاشنا بووە) هەموویان پێکەوە کەرەستەی دروستکەری چیرۆکن. بەڵام رۆمانی تۆلستۆی چەند دابڕانێکی ( وەختی ) هەیەو پەیوەندی بەهەڵبژاردنی نوسەرەوە هەیە. خوێنەر لەگەڵ ئەم تان‌و پۆیەوە، ئەو چیرۆکە دادەهێنێ. لەسەرەتای فیلمی ُلە کۆتایی بەهارُی سۆجیرۆئزودا، بینەری میوانی نەریتی چای ژاپۆنین نەبەشێوەیەکی تەواو، بەڵکو لەرێگەی ( گێڕانەوەی سینەمایی ) ەوە واتە گێڕانەوەیەکی هەڵبژاردە و کورت کراوە. لەرەوتی بەرەو پێشچوونی فیلمەکەدا بەهۆی ناسینی پەیوەندیەکانی کەسیەتیەکان (بەتایبەتی پەیوەندی نۆریکۆ لەگەڵ پوری خۆیدا)و لەرێگەی تێگەیشتن لە شوێنگە کۆمەڵایەتی‌و تاکیەتیەکانی ئەوانەوە، هەر بینەرێکم بەشێك لەکەرەستە بەتاڵەکانی ئەو میوانیە ُپڕ دەکاتەوەُ. بینەر چیرۆکەکە دروست دەکات، لەکاتێکدا لەسەرەتاوە تەنیا (توخم گەلێك لە تان‌وپۆ) یان بۆ ڕونکرابوەوە. دروست کردنی چیرۆك واتە (ئیستراتیژی خوێندنەوە) چەمکێکە کەلە بابەتە مۆدێڕنەکانی (جوانناسی وەرگرتن)دا گرنگیەکی زۆری پەیدا کردووە. دۆزینەوەی توخمە چیرۆکییەکان لەفیلمێکی سینەماییدا لەگەڵ دۆزینەوەیان (لە نێو رۆمانێکداجیاوازە. لەفیلمدا، سەردێڕ دانان‌و مۆسیقای دەق کەبەپێی لۆژیکی گێڕانەوە ئەکتەرەکانی فیلمەکە نایبیسن، بەڵام بینەر دەیبیستێ) یان وشە رون کەرەوەکان (وەکوو (پاش ساڵێك)کە لەسەر شاشە دەردەکەوێ، یان وێنەی تێپەڕینی ژمێرەوەکانی کاتژمێر، یان هەڵدرانەوەی خێرای لاپەڕەکانی رۆژژمێر بەنیشانەی تێپەڕینی کات، یان (بڕگە نوسراو)ەکانی سینەمای بێ دەنگ، بنەمای مۆنتاژی‌و دانانی دەنگ، توخم گەلێکی" ناچیرۆکین" [٥٧]. کەوابو دەتوانین بڵێین کەتان‌وپۆ بریتیەلە توخمە ناچیرۆکیەکان لەگەڵ ڕووداوە ڕونکراوەکان؛ چیرۆك بریتیە لەڕوداوە ڕونکراوەکان +ڕوداوە ڕون نەکراوەکان.

شکلۆفسکی لەوتاری ( تانوپۆو مێتۆدی دەربڕین )دا چەمکی نەریتی (تان‌وپۆ وەکوو کۆمەڵەیەك لە هەوێنەکان)ی بەلاوەنا. ئەو پێی داگرت کە

لێکۆڵینەوە لە فۆرمە جیاجیاکانی تانوپۆ (بەرەو پیشچوونی هەنگاو بەهەنگاو، هاوئاراستەییان بەدوای یەکدا هاتنی واتاکان) فۆرم وەکوو سیستەمی گشگیریی ئەو پەیوەندیانەی کەلە نێوان توخمەکانو تانو پۆدا هەن، دەهێننە گۆڕێ. خوێنەر، ئەم پەیوەندیە ناوەکیانەی توخمەکانی "نێو" چیرۆك دادەهێنێو هاوکات پێکهاتەی گێڕانەوەی چیرۆك هەڵدێنێتەوەو لەسیستەمی مێتۆدو لۆژیکی دەق تێ دەگات. ئەو لەرێگەی دۆزینەوەی پەیوەندیە ناوەکیەکان یا فۆرمی بەرهەم، نێوەڕۆکی بەرهەم دروست دەکات. بەم پێیە فۆرمو نێوەڕۆك لێك جیا نین.خوێنەر-گوێگر بۆ دۆزینەوەی فۆرمی بەرهەم بەردەوام چەند گریمانێك دەهێنێتە گۆڕێ، ئەو تانوپۆی گێڕانەوەی رۆمان، پەیوەندی نێوان تاکەکان، پەیوەندیەکانی نێوان توخمەکانی دیکەی بەرهەم (دادەڕێژێ). خەیاڵەکانیشی هەم لەژیانی راستەقینەی خۆیەوە سەریان هەڵداوە و هەم پەیوەندیان بەئاشنا بوونی ئەو لەگەڵ ژانری بەرهەم، رەمزەکانیو هتد. هەیە. بەرهەمە (نائاسایی)ە هونەریەکانیش خاوەنی یاسا گەلێکی تایبەت بەخۆیانن. ئەو "بەرهەم"انە گومانو چاوەڕوانی نوێ دەخولقێنن. بەم جۆرە و روژان وەکوو تانوپۆی دروستکەری چیرۆکە. شکلۆفسکی دەری خست کەفۆرمی چیرۆك دیاری کەری زۆر لە توخمەکانە کە ئێمە "ئەو توخمانە" بە هۆکاری بەرەو پێشچوونی رووداوەکان دەزانین. ئەو " شکلۆفسکی" تەنانەت نەبوونی هاوسەنگی رەوشتی و گۆڕانی بەردەوامی کەسیەتیەکانی لە دۆن کیشۆتی سێرڤانتیسدا بەدەرەنجامی ئەرکی پێکهاتە یان فۆرمی ئەم چیرۆکە لەقەڵەمدا و دەسەڵاتی فۆرمی بەسەر نێوەڕۆکەکانەوە سەلماند. لە وتارێکی دیکەدا لەژێر ناوی ( کامڵ بوونی تان و پۆو تریسترام شاندی )دا جەختی کردەوە کە (بەزۆری تانوپۆ لەگەڵ وەسفی رووداوەکان بەهەڵە بەیەك شت دەزانن. بەڵام تانوپۆ تەنیا کەرەستەیەکە بۆ دروست کردنی چیرۆك، هەر بۆیە هەڵەیە ئەگەرکو وابزانین کە چیرۆك "بوگنی ئونەگین"ی پوشکین رونکردنەوەی روداوە دڵداریەکانی پاڵەوان "پاڵەوانی چیرۆك"و "تانیانا"یە.

لێکۆڵینەوە لە فۆرمە سەرەتاییەکانی چیرۆك رونکەرەوەی چەمکی (تانوپۆ) Plotیە. ئەم فۆرمانە کەبەر لە کامڵبونی رۆمان و کورتە چیرۆك دا هەبون، پێکهاتەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەم دوانەدا هەیە. رۆمانو کورتە چیرۆك لەبنەڕەتدا، بۆ راپۆرتی مێژوویی، حیکایەتەکان، سەفەرنامەکانو فۆرمەکانی دیکەی گێڕانەوەی ئەدەبی دەگێڕێنەوە. تاوتوێ کردنی ئەم فۆرمانە یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی تیۆری ئەدەبیە. بەم پێیە جەختی





شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکانیتر نیشاندەری رووبەڕو گرنگی کارێکە کە ئاندرەیۆلس ـ لەسەر ئەو شتە کە خۆی بە (فۆرمە سادە ئەدەبیەکان) ناودێری کردووە، بردیە پێشەوە. شکلۆفسکی دوجۆر پیکهاتەی لەنێو (چیرۆکە سادەکان یان سەرەتاییەکان)دا لێك جیاکردووە، لەیەکێکیاندا تەنیا یەك پاڵەوان لەڕەوتی رووداوە یەك لەدوای یەکەکاندا، روداوی زۆر، پشت سەردەنێ (وەکوو فۆرمی زاڵ بەسەر چیرۆکی هاپ پیکارسك)و لە یەکێکی تریان دا بەسەرهاتی زۆر، بە هۆی جۆربەجۆر، بەیەکتری دەبەسترێنەوە (وەکو هەزارو یەكو شەو دیکامیرۆن). لە جۆری یەکەمیاندا کامڵ بونێك لە کەسیەتیەکان، یالانی کەم لە پاڵەوانی سەرەکیدا دەتوانین ببینن، بەڵام لە چیرۆکەکانی جۆری دووەمدا کەسیەتیەکان بەرەو "کامڵبون" نارۆنو زیاتر لەهەموو شتێك جەخت لەسەر کەرەوەیە. لەچیرۆکەکانی جۆری یەکەم، پاڵنەرەکانی کەسیەتیی سەرەکی تانوپۆی چیرۆك دروست دەکاو لەم رووەوە تاوتوێ کردنی سروشتی دەروونیو پێکهاتنی ( فێرکاری)ی پاڵەوان گرنگ دەبێت، بەڵام لە چیرۆکەکانی جۆری دوەم، کەسیەتیەکان تەنیا ئامرازێکن کەبەهۆی کردەوەی خۆیانەوە تانوپۆ بەرەو پێشەوە دەبەن. شکلۆفسکی بەو ئەنجامە گەیشت کە جۆری یەکەم لەرەوتی کامڵ بوونی خۆیدا بەرۆمان دەگاتو جۆری دوەم "دەگاتە" کورتە چیرۆك[58]. ئەو جوانترین دیمەنی جیاکاری ئەم دو فۆرمە لەشێوەی (بەکۆتایی هاتنیان)دا، دەزانێ. کورتە چیرۆك بەجۆرێك دەچێتە پێشەوە کەلە کۆتایی تانوپۆدا، وادێتە بەرچاو هەموو شتێ (کامڵ) یان تەواو بووە. دواین وشە، کۆتایی هاتنی لۆژیکیانەی گێڕانەوەیە لە کورتە چیرۆکدا. بەڵام رۆمان بەم چەشنە نیە، بە کۆتایی هاتنی تانوپۆ "ش" هێشتا رۆمان درێژەی هەیەز لەکورتە چیرۆکدا هەستی بە لوتکە گەیشتنی کردەوە ئەدۆزرێتەوە، بەڵام لەرۆماندا دەتوانین ئەم هەستە لەدەستمایەی سەرەکی یان بەدەربڕینیتر لە وروژاندا بدۆزینەوە. هەردوك لەمانە لە خاڵێکی گرنگ دا هاوبەشن: بازنەیەکی جادویی کە کۆتایی چیرۆك بە سەرەتایەوە دەبەستێتەوە. (ئاخنبام)یش لە وتاری "تیۆری پەخشان"[59]دا روخسارە جیاکانی کورتە چیرۆكو رۆمانی هێنایە بەر باس. ئەو لەجیاوازی چیرۆکە سەرنج راکێشەکانەوە دەستی پێکرد. هەندێك چیرۆك هەن کەوەکوو ئەفسانەی منداڵان بنەمایان لەسەر بیستنی تانوپۆیانەوە دامەزراوەو لەبەرانبەردا، چیرۆك گەلێکیش هەن کە(دەبێ بخوێنرێنەوە). بەرهەمێك وەکوو دیکامیرۆن بناغەکەی بۆ جۆری دووەم دەگەڕێتەوە. حیکایەت بێژان،

چیرۆك گەلی مەتەڵ ئاسا، كاریكاتێر ئاسا، ئەلیگۆری و تەنانەت هەندێ جار ڕەوشتی دەگێڕنەوە. یەكەمین ڕۆمانەكان بناغەكەیان لەم حیكایەتانەدا بوو رەفتاری گوتاری بیسیاریان پاراست. بەڵام لەسەدەی هەژدەهەمدا، چەشنێكی نوێی چیرۆك نوسین واتە ئەو چیرۆكانەی"كە پێویست بوو" بخوێنرێتەوە (پێ بەپێی گەشەی رێژەیی حەشیمەتی خوێندەوارو ئاسانی هونەری چاپی كتێب) دروست بوو ڕۆڵی گێڕانەوەی زارەكی بە شێوەیەكی ئاشكرا كەم بویەوە. بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵی (گێڕانەوەگەری)خۆی لەدەستداو بەهۆی وەرگرتنی كاریگەری لەسایكۆلۆژیو زانستەكان بوو بە(رۆنانێكو گفتوگۆ، دیمەن سازی، ڕونكردنەوەی شوێنو دیكۆر، جوڵە شێوەكانی دەربڕین، زارەكانو گۆكردنەكان). ئاخنبام باس لە بەرهە لەبیرۆچووەكانی رەخنەگری روسی شەویرۆف كرد كە لەساڵی ١٨٤٣دا ڕۆمانی بە "تێكەڵاوییەك لە هەموو ژانرە ئەدەبیەكان " لەقەڵەم دابوو و لەو یلهلۆم مایستردا گۆتەو ، لە دۆن كیشۆتی سێرڤانتێسدا دلێرایەتیو، لەئازارەكانی وۆرتێری لاودا شیعری دڵداریو لەچیرۆكەكانی ڤاڵێتر ئیسكاتدا نواندنە پاڵەوانیەتیەكانی دۆزیبویەوەو هەوڵی دەدا تا پۆلێن كردنی رۆمانەكان لەسەر بنەمای بناغەكانیانەوە بەرەو پێشەوە ببات [٦٠]. لێرەدا ئاخنبام بابەتی (ژانرە ئەدەبیەكان)ی هێنایە پێشەوەو بابەتەكەی ئەو لەمبارەوە لایەنی فێركاری هەیە:

لە (كامڵ) بوونی هەر ژانرێكی ئەدەبی‌دا ساتێك دێتە پێشەوە كەكەڵك وەرگرتن لەم ژانرە زیان بە دەربڕینی راستەقینە دەگەیەنێو دەربڕین دەگۆڕێت بۆ شێوەیەكی پێكەنیناویو كاریكاتێری. بەسەر شیعری شۆرشگێری، چیرۆكە كارەساتیەكان، ئەو چیرۆكانەی لەسەر بنەمای ژیانی مرۆڤە بەناوبانگەكان دامەزراونو.. هتد [ئەم بەسەرهاتە] هات. هەڵبەتە هەلومەرجەكانی شوێنو كات شێوەی جۆراوجۆری ئەم گۆڕانە دروست دەكەن، بەڵام ئەم پرۆسەیە واتە گۆڕانی بابەتی راستەقینە بۆ كۆمێدی وەكوو یاسایەكی (كامڵ بوون) هەمیشە دەست دەكەوێت: راڤەی راستەقینە (جیددی) كە بەوردی و ردەكاریەكان رون دەكاتەوە، رێگە بۆ ڕاڤەی گاڵتەو چێژ بەخشین دەكاتەوە... نوسەر خۆی دێتە مەیدانەوەو زۆربەی جاران گومانی راستی و رەسەن بوونی بەرهەم دەرەوێنێتەوە. رێكخستنی تانوپۆ دەگۆڕێ بۆ گەمە كردن لەگەڵ چیرۆكدا كەخۆی دەبێتە مەتەڵ یان گاڵتەیەك "فۆرمی راستەقینەی رێكخستن دەگۆڕێ" بەم چەشنە نەوەی





دوایی ئەم ژانرە ئەدەبیە لەدایك دەبێ، لەگەڵ كۆمەڵێك كەرەستەی نوێو فۆرم گەلێكی تازە [٦١].

دەبینین كەباسەكەی شكلۆفسكی لەمەڕ سەرچاوە جیاجیاكانی رۆمانو كورتە چیرۆك زیاتر لەسەر (كامڵ بونی) فۆرمەكانی دەربڕینی ئەدەبی چڕ بۆتەوە؛ باسەكەی ئاخن بام رەفتاری مێژوویی زیاتری تێدایە. خاڵێك كە هەردوو بیریارەكە تەنیا هێمایەكیان بۆ كردووەو بەسەریدا بازیان داوە، قەرزێكە كە هەركامیان بەشێوەیەكی تایبەتی، لە تیۆرە ئەدەبیەكانی رۆمانتیك خوازە ئەڵمانیەكانەوە وەریان گرتووە. رۆمانتیك خوازەكان بە شێوەیەكی شێلگیرانە بنەڕەتەكانی رۆمانو كورتە چیرۆكیان لە(فۆرم گەلێكی سادە) بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی فۆلكلۆریكدا دۆزیەوەو كارەكەیان كاریگەریی قوڵی لەسەر ئاندرە یۆڵس دانابو. جیاوازی نێوان چیرۆكو تانوپۆ ئەنجامی گرنگی لە تیۆری ئەدەبی‌دا هەیە. یەكێك لەگرنگترین ئەنجامەكان گەیشتن لە تیۆرەكە لەمەڕ واتاكانی بەرهەم تۆماشفسكی لەوتاری (واتاكانی بەرهەم)دا باسی لەم تیۆرە كردووە. بە بۆچوونی ئەو هەموو چیرۆكەكان خاوەنی دەستمایەیەكی سەرەكین (شتێك كە دواتر كلودبێرمۆن بە (گەورە پێكهاتەی واتایی) ناودێری كرد). هەریەك لەم چیرۆكانەش خاوەنی واتاگەلێكی لاوەكین كەواتای هەر بەشە لە چیرۆك ڕون دەكەنەوە. دروستكردنی پێوەندی نێوان ئەم واتا لاوەكیانە كاری خوێنەری چیرۆكەو بەم پێیە هەر چیرۆكێك بواریو توێژێكە لەنێوان دەقو خوێنەردا. (تەنیا) بەس نیە كە دەسمایەی سەرەكی چیرۆك سەرنج راكێش بێ. بەڵكو دەبێ خوێنەر بتوانێ پەیوەندی نێوان واتا لاوەكیەكان دروست بكاو ( ئەم خاڵە گرنتی سەرنج ڕاكێش بوونی بەرهەم دەكات)[٦٢] هەر واتادار" thematic"ێكی لاوەكی خاوەنی واتایەكە كەلە پەیوەندی لەگەڵ گەورە پێكهاتەی واتایی بەرهەم دروست دەبێ. تۆماشفسكی ئەم (واتادارە بەواتایە)ی بە(مۆتیف) ناودێر كردووە. (ئەمە) زاراوەیەكە كەلە تیۆری مۆسیقاوە وەری گرتووە. چیرۆك بەردەوام بوونی وەختیو هۆو هۆكاری مۆتیفەكانە. تانوپۆ، هاورێكی مۆتیفەكانە بەپێی هەڵبژاردنی نوسەر: دەتوانین (كامڵ بوونی)، چیرۆك تێپەڕێك لە دۆخێك بۆ دۆخێكی‌تر بزانین، هەر دۆخێك بەیانكەری دژایەتی بەرژەوەندیەكانو، مشتومڕی كەسیەتیەكانە) [٦٣]. تۆماشفسكی (كامڵ بوونی دیالیكتییكی چیرۆك)ی لەگەڵ (كامڵ بوون)ی پرۆسەی كۆمەڵایەتیو سیاسی بەراورد كرد، كە تیایدا هەر قۆناغێكی تازە ئەنجامی شەڕێكە كەلە قۆناغی پێشوتردا لە

نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوی داوە[٦٤]. بەبۆچوونی تۆماشفسکی کۆتایی چیرۆك لەو شوێنە دێتە پێشەوە کەبگەین بە دۆخێك بەدەر لەدژایەتیەکانی پێشوو ئەوشەڕانەی کەلە نێوان کەسیەتیەکان دایە. بەم شێوەیە تۆماشفسکی سیمبولێکی تیۆری لەبارەی پێکهاتەی چیرۆك هێناوەتە گۆڕێ کەدواتر، بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی تروتان تۆدۆرۆف کەوتە ژێر تیشکی توێژینەوەو تاوتوێی وردترەوە. لەلایەکی دیکەشەوە باسەکەی ئەو لەمەڕ موتیفەکانی چیرۆك رێگەی بۆ گێرماس‌و برێمۆن کردەوە تابە هێنانە ئارای Sequence هەنگاوێکی گرنگ بۆ وردبوونەوە لە چەمکی پێکهاتەی چیرۆك هەڵهێننەوە. لە تاوتوێ کردنی موتیف گەلێکی بەرهەمە ئەدەبیەکاندا، نوسینەکانی ئەلێکساندێر ریفۆرماتسکی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبو.ئەو لەوتاری (شیکردنەوەی فۆرمی کورتە چیرۆك)دا (واتادار)و (موتیف)ی لێکجیاکردەوە. واتاداری بە توخمی وەستاوی تانوپۆ زانی کە بەهۆی پەیوەندیەکەوە کەلەگەڵ کەسیەتیەکان هەیەتی، روویەکی ئەرکی بۆ خۆیەوە دەگرێ‌و دەبێتە مۆتیف یان توخمی چالاکی تانو پۆ. بۆ ناسینی تانوپۆ دەبێ چۆنیەتی گۆرانی واتادارەکان بۆ مۆتیفەکان بناسین رێفۆرماتسکی بەراوردێکی لەنێوان کورتە چیرۆك‌و یاری شەترەنج (کە خۆی مامۆستای"شەترەنج"بوو) کرد؛ کەرەستەکانی یاری (بۆ نموونە ئەسپ) واتادارەکانن، واتادارەکان خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەتین‌و(جوڵەی ئەسپ) لەڕەوتی یاریدا بەهۆی ئەم ڕۆڵە تایبەتیەوە دەبن بە مۆتیف. (هەرکاتێك سەربازێك بۆ بەدەست هێنانی هەڵکەوتێکی باشتر لە یاریدا فیدا دەکەین کەڵکمان لە ڕۆڵی تایبەتی (ئەو سەربازە) وەرگرتووە) یاری لەسەرتاوە تا کۆتایی، تانوپۆیە. هەر لەم وتارەدا رێفۆرماتسکی بەراوردێکی‌تری لەنێوان کورتە چیرۆك و پێکهاتەی سۆناتی کلاسیك لەمۆسیقادا دروست کرد: "هەر سۆناتێك بەزۆری لەگەڵ هەر یاسایەکی گشتی [canon]دا دوو جۆرە واتاداری هەیە (واتاداری سەرەکی‌و واتاداری لاوەکی) ئەم رەهەندە بەهۆی هەبوونی واتاداری لاوەکی دووەم، سێیەم .. ئاڵۆزتر دەبێ. لەکورتە چیرۆکدا پێکهاتەی پشت بەستو بەجیاوازی واتادارەکان وەکوو پێکهاتەی سۆنات، پێوەندی بە یاسای گشتیەوە هەیەو مۆتیفەکان ئەرکی [function] ئەم جیاوازیەن "[٦٥].

(٦)

فۆرمالیستەکان لەباس کردن لەشیعر خاڵێکی گرنگیان هێناوەتە کایەوە کە بابەتی گشتی ( پەیوەندیەکانی نێوان دەقە ئەدەبیەکان ) دێنێتە گۆڕێ.





ئەم پەیوەندیە ناوەکیانەی نێوان دەقەکان (چ تایبەت بە سەردەمێك بێ، یان تایبەت بە سەردەمە جیاجیاکان) ئەمرۆکە بەپەیرەوی کردن لە باختین بە پەیوەندیەکانی نێوان دەقی [intertextuality=]) ناودێر دەکەین. ئەم باسە بەوتاری ( هونەر چەشنی شێواز ) ی شکلۆفسکی دەستی پێکرد [٦٦]. ئەو لەم و تارەدا پیشانیدا کەهەرچی زیاتر لەگەڵ سەردەمێکدا ئاشنابین، دڵنیا دەبین گریمانەو وێنەگەلێك کە شاعیرێك بەکاری هێناون (ئێمە پێمان وابوو داهێنراوی خودی شاعیرن) تارادەیەك بەبێ هیچ گۆڕانکاریەك لە شیعرەکانی شاعیرێکی دیکە و ەرگیراون. داهێنانی شاعیران لەو وێنانەدا نیە کە دروستیان دەکەن، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دێنن. شیعرەکانی شاعیران بەپێی شێوەی دەربرین، شێواز وتەیی‌و بەکارهێنانی تایبەتی زمان لێك جیا دەکرێنەوە. گۆرانی وێنەسازی لە (کامڵ بونی) شیعردا گرنگ نیە. خاڵی گرنگ لە شیعردا، گۆڕان لەبەکارهێنانی زمانە[٦٧]. لەتێگەیشتنی پەیوەندی دەقەکاندا لێکچوونە شێواز ناسەکان‌و لێکچونەکانی مێتۆدی دەربڕین‌و نزیکایەتیە زمانیەکان گرنگن نەك هاوچەشنی واتادارەکان‌و وێنەکان:"بەرهەمی هونەری لە بەرهەمە هونەریەکانی پێشتر و لەپەیوەندی لەگەڵ ئەواندا پێك دێ. فۆرمی بەرهەمی هونەری بەهۆی پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەرهەمە هونەریەکانی‌تردا کەبەرلەو هەبوون، پێناسە دەکرێ‌و دەناسرێتەوە.. ئامانجی فۆرمی تازە ئەمە نیە کە دەبڕی نێوەرۆکی تازە بێت، بەڵکو فۆرمی نوێ دێت تا جێی فۆرمی کۆن بگرێتەوە "چونکە"ئیتر بایەخەکان توانای جوانناسانەی خۆی لەدەست داوە" [٦٨]. شکلۆفسکی ئەم یاسایەی (فردیناند برۆنەتیر)ی دوبارە کردەوەکە:" لەنێوان هەموو کاریگەری وەرگرتنی هونەریەکاندا، کاریگەریەك کە دەقێکی ئەدەبی لەدەقێکی‌تر وەری دەگرێ گرنگترین (کاریگەری) ە. تینیانۆف لەمەڕ کاریگەری بەرهەمەکانی گوگول لەسەر دستۆفسکی نوسیویەتی کە دستۆفسکی بە وێرانکردنی فۆرمی گاڵتە بەرهەم (= پارۆدی PARIDY) کەلە چیرۆکەکانی گوگولدا وەبەرچاو دەکەوێ، جۆرێکی تازە لە تەوسی[IRONY] داهێناوە: "کاتێك کەباس لەنەریتی ئەدەبی یان لەبەردەوامی ئەدەبی دەکەین زۆرجاران هێڵێکی راستەوخۆ دێتە بەرچاومان کەنوێنەرە بەساڵاچووەکان‌و لاوەکانی لقێکی ئەدەبی ناسراو، پێکەوەگرێ دەدات. بەڵام کێشەکە چەندین جار[لەمە] ئاڵۆزترە. هێڵێکی راستەوخۆ لەئارادا نیەو زیاتر دابڕان لەگۆڕێ دایە. تێپەڕین لەخاڵێکی ناسراو، جۆرێك لەشەڕ (لەئارادایە). هەر چەشنە

جیَنشینیەکی ئەدەبی بەر لەهەموو شتێك شەرێکە، جۆرێك لەوێران کردنی بایەخە کۆنەکان و دوبارە دروست کردنەوەی دڵخوازانەی (ئەو جیَ نشینیە) [٦٩]. رای فۆرمالیستەکان لەمەڕ شیعرەوە هێشتاش تازەو سەرنج راکێشە. ئەوان لەهەنگاوی یەکەمدا لەگەڵ یەکێك لە گرنگترین یاساکانی سیمبولیستەکان واتە ئەم رایە کە (شیعر دەربڕینی هزرێك بەیارمەتی وێنەیە) دژایەتیان کرد. بناغەی رەخنەی ئەوان دەتوانین لەبەرهەمەکانی گوستاو شپت بدۆزینەوە. ئەم فیلسوفە دیاردەناسە جەختی دەکرد کە وێنەی شاعیرانە (شتێکی پووچە) ؛ وێنەیەك نیە لەسەر تابلۆیەکی نیگارکێش یان لەسەر لاپەڕەیەکی کاغەز کێشرابێتەوە، وێنە نیە تەنیا دەبڕینێکی خوازەییە. میتافۆریان درکەیەکە کە" ناتوانی بیانبینی"[٧٠]. کەرەستەی سەرەکی شیعر نەوێنەکانن و نە گریمانەکانن و نەدەربڕینی هزر لەرێگەی زمانەوە. کاتێك کە شکلۆفسکی دەیوت کە شاعیران ئاماژەکان ناخولقێنن، بەڵکو دەیان دۆزنەوە واتە لەرێگەی زمانی سروشتی و زمانی پێوەرەوە کۆیان دەکەنەوە[٧١]. بۆ ڕوانگەی گوستاو شپت دەگەڕایەوە. شکلۆفسکی دەیوت کە وشەی خوێن لە شیعرێکدا ( خوێناوی ) نیە، واتە لە خوێنی راستەقینە پێك نەهاتووە، بەڵکو وشەیەکە کۆمەڵە تایبەتمەندیەکی زمانناسانەی خۆی هەیە، لە کۆمەڵە پیتێکی تایبەتی پێك هاتووە، ئاوازێکی تایبەت بەخۆی هەیەو لەپەیوەندی هاونشینی لەتەك وشەکانی دیکەدا واتە (چەند واتای هەمەچەشن) دەدۆزێتەوە، کاری رەخنەگر ناسینی ئەم بونە ئەدەبیەی وشەیەو نەك دیاری کاریە فەرهەنگیەکانی [٧٢]. دەرەنجامی ئەم باسە نەتەنیا گەیشتن بە چەمکێکی نویَو ورد لەمەڕ زمانی شاعیرانەیە، بەڵکو بەشێك لە تیۆرە هەڵەکان یەکسەر بەلاوە دەنیَ. بۆ نمونە شکلۆفسکی ڕوانگەی گەوهەریی سیمبولیستەکانی کە بەهۆیەوە گریمانە شیعریەکان لەچەمکەکان سادەترن رەتدەکردەوەو دەیپرسی کەئایا لێکچواندنی هەورەکان بە ئەهریمەنە کەڕو لاڵەکان لەشیعری بەناوبانگی تیۆچێف دا، وەکو گریمانە، ئاسانتر دەناسرێتەوە یان لەرێگەی وردبوونەوە لە"کایەی زمانی"؟ [٧٣]. ئەم خاڵە کە شیعر بەرلەهەموو شتیَ (یاری لەگەڵ زمان)ە، بناغەکەی بۆ چەمکی (ناسیاوی سڕینەوە)دەگەڕێتەوە. نامۆییو سەمەرەیی زمانی شاعیرانە هەر شیعرێك دەکاتە (بونەوەرێکی تەنیا)و بۆ ئەم مەبەستە شێوازە زمانیەکان زۆر بەکەڵکی شاعیر دێن، کە فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا ژمارەیەك لەوانە ڕون بکەنەوە:





١)_هاوڕێکیو هاونشینی وشەکان لەشیعردا، کەبنەماکەی ئاوازو مۆسیقای واکەکانە کە بەهەر وشەیەك گرنگیو تایبەتمەندیی دەبەخشیَ، هەر وشەیەك بەوتەی مالارمە دەبێتە (خودی هەقیقەت). شێوازەکانی زمانی شاعیرانە (بەکارهێنانی کێشو سەروا، فرە چەشنی سەروا، پێش سەروا، وردبونەوە لە مۆسیقای دەنگی) لەئەنجامدا، وشە یاوشەگەلێك لەشیعردا بەرجەستە دەکەنو لەدۆخی واتایی بەکارهێنانی رۆژانەی جیا دەکەنەوە، تا ببێت بە شتێکی نامۆ، تازە دروست کراو، تەنیاو خاوەنی دەرکەوت )=تجلی = aura و ئەمە سڕینەوەی خوەکانە، ناسیاوی سڕینەوەیە.

٢) خوازەکانی دەربڕینی شاعیرانە (میافۆرو جۆرەکانی خوازە، درکە، لێکچواندنو ئەوەی لە فارسیدا ( حسامیری ) (= هەست ئاوێتەیی)( یان پیَ وتووە ) [٧٤].

٣)_ کورت بێژیو پوخت گۆیی.

٤)_ بەکارهێنانی وشە کۆنەکان "کەدێرین گەراییان پیَ و تووە" [٧٥]

٥)_ بەکارهێنانی تایبەتی پێکهاتەی سینتاکسی نامۆ یان کۆن.

٦)_ بەکارهێنانی ئاوەڵناو لەجێی ناو. ٧)_ لێکدانە واتاییە نویَیەکان.

٨)_ دەربڕینی پشت بەستو بەپارادۆکس [Paradox]ە لۆژیکیەکان.

٩)_ داهێنانی وشەیی، دروست کردنی وشە لێکدراوە تازەکان.

شیعر بەدوای یەکدا هاتنی مۆزیکاڵی وشەکانەو جگە لەزمان ئاماژە بەهیچ واقیعێکی دیکە ناکاو تەنیا لەرێگەی فیداکردنی لایەنی واتایی ئاخێو دەتوانین بڵێن کە شیعر هەیە. شکلۆفسکی لەم بارەوە نوسیی (شیعر دروستکەری ئەم هەستەیە کەشتەکان ناناسرێنەوە بەڵکو تەنیا دەبینرێن) [٧٦]. ئەو نمونەی کە تۆلستۆی هێنایەوە کە وتی:(ناوی شتەکان نەهێنن، بیان کێشینەوە، ئەوەش بەجۆرێك کەگوایە بۆ یەکەم جار دەبینرێن)[٧٧] دروست هەرلەم تایبەتمەندیەی زمانی شیعریدا، واتا لەپاراوییدا لەوێنە گرتن دور ئەکەوینەوە* هەنگاوی یەکەم لەشیعردا جیاکردنەوەو سەربەخۆکردنی هەر بەشێکی واتاییە توخمە شیعریەکان "رەنگدانەوەی رەسەنی واقیع" نینو ئاماژە بەشتی دەرەکی نادەن، بەڵکو لە (چوارچێوەی کەرەستە) لێکدراوە (واتایی)و ناوەکیەکانی خۆیاندا واتا دەدەن بەدەستەوە.

یاکوبسێن نوسیویەتی:(ئەوەی هوسرێل پێواری پیَ دەڵیَ گرنگە. هیچ وشەیەکی شاعیرانە خاوەنی بابەت (ئاماژەی واتایی) نیە. شاعیری فەرەنسی راستی وتبوو کە گوڵی شاعیرانە واتە ئامادە بوونی بۆنی گوڵ)[٧٨]. تۆماشفسکی دەیوت:(شیعر گوتارێکە کەیەکسەر لەسەر بنەمای تانوپۆی

دەنگی خۆی رێکخراوە)[٧٩] و تینیانۆف دەیوت: " لەشیعردا واتای وشەکان لەگەڵ دەنگەکان هاوشان دەبن و لەپەخشاندا دەنگەکان و لەگەڵ واتاکان یەکسان دەبن )[٨٠] رەخنە لەچەمکی (شاعیری وەکوو دەربڕینی هزرێك لەرێگەی وێنەگرییەوە) رەخنە لەنەریتی شیعری سیمبلیستی روسیایە. بەڵام ئەم چەمکە بناغەکەی بۆ تیۆری ئەدەبی ڕۆمانتیك خوازە ئەڵمانیەکان دەگەڕێتەوە رەنگدانەوەکەی دەتوانین لەرەخنەکاری [criticsm] ئەدەبی روسیای سەدەی نۆزدەهەم بدۆزینەوە. بۆ نموونە بلێنسکی بۆیەکەمجار لەساڵی ١٨٢١رێسای (شیعرو وێنە)ی لەوتاری (بیرۆکەی هونەر) بەکارهێنابوو[٨١]. بەڕای شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکانی‌تر ئەم رێسایە زیان بە ئامرازی سەرەکی دەربڕینی شاعیرانە واتاخوازە دەگەیەنێ؛ میتافۆر، خوازەی رەها ([metony my – synecdoche] مجاز مرسل)، لێکچواندن و درکە پێویستیان بەوە نیەکە (ببینرێن)و بەدەرن لەهەرچەشنە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەگەڵ (واقیع)دا.ڕای فۆرمالیستەکان لەمەڕ رزگاربوونی زمانی شاعیرانە لەزمانی رۆژانە، لە(واقیع) هەمە لایەنترین ڕونکردنەوەی خۆی لەبەرهەمەکانی یاکوبسێندا دۆزیەوە.

پەراوێزەکلنی پاری دووەم:...

١_ لەمەڕ مێژووی بزوتنەوەی فۆرمالیستە روسیەکان و ڕون کردنەوەی بنەما بنەڕەتیەکانی تیۆری ئەم رێبازە کتێبی ڤیکتۆر ئێرلیش ئێستەش بەگرنگترین سەرچاوە دادەنرێت. ئەم کتێبە بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٥٥ بڵاو کرایەوە:

**V. erlich, russian formalism, history – doctrine, yale U.P, 1981.**

**2- Ibid, pp, 24- 29.**

٣_ ئەمە ناونیشانی و تارێکە کەمایاکۆفسکی لەسالآنی دواتردا لەساڵی ١٩٢٦ نوسیی:

**mayakovesky. V, selected works, moscow, 1987, vol, 3 , pp, 179 – 211.**





٤_ چەند بڕگەیەك لەم و تارە بەزمانی فەرەنسی و ەرگێڕدراوە:

**R, jakobsen, questiosde poetique, de,T, todorov, paris, 1973, pp, 11 –24.**

٥_ کریستینا پۆمۆرسکا هاوسەری یاکوبسێن، نوسیویەتی کەتیۆرەکانی فۆرمالیستەکان، لەسەرتای کارەکانیانەوە، تەنیا لەسەر بەرهەمەکانی گروپە نویٚخوازەکان چڕ ببویەوە. رنەوێلك رەخنە لەم ڕایە دەگریٚ و دەنوسیٚکە: هەر لەسەرەتاوە، پانتایی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکان لەچوارچێوەی بەرهەمی هاوسەردەمەکانیەوە تێدەپەڕی:

**R, wellek, the attack on Literarure. North caralina, U,P, 1982, pp, 122 – 123.**

**6- V,erlich, op, cit. Pp, 33 –50.**

٧_ لێکۆڵینەوە نێوخۆییەکانی فۆرمالیستەکان لەساڵی ١٩٢٨ لەکتێبدا لەژێر ناوی کێشەکانی تیۆری ئەدەبی بڵاو کر**hdm**وە؛ بەورد بوونەوە لەم لێکۆڵینەوانە بۆمان دەردەکەویٚ کەهەر لەسەرەتاوە لەنێوان شکلۆفسکی و ژیرمۆنسکی رایجیاوازهەبووە. ژیرمۆنسکی دوای هەڵوەشانەوەی بزوتنەوەی فۆرمالیستەکان ڕوی کردە زماننasی. و تارێك کە ئەو لەژێر ناوی ( پەیامی تیۆری ئەدەبی ) لەساڵی ١٩١٩ نوسیبوی، بەردەوام بەیەکێك لەبەلگەنامە تیۆریە گرنگەکانی بزوتنەوەکە دەژمێردرێت:

**V.M, zhermunsky, selected writings, mosscow, 1985, pp, 261, 319.**

**8-A, reformatatsky, "Ann essay on the Analisis of the compostion of the nevel" 20 thcentury studies, kent, U.P. 7-8, 1972, pp, 85 –101.**

**9-A,reformatsky, linguistika poetika moscow, 1991.**

**10-L. trotsky, Literature and revolution, michigan, U.P. 1968, pp, 162 – 183.**

**11-V. shoklovsky, lev tollstoy, trans, o. sharste, moscow, 1988.**

**12-V. erlich, op, cit. P, 120.**

**13-Cahiers du cinema, nos 220 – 221, 1969.**

١٤_ بیروڕاکانی شکلۆفسکی کاریگەریی زۆری لەسەر ئاندری تارکۆفسکی هەبو. ئێستا نەوەی لاوی رەخنەگران‌و سینەماکارانی سۆڤیەت گرنگیان بەنەریتی فۆرمالیستەکان داوە. بروانن‌ە:

**Soviet film, 7, 1990, pp, 12 – 13.**

١٥_ خوێندنەوەی دوو هەڵبژاردە لەنوسینەکانی فۆرمالیستەکان بەزمانی فەرەنسی‌و ئینگلیزی زۆر پێویستە:

**L. matejka and K, pomorska eds, Readings in russian poetics, M.I.T. press, 1975.**

**T. todorov ed, theoriede la litterature, paris, 1966.**

**16- V. erlich, op, cit. P, 171.**

**17- R. jakobson, questions de peotique, paris, 1973, p,15.**

(بەئەدەب بون)م لەبەرانبەر وشەی روسی **Literaturnost** هێناوتەوە، کەلەفەرەنسی‌دا **Litterarite** پێ دەڵێن و لەئینگلیزی‌دا هەندێجار **Poeticalness** و هەندێجار **Literariness**(ی پێدەوترێ).

**18- Ibid, p, 486.**

**19- R. jakobson, selected, writings, the hugue, 1981, vol, 5. P,310.**

**20- R. wellek, op, cit. P, 127.**

**21- R. jakobsen, selected writings, vol, 5. P, 310.**

**22- L. matejka and K. pomorska eds, readings in russian poetics, p, 56.**

**23- Ibid, p, 60.**

**24- Ibid, p, 61.**

**25- Ibid, p, 62.**

**26- V. erlich, op, cit. P, 109.**

**27- T. todoroved, theorie de la Litterature, pp, 120 – 134.**

**28- Ibid, p, 123.**

**29- T. todorov, poetique, paris, 1973, p, 153.**

**30- T. todorov, ed, theorie de la Litterature, p, 133.**

**31- Ibid, p, 134.**





**32- V. erlich, op, cit, pp, 201 – 202.**

**33- R. jakobson, questions de poetique, p, 123.**

**34- V. erlich, op, cit. P,253.**

**35- Ibid, p, 90.**

**36- Ibid, p, 262.**

**37- L.T. Lemon and M.J reiesed, russian formalist,citicism nehraska U,P, 1965.**

**38- Ibid, PP, 12 – 13.**

٣٩_ بەرگی یەکەمی لێکۆڵینەوە لۆژیکیەکانی هۆسرێل لەساڵی ١٩١٢ وەرگێڕدرایە سەر زمانی روسی و گوستاو شپت **[G.shept]** لەکتێبێکدا لەژێر ناوی فۆرم‌و سەرهەڵدانی واتا(١٩١٤) بابەتی نوێی دیاردەناسی بۆ خوێنەرە روسیەکان شی کردبوویەوە. بیروڕاکانی هوسرێل لەمەڕ "دوا رێزمان"و"ڕەهای زمان" کاریگەریی زۆری کردبووە سەر زمانناسە ڕوسیەکان‌و سێرگی کارتسوتسکی هەوڵی دابو تاپردێك لەنێوان بیرەکانی هوسرێل‌و زمانناسیی سۆسێر دروست بکا لە ١٩٢٣دا زۆرلە فۆرمالیستەکان لەپۆلی وانە وتنەوەی (شپت) ئامادە دەبون‌و بەسەر کتێبەکەی‌دا بەناوی بڕگە جوانناسانەکان هەڵیان دەگوت.

**40- L.T. lemon and M.J, reis eds op.,cit pp, 21 – 23.**

**41- V.erlech, op, cit. P, 177.**

**42- T. todorov ed, theorie de la litterature, p, 83.**

٤٣_ سارتەر لەوشەی ئینگلیزی **strangement** کەڵکی و ەرگرتووە.

**44- J.P. sarter, L’idiot de la famille, paris, 1971, vol,2. Pp, 1976 – 1981.**

**45- T. todorov ed, op, cit. P, 128.**

**46- V. shaklovesky, resurreition, Litteraturet, cinema to graphie, paris, 1985. PP, 93 – 101.**

٤٨_ لەوتاری "ڕێبازی نوێی مێژووی ئەدەبی لەروسیادا" لە:

**G, genette, figures I, paris, 1976, p, 167.**

**49- R. jakobson, essais du Linguistique generale, paris, 1963, p. 212.**

**50- T. todoroved, op, cit. P, 109.**

٥١_ گێڕانەوەی یاسایەکی شکلۆفسکی لەساڵی ١٩٢٦دا هێناویەتە گۆڕێ:

**T. todorov, poetique dela prose, paris, 1971. P, 12.**

52- T.todoroved, theorie de la Literature. P, 228.
53- Ibid, p, 49.
54- Ibid, p, 130.
55- Ibid, pp, 263 – 308.
56- U. eco, lector in fabula, trans, M. bouzaher, paris, 1989, pp. 130 – 131.

سەردێڕی سەرەكی و سەردێڕە لاوەكیەكانی كتێبی ئۆمبێرتۆئێكۆ و ەبیرهێنەری و تارەكانی سەدەی هەژدەهەمە: خوێنەر لەچیرۆكدا، ڕۆڵی خوێنەر یان ڕاڤەكاریە هاوئاهەنكەرەكان لە دەقە گێڕانەوەییەكاندا.

٥٧_ شكلۆفسكی توخمە ناچیرۆكیەكانی بە **Adiegetique** ناودێر كردووە.

٥٨_ سەیری وتاری شكلۆفسكی بەناوی "لەبارەی بنەمای كورتە چیرۆك و ڕۆمان" لە:

T. todorov ed, op, cit. Pp, 170 – 176.
59- Ibid, pp, 197 0 211.
60- Ibid, p, 201. N.
61- Ibid, pp, 208 – 209.
62- Ibid, p, 267.
63- Ibid, 273.

٦٤_ هێمایەكی ئاشكرا بە (ماركسیسم)ەكە دەرخەری كاریگەری "گوتاری زاڵ" بەسەر هزری تۆماشفسكیەو شتی لەم چەشنە لەبەرهەمەكانی فۆرمالیستەكان دەبینرێ.ئەمە نمونەیەكە كەپێشتر لەئاماژەكردنی شكلۆفسكی بەخاوەنداریێتی تایبەتیدا دیتمان.

65- A. refarmatesky, "An essay on the Analysis of the composition of the novel" op, cit. p, 90.

٦٦_ چەندینجار هێكمام بۆ ئەو و تارەی شكلۆفسكی كردوە. ئاخن بام لەڕون كردنەوەی ئەم و تارەدا نوسیویەتی: "هونەر چەشنی شێواز وەكوو بەیاننامەی مێتۆدی فۆرماله لەتاوتوێ كردنی بەرهەمە ئەدەبیەكاندا".

67- T. todoroved, theorie de la Litterature, pp, 76 – 97. L.T. lemon and M.J. reis,eds op, cit. P, 16.
68- T. todorov ed, op, cit. P, 50.

٦٩_ لەوتاری "لەمەڕ كامڵ بوونی ئەدەبیەوە" لە:

L. matejka and K. pomorska eds, op, cit. P, 72.





70- V. erlich, op, cit. P, 174.
71- Ibid, p, 175.
72- Ibid, p, 209.
73- Ibid, p, 176.

٧٤_ هەست ئاوێتەیی بریتیە لەو فراوان بوونانەی كەلە زماندا – لەرێڕەوی تێكەڵ بوونی دو هەست لەگەڵ یەكدیدا- دروست دەبێ. میتافۆرو خوازە فۆرمی گشتیی ئەم فراوان بوونانەن و لقێكی دیاریكراو لەم فراوان بوونانە كەلەسەر بنەمای تێكەڵاو بوونی دوو هەست پێك دێ هەست ئاوێتەیی پێ دەوترێ. ) :

م: شفیعی كدكنی "شعر رستاخیز كلمات" موسیقی شعر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٨، ص ١٥.

٧٥_ هەمان سەرچاوەی پێشو. ل ٢٤.

76- T. todorov ed, op, cit. P, 83.
77- Ibid, p, 84. P, 88.
78- R. jakobson, questions de poetique, p, 21.

ئاماژەی یاكوبسێن بەوتەی ئیستفان مالارمەیە.

79- T. todorov ed, op, cit. P, 159.
80- V. erlich, op, cit. P, 213.
81- R. wellek, History of modern criticsm, newhaven, 1965. PP, 252 – 263.

## پاری سێیەم:

# زمان و شیعر: یاکۆبسێن

### روی شاعیرانەی بەهەمێك دەرخەری توخمی نەبینراویەتی

**ناتالی ساروت**

(١)

رۆمەن یاکوبسێن (١٨٩٦_ ١٩٨٢) زماkناس‌و ئەدەبی روسی، تیۆری گەلێکی گرنگی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو دەنگ ناسی (فۆنۆلۆژی)، پێوەندی ناسی، رەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی. ناسینی ئۆستورەکان‌و فۆلکلۆری نەتەوە ئەسلاوەکان، هێنایە ئاراوە. ئەو لەساڵی ١٩١٥ (بازنەی زمانناسی مۆسکۆ)ی دامەزراندو هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەدامەزراندنی بزوتنەوەی فۆرمالیزمی روسی رۆڵێکی گرنگی هەبو. لەکۆتایی دەیەی ١٩٢٠ هاورێ لەگەڵ ترۆبتسکۆی‌و مۆکارۆفسکی (قوتابخانەی زمانناسی پراگ)ی دامەزراند. دوابەدوای داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکی بەهۆی لەشکری ئەڵمانی نازی، یاکوبسێن بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) کۆچی کردو تادوا ساڵەکانی ژیانی لەزانکۆی کەلۆمبیا، هارواردو(ئەنستیتۆی تەکنۆلۆژی ماساچۆسێت) خەریکی وانە وتنەوەی زمانناسی‌و پێوەندی ناسی بو. گرنگترین دەستکەوتی یاکوبسێن لەبواری ئەدەبیەوە کۆمەڵە بەرهەمێکە کەلەمەڕ زمانی شیعرەوە نوسیویەتی‌و، بەبەرهەم گەلێکی زۆر دژوارو (هونەری ـ تەکنیکی) دەژمێردرێن[(١)]. بەڵام کۆمەڵە دەقێکیش هەن کە یاکوبسێن لەناویاندا بەشێوەیەکی سادە بنەما تیۆریەکانی خۆی رون کردۆتەوە [(٢)]. باس کردن لەتیۆری ئەدەبیی یاکوبسێن لە تیۆری پێوەندیەوە دەست پێدەکەم، کەئەو لەنیوەی دووەمی ژیانی فیکریی خۆیدا رێکی خست. تیۆری پێوەندی پێگەیەکی وردو دروستی پەیامی جوانناسانە دیاری دەکاو





بەیارمەتی (ئەم تیۆرە) دەتوانین لەو تیۆرانە تێبگەین کەئەو لەیەکەم ساڵەکانی چالاکیی فیکری خۆیدا لەبارەی شیعرەوە هێنایە بەرباس‌و تاکۆتایی ژیانی پشتگیریی لەو بنەمایانە کرد. یاکوبسێن تیۆری پێوەندی تا ساڵی ١٩٦٠ لەوتارێك لەژێرناوی (زمانناسی‌و تیۆری ئەدەبی) لە کۆمەڵە وتاری مێتۆدی دەربڕین‌و زمان بڵاوکردەوەو چەند ساڵ پاش ئەمە (ئەو وتارەی) بەبێ دەستکاری لەهەڵبژاردەیەکی نوسینەکانیدا بەناوی چەند وتارێك لەبارەی زمانناسی گشتیەوە چاپ کرد [(٣)]. تیۆری پێوەندی یاکوبسێن شەش توخمی پێکهێنەر لە هەر روداوێکی زمانی‌دا بەرجەستە دەکات: هەر چەشنە پێوەندیەك لە(پەیام)ێك پێکهاتووە کەلەلایەن ئاخێوەر یان بەدەربڕینی گشتی‌تر (گەیەنەر)و(وەرگر) دەگوازرێتەوە. ئەمە سادەترین فۆرمی ڕون کردنەوەی پێوەندیە. بەڵام هەر پێوەندیەکی سەرکەوتوو دەبێ سێ توخمی دیکەشی لەگەڵدابێ: (پێوەندی =contact) بەهەردوو واتای جەستەیی‌و فیکری / دەرونی، (کۆد) یان کۆمەڵەیەك لەرەمزەکان‌و هێماکان‌و ؛ دواجار بوارەکە لەپانتاییەکەیدا دەتوانین تێبگەین پەیام چیە. بۆ باشتر تێ گەیشتن لەم رەهەندە تیۆریە، خودی وتاری (زمانناسی‌و تیۆری ئەدەبی) یاکوبسێن لەبەر چاو بگرین. گریمان ئەم وتارە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی‌و من خەریکم دەقی وەرگێڕدراوی دەخوێنمەوە. یاکوبسێن گەیەنەری پەیامە. پەیام واتای کۆتایی (یان واتایی ئەگەری، یان ئاسۆی واتای) نوسینەکەی ئەو بۆمنە. من وەرگری پەیامم. وتارەکە لە (چوارچێوەی) کۆمەڵێك لەهێماکان‌و رەمزەکانی زمانی نوسینی فارسیدا ڕون کراوەتەوە. من لەگەڵ (رەمز)ەکەیدا ئاشنام. لەڕاستیدا، وتارەکە بەزمانی زانستیانەی فارسیی هاوچەرخ وەرگێڕدراوە کە خۆی بە"ژێرمەند [subcod=]"دەژمێردرێ. دەتوانین بڵێن کە وەرگێڕ یا وەرگێڕەکان‌و بڵاوکەرەوەی وتارەکە، خۆیان بەشێك لەئەرکی گەیەنەریان لەئەستۆ گرتووە. بۆ تێگەیشتن لەپەیام دەبێ پێوەندی لەگەڵدا بگرم، واتە ناچارم کە دەقی چاپکراو یان دەستنوسی وەرگێڕدراوی وتارەکە بدۆزمەوە (یان کەسێك بۆمی بخوێنێتەوە). پەیامی یاکوبسێن کاتێك بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕون دەبێتەوە کە پێشتر لەگەڵ بواری گشتی ئەو (پەیامە) ئاشنابم "ئاشنایی لەگەڵ زمانناسی، تیۆری ئەدەبی، تیۆریەکانی دیکەی یاکوبسێن‌و.. هتد" ئاشکرایە، ئاشنایی من لەگەڵ رەمزەکانی زمانی فارسی‌و لەگەڵ بواری پەیامی یاکوبسێن ڕێژەییە. هەتاکو ئەم ئاشناییە زیاتربێ ئەگەری تێگەیشتن لەکۆی پەیامەکە زیاتر دەبێت (٤). هەریەکە لەشەش توخمەکەی

پێوەندی، دروست كەری ئەركی تایبەت بە خۆیەتی. هەڵبەتە ئەگەر ئێمە هەبوونی ئەم شەش لایەنە سەرەكیە لەپێوەندیو بە تایبەتی لەپێوەندی زمانیدا پەسند بكەین، ئەوكات بەسەختی دەتوانین پەیامێك بدۆزینەوە كەتەنیا لەگەڵ یەكێك لەم شەش لایەنە پێوەندی هەبێت. یاكوبسێن ئەركی هەریەك لەتوخمەكانی پێوەندی بەوردی شیكردۆتەوەو هەریەكەو ناوێكی لێناون. ئەو ئەركی گەیەنەر (سۆزداریی) ئەركی بوار(گەڕانەوەیی) ئەركی پێوەندی [contact] (ئاخاوتەیی)ئەركی رەمز (بان زمانی) ئەركی وەرگر ( هەواڵدری )و دواجار ئەركی پەیامی بە (ئەدەبی) ناودێر كردوە [(٥)]. لەهەر پێوەندیەكدا توخمە جیاجیاكان بەشێوەی (ئەركە جیاوازەكان) دەردەكەون. واتە جەخت كردن لەسەر هەریەك لەشەش توخمەكانی پێوەندی، ئەركی زماناسانەی تایبەت دروست دەكا. هەر پێوەندیەك لەچوارچێوەی ئەم شەش ئەركە جێی دەبێتەوەو لەبەشێك لەم پێوەندیانەدا، یەكێك لەم ئەركانە زاڵ دەبێت. بۆنمونە جەخت كردن لەسەر بوار (پەیامی گەڕانەوەیی) دروست دەكاو زۆربەی پەیامەكان بەم چەشنەن. ژمارەیەك لەپەیامەكان سۆزدارینو بۆ گەیەنەر دەگەڕێنەوە (وەكو خوگرتنی ئاخێوەر بە دوبارەكردنەوەی وشەیەك، یان بەكارهێنانی وشە گەلێك وەكو (باشە) ( ئێستا) و.. هتد لەنێوان رستەكاندا)، بەشێك لەپەیامەكان هەواڵدەرینو بەشێوەیەكی راستەوخۆ پێوەندیان بەوەرگرەوە هەیە (وەكو بەكارهێنانی كرداری فرماندان لە " كاتی" قسەكردنی ئاخێوەردا، یان بەكارهێنانی ئامرازی بانگكردن وەك :" هێی ئەی خێوەتچی"هەندێ لەپەیامەكان ئاخاوتەیین، لەرونكردنەوەی ئاخاوتەیدا (كاتێك بەكاردێن) كە مەبەست، واتای راستەوخۆ نەبێ و زیاتر بەپێی راهاتن یان رێكەوتن بوترێ وەكو:"چ منداڵێكی نازدارە!" یان " چ كەش و هەوایەكی باشە" یا وتنی "ئەلەو" لە گفتوگۆ تەلەفۆنیدا ژمارەیەكی دیكە لەپەیامەكان سەرو زمانینو پەیوەندیان بە رەمزەوە هەیە (وەكو پرسیار كردن لەبارەی واتای وشەیی، ئاشكرایە كەمنداڵان پەیامی سەروزمانی بەكاردێنن)و دواجار لەوێدا كەجەختەكە لەسەر خودی پەیام بێ (پەیامی ئەدەبی) نەك لەڕووی ئەركیەوە، بەڵكو (ئەگەر) لەلایەنی جوانناسانەوەیە ئەدەبی بوون یان ( گەوهەری پەیام ) بێتە ئاراوە. كە گرنگترین خاڵی باسەكەی ئێمەیە. گریمان مامۆستایەك بەهۆی رەفتاری كوڕێكەوە گلەیی لەدایكی كردبێ پاشان دایكی لە سوچێكدا قسە لەگەڵ كوڕەكەی دەكا: (باشە نازانم لەكوێوە دەست پێ بكەم.. لەقسەی یەكدی تێ





دەگەین..نا؟ باشە.. لەگەڵ تۆمە..گوێم لێ بگرە.. ئەمڕۆ ژنی مامۆستاكەت تەلەفۆنی بۆ كردمو وتی..) وشەی ( باشە ) كە دوجار دەپات كراوەتەوە، پەیامێكی سۆزداریە، خوی ئاخاوتەیی دایكەكە بەهۆی وروژان یان توڕەیی دوبارە دەكرێتەوە:(نازانم لەكوێوە دەست پێ بكەم) پەیامێكی ئاخاوتەییە؛ لێرەدا مەبەستی دایك واتای راستەقینەی رستەكە نیە. "بەڵكو" وەكوو خویەكی ئاخاوتەیی دوبارەی دەكاتەوە.(لە قسەی یەگدی تێ دەگەین.. نا؟) پەیامێكی پانزمانیە، پرسیارێكە لەچیەتی زمان (سیستەمی نیشانە زماناسەكان ئاشنان بۆ دایكو كوڕ). (لەگەڵ تۆمە)و(گوێم لێ بگرە) پەیامێكی هەوڵداریە. كۆمەڵە فرمانێكە لەبۆ وەرگری پەیام. ( ئەمڕۆ ژنی مامۆستا..) پەیامێكی سەرەكیە، لەشوێنێك دەشێ لێی تێبگەی كە (پێشتر) ڕووی گەڕانەوەیی "ئەو پەیامە"ش زانرابێ، واتە كوڕەكە بزانێ كەدایكو مامۆستا مافی خۆیانە كەپێكەوە لەمەڕ ئەو بدوێن، مامۆستا حەقی خۆیەتی كەلەلای دایكیەوە گلەیی لەرەفتاری نەشیاوی ئەو بكات، تەلەفۆن چیەو.. بەڵام كوڕەكە لەواتای راستەقینەی پەیامەكە چۆن تێدەگا؟ ئەو چۆن دەزانێ كە ڕووداوەكە تا چ ڕادەیەك راستە، مەترسی تەمبێ كردن لە نێواندا هەیە یان ناو..ئەو لەرێگەی پێداگرتنێكەوە كەلە وشەكانی دایكیدا هەیە، ئاوازی دەنگی دایكی، سینتاكسی رستەكان، هەڵبژاردنی وشەكان.. هتد، لەپەیامەكە بەشێوەیەكی تەواو تێدەگا، ئەم ئەركە دواییە بەشێك لە ئەركی ئەدەبیی پەیامە [(٦)]. ئەركی ئەدەبی تەواو، لەوێدایە كە ئێمە رستەكانی دایك بەبێ ئەوە گوێ بدەینە هەڵكەوتی ئەوو كوڕەكەی بخوێنینەوەو لەبارەی زمانی" ئەركی ئەدەبیی تەواو" وردبینەوە. یاكۆبسێن نوسیویەتی: (ئەركی ئەدەبی تاكە ئەركی هونەری زمانی نیەو بەڵام ئەركی زاڵو چارەنووسسازیەتی. لەحاڵێكدا كە لەكردەوە ئاخاوتەییەكانی دیكەدا وەكوو توخمێكی لاوەكیو شوێنكەوتوو كاردەكات ئەم ئەركە بەگرینگیدان بەنیشانەكان، دوو لقی سەرەكی نیشانەكانو بابەت بەشێوەیەكی تەواوترو قوڵتڕون دەكاتەوە) [(٧)]. هەربۆیە دەتوانین بڵێین كەئەركی ئەدەبی بەشێكی جیانەكراوەی زماناسیە كەبەزانستی گشتی پێكهاتە زمانیەكان دەژمێردرێ یاكۆبسێن وتویەتی: ئەركی ئەدەبی نەك تەنیا لەزانستی زمان، بەڵكو لەكۆی تیۆرەكانی نیشانەدا، یان بەدەربڕینیتر لەنیشانەناسیی گشتیدا دەدۆزرێتەوە..لێكۆڵینەوەی زماناسانەی ئەركی ئەدەبی لەچوارچێوەی هونەری شیعر تێ دەپەڕێو لەلایەكی دیكەشەوە شیكردنەوەی زماناسانەی تیۆری ئەدەبیش لەچوارچێوەی ئەركی ئەدەبیدا نامێنێتەوە [(٨)]. تیۆری"

پێوەندی" یاکوبسێن بنەڕەتەکەی بۆ نوسینەکانی کارێل بولێر دەگەڕێتەوە کەلە ساڵی ١٩٣٤دا لەکتێبێك بەناوی تیۆری زماندا رەهەندی پێوەندیانەی خۆی کێشابویەوە(٩). تیۆری یاکوبسێن وەکوو تەواوکەری (رەهەند)ی بولێرە. ئەو لەجێی (ئەرکی بەیانکەری) کەبولێر دایینابو لەچەمکی (هەوڵداری) کەڵکی وەرگرت تا جەختێك بێت لەسەر هەوڵدانی گەیەنەر لەواتاداری پەیامدا. یاکوبسێن زاراوەیی ( ئاخاوتەیی ) شی لە توێژینەوەی مرۆڤناسانەکانی مالیتۆفسکی وەرگرت. بەبۆچوونی مالیتۆفسکی، لەنێو (نەتەوە سەرەتاییی)یەکاندا لایەنی زمانناسانە دەکەوێتە ژێر سێبەری لایەنی خوی ئاخاوتەیی [١٠].

(٢)

ئەرکی ئەدەبیی پەیام، ئاگادار بوون لەلایەنی زمانناسانەی پەیامە. بەڵام زمانی شیعر لەگەڵ زمانی رۆژانە یان ئاسایی جیاوازی هەیە. یاکوبسێن شیعری بە (ئەرکی جوانناسانەی زمان)و( هێرشی رێکخراوو شارەزایانە بۆسەر زمانی رۆژانە ناودێر دەکات [١١]. (یاکوبینسکی)ش لەساڵی ١٩١٩ لەنێوان (سیستەمی زمانی پراکتیکی کەتیایدا توخمە زمانیەکان خاوەنی بایەخ گەلێکی سەربەخۆ نین و تەنیا وەکوو ئامرازێك بۆ پێوەندی دەژمێردرێن )و زمانی ئەدەبی جیاوازی دانابو [١٢]. بەپێی ڕای یاکوبسێن‌و یاکۆبیسکی دەتوانین ئەم باسە بێنینە پێشەوە کەدەقەکان دو گروپن: لەدەقەکانی گرووپی یەکەم. پەیامێکی تایبەتی لەرێگەی زمانێکی ڕون‌و سادە (تا ئەو جێیە کە دەلوێ بەدەر لەهەر ئاڵۆزیەکی ئاخاوتەیی) پێشکەش دەکرێ. ئێمە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە بەگشتی ئاگامان لەزمان نابێت. لێرەدا زمان ڕونەو رەنگە بتوانین بڵێین زمان بە(لاوە دەنرێت) سەرنجی ئێمە تەنیا لەسەر واتای کۆتایی پەیامەو زمان تەنیا ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لەپەیام. دەقەر زانستیەکان لەم گروپەدا جێیان دەبێتەوەو رۆڵان بارت ئەم چەشنە زمانەی بە (پەخشانی زانستی) ناوزەدکردوە. بەڵام لە دەقەکانی گرووپی دووەم، پەیام بەشێوەی دەربڕین بەستراوەتەوە. ئاڵۆزی‌و تەنانەت نهێنیە زمانیەکان لێرەدا بەپلەیەکی باش لەقەڵەم دەدرێت، چونکە پەیام جگە لەم ئاڵۆزیە شتێکی‌تر نیە. لەم دەقانەدا واتای کۆتایی نیە، یان لەپشت راڤەکاریە بێ ئەژمارەکاندا دەشاردرێتەوە. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقانەدا، زمان ئامادەیە، زیندویەو ناچارمان دەکا تا لەبارەیەوە تێفکرین، هەندێ جار نەناسراو هەستەمە، هەندێ جار ئەم هەستە لەلامان دروست دەکا کەلە بنەڕەتدا بەربەست‌و





لەمپەرێکە "لەبەردەمی" تێگەیشتندا. بەڵام بەڕاستی لێرەدا زمان رێگەی هێنانە گۆڕو تێگەیشتنی واتا بێ‌ئەژمارەکان ئاوەڵا دەکات. لەدەقەکانی گروپی یەکەم، خولقێنەری خوێنەر لە کەمترین ئاستدایە، تەنیا دەبێ زانستی پسپۆرێتی یان‌و شیاریەکی ئاسایت هەبێ لە پەیام (تێ بگەی). بەڵام لەدەقەکانی گرووپی دووەم خوێنەر دەبێ خۆی واتا، لەرێگەی ڕامان‌و وردبونەوە لەئاڵۆزیەکانی زمان، بخولقێنێ. یاکوبسێن لەیەکێك لە یەکەمین بەرهەمەکانی خۆیدا نوسیی: ( واتای گوزارە [utterance]ی ئەدەبی لە دەربڕیندا جێگیر دەبێت )و لەدوا بەرهەمەکانیدا لەمەڕ ئەرکی ئەدەبیەوە باس لەزمان ( کەلەسەر خودی پەیام جێگیر دەبێ ) کرد. لەبنەمای هزری ئەودا لەمبارەوە، جیاوازیەك دروست نەبووە. بەهەر حاڵ ئەو تەم‌ومژو توانج پۆشی واتای بەگرنگترین توخمی دەقی ئەدەبی دەزانێ. بنەمای ڕای یاکوبسێن لەمەڕ شیعرەوە لەم (واقیع)ە گشتی‌یە زمانناسانەیە دەست پێ دەکا کە نیشانە لەگەڵ ئاماژەکەر (یا ئاماژەپێکراو) جیاوازە. یاکوبسێن دەڵێ کە ئەم (پێچەوانە هاتن)ە گرنگیەکی بنیاتی هەیە (چونکە بەبێ ئەو پێچەوانە هاتنە" پەیوەندی نێوان نیشانەو بابەت دەبێتە پرۆسەیەکی خۆبەخۆو تێ‌گەیشتن لە(واقیع) نایەتە ئەنجام‌و لەنێو دەچێ" [١٣]. کەوابو ( توانای شاعیرانەی زمان ) هەمان (سروشتی شیعری)یە[١٤]و خاڵی سەرەکی بەبۆچوونی یاکوبسێن ناسینی پەیوەندیی (نیشانە)و(واتادار [referent]ە واتە ناسینی (روانگەی شاعیر بۆ زمان) "ە نەك روانگەی ئەو بۆ واقیع". جیاکاریەك کە یاکوبسێن لەنێوان نیشانە ئاماژەکەر دەی دۆزێتەوە، بناغەکەی بۆ باسی هۆسرێل دەگەڕێتەوە. فەیلەسوف لەنێوان بابەت کە(واقیع)ی دیاردەیی یان "نا زمانی"یە " وەکوو درەخت لەجیهانی دەرەکی"و (واتا) بەمانای تێ‌گەیشتنی گشتی ڕێگەیەك کە(بەهۆیەوە) بابەتێك بەیان دەکرێت وەکوو وشەی (درەخت) (جیاوازی دانابو. بەدەربڕینی‌تر هوسرێل واتای بەدیاردەیەکی بان زمان نەدەناسی، بەڵکو بەبەشێك لەنیشانە زمانیەکانی دەزانی. تروتان تۆدۆرۆف لە(رەخنەی رەخنەکاری)دا کە توێژینەوەیەکی کورتە لەمەڕ رەخنەی ئەدەبیی ئەم سەدەیە، بەدوای بناغەی ڕای یاکوبسێن دەری خستوە کەلە بەرهەمەکانی فۆرمالیستە روسیەکاندا تانوپۆیەکی تیۆری) لەمەڕ جیاوازی (زمانی رۆژانە) و(زمانی ئەدەبی)دا هەبوو تانو پۆیەك بوو کە یاکوبینسکی لەوتاری (خاڵ گەلێك لەبارەی زمانی شاعیران) هێڵە گشتیەکانی کێشایەوە:

ئەگەر زمان بخرێتە خزمەت ئامانجێکی تەواو پراکتیك‌و گەیەنەریەوە، لەگەڵ سیستەمی زمانی پراکتیکی سەرو کارمان هەیە، کەتیایدا دەربڕینی ئاخاوتەیی (دەنگەکان،توخمە مۆرفۆلۆژیکیەکان‌و..هتد) بایەخێکی سەربەخۆیان نیەو تەنیا وەکوو ئامرازێك لەخزمەتی پێوەندیدا دەناسرێتەوە. بەڵام دەتوانین سیستەمێکی زمانی دیکەش بهێنینە گۆڕێ کەتیایدا ئامانجی پراکتیك لەپاشبەستێن[postcontext]جێی دەکرێتەوە. هەرچەند یەکسەر ناشاردرێتەوەو دەربڕینی زمانناسانە گرنگ دەبێت‌و دەبێتە خاوەندی بایەخێکی سەربەخۆ[١٥]. شیعر چاکترین نمونەیە لەم (سیستەمێکی زمانی دیکە)یەدا. بەڵام دەبێ بزانین کە یاکوبینسکی ئەم ڕایەی خۆی تەنیا لەئاستی تیۆری ئەدەبی‌دا نەهێناوەتە بەر باس، بەڵکو (ئەو ڕایە) بەدەرەنجامی تیۆریەك دەزانێ کە(پانتاییەکەی کردەوەی مرۆیی‌یە) . بەڕای ئەو دەبێ لەنێوان ئەو دەستە لەکردەوە مرۆییەکان کە بایەخی ناوەکیان هەیەو ئەو کردەوانەی کە ئامانجیان لەدەرەوەی ئەواندایە، جیاوازی دابنێین. بەم پییە (زمانی پراکتیك) پاساوەکەی لەدەرەوەی خۆیدا دەدۆزێتەوە، واتە لەتێپەڕینی هزردا، یان لەپێوەندیی نێوان کەسەکان. ئەم زمانە وەکوو ئامرازە. بەڵام زمانی شاعیرانە یان ئەدەبی زمانێکی ناوەکیە. ئەم زمانە (خۆبەخۆیە)، مایاکۆفسکی دەیوت: (زمانی شاعیرانە لەدەرەوەی پانتایی ئەرکی واتاناسانەدایە) کاتێك کەئاخن بام لە(زمانێك کەلەسەرووی هزرەوەیەو خلبنیکۆف لە( وتەی سەربەخۆ) دەدوان، هەر ئەم جیاکردنەوەی زمانی ئەدەبی لە زمانی پراکتیکی یەیان مەبەست بو. شکلۆفسکی تەواوەتی شیعری یەکسەر بەرزگار بوون لەزمانی پێوەرو رۆژانە دەزانی‌و بەجۆرێك لەواتای ) لەقەڵەم دەدا.( کە (مەبەستی گەیشتن بە ( وتەی بان زمانی‌و سەرو هزریە ) . چاوگەی بڕواهێنان بەجیا بوونەوەی دەربڕینی ئەدەبی لە زمانی رۆژانەدا سەرەتا بۆ تیۆری ئەدەبیی رۆمانتیك خوازە ئەڵمانیەکان، پاشان بۆ نوسینەکانی ئیمانوئێل کانت‌و فیلیپ مۆریتس دەگەڕێتەوە[١٦]. مۆریتس لەنوسینە سەرەتاییەکانی خۆیدا لەمەڕ جوانناسی (١٧٨٥)پێی دادەگرت کەلەئارادا نەبوونی ئامانج لەهونەردا (ئامانج بەواتای ناسراوو ئاسایی وشە) بەواتای هەبوونی ئامانجێکە لەنێو خۆیدا:(بەرهەمی هونەری‌و بابەتی جوانی لەمندا تەنیا چێژێکی هەڵقوڵاو لەو بەرهەمە، دەخولقێنێ. بابەتی هونەری لەگەڵ بابەتی جوانیی خۆ) بابەتی هونەری( ی (کامڵ) دەکات)[١٧]. " ئەمە" یاسایەك بو کەهەر بەم شێوەیە لە ( فەلسەفەی هونەر) ی شیلینگدا دوبارە کرایەوە. شیلینگ





گوتی:(بەرهەمی شاعیرانە.. تەنیا بەهۆی جیابوونەوە لەو ئاخێوی کە خۆی دروستکەری(بەرهەمی شاعیرانەیە)و هەروەها "جیابوونەوە" لەتەواوەتیی زمان دێتەبەرهەم). (ئۆگۆست‌و یلهلۆم شگێل)یش رێساکان‌و شێوازەکانی زمانی شاعیرانەی بەئەنجامی سروشتیی سەربەخۆیی وتەی شاعیرانەو (دروستکەری مەودا) لەقەڵەمدا. یاکوبسێن لەدەقێکدا کەتا ڕادەیەك کەلە ژیاننامەیەك کەخۆی نوسی بێتی دەچێ، باسی لەکاریگەریەك کرد کەلە ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٥ لەدیدی (سەربەخۆیی زمانی هونەری) لەبەرهەمەکانی توالیس‌و مالارمە وەریگرتووەو نوسیی کە بیرکردنەوەی نوالیس لەمەڕ (سەربەخۆیی فۆرم)کاریگەریەکی چارەنووسسازی لەسەر هەموو فۆرمالیستەکان هەبووە[١٨]. ئاخن بام کارە گرنگەکانی فۆرمالیستەکانی لەبواری شیعردا لەوتاری (تیۆری مێتۆدی فۆرمال)دا روونکردەوە[١٩]. ئەو نوسیی کەیەکەم جار یاکوبینسکی باسی لەسەربەخۆیی زمانی شاعیرانە کردوە، یا یاکوبسێن پشتیوانی لەم تیۆریە کرد، پاشان ئوسیپ بریك لەگوتاری (لەمەڕ خوازەو کێش) کێشی بە (بنەمای شیعر) ناودێر کردو وتی:(کێش بۆ شیعر وەکوو ئەلفوبێ‌یە بۆ خوێندن). هاوکات لەگەڵ دواندەریی بریك ڤیکتۆر ژیرمۆنسکی رێساکانی کێشی شیعریی دڵداری لەوتارێکدا ڕونکردەوە. لەم نێوەدا وەرگێڕانی کتێبی ئوسکار والسێل لەژێر ناوی کێشەی فۆرم لەشیعردا (١٩٢٣)بڵاو کرایەوەو کاریگەریەکی زۆری لەسەر پەسەند کردنی ڕای فۆرمالیستەکان لەلایەن بیریارە لاوەکانەوە هەبوو. ئاخن بام خەریکی لێکۆڵینەوەی ئاوازی شیعر بوو تیۆرگەلێکی پێشکەش کرد کەلە پێشبینی نێو توێژینەوە فۆتۆلۆژیکیەکانی مۆکارۆفسکی دەچن. تۆماشفسکی لەتوێژینەوەیەکدا لەبارەی (شیعری پوشکین) کارەکەی ئاخنبامی تەواو کرد. ئەو لایەنی موزیکاڵی شیعری لە فۆرمی ئاخاوتەیی خۆیدا (دکلاماسیون) هێنایە ئاراوە.وتاری یاکوبسێن لەبارەی شیعری چیك یەکەم هەنگاو لەپێناو هێنانە گۆڕێ تیۆریەکی گشتی لەبارەی شیعرەوە بوو. ئەو نیشانیدا کە شیعر نەك تەنیا خۆی لەگەڵ ڕۆحی زمان ناگونجێ، بەڵکو فۆرمی شیعری بەکارهێنانێکی جیاوازو تازەیە لەزماندا. یاکوبسێن پێی داگرت کەهەر چەند شیعر لایەنە سۆزداریەکانی زمانی پێوەر بەکاردێنێ بەڵام ئەم کارە بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خۆی ئەنجام دەدا. لێکچونی ئەم دو خاڵە دەبێتە هۆی ئەوەکە بە شێوەیەکی هەڵە ئەم دوانە بەیەك شت لەقەڵەم بدرێن (زمانی پێوەرو زمانی شیعری)و بەهۆی ئەم هەڵەیەوە، لەهەنگاوی دوایدا جیاوازی چیەتیی ئەرکە دوفاقی [ambivalence]یەکانی

زمان پشت گوێ بخەن. بەم چەشنە یاكوبسێن لەبابەتی سنووورداری وتارەكەی واتە شیعری چیك تێپەڕی‌و بنەمای تیۆریەكی نوێی لەمەڕ شیعرەوە دارشت، كارێك كەچەند ساڵ دواتر تینیانۆف لە كێشەی زمانی شاعیراندا درێژەی پێدا. ئەو بەجۆرێكی تایبەتی لە واتاناسیی شیعری كۆڵیەوەو خاڵی گرنگی واتای وشەكانی لەپێكهاتەی شیعری دا هێنایە گۆڕێ: (لەشیعردا سیستەمی واتاناسانەی وشەكان، هەمان سیستەمی ناسراوی زمانی پێوەر نیە). ئەم ئاماژە واتایی‌و ئەبستراكتو بەتەنیای وشانە لەپێوەندیی لەگەڵ(هاونشینی [syntagmatice])یان پێگەی زماناسانەی وشە لەنیوە دێڕەكاندا بەدەست دێت. هەرلەبەر ئەم هۆیە یاكوبسێن‌و فۆرمالیستەكان وەرگێڕانی شیعریان بەزمانێكی تازە لەئەنجام نەهاتو دەزانی، چونكە لەوەرگێڕانی شیعردا بەردەوام واتایەكی تایبەتی یا واتا گەلێكی چەند فاقی لەنێوان كۆی هاوواتاكانی وشەدا لەدەست دەچن. یاكوبسێن بەراشكاوی نوسیی كە لەوەرگێڕانی شیعریدا راڤەی وەرگێر لەبۆ وشە وەردەگێڕدرێت نەك خودی وشە لەپاری دوازدەیەمی كتێبی وتووێژەكاندا یاكوبسێن دەڵێ كاتێك وەكو هەڵەچنی، وەرگێڕانە جیاجیاكانی شیعرەكانی پوشكین بەدو زمانی پۆڵۆنیایی‌و چیكی تاوتوێ دەكرد؛ لەرەوتی ئەو تاوتوێ كردنەدا زانی كە بەشێك لەوشە شیعریەكان — لەراستیدا بەشێك لەبابەتە شیعریەكان- ناتوانرێ بەزمانێكی دیكەو هەربگێڕدرێنەوە[٢٠]. (مۆكارۆفسكی)ش لەمەڕ ئەم خاڵە واتە وەرگێڕانی شیعرەكانی پوشكین بەزمانی چیك رایەكی لەم چەشنەی هەبو. ئەو لەو باوەڕەدا بو كەدەقی ئەدەبی وەرناگێڕدرێتەوەو نمونەی هێنایەوە كە (ئكسان تونیك) لەزمانی روسیدا لە بڕگەی وشەكاندا شوێن گۆڕكێ دەكات، بەڵام لەزمانی چیكدا تەنیا لەسەرەتای بڕگەی وشەوە دێت. هەربۆیە كاریگەریەك كە شیعرێكی پوشكین دەیخاتە سەر خوێنەری دەقە روسیەكە هەرگیز"ئەو كاریگەریەی" لەسەر خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوە چیكیەكە نیەز یاكوبسێنیش لەوتاری(تیۆری ئەدەبیی رێزمان، رێزمانی تیۆری ئەدەبی)دا، باسی لەسروشتی ناچارانەی ژمارەیەك لەرێساكان كرد لەهەر زمانێكدا. بەبۆچوونی ئەو پێوەندیەك لەنێوان ئەم سروشتەو نەبوونی توانای وەرگێڕانی ئەو رێسایانە لەهەر زمانێكدا، هەیە. یاكوبسێن وەرگێڕانی(نێوان زمانی[interltigule]واتەگۆڕینی نیشانە وتەییەكانی زمانێك بۆ نیشانە ئاخاوتەییەكانی زمانێكی دیكەی بە (یەكێك لەجۆرەكانی وەرگێڕان) دەزانی‌و هەوڵی دەدا تا ڕێسای گشتی گۆڕینی نیشانە زمانیەكان





بدۆزێتەوە. ئەو لەوتاری لایەنە زماناسانەكانی وەرگێڕان )دا (١٩٥٩)[٢١]. سێ جۆرە وەرگێڕانی لێك جیاكردەوە:

١) وەرگێڕانی(نێو زمانی diachroic یان دوبارە گوتنەوەی ڕاڤەی نیشانە زماناسەكان بۆ نیشانە زماناسانەكانی دیكە، ئەگەر هاتو هەردو گرووپی نیشانەكان سەربە یەك زمان بن. وەكوو ڕاڤەی دەقێكی كۆنی فارسی، بەزمانی فارسیی ئێستا.

٢) وەرگێڕانی ( نێوان زمانی [interlinguale]، یان ئەو شتەی كەبە شێوەیەكی باو بەوەرگێڕان لەقەڵەم دەدرێت:"واتە" ڕاڤەی نیشانە زماناسەكانی زمانێك بۆ نیشانە زماناسانەكانی زمانێكی دیكە.

٣) وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی [intersemiotics]یان وەرگێڕانی نائاخاوتەیی، یان راڤەی نیشانە زماناسەكان بۆ نیشانە گەلی سیستەمەكانی دیكەی سیمبۆلۆژیك وەكوو دروست كردنی فیلمێكی سینەمایی لەبەرهەمێكی ئەدەبی، یان كێشانەوەی وێنەگەلێك لەسەر بنەمای چیرۆكەكانی كتێبی پیرۆزو جۆری یەكەم، كتومت هەمان گۆ كردنی واتایی نیە هاوواتا وشەییەكان هەمیشە كۆمەڵە جیاوازیەكی وردیان لەگەڵ یەكدیدا هەیە. (بێ توانایی)و(بێچارەیی) لەوانەیە لەفەرهەنگی وشەكاندا هاوواتابن و بەڵام كتومت یەك واتایان نیەو لە چەندین بواری جیاجیادا بەكاردێن. لەلایەكی دیكەشەوە بە گۆڕان لە فۆرمی ئاخاوتندا واتاش گۆڕانی بەسەردادێ. ئەو گوند نشینەی كەڵەگەڵ هاورێكەیدا دەڵێ:(چ شەوێكی ناخۆشە، هەوا گەرمی كردووەو) باس لەشەوێكی تایبەت دەكات. بەڵام نیما (یوشیج) كاتێك دەڵێ: (شەو هەیە/ شەوێكی گەرمو لەشەوێكی تایبەتی دەدوێ بەڵام كاتێك نیما دەڵێ " شەو هەیە هەوا گەرمەو خاك.. " هێما بۆ گشتێك دەكات، كەلەزمانی شیعردا هێمایەكە بۆ كەش و هەوای دڵرفێنی ژیان‌و دركەیەكیشە بۆ داخراویی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی. لەجۆرەكانی دووەم‌و سێیەمی وەرگێڕاندا، كە یاكوبسێن هێناویەتە بەر باس، ئاسانتر دەتوانین (گۆڕانی واتایی) نیشان بدەین، بەدەربڕینی‌تر هەرچەند دەكرێ یەكەكانی رەمز بە وردترین شێوە لەزمانی یەكەم (زمانی سەرەتا) بەزمانی دووەم (ئەو زمانەی كە وەرگێڕانەكەی پێ كراوە) و هەربگێڕدرێت، بەڵام ئەنجامی كارەكە، گەیشتن بەواتای سەرەكی لێ ناكەوێتەوە[٢٣]. هاوواتای وردی واتاناسانە لەوەرگێڕاندا دەست ناكەوێ. هەربەو چەشنە كە وشە هاوواتاكان لەیەك زماندا خاوەنی واتایەكی یەكسان نین، وشە هاوئاستەكانی تریش لە زمانە جیاجیاكاندا واتاگەلێكی یەكسانیان نیە هەروشەیەك وەبیر

هێنەری (واتای ناوەکی) زۆرە کە ژمارەیەکیان لەوەرگێڕان نایەن‌و هەموو واتاکان بەهۆی وشەیەکەوە وەرناگێڕدرێن. لەشیعردا زمان بەکەڵکی خولقاندنی واتای فرە چەشن دێت‌و گواستنەوەی ئەم هەموو واتایە لەرێگەی وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی دیکە یان دەربڕینی دیکە ئەنجام نادرێت. لە شیعردا خودی زمان گرنگەو (ئامانج داهێنانی ئاخاوتەییە). گواستنەوەی واتا ناوەکیەکان یان ئەو کاریگەریە سۆزداریانەی کەهەڵقوڵاوی بەکارهێنانی رێسا شاعیرانەکانن (لەهاونشینی واتای وشەکان تا کێشی شیعرو..)کەلەزمانێکی تایبەتی‌دا دروستدەبن،"گواستنەوەیان"بۆ زمانێکی‌تر ئەستەمەو نایەتە ئەنجام: ( شیعر بەپێی پێناسەکەی خۆی وەرناگێڕدرێت. تەنیا دەتوانی شوێن گۆرکێی داهێنەرانە ئەنجام دەی: یان شوێن گۆڕکێ لەنێو زمانێکدا ـ لەفۆرمێکی شاعیرانە بۆ فۆرمێکی دیکە ـ یان شوێن گۆڕکێ لەزمانێك بۆ زمانێکی دیکەو یان لە کۆتاییدا، شوێن گۆڕکێی نێوان نیشانەیی ـ لەسیستەمێکی نیشانەیی بۆ سیستەمێکی‌تر بۆ نمونە لەهونەری ئاخاوتەیی بۆ مۆسیقاو یان سەما، یان سینەما، یان نیگار کێشان) [٢٣]. لێرەدا خاڵێکی گرنگ دێتە گۆڕێ: بەپێی لۆژیکی یاکوبسێن و مۆکارۆفسکی ـ شیعر وەرناگێڕدرێت. واتە ناتوانین شیعر (وەکو دەقی رەسەن) بەچەشنێکی وردو تەواو وەرگێڕینە سەر زمانێکی‌تازە. لەم رێگەیەدا بەربەستی زمانناسانەو واتاناسانە هەن‌و ناتوانی بەسەریاندا باز بدەی. بەڵام چ دەبێ ئەگەر چاوەڕوانیی گوێگر: "یاخوێنەر" لەرورووبوونەوەی لەگەڵ دەقی (وەرگێڕدراوی شیعرێك) لەبنەڕەتدا ئەوەنەبێ کە دەقی رەسەن لەنێو سیستەمی نیشانەکانی زمانی تازەدا، بەبێ هیچ جیاوازیەك بدۆزیتەوە؟ ئەگەر خوێنەر لەگەڵ ئەم(دەقی نوێ)یەدا وەکوو شیعرێکی نوێ بەرەوڕوبێت‌و وەکو (واقیع)ێکی نوێی ئەدەبی پەسەندی بکات‌و لەفیکری ئەوەدا نەبی کەلەگەڵ(دەقی کۆن‌و رەسەن)دا بگونجێت، چ ڕودەدات[٢٤] یاکوبسێن‌و فۆرمالیستەکان کەشیعر نەئایدیا گەلێکی بەیانکراوەو نەڕون کردنەوەی‌گریمانەکان‌و وێنەکان. لەلایەکی‌ترەوە ئەمەشیان وتووە کە (نیازی نوسەر)و بەگشتی ئامادەیی ئەدەبیی نوسەر گرنگ نیە. ئەوان شیعریان تەنیا بەرووداوێکی، زمانی ناسیوە. کەوابو دەبێ دانی پێدا بنێن کەلە و ەرگێڕانی هەرشیعرێکدا،(شیعری نوێ) یان (دەقی دووەم) خۆی ڕووداوێکی زمانیی تازەیە. بەپێی هەمان ئەو رێسایانەی کەلەمەڕ "دەقی سەرەکی" واتە شیعر لەزمانی یەکەمدا بەکاردەهات" بەمەبەستی ئەوەکە" تا ڕون بکاتەوە جوانە یان نا، ئەم شیعرە تازەیە دەتوانێ جوان یان ناشیرین





بێت. بۆ نمونە وەرگێڕانێك لەشیعری ریلکە (چامەکانی دینۆ) چەندین سال لەمەوبەر وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی ئەوەندە ورد نیە [٢٥]. ئێستا وەرگێڕانی نوێی ئەم شیعرە بڵاو کراوەتەوەکە ( وردتر )ە "واتە لەچەقی (ویستی شاعیر) نزیکترە" [٢٦].

بەڵام وەرگێڕانی یەکەم (شیعرێکی ئینگلیزیی) جوانترە. هیچ کام لەودو وەرگێڕانە شیعری ریلکە نین (ئەو شیعرە تەنیا بەزمانی ئەڵمانی هەیە)، هەردوکیان ڕووداوگەلێکی تازەن و یەکەمینیان چەند بەرابەر جوانترە، جوانترە لەزۆربەی شیعرەکانی شیعرە ئینگلیزیەکان.ئەم" واقیعە ئەدەبیە نوێیە" تەنیا پێوەندیەکی نێوان دەقی [intertextuality] لەگەڵ (شیعرە رەسەنەکە)دا هەیە. بەلام ئەمانە دو جیهانی جیاوازی واتایین، جیا لەلێکچونەکان‌و نزیکایەتیەکان‌و دواجار هەرهەمان ئەو مەودایەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە کەکەرەستەکانی دەربڕینی شاعیرانە لەهەردو زمانی ئەڵمانی‌و ئینگلیزی لەدەیە سەرەتاییەکانی ئەم سەدەیەدا، لەگەڵ یەکدیدا هەیانبو. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئێستەکە شیعر ەرناگێڕدرێت، ئایا وەرگێر ( ئازاد )ە کە (دەقی رەسەن) پشت گوێ بخات بۆ ئەوەی بتوانێ شیعرێکی تازەو جوان بخولقێنێ؟ بەراوردی وردبینانەی ئازادی وەرگێڕی شیعرو پێوەندیەکانی نێوان دەقی دووشیعر، لێکۆڵینەوەی سەرەکین کەهێشتا لەبارەیانەوە زۆر نەکۆڵراوەتەوە.

یاکوبسێن لەساڵی ١٩١٩ نوسیی:(خاڵی سەرەکی‌و دەگمەنی شاعیری، ئاراستە کردنی (شاعیریە) بەرەو دەربڕین)(شاعیری هیچ نیەجگە لەگوزارە) =دەربڕاو =untterance(کەبەرەو دەربڕین ئاراستە دەبێت)[٢٧]. یاکوبسێن ئەم جەختەی لەسەر ( دەربڕین ) لەساڵی ١٩٣٣ دوبارە بەم چەشنە هێنایە بەرباس: ( لایەنی شاعیرانەی ئاخێو لەم خاڵەدا ئاشکرا دەبێت کە وشە چەشنی وشە بەکاردێت نەك وەکوو جێ نشینی سادەی شتێك یان دەربڕینی هەستیارانە ) [٢٨]. ژێرار ژێنت نوسیویەتی: ( لەبیرم نیە کەلەسەر شریتی بەرگی کام لەبەرهەمەکانی ریمۆن کۆنۆ ئەم گفتوگۆ خەیاڵیە چاپ کرابو: (ئیستالین: کێی لەێوە کە بەئاو نەڵێن ئاو قازانج دەکا؟ کۆنۆ: من) [٢٩]. یاکوبسێن جەختی لەسەر ئەم ڕا دیاردەناسانەیە کرد کە وشە دەبێ وەکوو"خودی وشە" لەبەرچاو بگیرێ نەوەکو (ئاماژە بەشتێکی دەرەکی لەزماندا). لە (وتار گەلێك لەبارەی زمانناسی گشتیەوە) نوسیی کە لەشیعردا ئامانج خودی وشەیە نەك ئەو شتەی کە وشە دەری دەبڕێ. لەدەقێکدا کەلە دواساڵەکانی ژیانی یاکوبسێندا بڵاوکرایەوە [٣٠]، ئەو نوسیی

کەبناغەی ئەم ڕایەی خۆی دەبێ لەبیروڕاکانی هوسرێلدا بدۆزینەوە و و تی کەلەساڵی ١٩١٢دا کەهێشتا قوتابیی قۆناغی دواناوەندی بوو " تەمەنی" لەشازدەساڵ تێنەدەپەڕی، " لەرێگەی" خوێندنەوەی شیعرەکانی نوالیس‌و مالارمە زانیبووی کەواتای شیعر خودی شیعرەو سروشتی ئاماژە ئاسای (شیعر) گرنگ نیە. نوالیس شیعری بە (دەربڕینی لەپێناو دەربڕین) ناودێر کردبوو، ئەم رستەیە وەکو تیشکێك هەمیشە رێ ڕونکەرەوەی یاکوبسێن بوو. تۆدۆرۆف پێی داگرتووە کە یاساکەی نۆوالیس یەکێك لەگرنگترین سەرچاوەکانی تیۆری فۆرمالیستەکانە لەبارەی شیعرەوەو هەرچەشنە هەوڵدانێك بەمەبەستی پێناسە کردنی "ئەو یاسایە" یان ڕون کردنەوەی واتاکەی لەرێگەی پەخشانەوە بەئەنجامێکی هەڵە دەگات[٣١]. لەزۆربەی کتێبەکاندا هەوڵ دراوە تا(شیعرە هەستەم‌و ئاڵۆزەکان)ی شاعیران لەرێگەی پەخشانەوە (واتاکەیان لێك بدرێتەوە) . واتە شیعر لەتاکە هۆی هەبوونی خۆی- زمانە تایبەتیەکەی ـ جیابکرێتەوە؛ وازانراوە کەبەجیا لە فۆرمی دەربڕین هێشتا دەتوانێ واتایەکی هەبێت. (راڤەی سودی) چەند سەدە لەمەوبەر بەمەبەستی (لێکدانەوەی) شیعرەکانی حافێزی شیرازی نوسرا، کە نەراڤەیەك لەسەر ئەو شیعرانەو نەڕونکردنەوەی دژواریەکانی. لاسایکەران‌و قوتابیانی سودی هەبوو. تەنانەت ئێستەشی لەگەڵدا بێت پێیان وایە کەدەتوانرێ واتای دێڕە شیعرەکانی حافێز لەژێریانەوە بنوسرێ. ئەنجامی گاڵتەجاڕانەی کاری ئەوان وەبیر هێنەری کاری ئەو نوسەرە فەرەنسیەیە کەهەوڵی دەدا شیعرەکانی مالارمە (بەزمانی پەخشان) وەربگێرێ؛ واتە واتاکەیان دابڕێژێتەوە (لەم کارەدا بەقەد لاسایی کەرەوەکانی سودی) شێلگیر(بوو) مۆریس بلانشۆ لەرەخنەکردنی ئەم مێتۆدەدا نوسیی:

بەرهەمی شاعیرانە ئاماژەیەکی واتایی تەنیای هەیەو پێکهاتەکەی رەسەنەو سادەنەکراو.. یەکەمین سروشتی ئاماژەی واتایی شیعر ئەمەیە کەهیچ چەشنە گۆڕانێکی لواو لەزمانێکدا "کەخودی شیعرەکە" بەو "زمانە" بەیان دەکرێ، پەسەند ناکا. لەزمانی ناشاعیرانەدا دەتوانی لەدەسەلاتی زمان رزگار بی، بەڵام لەزمانی شاعیرانەدا، بەتەواوی بەپێچەوانەی زمانی ناشاعیرانە، شیعر تەنیا لەتاکە فۆرمێك کە " خۆی" لەنێویدا بەیان دەکرێ، هەیە. واتای شیعر جگە لە"چوارچێوەی" کۆی شیعر لەشوێنێکی دیکەدا نیە، تاوەکو فریای ئەوە بکەوین کەلەو فۆرمە





کەبەخۆیەوە گرتوویەتی جیای بکەینەوە، لەنێو دەچێ. ئەوەی بەشیعر واتا دەبەخشێ، کت و مت هاوڕێیە لەگەڵ ئەو شتەی کەهەیە [٣٢].

بڕوا بەسەربەخۆیی زمانی شاعیرانە لەواتا، تەنیا ڕای فۆرمالیستەکان‌و یاکوبسێن نەبوو، ژان پۆل سارتەریش لە کتێبی (ئەدەبیات چیە؟) شیعرو پەخشانی لێك جیا کردۆتەوە: (شیعر وشەکان وەکو پەخشان بەکار ناهێنێ. تەنانەت دەبێ بوترێ کەلە بنەڕەتدا بەکاریان ناهێنێ. واتە (کەڵك) لەوشەکان وەرناگرێ. دەبێ بڵێم کەسوودیان پێدەگەیەنێ. شاعیران لەو کەسانەن کەناچنە ژێرباری کەڵك وەرگرتن لەزمان، بەواتا نایانەوێ وەکوو ئامرازێك کەڵکی لێوەربگرن بەدوای (ناولێنانی) جیهان ناکەون[٣٣]. ئەم ڕوانگەیە سەرەتا ڕووی لە ئەرکی زمان لەئەدەبیاتەو نەك ئەرکی ئەدەبیات لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا، بەڵام بەم واتایەنیە کە سارتر خاڵی دووەم پشت گوێ خستووە. فۆرمالیستەکانیش لەهەمبەر ئەم خاڵە کەمتەرخەم نەبوون لەپاری پێشودا وتەیەکم لەیاکوبسێن بە نمونە هێنایەوە کەنیشانی دەدا ئەو هونەری بە(بەشێك لە (واقیع)ی کۆمەڵایەتی) دەناسی‌و لەبەرانبەر کاریگەری کۆمەڵایەتی شیعر هەستیار بو. شیعر رێسا قاڵبیەکان دەشکێنێ. زمان (وێران) دەکا، (خو)ی ئێمە لەڕوانین بۆ جیهان، بون‌و خودو لەم رێڕەوەدا خودی ئێمە دەگۆڕێت. یاکوبسێن نوسیویەتی:(ئەو تاقمە لە خەڵکی چیك کەشیعرەکانی نێروالیان خوێندۆتەوە. بەجۆرێك جیاواز هەستی خۆیان دەدەبڕن، ئەوینی خۆیان بەجۆرێکی دیکە دەنوێنن‌و لەگەڵیدا دەژین یان لەمەڕ سیاسەتەوە، بەچەشنێکی تازە دەدوێن) [٣٤]. کەوابو لایەنی گۆڕێنەری شیعر هەمان (ناسیاوی سڕینەوە) یە. مێتۆدی یاکوبسێن لە تاوتوێ کردنی زمانی شیعردا، بەهیچ جۆرێك بەواتای ڕەتکردنەوەی گرنگیی هەوێنەکانی بەرهەمی شاعیرانە نیە. ئەو دەریخست کەبۆ ناسینی واتاکان دەبێ لەزمانی شیعرەوە دەست پێ بکەی‌و نەك پێچەوانەکەی (لەوتاری) پاسترناك(یاکوبسێن هەوڵی‌دا تاواتای بەرهەمەکانی شاعیر بدۆزێتەوە. ئەو نیشانەی کەشاعیر بەیارمەتی چەندین جۆر لەخوازەکانی دەربڕین، باتایبەتی خوازەی رەها [m e tonomy – synecdoce] هەمیشە کردەوەی بکەرو شوێن‌و هەڵکەوتی شوێنی لەجێی کردەوە داناوە. بەم جۆرە (زنجیرەیەك لەهەڵکەوتە بەرجەستەکان و شوێنەکان) لەشیعرەکانی (پاسترناك) بوون بەڕون کەرەوەی دۆخی زەینی‌و کردەوەکانی ژیانی شاعیر. یاکوبسێن بناغەی خۆ پەسەندی شیعرەکانی پاسترناکی لەم خاڵەدا زانی [٣٥].

(٣)

کردەی پێوەندی لەسەر پەیام دامەزراوە. لەزمانی ڕۆژانەدا کەکاراییو ئەرکی پراکتیکی هەیە، زیاتر جەخت لەسەر بواری واقیع دەکرێت. بوارێك کەپەیام لەسەری دامەزراوە. لەو شوێنەکە ئەگەری بەدحاڵیبوون لەلای وەرگری پەیام پێشبینی ئەکرێ، جەخت لەسەر نیشانەکانو ڕەمزەکانی زمان دەکرێت. بەلام لەهونەری ئاخاوتەییو شیعردا، جەختەکە لەسەر خودی پەیامەو نەك بارودۆخو هەڵکەوتە دەرەکیەکان. لەشیعردا پێوەندیە ناوەکیەکانی توخمەکانی ئەم پێکهاتەیە زیاتر گرنگ دەبن. یاکوبسێن ڕێسایەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لەم پێوەندیانە پێشنیار کرد: بەکارهێنانی دوو بنەمای گرنگی زماننناسی واتە هەڵبژاردنو لێکدان. ئاخێوەر بەشەکانی ئاخاوتن لەنێوان بابەتە هەمەڕەنگە لێکچووەکان هەڵدەبژێرێو، تائێرە کارەکەی پێوەندی بە تەوەری جێنشینیی زمانەوە هەیە. بەلام خاڵی گرنگ، لێکدانی وشەکان کەدەبێتە پێکهێنەری ڕستەکانو، لێرەدا کارەکە بەتەوەری هاونشینی زمان دەبەسترێتەوە. بەڕای یاکوبسێن جەخت کردن لەشیعردا نەك لەسەر هەڵبژاردن بەڵکوو لەسەر لێکدانە. وشەکان لەسەر بنەمای سروشتی مۆسیقا هاوسەنگیو هاوشێوەیی (بۆ نمونە هاوسەنگی فۆنیمەکانو لەسەر بنەمای یاسا فۆنۆلۆژیکیەکان) لەریتمێکی تایبەتیدا ریز دەبنو ئەم لێکدانە دەبێتە دروستکەری هاوشێوەیی لەنێوان نیوە دێڕەکان کەهەندێ جار (سینتاکسی شیعری)ی پێ دەڵێن. بەکارهێنانی فۆرمە گونجاوەکانو هاوسەنگیی توخمەزمانیەکان دروستکەری پێوەندی سەرەکیە لەشیعردا[٣٦]. لەبەر ئەوە کەزمان لەکۆمەڵە توێژێك کەبەجۆرێك هاوکات پێکەوەن، پێکهاتوە، ئەم هاوسەنگیە لەهەموو ئاستەکانی شیعردا دەردەکەوێ. هیچ بەشێکی پێکهاتەیەك ناتوانێ بگۆڕێ، بەبێ ئەوەی گۆڕان بەسەر بەشەکانی دیکەدا بێنێ. کەوابوو گۆڕانەکان بەپێی ڕادەی بەشەکان دەناسرێنەوە. یاکوبسێن هاوڕێ لەگەڵ لکۆد لیۆ شتراوس لەوتارێکی بەناوبانگدا کەلەبارەی شیعری ( پشیلەکان ) ی بودلێر نوسیی، هەر شیعرێکی بەپێکاهتەیەك دانا کە هەلگری توخمگەلێکە کەبەپێی پلەی جیاوازی زمانی لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ دەبن. شیکردنەوەی شیعر شتێك نیە جگە لەشیکردنەوەی ئەم تێکەڵیانە. ئامانجیو تارەکەی یاکوبسێن لیۆ شتراوس بەگوتەی خۆیان ئەمەبوو کەبۆیان دەرکەوێ کەشیعری بودلێر لە شتێك دروست کراوە[٣٧]. تێگەیشتن لەهاوسەنگیو دژایەتی، لێکچونەکانو نزیکایەتیە فونیمیو





ڕێزمانیەکان لەلایەكو بەرانبەریە فونیمیو ریزمانیەکان لەلایەکی دیکەوە بنەمای کاری ئەوان بو[٣٨]. ئەرکی ئەدەبیی پەیام لەبنەڕەتدا تەمومژاویەو بەئاسنی واتاکەی نادۆزرێتەوە. ئایا دەتوانین ئاڵۆزیی وەکوو(فۆرمی وێرانکەری ڕێساگەلی وشەکان)پێناسە بکەین؟ پەیامی زۆرهەن کەیاسا سینتاکسیو ئاخاوتەییەکان، واتە ڕێسا لێکدەریەکانی وشەکان لەزماندا لەنێو دەبەن، وەکوو لێکدانی واکەکان بەجۆرێك کەواتا دروست ناکەن؛ یان لێکدانی وشەکان بەبێ ڕێسا ڕێزمانیو سینتاکسیەکانی زمان، بەجۆرێك کەلە ڕوانگەی واتاناسانەوە تەمومژاوی یاك یەکسەر بێ واتابن چەشنی نمونەی بەنابانگی چۆمسکی (باوەڕە بێڕەنگە سەوزەکان بەتووڕەییەوە نوستون). ئەم لایەنە ئاڵۆزانە کە بەئاشکرا وەکوو وێرانی وشەکانن. هەموو جارێك کاریگەریی جوانناسانەیان نیە بەلاّم بەپێی ڕای یاکوبسێن لەگەوهەری ئەرکی ئەدەبی نزیکترن؛ چونکە شکاندن تێپەڕین (لەئاستی) ڕەمزە واتاییەکان سەرنجی بەرانبەر "گوێگر یان خوێنەر" بۆ نێوەڕۆکێکی تازەی واتایی ڕادەکێشێ. ئۆمبێرتۆئیکۆ دەنوسێ:

دەقی جوانناسانە، جۆرە فۆرمێکی کورتو ئەزمونیەو لەپێناو هەموو لایەنەکانی ئەرکی نیشانەکان. چونکە فۆرمە فرە چەشنەکانی داوەریو کردار وەکوو یاسا سەرو ـ سیمۆلۆژیکەکان پێکهاتون، تەواوی ئەرکە بەرهەم هێنەرەکان دەنوێننو هەر جۆرە کارێکی بەرهەمهێن ڕوندەکەنەوە.. بێهودەنیە کەنیشانەناسان هەمیشە ئوگریی خۆیان بۆ ئەزمونە جوانناسانەکانو دەقە ئەدەبیە هونەریەکان نیشان داوە. بەلام هۆی تریش لەبۆ ڕوانگەی سیمبۆلۆژیك بۆ دەقە جوانناسانەکان هەیەو واچاوەڕوان دەکرێ کە بەتاوتوێ کردنی ئەم دەقانە زۆربەی ئەوپرسیارە گرنگانەی کەفەلسەفەی نەریتی جوانناسی بەچارەسەر نەکراوی هێشتویەتەوە، ئێستا بتوانری وەلاّم بدرێتەوە[٣٩].

زۆربەی ڕێبازە جوانناسیو فەلسەفیەکان، لەجێی ڕونکردنەوەی ئەرکی ئەدەبیو پێداگرتن لەسەر فۆرمی پەیام، خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو کاریگەریانە دەبن کەبەرانبەرەکانی"گوێگر یان خوێنەر" بەرهەمی هونەری هەستی پێدەکەن (وەکوو پێناسەی بێندتۆ کرۆچە لەمەڕ هونەر)[٤٠]، لەحاڵێکدا بەوتەی ئیکۆ خاڵی سەرەکی لێرەدایە کەبەرانبەر هەست بەچ شتێك دەکا نەوەك ئەوە کەبۆچی هەست پێدەکات. بەدەربڕینیتر نیشانەناسی بەدوای دۆزینەوەی وەلاّمێکی وردتر بۆ (چۆنیەتی کاریگەری

دانانی بەرهەمی هونەری )یە [٤١]. ئەوەی کەیاکوبسێن باسی لێوە دەکا خاڵی بنەماییە لەتاوتوێ کردنی پێکهاتەیی دەقی جوانناسانە:

بابەتی تیۆری ئەدەبی بەر لەهەموو شتێك وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەیە (کە): چ شتێك پەیامی ئاخاوتەیی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمی هونەری؟ ئەم بابەتە پەیوەندی بە جیاوازیی تایبەتی هونەری زمانی لەگەڵ هونەرەکانی‌ترو جۆرەکانی دیکەی رەفتارە زمانیەکانەوە هەیە هەرلەبەر ئەم هۆیە تیۆری ئەدەبی پلەی یەکەمی لەنێوان توێژینەوە ئەدەبیەکانی‌تردا هەیە.(تیۆری ئەدەبی ڕونکەرەوەی کۆمەڵە خاڵێکی ئاڵۆزی پێکهاتەی زمانیە. دروست بەهەمان شێوە کەشیکردنەوەی نیگار کێشی ڕونکەرەوەی پێکهاتە وێنەییەکانە. لەبەر ئەوە کەزمانناسی زانستی گشتی پێکهاتە زمانیەکانە، تیۆری ئەدەبی بەبەشێك لە زمانناسی لەقەڵەم دەدرێت. ( بەئاشکرا زۆر لەبابەتەکانی توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی تەنیا لە چوارچێوەی هونەری زماندا قەتیس نابنەوە. دەزانین کەدەتوانری فیلمێکی سینەمایی لەرۆمانی بەرزاییە (با)گرەکان دروست بکرێ، ئەفسانەکانی سەدەکانی نێوەڕاست چەشنی وێنە دیواریەکان یامینیاتۆریەکان بکێشێتەوە، لەشیعری پاش نیوەڕۆی هونەرێك "جنۆکەی جەنگەڵی"دەتوانی شیعرێکی مۆسیقایی، چامە [باڵەBallad]یەك یا بەرهەمێکی گرافیك دروست بکەی. هەرچەندیش ئەم وێناکردنەکە(ئیلیادو ئودیسە)بگۆڕین بۆ (چیرۆکە وێنەییەکان)سەرسوڕهێن بێ، بەلام تەنانەت بەلەنێوچونی فۆرمی زمانناسانەی ئەم بەرهەمانە، ژمارەیەك لەتوخمە پێکهاتەییەکانی کردار دەمێننەوە. دەتوانین ئەو وێنانەی کە بلیك بۆ (کۆمیدیای یەزدانی) کێشاویەتەوە بەکەم بزانین. بەلام هەرئەمە کەکارێکی لەم چەشنە ئەنجام دراوە قبەو واتایەیە کەهونەرە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتڕجدا دەکرێ بەراورد بکرێن خاڵ گەلێکی پەیوەندی‌دار بە سەردەمی باروك، یا هەرمێتۆدێکی مێژویی دیکە لەچوارچیچوەی هونەرێکی تایبەتی‌دا تێدەپەڕن. کەسێك کەلەدوی ڕۆڵی(میتافۆر لەنێو بەرهەمەکانی سورریالیستەکان دەگەڕێ، هەستەمە بتوانێ لەئاست وێنە نیگار کێشیەکانی ماکس ئێرنست یا فیلمەکانی لوییس بۆنۆئل (چاخی زێڕین)و سەگی ئەندەلوس بێدەنگ بمێنێتەوە. بە کورتی، زۆر لەتایبەتمەندیەکانی تیۆری ئەدەبی، نەك تەنیا بەزانستی زمان، بەڵکو بەکۆی تیۆری نیشانەکان یان بەدەربڕینی‌تر بەنیشانەناسی گشتی بەستراونەتەوە. بەڵام ئەم یاسایە، نەك تەنیا لەمەڕ هونەری زمانیەوە، بەڵکو لەبارەی هەموو فۆرمە زمانیەکانیشەوە ڕاستو





گونجاوە، چونکە زمان لەزۆربەی تایبەتمەندیەکانی‌دا لەتەك سیستەمە نیشانەییەکانی دیکەو ڕەنگە تەنانەت لەگەڵ کۆی ئەم سیستەمانەدا هاوبەش بێ [٤٢].

پێگەی شیعر لەئاخێوی جوانناسانەی هەر سەردەمێکدا کامەیە؟ یاکوبسێن بۆ و ەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە یارمەتی لەچەمکی (دەسەڵات) و ەرگرت کەلە نێوان فۆرمالیستە روسیەکاندا باس گەلێکی خولقاندبو. یاکوبسێن لەدواندەریەکانی‌دا لەزانستگای مازاریك لەبرێنو (چیکۆسلۆڤاکی)دا لەساڵی ١٩٣٥ کەلەژێر ناوی ( هۆکاری زاڵ ) بلاوکرایەوە باسی لەم خاڵە کرد [٤٣]. لەم کۆمەڵە دواندەریەدا، یاکوبسێن هۆکاری زاڵی بەم جۆرە پێناسە کرد: ( نێوەڕۆکی چڕی بەرهەمی هونەری کەدەسەلاتدارو گۆڕێنەری توخمەکانی‌ترە. دەسەڵاتەکەی وەکوو گرنتی یەکڕەنگی پێکهاتەی بەرهەمە... دەتوانین هۆکاری زاڵ نەك تەنیا لەبەرهەمە ئەدەبیەکانی هونەرمەندێك، یان لەیاسایەکی شیعری یان لەکۆی رێساکانی رێبازێکی شیعری تایبەتی‌دا، بەڵکو لەهونەری سەردەمێکی تایبەتی کەچەشنی (گشتێك)یش دێتە ئاراوە بدۆزینەوە ) (٤٤).

هونەری نیگارکێشی بەسەر ئەوروپای سەردەمی رێنسانس زاڵبوو هونەرەکانی دیکە مەیلێکیان بۆ "هونەری نیگارکێشی" هەبوو، مۆسیقا لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەم و لەسەردەمی رۆمانتی‌سیزمدا، هونەری زاڵبوو. لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکی زاڵ یاکوبسێن توانی رەخنەیەکیش لەسەر یەکەمین سەردەمی کاری فیکری فۆرمالیستەکان بێنێتەکایەوە. ئەو و ەبیری هێنایەوە: ئەو بۆچونە کەشیعر تەنیا بەخاوەنی ئەرکێکی هونەری دەناسی هەڵەیە:

( مەبەستەکان یا نیازە ناوەکیەکانی شیعر، لەگەڵ فەلسەفەو دیالکتی کۆمەڵایەتی پێوەندیان هەیە.. دروست بەهەمان شێوە کەشیعرێك لەچوارچیچوەی ئەرکی جوانناسانەی خۆی قەتیس نامێنێتەوە، ئەکری جوانناسانەش تەنیا لەچوارچێوەی شیعردا نامێنێتەوە) لەدواندەریەکاندا، لەوتاری ڕۆژنامە و تەنانەت لە راپۆرتە زانستیەکاندا هەندێ‌جار بەرەوڕوی وشە گەلێك دەبینەوەکە (تەنیا بۆخۆیان) بەکارهاتوون‌و لەدەرەوەی خۆیانەوە "سەرچاوەیەکیان" نیە بۆی بگەڕێتەوە (٤٥). یاکوبسێن دەڵێ: "بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ وەکو پەیامێکی زمانی سەیر بکرێت کە ڕوەزاڵەکەی ئەرکی جوانناسانەیەتی. هەڵبەتە نیشانەی ڕونکەرەوەو تەواوکەری ئەرکی هونەری شتێکی نەگۆڕ نیەو بەردەوام بەیەکسانی

نامێنێتەوە. هەر یاسایەکی ئەدەبی دیاریکراو، هەر کۆمەڵەیەك لەڕێسا ئەدەبیەکان لە سەردەمێکی تایبەتیدا، هەڵگری توخم گەلێکی توشو جیاوازەکە بەبێ ئەو " کۆمەڵە یاسایە" ناتوانی هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنیتەوە )[٤٦]. هەربۆیە (کامڵ بونی) شیعری دەتوانی لەگۆڕانکاریەکانی مێتۆدی دەربڕینی شاعیرانەدا بدۆزیتەوە. ئەگەر ئەم مێتۆدی دەربڕینە بەسیستەمێك بچوێنین، ئەو کات گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی پەیوەندیە ناوەکیەکان (واتە پێوەندیەکانی ئەم سیستەمە کەفۆرمیان دەگۆڕن) دەبێتە هۆی دروستبونی (کامڵ بونی) زمانی شیعری. یاکوبسێن بەم ئەنجامە دەگات:

( لەنێو کۆی ڕێسا ئەدەبیەکاندا بەگشتی، یان بەشیچوەیەکی تایبەتی لەنێو زنجیرەیەك لەڕێسا باوەڕپێکراوەکان بۆ (هاتنەدی) چەشنێکی تایبەتی لەدەربڕینی ئەدەبی، ئەو توخمانەی کەلە بنەمای خۆیاندا گرنگیەکی پلە دوویان هەیە، دەبنە باوەڕ پێکراوو دەگۆڕێن بۆ توخم گەلێکی سەرەکی. لەلایەکی دیکەوە ئەو توخمانەی کەخاوەنی لایەنی (تایبەتمەندی) زاڵ بوون، دەبن بەهۆکاری لاوەکیو هەڵبژاردنیان دەبێتە کارێکی تەواو ئارەزومەندانە )[٤٧].

هەر بۆیە بەڕای یاکوبسێن، لەیەکەم بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکاندا، بەتایبەتی شکلۆفسکی، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وەکوو دوا نمونە دەزانراو گرنگی بە (کامڵ بونی) ئەدەبی نەدەدرا بەڵام لە (کامڵ بونی) دوانری کاری فۆرمالیستەکاندا (هەر بەهەمێکی ئەدەبی بە سیستەمێکی پێکهاتەیی ناسرا کەهاوڕێکی یەکی پشت بەستووی بە هیرارکی [hierarchy]ی توخمە ناوەکیەکانی خۆیەوە هەیە)و(کامڵ بونی) ئەدەبی بەجۆرە (شێوە گۆڕانێك) زانرا "کە" لەنێو ئەم هیرارکیەدایە. لەژانری تایبەتی ئەدەبیدا، ئەم هیرارکی دەگۆڕێت تەنانەت گۆڕانیش بەسەر ژانرەکانیتردا دێنێ. فۆرمالیستەکان بەیارمەتی (ارامیتری تیۆریی هۆکاری زاڵ) مێژووی ئەدەبی روسیایان دوبارە نوسیەوە. ئەم خاڵە پانتاییتریشی گرتەوەو پەیوەندی نێوان ئەدەبیاتو پەیامە ئاخاوتەییەکانی دیکە (ش) هاتە گۆڕێ. تێگەیشتن لەگۆڕانکاریەکانی دەربڕینی ئەدەبیو(هۆکاری زاڵ) بوو بەڕێ خۆشکەری کاری زمانناسەکان:

ئەم لایەنە لەشیکردنەوەی فۆرمالیستی لەمەڕ، لەمەڕ بزەوتی زمانیی چونکە توانی رایەلێك بۆ هاوڕێ کردن (دروستکردنی پێوەندی لەنێوان)مێتۆدی مێژوویيو نێوکاتی [diachronic] لەگەڵ مێتۆدی





هاوکاتی [syntogmatic] دروست بکا. توێژینەوەی فۆرمالیستی نیشانیدا کەگۆڕانکاریو (کامڵ بون) تەنیا خاوەنی هاوڕێکی بەردەوامی مێژوویینیەو هەروەك، بۆنمونە بڵێین سەرەتا A هەبو و پاشان Bبەجێی ئەو پەیدا بو. بەڵکو گۆڕانکاریی، بەدیاردەیەکی هاوکات زانرا کەبە شێوەیەکی راستەوخۆ بەدەست دێو بەهایەکی هونەری گونجاو لەگەڵ "ئەو گۆڕانکاریە" دروست دەبێت [٤٨].

پاشان یاکوبسێن خاڵێکی گرنگی دیکەی لەبارەی دیالکتیکی بەسترانەوەی بەرهەمی هونەری بەنەریتێکەوە کەتیایدا فۆرمی خۆی وەرگرتووەو (هەروەها) دابڕان لەو نەریتە(شی) هێنایە گۆڕێ: خوێنەری شیعرێك یان بینەری تابلۆیەکی نیگارکێشی بەباش لەدو سیستەمی جیاواز ئاگادارە: یەکێکیان ڕێسا نەریتیەکانو ئەوی دیکەش داهێنانە هونەریەکان کەوەکوو کۆمەڵە لادانێك لەو ڕێسایە خۆدەنوێنن. داهێنان"کاتێك دەکرێ" کەیەکسەر دژی ئەو بوارە نەریتیە بێت. توێژینەوەی فۆرمالیستی دەردەخات کەئەم هاوڕێیو هاوکاتیەی نەریتو دابڕان لێی دروستکەری گەوهەری هەربەرهەمێکی هونەریە) [٤٩].

باسەکەی یاکوبسێن دو ئەنجامی گرنگی هەیە: ١) وەکوو یارمەتیەکی تیۆری گشتیە بۆ ئەو هەولانەی کەبەمەبەستی ناسینی: ( مێتۆدی دەربڕین ) ئەنجام دراون. مەبەست بەرهەمی کەسانێك وەکو: هینریش وۆلفلین و لیۆ ئسپترێزرە.

بەراوردیو ردەکاریانەی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکان لەمەڕ دیالکتیك بەستراوەتەوە بە/دەرچون لەنەریتەکان. لەنێوان نمونەگەلی جۆراوجۆر کەبۆ سەلماندنی یاسای یاکوبسێن دەتوانین بیهێنینەوە، لەرستەیەکی یاسۆجیرۆ ئزو و ردبینەوە کەدوا بەرهەمەکانی سەردەمی ژیانی خۆی چاکترین نمونە بۆ بەستراونەوە بە (سیمبۆل)ی سینەمای کلاسیکی ئامریکاو دابڕان لێی:( من لەو باوەڕە(ش) نیم کەسینەما دەبێ یەك فۆرمی هەبێ. ئەگەر فیلمێکی باش دروست بکرێ، ڕێزمانی خۆی دروستدەکا ) [٥٠].

(٤)

باسێك کەیاکوبسێن لەبارەی بەرامبەرێتی دوو شێوەی دەربڕینیپشت بەستو بە میتافۆرو پشت بەستوو بەخوازەی ڕەها هێنایە ئاراوە؛ یەکێك لەگرنگترین کارە فیکرەییەکانیەتی لەبواری تیۆری ئەدەبیدا. یاکوبسێن خۆی دەڵێ یەکەمین کەس باسی لەم جیاوازیە کردووە میکۆکرژۆفسکی زمانناسی پۆلۆنیاییبووە. کرژۆفسکی زمانناسێکی نەناسراوە کەجوانەمەرگ

بووە، لەوتارێك لەژێر ناوی (دوچەشنە هونەری پشت بەستوو بە دوچەشنە هاوشێوەیی)دا دوفۆرم لەدەربڕینی هونەری یەکێکیان پشت بوستوو بەلێکچون‌و ئەوی دیکەیان پشت بەستو بەدراوسێیەتی [contiguity]ی جیا کردبویەوە[٥١]. یاکوبسێن لەیەکێك لەیەکەمین نوسینەکانی (واتە لەوتارێکدا لەبارەی (فۆتۆریسم) هێمای بۆ ئەم جیاوازیە کردو دوای چەند ساڵ دواتر لەدەستپێکی سەدەی ١٩٣٠دا لەوتارێك " بەناوی"( ئایا سینەما لەنێو دەچێ؟ )و لەنوسخە (ئەڵمانی‌و چیك)یەکاندا " بەناوی" (چەند نوسراوێك لەمەڕ پاسترناکەوە) (١٩٣٥) باسەکەی خۆی بەرەو پێشەوە برد. بەلام پاش چەند دەیەیەك خاڵی سەرەکی لەوتاری (دوڕوی زمان‌و دووچەشنە زمان پشێوی [anachronism] (١٩٥٦) ڕونکردەوە. دوا فۆرمی تیۆرێکی (یاکوبسێن)یش لەوتاری (زمانناسی‌و تیۆری ئەدەبی) دەدۆزینەوە.

یاکوبسێن دەڵێ کەچڕبونەوەی ئەم باسە لەسەر جیاوازیی میتافۆرو خوازەی رەها کاتێك بەلای ئەوەوە گرنگ بوکە بریك لەوتارێکدا ئەم ئەم پرسیارەی هێنابویە گۆڕێ: "ئێمە هەمیشە لەبارەی ئەو کارانەی کە بەئاشکرا ئاراستەکەیان بەرەو فۆرمە توێژینەوەمان کردوە. بەڵام لەبارەی ریالیزم چ دەتوانین بڵێین؟ " ئەم" هونەرە کەمەیلی بۆ ئەو بایەخانە هەیە کەلەدەرەوەی پانتایی هونەردان). پاش ساڵێك لەپراگ، یاکوبسێن لەوتاری (لەبارەی ریالیزم و هونەر ئەم خاڵەی هێنایە بەرباس کەشێوەی ریالیستی بەواتای دروستکردنی (وێنە گەل)ێکە کە(لەرێگەی دراوسێیەتیەوە بەسترابن بەیەکەوە) [٥٢]. ئیدی بۆ یاکوبسێن ڕونبوو کە میتافۆر لەبنەمادا لەتەك لێکچون یاچاکتر بڵێین لەگەڵ جێنشینی توخمەکان پێوەندیی هەیە. لەحاڵێکدا کەخوازەی رەها لەگەڵ دراوسێیەتی یابەدەربڕینی‌تر لەگەڵ هاونشینیی توخمەکان پێوەندیی هەیە. لەو ڕۆژانەدا، یاکوبسێن پێی وابوو کە کەمیتافۆر زیاتر بە(نیازی) نوسەرەوە بەستراوەتەوە، خوازەی رەهاش زیاتر " پێوەندی" بەو بارودۆخانەدا هەیە کەلەنێو بەرهەمدا دێنە پێشەوە. بەڵام زوئەم رایەی بەلاوەنا، ئەو لەدەیەی ١٩٣٠ لەئەنجامی توێژینەوەیەکدا لەبواری تیۆری فیلم لەگەڵ کاروباری خوازەی رەها ئاشنا بوو و بۆی دەرکەوت کەبناغەی هونەری سینەما تۆگراف خوازەی رەهایە، چونکە وێنە بزواوەکان (وێنەی سینەمایی) لەسەر بنەمای هاونشینی دامەزراون نەك لێکچون یان جێنشینی. "ئەمە" دۆخێکە کەبەتایبەتی لەوردبونەوە لەڕۆڵی مۆنتاژ لەسینەمای ئایزنشتاین‌و بەدوایەکدا هاتنی وێنەکان لەبەرهەمەکانی باسترکیتۆن‌و چارڵی چاپلین دەناسرێتەوە[٥٣].





یاکوبسێن نوسیویەتی:" چەندین ساڵ دواتر لەتاوتوێ کردنی زمان پشێویدا بۆم دەرکەوت کە دوجۆری گشتی (زمان پشێوی)، هاوشێوەی میتافۆرو خوازەی رەهان لەیەکەمیاندا، بێبەهایی [Narmlesseness]و هەڵەکان، زادەی لێکچون)ەکانی توخمە زمانناسانەکان (لەوی دیگەیاندا زادەی دراوسێیەتی) ئەو توخامانەیە. یەکەمیان لەهەڵبژاردن دروست کراوە، واتە لەسروشتی (جێنشینی) زمان‌و دووەمیان لەلێکدان دروست کراوە، واتە لەسروشتی (هاونشینی)[٥٤]. بەرلەوەی باسەکە لەبارەی تیۆریەکانی یاکوبسێن درێژە پێبدەین، پێویستە کەهێما بۆ دوخاڵ بکەم. خاڵی یەکەم و تارێکە لەئاخن بام لەکتێبی (لەمەڕ شاعیری)(١٩٢٣) لەبارەی ئانا ئاخماتووا نوسیویەتی‌و لەوێدا شیعری سیمبۆلیستی روسیەکانی پشت بەستوو بەخواستن لەقەڵەم داوەو لەبەرانبەردا شیعری ئاخماتووای بە (چەشنی رەتکەرەوەی بنەمای میتافۆر) ناودێر کردووە [٥٥]. لەم و تارەدا ئاخن بام کۆمەڵە یاسایەکی گشتی‌تریشی هێناوەتە بەرباس‌و شیعری پەیوەست بەخواستن زانیوەو بنەمای پەخشانی بەخوازەی ڕەها داناوەو، لەکۆتایی باسەکەیدا شیعری ئاخماتووای بە (تاکە نمونە) ناودێر کردوە کەبنەمای روانینی شاعیرانەی هەڵوەشاندۆتەوە. یاکوبسێن لەوتارێکدا لەبارەی پاسترناك (١٩٣٥) دوی ئەم یاسایانە کەوت. یاسای ئاخنبام پرۆژەی سەرەتایی باسەکەیەو ئەگەر فراوانی کردبایەوە رەنگە بەئەنجامی تیۆری هاوشان لەگەڵ باسەکەی یاکوبسێن گەیشتبا. خاڵی دووەم، ئاماژەیەکی تافۆریکن سۆسێرە. ئەو جارێکیان ئەم گریمانەی هێنایە گۆڕێ کەرێسا هاونشینیەکان لەزماندا لەگەڵ رێسای (متداعی) زمان (کەئێستا بەتایبەتمەندی سیتەماتیکی زمان ناودێری دەکەین) جیاوازەو رەنگیشە هەریەکەیان بەکردەیەکی زەینی جیاواز بەسترابنەوە. سۆسێر هەربەم ئاماژەیە ڕازی بوو رەنگە لەبەرئەوەی کەباسەکەی لەدەرەوەی پانتایی زمانناسی دەدی، درێژەی پێنەدا. بەلام یاکوبسێن دوبارە بۆ ئەم جیاوازیە گەڕایەوە. بەڕای ئەو خواستن هاوڕێکی خاوەنی هاوڕێکی (سیستەماتیك)ەو خوازەی رەها خاوەنی هاوڕێکی هاونشینیە. کەوابو، دەتوانین بەدوچەشنە نقیسیار بگەین یەکێکیان میتافۆرو ئەویدیکەیان لەسەر بنەمای خوازەی رەها. هەندێجار دەوانین هەردوو نقیسیارەکە لەنقیسیارێکی گشتیدا بدۆزینەوە، بەڵام بەهەرحاڵ دواجار یەکێك لەوانە بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵە. یاکوبسێن وتاری( دوڕوی زمان و دوچەشنە زمان پشێوی ) لەم خاڵەوە دەست پێکرد کەزمان ( وەکو سیستەمەنیشانەییەکانی‌تر) خاوەنی سروشتێکی دوفاقیە.

گوتارو نڤیسار هەرەیەکەو خاوەنی دوئەرکی جیاوازن: (هەڵبژاردنی بەشێك لەیەکە زمانناسەکانو لێکدانیان لەپلەیەکی ئاڵۆزتر)[٥٦]. میتافۆر پێوەندیی بەهەڵبژاردنەوە هەیەو کەبەواتای ئەگەری جێگۆڕکێیەو خوازەی رەها بەئەگەری لێکدانی زمان دەبەسترێتەوە، چونکە چۆتە نێو هۆکارە دراوسێیەکانی زمانو (واقیع) ئەوکەسانەی کەزمانیان هەڵدەنگوێ)توانای هەڵبژاردنە دروستەکانی زمانییان نیە، ناتوانن ئەو بابەتانەی کە پێوەندیان بەخوازەی رەهاوە هەیە دەربڕن:" لەئاخێوی ئاساییدا، هەردو پرۆسەی هەڵبژاردنو لێکدان لەئارادان.. بەڵام لەژێر کاریگەری هۆکارێکی فەرهەنگی، کەسایەتی یا مێتۆدێکی ئتخێوی، یەکێك لەم دوانە بەسەر ئەویدیکەیان زاڵ بێت ". یاکوبسێن پێی داگرت کە:" ئەو فۆرمە لەزمان هەڵەنگیۆی کەلە ئەنجامی نزیکایەتی وشەکان دروست دەبێت، بناغەکەی بۆ بەکارهێنانە) جیاجیاکانی(خوازەی رەها لەزماندا دەگەڕێتەوە)و [٥٧] ( لەوزمان پشێویەی کەلەسەر بنەمای هاوچەشنیە، خواستن (نەلواو)ەو لەو زمان پشێویەی کەلەسەر بنەمای هاونشینیە خوازەی رەها نالوێ[٥٨]. میتافۆر جۆرێکە لەخوازە کەتیایدا وشە یارستەیەك کەڕونکەرەوەی دۆخێك، کەسێك، شتێك یان کردەوەیەکە لەسەر دۆخێك کەسێك، شت یان کردەویەکی دیکە دەلالەت دەکا تالەنێوانیاندا هاوچەشنی یان بەراورد پێك بێت. حافز دەڵێ: ( اە ازان نرگس جادوکە چبازی انگیخت ) * نێرگز لەجێی چاوی دڵخوازەکەی بەکاردێنێ، یان کاتێك کەدەڵێ: ( ستارەای بدرخشدو ماەمجلس شد ) * باس لەخۆشەویستەکەی دەکات. "تەنیا" کاتێك واتایزمانی وشەکانی نێرگزو ئەستێرە مەبەستە کەئەوانە بەواتای گوڵێکی تایبەتیو ئەستێرەیەك لەئاسماندا بەکاربێ،، بەڵام ئەگەر مەبەست چاوی دڵدار یان خودی ئەو بێت، واتای میتافۆری هەردوو وشەکە مەبەستە[٥٩]. دەتوانین بڵێین میتافۆر بنەمای شیعرە، بەلام لەنیشانە نازمانیەکانیشدا گرنگیی هەیە: گوڵەگەنم لەئاڵایەکدا نیشانەی پڕبەریو دارێکی وشك لەفیلمی (فیداکاری) ئاندری تارکۆفسکی بەنیشانەی ژیانە.وتەی خوازەیی ئەوەیە کەوشە،رستە یان کردەوەیەك بەواتایەك بەکاربێنین کەبۆ ئەو دانەنراوە[٦٠] خوازەی رەها جۆرێکی تایبەتیە لەئاخێوی خوازەیی کەتیایدا گشت لەجێی

* ئاخ لەو نێرگزە جادوییە کەچ ئاژاوەیەکی نایەوە. (و).

* ئەستێرەیەك درەشایەوە و بووبە مانگی کۆڕەکەمان (میوانی یان هەرشتێکیتر) (و).





کەرت، بێت، یان کەرت لەجێی گشت. شێخ نیزام ئەلمولك کاتێك کەدەڵێ: " هەرکات پشێوی بکەوێتە وڵاتەوە بەهۆی فیتنەو ئاژاوەو شمشێرە جیاوازەکانو کوشتنو سوتان) [٦١]. "لێرەدا" شمشێری لەجێی لەشکر هێناوەتەوە. یان شکسپیر کاتێك کەدەڵێ:( هەموو جیهان سەکۆیەکەو/ هەموو پیاوانو ژنان ئەکتەرەکانی) [٦٢] سەکۆی لەجێی شانۆ هێناوەتەوە. خوازەی رەها لەنیشانە نازمانیەکاندا زۆرگرنگە، وێنەی منداڵێك لەنیشانەکانی قەراخ جادە بەواتای هەبوونی قوتابخانەیەکی سەرەتاییە لەو نزیکانەدا. لەهەر ئاخێوێکدا جاروبار زاڵ بوونی یەکێك لەم دوجۆرە پێوەندیە دەتوانین بدۆزینەوە. مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینی ئەدەبی لەسەر بنەمای دەسەلاتی یەکێك لەم دوانە هەن. یاکوبسێن دەنوسێ ئۆستورەکانو داستانە قارەمانێتیەکان لسەر بنەمای خوازەی رەها و شیعرە دڵداریە روسیەکان لەسەربنەمای میتافۆر دامەزراون. شانۆ لەسەر بنەمای میتافۆر دروست بووەو سینەما لەسەر بنەمای خوازەی رەها. بەلام لەسینەمادا هونەری بزرکردنی وێنەکانو شێوازەکانی مۆناژو میتافۆرێکنو، نمای نزیك کەگشت بەیارمەتی کەرت نیشاندەدا لەسەر بنەمای خوازەی رەها دامەزراوە. رۆمان بەگشتی پێوەستە بەخوازەی رەهاوەو چەند چرکە ساتێك "لەو رۆمانە" بەجۆرێکی تایبەتی لەسەر بنەمای ئەو خوازەیە دامەزراون. بۆنمونە لەوەسف کردنی خۆکوشتنی ئاناکارنیندا جەختی تۆلستۆی لەسەر جانتای ئەو " ئاناکارنین" دەربڕینێکە کەگونجاوە لەگەڵ خوازەی رەهادا. لەتیۆری فرۆید لەمەڕ راڤەی خولیا دوپرۆسەی چڕی (چگالش =متکاتف)و جێگۆڕکێ لەسەر بنەمای خوازەی رەها دامەزراون. بەڵام پرۆسیسەکانی ناسینەوەو سیمبۆلسازی میتافۆرێکن. لەهونەری نیگارکێشیدا دەتوانین بڵێین لەکوبیزمدا کەهەربەشێك لەگۆشەو رەهەندێکی تایبەتیەوە دەکێشێتەوە تابەگشتێکی تازە بگات، خوازەی رەها گرنگەو، لەسورریالیزمدا کەهەرشتێك جێی شتێکی دیکەی گرتۆتەوە میتافۆر گرنگە. پەخشان کە:(لەبنەمادا بەسترانەوەی واتایی وشەکان بەگرنگ دەزانێ) لەسەر بنەمای خوازەیەو شیعر بەهۆی گرنگیی هەڵبژاردنو جێنشینیی توخمەکان میتافۆرێکە. نوسینە ریالیستیو رۆمانە کلاسیکیەکان بەخوازەی رەها بەستراونەتەوە (نوسەری ریالیست بۆدۆزینەوەی رێساکانی ئەو پێوەندیانەی کەلەسەر بنەمای بەستراونەوەییو دراوسێیەتی دامەزراون کەڵك لەخوازەی رەها وەردەگرێو لەتانوپۆکەشو هەواسازیو لەکەسیەتیەکانەوە بەبەستێنی کاتیو شوێنی دەگات. ئەو

بەباشی لەئەرکی خوازەی رەها ئاگادارە)[٦٣]. بەڵام نوسینە رۆمانتیکیو سیمبۆلیستەکان میتافۆرێکن. بەپێی دابەشکاریی یاکوبسێن، رۆمانی مۆدێڕن کەرەگەزەکەی بەسیمبۆلیزم دەگاتو دژکردەوەیەکە لەمەڕ ریالیزم دەبێ میتافۆرێك بێت. بۆنمونە لەدوا رۆمانی جیمز جۆیسدا finnegans wake هەڵبژاردنی خاڵ گەلێکی لێکچو (دروست کردنی وشەگەلی نوێ، کەهەر وشەیەك رۆنانێکە لەوشە جۆراوجۆرەکان لەزمانە جیاجیاکاندا) گرنگیەکی چارەنوسسازی هەیە. ئەم رۆمانە هەم لەفۆرم و هەم لەدەربڕینی گێڕانەوەیی خۆیدا (گەیشتن لەمۆتەکەی چەند کەسێکەوە لەمێژووی جیهانی) بەرهەمێکە میتافۆریو لەبنەڕەتدا شاعیرانە. دێوید لاج لەو باوەڕەدایەکە یۆلیسس جۆیسیس میتافۆریە. هەرچەند چەند چرکە شاتێك لەرۆمان چەشنی وەسفی جۆیس لەبۆ کیژە لاوێك (خزمەتکاری دراوسێی بلۆم) لەخوازەی رەها نزیك دەبێتەوە، چونکە رێسای سەرەکیی (ئەو رۆمانە) گەیشتن لەبەشێکەوە بۆ گشتە، بەڵام هزری بلوم، کچۆڵەکە بەدراوسێ و هاوسەرەکەی گرێ دەداتەوە، تەمەنی هاوسەری دراوسێ لەگەڵ کچۆڵەکە بەراورد دەکاو ... بەمجۆرە لەپاراگرافێکی چیرۆکەکەدا بەمیتافۆر دەگەین لەوەش گرنگتر، پێکهاتەی گشتیی یۆلیسس میتافۆرێکە، بەواتا لەسەر بنەمای هەڵبژاردنو بەراورد دانراوە (گرنگترینیان هاورمۆنی پێکهاتەی رۆمانە لەگەڵ ئۆدیسەی هۆمێردا)[٦٤]. ژێرار ژێنت لەوتاری (خوازەی رەها لەبەرهەمەکانی پرۆستدا، هەوڵیدا تاسروشتی رۆمانی پرۆست ) گەڕان لەدوای کاتی لەدەست چوودا) بدۆزێتەوە[٦٥]. ئەو لەزاری پرۆست گێڕایەوە: (بەبێ میتافۆر، بیرەوەری راستەقینە لەئارادانیە ) . بەڵام دواتر وتی:(بەبی خوازەی رەهاش، پێوەندیەکانی نێوان بیرەوەریەکان، چیرۆكو رۆمان لەئارادا نابێت). پێکهاتەی قوڵی رۆمانی پرۆست وەکوو دوا پێکهاتەی یولیسسی جۆیس میتافۆری خۆی دەنوێنێ. کردەی بیرەوەری ناویست ناویستانە (کەبەپاڵنەری سەرەکیی گێڕانەوە دەژمێردرێ) لێك بەستنەوەی ئەزمونەکان لەگەڵ یەکدیدا لەسەر بنەمای لێکچونیانە. بۆنمونە بۆ چیرۆك گێڕەوە نارێکی بەردەچنی رێرەوێك لەپاریس، وەبیرهێنەری هیرارکی کەلیسای (سێن مارك) لەڤێنیزە. پێکهاتەی رۆمان لەسەر بنەمای لێکچونەکانو جێ نشینیەکان دامەزراوە، نەك هاونشینیەکان. هەربۆیە ( گەڕان لەدوای کاتی لەدەست چوو) مێتافۆرێك خۆدەنوێنێ. بەڵام کارەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. ژێنت لەو باوەڕەدایە کەهەرچەند کاروباری پێویستیەکانی ناوەکیی بیرەوەریەکان میتافۆریە،





ڕونکردنەوەو فۆرمی سەرهەڵدانیان گونجاوە لەگەڵ خوازەی رەهادا. لەخاڵێکی دیکەدا ژێنت دو وەسف لەکلیسایەك لە(لەلایماڵی سوان)و سدومو عمورە لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکا، یەکەم وەسفی ڕاوی، گونجاو لەگەڵ کەسو هەوای " باڵەبەك" میتافۆریە، بەڵام وەسفی دووەم پشت بەستوو بەخوازەی رەها خۆدەنوێنێ. " ئەگەر" زیاتر لەم دودەربڕینە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جیایی میتافۆر/ خوازەی رەها هەندێجار نالۆی. بەدەربڕینیتر، ناتوانی دەسەڵاتی یەکێ لەوانە لەسەر ئەوی دیکەیان بەدڵنیایەوە پەسەند بکەیت. چەند ساڵ بەرلەبڵاوبونەوەی وتاری ژێرار ژێنت، رەخنەگری ئینگلیزی ئیستیفن ئۆلمە، لەباسکردن لەرۆمانی پرۆست هێمای بۆدو جۆری جیاوازی خەیاڵکردنەووە کردبوو: جۆرێکی خواستنی لەسەر بنەمای پەیوەندیە هاوشێوەکانەو ئەوی دیەکەشیان لەسەر بنەمای پێوەندیە هاونشینیەکانەو ئەوی دیکەشیان لەسەر بنەمای پەیوەندیە هاونشینیەکان دامەزراوە[٦٦]. کاتێك کەپروست لە (ڕەنگە زیندوەکان، سوری خوێن ڕەنگو خوێن شیرین) چەشنی کاریگەری ناوی شامپی باس دەکا، (هێما بۆچیرۆکی ژۆرژ ساند دەکات) کارەکەی میتافۆری دێت بەرچاو (بەڵام ئەگەر بەوردی سەیری بەستێنی باسەکەی ئەو بکەین بۆمان دەردەکەوێ کەپەیوەندی نێوان ئاو و ڕەنگ لەسەر بنەمای خوازەی رەهایەو نەك میتافۆر) . لێرەدا لێکچوونێکی شاراوە یا جۆرە بەراوردێك لەئارادا نیە، بەڵکو دەربڕین پەیوەستە بەپەیوەندیەکی تەواو دەرەکیەوە. خوازەی رەها بەبۆچوونی ئوڵمەن خاوەنی (وزەیەکی رەسەنو بەیانکەری میتافۆر) نیەو زیاتر لەجێی پەیوەندیەکی میتافۆری دادەنرێت، بەڵام لەلایەنی بەیانکەری خۆیدا هەندێجار وزەی دەربڕینی میتافۆر وەردەگرێ. ئوڵمەن نیشانی داوە کە جیاکردنەوەی میتافۆر لەخوازەی رەها لەئاخێودا کارێکی ئاسان نیە. ژێرار ژینت زیاتر لەئوڵمەن چۆتە پێشەوەو سەلماندی کەزۆربەی خواستنەکانی تایبەتمەندیی نوێ بەرهەمەکانی پرۆست خوازەی رەهان. بیرەوەری ناویستانە لەبەرهەمەکانی پروستدا، هەرچەند لەسەر بنەمای لێکچون دامەزراوە (وەکو تامی شیرینی مادلێن لەچایەکەدا، بۆنی شەمو نەم، بۆنی گوڵانو دەنگەکان کەهەموویان بەپێی جۆرە لێکچوونێك خولقێنەری جادوی بیرەوەرین)؛ بەڵام بەهۆی ئارایی راستەخۆی ئەم لێکچونە، لانی کەم بەواتای ناسیاوی وشە، میتافۆریك نین[٦٧]. لە(کاتی هەمەیس وەدەست هاتوو) وردبینەوە:(هەقیقەت دەست پێناکا، مەگەر لەشوێنێ کەنوسەر دووبابەتی جیاواز بێنێتە بەرچاو، پێوەندیەکانیان لەجیهانی هونەردا

بەشێوەیەك بیچنێتە بەرچاو کەشایانی بەراورد کردن بێ لەگەڵ هۆو هۆکاری جیهانی زانستدا، هەردووکیان لەبازنەی مێتۆدی دەربڕینی [diction ] جوان کۆبکاتەوەو هەر وەکوو خودی ژیان، لەحالێکدا کەدوو هەست لەتایبەتمەندیەکی هاوبەشدا پێکەوە گرێ دەدات، گەوهەرەکەیان (هەر) لەگەڵ دەربازکردنی لەبەندی ئەگەریگریمانەی کات ئازار بکاو لەپێوەندیەکی لەپچڕان نەهاتووی بەیەکگەیشتنی وشەکان یەکگرتووی بکات [٦٩]. دێوید لاج لەکتێبی دۆخەکانی نوسینی مۆدێرندا (١٩٧٧) رەخنە لەتیۆری یاکوبسێنی بەرەو پێشەوە برد، ئەونیشانیدا کەلەهەموو هونەرەکاندا (بوار) بۆ تێگەیشتن لەدۆخی خوازەکان گرنگیەکی چارەنوسسازی هەیە. ئەو شتەی کەلەبوارێکی تایبەتیدا میتافۆریکە دەتوانێ لەبواری دیکەدا لەسەر بنەمای خوازەی رەها پێکهاتبێ [٧٠]. لەبواری (جوگرافیایی)دا تەمومژ لەرۆمانی بلیك هاوسی چارلز دیکننز خوازەی رەهایە (تەمومژ یەکسانە بەلەندەن)و لەبواری کۆمەڵایەتی میتافۆریکە (تەمومژ یەکسانە لەگەڵ سیستەمی یاسایی). کۆڵانی قەرەباڵغ لەسەرەتای فیلمی (چرۆ ژاکاوەکان)ی دێوید وارك گریفیسدا دەرخەری گەرەکی هەژار نشینە، لەکۆتایی فیلمەکەدا هەرئەم کۆڵانە جێی جیهانێك دەگرێتەوە بەبێ هیچ چەشنە بەزەیی و دادوەریەك، جیهانێکی درندەو تووڕە، بەم پێیە (ئەمە) میتافۆرە. لاج نیشانی داوە کەتەنانەت زۆر لەشیعرە دڵداریەکان کەبەپێی گریمانی یاکوبسێن میتافۆرین، لەزۆربەی چرکە ساتەکاندا بەپێی راڤەی خوێنەر دەتوانن لەسەر بنەمای خوازەی رەها پێکبێن [٧١].

(٥)

زۆر رەخنەیان لەتیۆری شیعری یاکوبسێن گرتووە. دیتمان کەبەبۆچوونی ئەو شیعر لەبنەماکەیدا لەسەر بنەمای میتافۆرین دامەزراوە. بەڵام رابێرت ئسکۆلێز نوسیویەتی کەلەتوێژینەوەی ئاخێوی شاعیرانەدا ناچارین شیعر لەمیتافۆرەوە بگۆرین بۆدەربڕینێکی پشت بەستووبە (هاونشینیو خوازەی رەها). تیۆریو شیکردنەوەی یاکوبسێن سەرنجی ئێمە بۆ تایبەتمەندیە وێنەییەکانی شیعر ڕادەکێشێ (وەرگرتنی رێسا شیعریەکان، ئاواز، کێشو وێنەکان)و هەوڵ دەدا تائەرکی سۆزداری پەیامی شاعیرانە بکات بەئەرکی گەڕانەوەیی واتە باس لەخودی شیعر بێنێتە نێو بوارە گشتیەکەی واتە زمان [٧٢]. شیکردنەوەی ئەدەبی بەگشتی (تیۆری یاکوبسێن بەشێوەیەکی تایبەتی) هەوڵیان ئەوەیەکە شێوە بەکارهێنانێك [application]ی گشتی بەمێتۆدی دەربڕینی تایبەتیو





کاری تایبەتی زمانی شاعیر بدەن. یاکوبسێن دانی پێدادەنێ کە ئاخێوی شاعیر لەسیستەمی کۆمەڵە نیشانە یەك پەیڕەوی دەکا کەبەچەشنێکی رێژەیی لەسیستەمی نیشانەکانی زمانی پێوەر جیاوازە، بەڵام لەتاوتوێ کردنی شیعرەکاندا هەوڵی داوە تانیشان بدات کە (هەر) دوسیستەمی نیشانە، لەراستیدا هەریەك شتنو دواجار (هەر) کەرەستەکانی زمان دروست کەری ئاخێوی شاعیرن. ئەم خاڵە ئێسکۆلێز رەخنەی لێدەگرێ. بەبۆچوونی ئەو هەوڵدان بۆ سەلماندنی وەکیەکی دوسیستەمی نیشانە هەڵەیەو چونکە سیستەمی نیشانەکانی شیعر لەسیستەمی نیشانەکانی زمان جیاوازە [٧٣]. لەئەنجام هەوڵدان لەپێناو گۆڕینی ئەرکی سۆزداری بۆ ئەرکی گەڕانەوەیی لەکۆتایدا هەرشکست دێنێ. ئیسکۆڵنز لەگەڵ هێماکردن بۆشیکردنەوەی یاکوبسێنو لئوشتراوس لە شیعری (پشیلەکانی) بودلێر دەدوێکە هەردوك نوسەر (یاکوبسێنو شتراوس) لەگەیشتن بەئامانجی گۆڕینی شیعری بودلێر لەسیستەمی سیمبولی زمانناسانەوە بۆ سیستمی دەربڕینی شاعیرانە هەرەسیان هێناوە:(پێکهاتە خوازان لەبەرئەوە کەبڕیار دەدەن، رەخنەگر ناچارە زاراوەکانی خۆی لەزمانناسیەوە وەربگرێ، بەتەواوی مافی خۆیانە (!!). بەڕاستی کەئەم زاراوانە چاکترین کەرەستەن کەئێمە لەبەر دەستماندان، بەڵام تاوتوێ کردنی پێکهاتەیی، گرفتە سەرەکیەکانی شیعر چارەسەر ناکات. ئەگەری هونەری شاعیری تەنیا پەیامەکانی لەپێکهاتە شاعیرانە تایبەتیەکاندا جێکردبایەوە، ئەو کات کارەکە ئاسان دەبو، چونکە وردبوونەوە لەرێزمانی تایبەتیو پێکهاتەی سینتاکسی بەرێگەیەك بۆ ناسینی راستەقینەی کاری ئەدەبی دەژمێردرا). ئیسکۆڵز دریچژەی پێداو (دەڵێ) لەبەر ئەوەکە کاری ئەدەبی بەتایبەتی شیعر لەبنەڕەتدا جۆرەو ڵامێکە، لەسەر بنەمای بەئاگا بوون لەلایەنی دوفاقی گەیەنەرو وەرگرەکەی، بەئاگا بوون لەلایەنی دوفاقێتی وشە بەکارهێنراوەکان و بەستێنی بەرهەم (دامەزراوە)، کەوابوو (هەر راڤەیەك لەبۆ شیعرێکی تایبەتی دەبێ "ئاستەکەی" بەرزتر بێتەوە لەپێناسە کردنی ئامادەیی ئەو (شیعرە) لەنێو پێکهاتە(یەکی) ئاخاوتەیی تایبەتدا)[٧٤].لێرەدا ئیکلۆز لەڕوانگەی هێرمنۆتیکی (هرێش) کەڵك وەردەگرێ کە:(تیۆری ئەدەبیو تیۆری شیعر، هەرگیز ئێمە بەمێتۆد ناسیەکی تایبەتی کەلەراڤە کردنی هەموو شیعرەکاندا کارایی هەبێ، ناگەیەنێ). (هرێش) دەیەوێ واتای کۆتایی بەرهەمی ئەدەبیو شیعر بناسێ، بەڵام یاکوبسێن ئەم (جۆرە) واتاناسیەی یەکسەر بەلاوەناو بەپێداگرتنەوە وتوویەتی کەئامانجی ئەو دۆزینەوەی

وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە نیە شیعر دەیەوێ چ بڵێ، بەڵكو دەیەوێ بزانێ كەشیعر لەچ شتێك دروست دەبێ. تەنا پاش دۆزینەوەی وەڵامی ئەم دواخاڵە دەتوانین بچینە نێو پانتایی واتاناسانەوە [semasiological]. هرێش‌و ئسكۆڵز، شیكردنەوەی شیعری یاكوبسێنیان بۆگەیشتن بەواتای كۆتایی بەكەم زانی، بەڵام خاڵەكە لێرەدایە كە یاكوبسێن لەبنەڕەت بەدوای واتای كۆتایی ناگەڕێ، هەربەو شێوەیەی كەتیۆرە مۆدێرنەكان لەهێرمنوتیكی ئەدەبیدا ( واتای كۆتایی دەق ) یان خستۆتە لاوە. بەڵێ، یاكوبسێن بە شیكردنەوەی زمانناسانەی شیعر تێدەكۆشێ تازمانی تایبەتی شیعر بدۆزێتەوە كەلەواتاناسی زمانی ئیستاندارد، ئاسایی و رۆژانە جیایە. بەڵام لەوباوەڕەدانیە كەسیستەمی نیشانەكانی شیعر شتێك بێ یەكسەر جیاواز لەسیستەمی نیشانە زمانیەكان. كاری یاكوبسێن، هەنگاوێكی گەورەیە كەبەرەو ناسینی ( واتاناسیی شیعر) هاوێژراوە. رەنگە (ئەمە) گرنگترین هەنگاو لەپانتایی تیۆری ئەدەبیبێ، چونكە مەرجی سەرەتایی و بنەمایی گەیشتن بە ( ئاسۆی واتایی شیعر)ی دۆزیوەتەوە [٧٥]. لەدەیەی ١٩٦٠دا شdكردنەوەو تاوتوێ كردنی پێكهاتەی شیعر بەكەڵك وەرگرتن لەمێتۆدی یاكوبسێن درێژەی پێدرا. یەكێ لەگرنگترین نمونەكان، بەرهەمەكانی یوری لوتمەن گرنگترین نوێنەری (قوتابخانەی تارێتۆ)یە كە لەیەكیەتی سۆڤیەتدا مێتۆدی مۆكارۆفسكی‌و یاكوبسێنی بەكارهێنا[٧٦]. باسەكەی‌تر نوسینەكانی پێكهاتەخوازە فەرەنسیەكانە لەمەڕ شیعر كەهێشتا بەردەوامە. مایكێل رێفاتێریە وتار گەلێك لەمەڕ مێتۆدی دەربڕینی پێكهاتەیی‌دا باسەكەی یاكوبسێنی درێژە پێدا [٧٧]. ریفاتێر بەسەر یاسای سەرەكی یاكوبسێن واتە سەربەخۆیی واتاناسانەی سروشتی شیعری، ئەم یاسایەی زیاد كرد كەهەر شیعرێك لەكاتی خوێندنەوەی‌دا فۆرم پەیدا دەكات. بەڕای ریفاتێر، شێوەی خوێندنەوە جۆرە تێگەیشتنێكی (بنەمای میتافۆری شیعر، واتە هەڵبژاردنی توخمەكانە) ئەو پێی داگرت كەهەر دیاردەیەكی ئەدەبی (تەنیا خودی دەق ) نیە، بەڵكو خوێنەرەكەی و كۆی دژكردەوە لواوەكانی خوێنەر لەهەمبەر دەق بەتوخم گەلی سەرەكی دیاردەی ئەدەبی دەژمێردرێن. بەشێوەیەكی‌تر دەبێ لەجێی دەربڕین باس لەكردەی بەیانكەری بكەین‌و لەم كردەیەدا ڕۆڵی خوێنەری دەق كەمتر لەنوسەر نیە [٧٨]. هەر جۆرە (پێوەندیی ئەدەبی) وەكوو جۆرە گەمەیەكە كەدەق رێساكانی دیاری دەكات. لەدوا شیكردنەوەدا زمان دروست كەری ئەم رێسایانەو واقیعی نیازی نوسەر تەنیا لەپاش دەق)دا پێكدێت. لەم گەمەیەدا هیچ جیاوازیەك





لەنێوان (من) لەژیاننامەیەكی خۆ نوسراو (ئۆتۆبیۆگرافی)و هەر جێناوێكی‌تر لەدەقەكانی دیكەدانیە. نوسەر لەنێو دەقدا ئامادە نیە، ئەویش وەكوو توخمەكانی‌تر دێتە نێو قەڵەمڕەوی زمانەوە، بەوتەی ریفاتێر (دەبێتە زمانی) واقیعێكی زیادكراو بەدەقەكە تەنیا لەپاش كۆتایی هاتنی خوێندنەوەی خوێنەر وێنای دەكات. خوێنەر نوسەر چەشنی دەق دروست دەكات‌و لەنێوان ئەم نوسەری لەدایك بووی دەقە (دروستكراوی دەستی خوێنەر)و ئەو نوسەرەكە وەكوو كەسیەتیەكی مێژوویی لەئارادایە، مەودایەكی زۆر هەیە، هەوڵدان بۆهاویەك كردنی ئەوانە هیچ شتێك نیە (جگە لە وێران كردنی دەق)[٧٩]. لەپافن ریفاتێر چەند لێكۆڵەرێكی لاو مێتۆدی یاكوبسێنیان لەتاوتوی كردنی شیعردا درێژە پێدا. ژاك ژێنی ناسكا، كتێبێكی بۆ خوێندنەوەی شیعرێكی ژێراردو نروال تەرخان كرد [٨٠]؛ هانری مشونیك لەبەردەم دانراو [Premise]ی سەرەكیی سێ بەرگی كتێبی "لەپشتگیری لەتیۆری ئەدەبی" بەم چەشنە ریچكخست كەهەرجۆرە واتایەكی شیعر، لەفۆرمەكەیدا دەدۆزرێتەوە. ئەو چەمكی ( واتا ـ فۆرم ) ی بەكارهێناو نوسیی كەسروشتی سەرەكیی زمانی شیعری كەلەرێزمانی تێدەپەڕێ بنەمای وشەناسیەكی تازەیە كەتیایدا هەروشەیەك وەكوو هەوێنێكی تایبەتەو لێرەوە چەمكی (وشە ـ واتا ) ی دروست كردو وەكوو بنەمای سەرەكی شیعری لەقەڵەمدا. دەتوانین شیكردنەوەی مشونێك لەمەڕ شیعری (گۆرانیە پاییزیەكان)ی بودلێر وەكوو نمونەی كاری ئەو (مشونیك) بزانین ریفاتێر دەری خست كەوشە (هاودەنگ)ەكان (لەم شیعرەی بودلێردا بەكەڵكی (ناوەكی كردنی) مەرگ هاتوون (!!) هەربەو چەشنە كەهەر وشەیەك دەتوانێ لەدو یان چەند یەكەیەكی واتایی دروست بێت، واتای شیعر(یش) لەكۆتایی‌دا هەڵگری ( یەكەگەلێكی واتایی شاعیرانەی جیاواز)ە[٨١]. بەپێچەوانەی یاسا رەخنەییەكان كەدژی یاكوبسێن هاتوونەتە گۆڕێ، یاسای ئەو لەمەڕ جیاوازی واتاناسانەی زمانی رۆژانە و زمانی شیعر بوە بە خاڵی دەسپێكی كاری مشونیك‌و (ریفاتێر). ریفاتێر لەوتاری (واتاناسی دەق)دا چەشنی یاكوبسێن (جیاوازی زمانی شیعر لەزمانی ژیان)ی لەتەمومژی واتایی شیعردا دۆزیەوە. ئەو نوسیی كەهەڵبژاردنی یەكە واتاییەكان لەهەر شیعرێكدا بنەمای ئاماژە لەنێو دەبات‌و ئەم كردەوەیە بێ بێگومان دروست كەری سیستەمی ئاماژەی فرە واتاییە [٨٢]. بەم پێیە شیعر تێپەڕین لەواتایەكەوە بۆ واتا بێ ئەژمارەكانە. بەبێ یاكوبسێن ئیتر ناتوانرێ بیر لەشیعر بكرێتەوە.

## پەراوێزەکانی پاری سێیەم:...

١_ دو بەرگ لەهەڵبژاردەی بەرهەمەکانی یاکوبسێن بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان تەرخان کراون:

R. jakobson, selected writings, vol,3. Poetry of Grammer and grammer of poertyed, S. rudy, the Hague, 1981.

R. jakobson, selected writings, vol,5. On verse, It's masters and Explorers ed.

S. rudy, the Hague, 1979.

هەڵبژاردەی فەرەنسی بەرهەمەکانی یاکوبسێن لەبواری تیۆری ئەدەبی بەیارمەتی تزوتان تۆدۆرۆڤ بڵاو کراوتەوە:

R. jakobson, questions de poetique, paris, 1973.

R. jakobson, russie, folie, poesie, paris, 1986.

وتاری بەناوبانگی یاکوبسێن لەمەڕ شیعری هۆڵدرلین لەگتێبی دووەم، لاپەڕەکانی ٢١٤ — ١٧١

٢_ یەکێ لەم دەقانە، و تو و ێژی یاکوبسێن لەتەك هاوسەرەکەی و هاوکاری هۆی کریستینا پۆمۆرسکایە کەیەکەمجار بەزمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە و من لەوەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی کەڵکم وەرگرت:

R. jakobson and K. pomorsk Dialogues, cambridge U.P. 1983.

چەشنێکی دیکە لە "ژیانی فیکریی" یاکوبسێن لەم کتێبەی خوارەوەدا دەکرێ بناسیتەوە:

R. jakobson, une vie dons le langage, paris, 1984.

ئەم کتێبە کۆمکەڵەیەکە لەحەوت پاشگوتار کەیاکوبسێن لەسەر حەوت بەرگی بەرهەمەکانی خۆی نوسیویەتی. بەشی پێوندیدار بە ( تیۆری ئەدەبی ) لەپاری شەشەمدا هاتوە:لاپەڕەکانی ١٥٤-١٢٧

3- T. A. sebeok ed, style in Languege, newyork, 1960. R. jakobson, essais de Linguistique generale, paris, 1963.

4 R. jakobson,essais de Linguistique generale, PP, 213 – 215.

5- Ibid, p, 220.

٦_ هەموو ئێمە پەیامەکان بەئەرکە جیاجیاکان دابەش دەکەین. بەڵام لەو شوێنەدا لەشوێنگەی خۆمان تێدەگەین کە ئەرکی ئەدەبی پێمان زانیبێ:

7- Ibid, p, 218.





8- Ibid, p, 219.

9- K. buhler, sprach theorie, stuttgart, 1965, p, 24ff.

10- J. Lyons, semantics, combridge U.P, 1977, vol, 1, pp, 52 – 56.

11- V. erlich, russion Formalism, History – Doktrine, YaleU,P. 1981, p, 94.

١٢_ وتاری یاکوبینسکی لەگۆڤاری poetik ژمارەی ٣، وەرگیراو لە:

H. markiewicz, "the Limits of Litterature", R. cohen ed, newdirections in Literary History, London, 1974, p, 192.n.

13- V. erlich, op, cit. P, 181.

١٤_ "سروشتی شیعری"م بەرانبەر بەوشەی روسی "Basinickast" خێناوەتەوە.

T. todorov, Critique de la critique, paris, 1984, pp, 17 18.

هەروەها سەیری وتاری تۆدۆرۆڤ لەمەڕ ڕەگ و ڕیشاڵی فۆرمالیزمی روسی لەژمارەی تایبەت بەیاکوبسێن بکەن لەم بڵاڤۆگەی خوارەوە:

Cahiers cistre, 1978.

16- T. todorov, op, cit. P, 24.

17- K.P. moritz, schriften zui aesthetik Und poetik, Tubingen, 1962, p,6.

18- R. jakobson, form Und sinn, munich 1974, pp, 176 – 177.

T. todorov ed, theorie de la Litterature, paris, 1966, pp, 31 – 75.

R. jakobson and K. pomorska, op, cit. PP, 101 – 111.

R jakobseon, essais de Linguistique generale, PP, 78 – 86.

٢٢_ شیعرەکانی پوشکین لەلایەن وەرگێڕێکی بەناوبانگ بەناوی بۆهۆمیل ماتسیۆس وەرگێڕدرابوی سەر زمانی چیك و هەر ئەم وەرگێڕانە لەلایەن یاکوبسێنەوە تاوتوێ کرا. وەرگێڕاوی پۆلۆنیای ئەم (شیعرانەش) کاری (وەرگێڕو) شاعیر و زمانناسێکی بەناوبانگ بەناوی جۆلیان تۆویم بو.

23-R. jakobson, op, cit. P, 86.

٢٤_ ناوبانگی خەییام لەرۆژئاوادا بەهۆی وەرگێڕانی ئینگلیزی چوارینەکانێتی (وەرگێڕانی ئیدوارد فیتز جراڵد) کە دەزانین "وەرگێڕانێکی ئەمانەتدارانە"نیە، و ڕەنگدانەوەی رۆحی دوا سەردەمەکانی شیعری رۆمانتیکی ئینگلیزە.

25- R.M. rilke, Duino Elegies, trans, J.B. Leishman and S. spender, London, 1939. (first edition)

26- R.M. Rilke, Duino Elegies, the sonnets to orpheus,trans, A. poulin, Jr, Boston, 1975.
27- R. jakobson, questions de poetique, p, 20.
28- Ibid, p, 124.
29- G. Genette, seuils, paris, 1987, p, 31.
30- R. jakobson, form Und sinn, p, 150.
31- T. todorov, theories du Symbole, paris, 1985. PP, 340 – 341.
32- M. Blanchot, faux pas, paris, 1943, G. Genette, palim psestes, paris, 1982. P, 239.
33- J.P. sartre, Situations, paris, 1948, vol2. P, 63.
34- R. jakobson, questions de poetique, p, 125.
35- Ibid, PP, 127 – 142.

لەسینەمادا کە هونەرێکە ـ بەوتەی یاکوبسێن ـ لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای خوازەی رەها دامەزراوە، ئەم خاڵە بابەتێکی ئاشنایە، کەشوێن بەیانکەری ـ هەندێجار کامڵ ـ لەبۆ کردەکان (تەنانەت لەمەش زیاتر دەربڕی هەڵکەوتەکانو ژیانی دەروونیو زەینی کەسیەتیەکان)بێ. داچا یان خانووی گوند لەفیلمی "ئاوێنە"ی ئاندری تارکۆفسکی و وێنەگەلێك لەلێواری ئاتامی لە "چیرۆکی تۆکیۆ"ی یاسوجیرۆئزو، شاری گەورە لە "کازیوە"ی مۆرنائۆ چەندمونەیەك لەم ( ئارایی شوێن لەجێی کردە ) یە.

٣٦_ لە بارەی هاوئاراستەیی سەیری پاری یازدەهەم بکە:

R. jakobson, and K. pomorska, Dialogues, PP, 99 – 109.
37- R. jakobson, questions de poetique, PP, 401 – 419.

سەیری و تاری ریسفاتێر لەمەڕ کاری شتروس و یاکوبسێن :

M. Rifateree,tow approaches “J.eheman ed, structuralism, newyork, 1970. PP, 188 – 230.

شیعری پشیلەکانی بودلێر شەست و شەشەمین شیعرە لە (کۆمەڵە شیعری) "گوڵەکانی خراپە" کەشاعیر لەدەستپێکی شیعر نوسینیدا (ئەم شیعرەی) لەساڵی ١٨٤٧دا هۆنیوەتەوە.

٣٨_ لێکۆڵینەوەیەکی و رد لەبارەی مێتۆ دی کاری یاکوبسێن لەن کتێبەی خوارەوەدا هاتووە:

J. culler, structuralist poetics, London, 1975. PP, 53 – 54.
39- U. eco, aTheorye of semiotics, Indiana U.P. 1975, p, 261.
40- B. croce, Guide to Aesthetics, newyork, 1963, p, 8.
ب. کروچە، کلیات زیباشناسی، ترجمە. روحانی، تهران، ١٣٥٠. ص ٥٣





41- U. eco, op, cit. P, 262.
42- R. jakobsen, Essais de Linguestique generale, p, 210.
43- R. jakobson, questions de poetioque. PP, 145 – 151.
44- Ibid, PP, 145 – 116.
45- Ibid, p, 146.
46- Ibid, PP, 147 – 148.
47- Ibid, p, 148.
48- Ibid, p, 149.
49- Ibid, p, 150 – 151.
50- D. Bordwell, OzU and the poetics of cinema, Princeton U.P, 1988, p, 51.
51- R. jakobson and K. pomorska, op, cit. PP, 125 – 135.
52- Ibid, pp, 127 – 128.
53- Ibid, p, 129.
54- I did, p, 130.

٥٥_ کتێبی ئاخن بام بۆجارێکیتر لەساڵی ١٩٣٩ لەمۆسکۆ بڵاو کرایەوە.
گێڕانەوەیەکە لەلاپەڕەکانی ٨٨-٨٧ ی ئەم چاپەدایە کەلەم کتێبەی خوارەوەدا هاتووە:

T. todorov, theories du Symbole, paris, 1985. P, 350.
56- R. jakobson, Essais de Linguistique generale, PP, 45 – 49.
57- Ibid, P, 57.
58- I Ibid, p, 61.

٥٩_ بڕواننە:

م.ج. کزازی، زیابیی شناسی سخن پارس، بیان، تهران، ١٣٦٨، ص ١٣٨ — ٩٣
٦٠_ پیشین، ص ١٥٤ — ١٣٩
٦١_ نقم الولك گوسی، سیاستنامە. تدوین ج. شعار، تهران، ١٣٥٨، ص ١٧١.

٦٢_ دواندەریی ژاك لەبارەی حەوت پلەی ژیانی مرۆڤ لەشانۆیی بەشێوەیەك کەبتەوێ، پەردەی ٢، دیمەنی ٧.

63- R. jakobson, op, cit. P, 63.
64- M. Bradbury and J. mc farlans ed, Modernism, London, 1983, PP, 485 – 486.
65- G. Genette, Figores, paris, 1972, vol,3, PP, 41 – 66.

66- S. Ullmann, Language and style, Oxford, U.P. 1946.
67- G. Genette, op, cit. PP, 55 – 58.
68- Ibid, p, 42.
69- M. proust, aLa recherche du tempes Perdu, paris, 1954, vol,3. P, 889.
70- D. Lodge, the modes of modern writing: metaphore, matonymy, and the Typology of modern Literature, Londen, 1977.
71- Ibid, PP, 182 – 185.
دەیوید لاج کۆمەڵەیەکی باوەڕ پێکراو و کارامەی لەنوسینەکانی نوسەرە پێکهاتەگەرا و بنەما شکێنەکانی کۆکردۆتەوە کە پێشنیار دەکەم بیخوێننەوە:
D. Lodeged, modern Criticism and theory, London, 1988.
72- R. Scholes, structuralism in Leterature, Yala, U.P. 1974.
73- Ibid, P, 29.
74- Ibid, PP, 38 – 39.
٧٥_ بڕواننە:
R. jakobson, Language and L'iterature ed, K. pomoska and. S. rudy, Harvard. U.P, 1987.
٧٦_ لەمەڕ بنەمای بیرەکانی لوتمەن بڕواننە پاری پێنجەمی ئەم کتێبە.
77- M. Riffatrre, Essais de Stylistique structurale, paris, 1971.
بەتایبەتی سەیری وتاری "تێگەیشتنی خوێنەر لەگێڕانەوە" .
78- M. Riffatere, La Production du texte, paris, 1979, P,9.
79- Ibid, p, 11.
80- J. Geninaska, Analyse structurale des " chimere" du nerval, paris, 1971.
81- H. meschonic, pour La poetique, paris,1973, vol,3. PP, 277 – 336.
82- M. Riffaterre, La production du texte p, 44.





# پاری چوارەم

## لۆژیکی و تووێژ: باختین.

من دەبێژم، تۆ لەقسەم تێدەگەی، کەوابو ئێمە هەین.
فرانسیس پۆنژ

(١)

تزوتان تۆدۆرۆڤ، (باختین)ی‌بە (گرنگترین بیریاری سۆڤیەت لەپانتایی زانستە مرۆڤایەتیەکان‌و تیۆریزانی ئەدەبی سەدەی بیستەم) ناودێر کردوە (١) باختین بنەمای (وتووێژ)ی دانا؛ بەڵام بەدرێژایی ژیانی، بەرهەمەکانی بەهۆی ( سانسۆری توندو تیژی ئیستالینستی) هەرگیز نەبووبە بابەتی وتوێژو) لێی نەکۆڵدرایەوە( . پەنجاسال چالاکیی فیکری باختین، پرۆژەیەکی زۆر گەورە کەزماننناسی، رەخنەی ئەدەبی‌و ئەبستمۆلۆژی گۆڕی، لەگۆشەگیری‌دا مایەوەو جگە لەژمارەیەکی زۆرکەم لەدەستکەوتە هزرمەندانەکانی (شتێکی ئەوتۆ) بلاّونەکرایەوە. بەڵام ئێستا کاتی گفتوگۆ دەستی پێکردوە: گفتوگۆ لەگەڵ باختین ( لۆژیکی وتوێژ) رەهەندێکی نێوان دەقی‌یە. هەر ئاخێوێك (بەئەنقەست یان نائەنقەست، ئاگایانە یان نائاگایانە) لەتەك ئاخێوەکانی پێشوتر کەبابەتی هاوبەشیان پێکەوە هەیەو لەگەڵ ئاخێوەکانی ئایندە، کەبەکورتی پێشگۆیی‌و کاردانەوەیە لەهەمبەر دروست بونیاندا، دەدوێ. فۆنیمی هەر دەقێك لەم ( هاوچڕین ) ەدا واتا پەیدا دەکات. ئەم خاڵە تەنیا لەبارەی ئەدەبیاتەوە راست نیە، بەڵکو لەمەڕ هەرفۆرمێکی ئاخێو(یش) کارایی هەیە. کولتور بەم پێیە وتوێژێکە لەنێوان چەشنەکانی ئاخێو (کەلەکۆنەست گشتی‌دا هەن). کولتور لەدەرەوەی (

وتوێژ) دا بێ واتایە. لەنێوان جۆرەکانی دەربڕینی هونەریدا رۆمان ژانرێکە کەئەم هاوچڕینە یان ( فرە دەنگی ) یەی چاکتر نواندوە، هەربۆیە بەشێکی گەورە لەکاری فیکری باختین لەسەر توێژینەوەی پێکهاتەی رۆمان چڕبۆتەوە. بەرهەمەکانی دستۆفسکی؛ تەنیا بابەتی توێژینەوەی یەکێ لەگرنگترین کتێبەکانی نەبو، بەڵکو لەڕاستیدا ڕۆماننوسی روسی (دستۆفسکی) بە مامۆستای ئەو لە ( لۆژیکی وتوێژدا ) دەژمێردرا. ئەو (دستۆفسکی)بەباختینی نیشان دەدا کەلەبنەڕەتدا هەبوونی مرۆڤ پەیوەستە بە گفتوگۆوەو کولتور لەڕەوتی هەڤپەیڤیندا بەردەوام دەبێ. وشەی ((پرسیار))و هاوواتاکانی لەناوی زۆربەی بەرهەمەکانی باختیندا بەکارهاتووە: پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی، پرسیارەکانی ئەدەبیاتو جوانناسی، پرسیاری دەق،و ...هتد ) پرسیار یەکێك لەگرنگترین ستونەکانی بەردەوامی گفتوگۆیە. ئەمڕۆکە، لەسایەی بەرهەمەکانی ئیمانوئێل لوینا هانس گئورك گادامێر، مارتین بوبێر، پۆل ریکۆرو زۆر لەبیریارانیتر گرنگی گفتوگۆ زانراوەو ئازاد بیری فەلسەفی لەتەك ئازادیخوازی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی هاوشان بووە. هەربۆیە گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی باختین تەنیا لەچوارچێوەی تیۆری ئەدەبیدا جێی نابێتەوە، بەڵکو ڕێ خۆشکەری توێژینەوەی زۆر لەبوارە فەلسەفیو زانستە مرۆڤایەتیەکان بووە.

میخائیل باختین لەساڵی ١٨٩٥لە ((ئۆرێل)) چاوی بەدنیا هەڵێنا. لەزانکۆی ئیدسا (بەشی) زمانناسی خوێند. لەدەستپێکی نوێی ساڵی ١٩٢٠دا بازنەیەك لە هاوڕێیانە لەدەوری ئەو کۆبوونەوە:وێلۆشینۆف زمانناس، پۆمیانسکی شاعیرو موسیقازان، کاگان فەیلەسوف، مدۆدۆف رەخنەگر، سۆلێرتیسکی، مۆسیقازان، شاگال نیگارکێشو توبیانسکی فەیلەسوف. لەلایەکی دیکەوە باختین لەگەڵ بزوتنەوەی فۆرمالیستە روسیەکان هاوبیربوو نزیك کەوتەوە. ئەو هەمیشە گرنگی بەرهەمی فۆرمالیستەکانی وەبیرهێنایەوەو لەکتێبێکدا کەلەساڵی ١٩٢٨دا بەناوی مدۆدۆف واتە مێتۆدی فۆرمال لە توێژینەوەی ئەدەبیدا بڵاوی کردەوە، نوسیبووی: "فۆرمالیستەکان رۆڵێکی سەرەکیان لەئەدەبیاتی روسیدا هەیەو گرنگترین خاڵەکانیان لەزانستو تیۆری ئەدەبیدا هێناوەتە گۆڕێ" . چەندین ساڵ دواتر، لە١٩٧٠دا، فۆرمالیستەکانی بە (( کاریگەرترین زانایانی سۆڤیەت)) ناوزەد کرد ) [٢].





هەڵبەتە باختین رەخنەی لەکاری فۆرمالیستەکان هەبوو هەرگیز نەیویست لە ((بازنەی فۆرمالیستەکان )) دا جێی بکەنەوە. ئەو لەکتێبی مێتۆدی فۆرمال لەتوێژینەوەی ئەدەبیدا نوسیبوی: (( بنەمای بەرهەمی ئەدەبی، بابەتی ڕاستەقینەی تیۆری ئەدەبیە)) [٣] ، بەڵام مەبەستی لەوشەی روسی konstrukcija یان بنەما، هەمان شێوە یان فۆرم نەبوو کەفۆرمالیستەکان تاووتوێ کردنی ئەو (فۆرمەیان) بەبابەتی سەرەکیی کاری خۆیان دەزانی. باختین هەرگیز دانی بەوەدانەنا کەبتوانین دەق بەهۆی دابڕاندنیەوە لە ((دیاریکاریە کۆمەڵایەتیەکان)) بناسینەوە. بڕوای ئەو بە (( فرە چەشنیی دەنگی)) لەهونەردا، دەبووە هۆی ئەوەکە دەق لەرێگەی جیاکردنەوەو دابڕاندنی لەکامڵ بوونی کۆمەڵایەتیو مێژوویی تاووتوێ نەکا. ئەم خاڵە سەرنجڕاکێشە کەباختین هەرگیز تاکە بەرهەمێکی (دیاری کراوی) تاووتوێ نەکرد، بەڵکو بەردەوام بەدوی تێگەیشتنی روە هاوبەشەکانی بەرهەمەکاندا دەگەڕا، چ ئەوبەرهەمانەی کەنوسەرێك (دستۆفسکی یان رابلە)نوسیویانە چ ئەو بەرهەمانەی کە لەچوارچێوەی ژانرێکی تایبەتیدا نوسراون. بەدەربڕینی دیکە، بابەتی شیکردنەوەی ئەدەبی بەڕای باختین بەردەوام شوێنگەی ئاخێو لەپەیوەندی گرتندا بوو ئەو گروپە لەبەرهەمی فۆرمالیستەکان کە باسیان لەمێژووی ئەدەبی کردووە، زیاتر لەبەرهەمەکانیتریان لەرۆحی هزر و بەرهەمەکانی خۆی بەنزیکتر، دەزانی. بەدرێژایی دەیەی ١٩٢٠باختین وتارگەلێکی زۆری نوسی کەژمارەیەك لەوانە بەناوی خودی ئەو، و یان بەناوی هاوڕێکانیەوە بڵاوکرانەوە. لەجۆری دووەمی (بەرهەمەکان) دەتوانین ناوی سێ کتێب بێنین: فرۆیدیزم بەناوی و .ن. و ێلۆشینۆف (١٩٢٧)، مێتۆدی فۆرمال لەتوێژینەوەی ئەدەبیدا بەناوی مدۆدۆف (١٩٢٨) و( مارکسیزم و فەلسەفەی زمان ) بەناوی و .ن. وێلۆشینۆف ١٩٢٩[٤]. یەکەمین کتێبێك کەبەناوی خۆیەوە بڵاوی کردەوە ( پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبیی دستۆفسکی ) (١٩٢٩ )بوو[٥] . (ئەمە) کتێبێك بوو کە(باختین) یەکەم رەشنوسی لەساڵی ١٩٢٢ تەواو کردبو. بڵاوبونەوەی ئەم کتێبە سەرنجی ژمارەیەکی کەم لەرەخنەگرانی بۆلای خۆی راکێشا. لەحاڵێکدا کەچاپی دوایی ئەو بەرهەمەکەلە ١٩٦٣ لەمۆسکۆدا ئەنجام درا (کەتیایدا دەقی یەکەم دەسکاری کرابو) بەروداوێکی ئەدەبی گرنگ لەقەڵەم درا. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکە، باختین بەتاوانی ( پڕوپاگەندە بۆ هەڵوێستەکانی کەلیسای ئۆرتۆدۆکس) گیراو دادگایی کراو سزای پێنج ساڵ

زیندانی لەئوردوگاکانی کاری زۆرەملێ بەسەردا سەپێنرا. لەساڵانی دواتردا چوارو تاری ئەو بەناوی وێڵۆشینۆف وتارێکی دوورو درێژ لەژێر سەردێڕی فۆرمالیزمو فۆرمالیستەکان بەناوی مدۆدۆفەوە بڵاوکرانەوە؛ بەهۆی نەخۆشی‌یەوە سزاکەی گۆڕا بۆ ((دوورخستنەوە لەبۆ کازاخستان))و لەشارە سنووریەکانی کازاخستانو سیبری، بەتایبەتی لەشاری کۆستانای لەبەڕێوەبەرایەتیە دەوڵەتیەکاندا، بوبە فەرمانبەر. لەساڵی ١٩٣٦دا، پاش کۆتایی هاتنی سزادرانەکەی لەئەنجومەنی فێرکاری سارانسك کاری کردو ساڵی دواتر گوازرایەوە بۆشاری کیمر لەنزیك شاری مۆسکۆو مۆڵەتی پێدرا کەلەقوتابخانەکاندا وانەی زمانی ڕوسیو ئەڵمانی بڵێتەوە. لەساڵانی شەڕدا (شەڕی دووەمی جیهانی) لەئەنجومەنی کۆڕی کولتوری سۆڤیەت دەستبەکاربوو، لەساڵی ١٩٦٣ کتێبی پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی لەمۆسکۆ بڵاوکردەوە. دووساڵ دواتر بواری پێدراو کتێبی بەرهەمەکانی فرانسوا ڕابلەو کولتوری (پۆپۆلیستی) لەسەدەکانی نێوەڕاستو ڕێنێسانسی بڵاوکردەوە؛ (ئەمە) کتێبێك بوو کەنوسینەکەی لەساڵی ١٩٤٠دا تەواو کرابو [٦]. باختین لەساڵی ١٩٦٩ بەهۆی نەخۆشی بۆمۆسکۆ ڕۆیشت. دوا ساڵەکانی ژیانی لەخەڵوەتگەی پیری بەسەربردو لەمارسی ١٩٧٥ لەتەمەنی هەشتا ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد. ئەویان بەنەریتی ئایینی ئۆرتۆدۆکسەکان ناشت. هەر لەم ساڵەدا کتێبی پرسیارەکانی ئەدەبیاتو جوانناسی (باختین) لەمۆسکۆ بڵاوکرایەوە [٧]. ئەمە( بەرهەمێك بوکە لەڕاستی‌دا لەدەیەی ١٩٣٠ نوسرابوو تاڕادەیەك ڕونکەرەوەی مێتۆدی ئیشکردنیەتی لە (بەرهەمی) ڕابلە دا. چوار ساڵ پاش مردنی کۆمەڵێك لەوتارەکانی لەژێر ناوی‌جوانناسی‌و داهێنانی ئاخاوتەیی کەتێکەڵیەکە لەیەکەمینو دواترین نوسینەکانی، دوبارە لەمۆسکۆ بڵاوکرایەوە [٨]. کۆمەڵێك بەرهەمی بڵاونەکراوەی باختین ماوەتەوە، نزیکەی چل وتاری بەناوی خۆی‌و هاوڕێکانی خۆی بەجی‌هێشت: لەمەڕ پرسیارە بان زمانیەکان ، جۆرەکانی گوتە ، توێژینەوە لەمرۆڤناسی فەلسەفی ، دوکتێب لەبارەی دیستۆفسکی، کتێبێك لەمەڕ گوگولو کتێبێك لەبارەی شێوەی دۆزینەوەی دەنگی تایبەتی لەئەدەبیاتدا [٩]. ڕۆژانی پڕژان کەباختین بەسەری بردن، خۆی لەمپەرێك بولەسەر ڕێگای داهێنانی فیکریی ئەودا. تەمەنێك کەلەسەردەمی ڕەشو تاریکی ڕژێمی ئیستالین لەتەنیایی‌و دوورخستنەوەدا تی‌پەڕی، بەرهەمی زۆر کەهەرگیز بڵاونەکرانەوەو ئیشی ناتەواوی زۆر (نمونەی ئەو لەمپەرانە بوون). لەدژایەتی لەگەڵ ئەم هەموو کارەساتەدا، کامڵ کردنی هزرێکی





سەنتڕاڵ واتە ( لۆژیکی وتووێژ ) بەدرێژایی نیوسەدە کارێکی بچووك نیە. لەحاڵێکدا کەئەو فۆرمالیستانەی کەلەسۆڤیەتدا مابونەوە، هەموویان ڕێگەی خۆیان گۆڕی بو، باختین بەباوەڕ و چاونەترسی بیریارانەوە درێژەی بەکاری خۆی‌دا. بەچەشنێکی پرژان، ئەو هەمیشە بیری لەدیالۆگ دەکردەوە بەڵام لەسەردەمی ژیانی‌دا، هیچ کام لەبەرهەمەکانی نەبوون بەبابەتی وتووێژێکی شێلگیرانە. سەردەمێك باختین نوسیبووی: ( بۆ گوتە ـ لەئەنجامدا بۆ مرۆڤ ـ هیچ شتێك ترسناکتر لەنەبوونی وەڵام نیە ) [١٠]. خودی ئەو تالەژیاندا بوو وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام نوسیی، بەبێ ترسو بەبێ دڵەڕاوکێ لەوەی نوسینەکانی لەفایلەکاندا هەروا بمێننەوە. کتێبی بەرهەمەکانی فرانسوا رابلەو کولتوری‌جەماوەریی لەسەدەکانی نێوەڕاستو ڕێبنسانسدا ( بیستوپێنج ساڵ پاش دواین سەرلەنوێ نوسیوە، بڵاوکرایەوە. پاژێك لەگرنگترین بەرهەمەکانی تەنیا لەپاش مردنی لەچاپ دران. هێشتاش بەدروستی نازانین کەڤەبارەی ڕاستەقینەی بەرهەمەکانی چەندبو. بەڵگەکان وادەنوێنن، کەزۆر لەو (بەرهەمانە) بزر بونە. لیستەیەك کەتۆدۆرۆف لەکۆتایی کتێبەکەیدا هێناویەتەوە، تەنیا چل و سێ ناوی (بەرهەمەکانی باختین) نیشان دەدەن. خودی باختین گەلاڵەیەکی کورتو ناتەواو هێنایەوە: ( لەبەرهەمەکانمدا بابەتی تەواونەکراو زۆرن، ئەمانە نەك لەهزردا بەڵکو لەدەربڕیندا بەناتەواوی ماونەتەوە) [١١]. لەڕاستیدا لەشاخی پڕشانو شکۆی بەرهەمەکانیی (باختین) تەنیا چەند کەرتێکیان سەریان لەنێو ئاوەکانی فەرامۆشیی وەدەرهێناوە. تۆدۆرۆف بەرهەمەکانی باختینی بەچوار قۆناغی لێك جیا دابەش کردوو بەدیاردەناسانە، کۆمەڵناسانە، زمانناسانەو مێژووی ئەدەبی ناودێری کردون. ئەو لەو باوەڕەدایە کەباختین، لەدواساڵەکانی ژیانی‌دا لێکدانێك لەم ((چوار زمانی جیاجیا)) یەی بەکارهێنابو [١٢]. قۆناغی فینۆمینۆلۆژیك یەکەم بەرهەمەکانی باختین دەگرێتەوە، کەتیایدا پەیوەندی نێوان نوسەرو کەسیەتیەکانی بەرهەم وەکوو جۆرە پێوەندیەکی مرۆیی، بەرجەستە کراوەتەوە. باختین گەوهەری مرۆڤی لەم پەیوەندیانەی نێوان تاکەکان دۆزیەوەو باسی لەدروستکردنەوەی خود (لەژێر سایەی(ڕوانینی کەسێکی دیکە ) وە دەکرد. خاڵێك کەدواتر لە ( هەبوونو نەبوون ) ی سارتەر گرنگی پێدرا. چاکترین نمونە لەبۆ بەرهەمەکانی قۆناغی دیادەناسانەی باختین، وتارێکە لەژێر ناوی ( نوسەرو پاڵەوانەکان ) . ئەم وتارە درێژە (زیاتر لەدوسەد لاپەڕەی چاپکراو) لەدەیەی ١٩٢٠دا

نوسراووە؛ بەڵام بەناتەواوی ماوەتەوە. لەپێنج بەشی وتارەکەدا بنەمای لۆژیکی وتووێژ واتە سەودای دۆزینەوەی هەقیقەت بەیارمەتی (بەشێکی) دیکە بابەتی لێکۆڵینەوەیە. پاڵەوانی رۆمان، بۆنوسەر بەواتای هوشیاریو ویژدانێکی‌دیکەیە. بەڵام لەڕەوتی بەرەو پێشچونی نوسینی رۆماندا، پەیوەندی نوسەر لەتەك پاڵەوان تارادەیەك لەگەڵ پەیوەندی پاڵەوانو خودی (نوسەر)دا دەبنە یەك [١٣] ، کەلەڕاستیدا رەنگدانەوەی ( پەیوەندی نوسەرە لەگەڵ خۆیدا ) . باختین دەپرسێ: ( لەسەر بنەمای کامە رێسا، داهێنانی ئاخاوتەیی (ئەدەبی) لەشێوەی لەئارادابوونی پاڵەوان لەشوێنو جیهانی پاڵەوان ئاگادارمان دەکاتەوە؟) یان( چۆن لە بەرهەمێکدا کەلەسەر بنەمای داهێنانی ئاخاوتەیی دامەزراوە، بونەوەرەکانی جیهانی دەرەکی، بەهۆی ئەو پەیوەندیانەوە کەلەگەڵ پاڵەواندا هەیانە، روون دەکرێنەوە؟ ) [١٤]. وەڵام دەداتەوە: ( یان لە ) رێگەی( دەروونی پاڵەوان واتە بەهۆی ئاسۆیی بینینی ئەوەوە، یان لەدەرەوەی ئەودا، واتە ) بەهۆی ژینگەوە (ڕوون دەکرێنەوە) .هەرچەند پەیوەندی(من) لەتەك بونەوەرەکانی جیهانی دەرەکی‌دا. هەرگیز کامڵ نیە، بەڵام شتەکان لەئاسۆی دیتنی مندا جێیان دەبێتەوە لەگەڵ رێسا رەوشتی تێگەیەنەریەکانی مندا دەگونجێن، بەوتەی وردی باختین (لەودا دەتوێنەوە) . کەوابو جیهانی دەرەکی، لە ئاسۆی پاڵەوان واتە لەبوونی رەوشتی- تێگەیەنەری ئەودا دەتوێتەوە[١٥]. بەشی سێیەمی وتاری((نوسەرو پاڵەوانەکان)) گرنگیەکی چارەنوسسازی لەهزری باختیندا هەیە، چونکە لەخاڵی سەنتەریی دنیای زەینیو رۆحی ( کەسێکی دیکە ) دەکۆڵێتەوە و بەهێنانە پێشەوەی بابەتی مەرگ دەست پێدەکات. من هەمیشە مەرگی خەڵکانی‌تر ئەبینم. لەرێگەی ژیان / مەرگی کەسانی‌تر، ژینی خۆم رێك دەخەم بەڵام مردنم بەدەست خۆم نیە. مەرگ ئاراییەکانی ڕەهای‌ترە. (واتە) بابەتێکی دیکەیە کەئەگەر هات ئیدی من لەئارادا نابم، کەوابو ناتوانم بیناسمەوە. لەپاش مردنی کەسێکی دیکە، تەواوەتی ژیانی ئەو لەبیرەوەری مندا، بەشێوەیەکی ( ناڕاست ) دەچەسپێ ( وەلێرەوە پرۆسەی داهێنانی جوانناسانە دەست پێدەکا ) [١٦]. دانەر بۆ دارشتنی کەسیەتی چیرۆکی، سەرەتا ئەو چەشنی مردوویەك گریمان دەکات، کەسێك کە نیە. لەبەشی پێنجەمی وتارەکەدا باختین باسی لە ئارایی (من)ی نوسەر لەبەرهەمەکانی خۆیدا کردووە. ئەم باسە رێخۆشکەری تێگەیشتن لەبابەتە نوێیەکانی تیۆریی تێگەیشتنی دەقە. باختین رۆمان بەجۆرە دانپیانانێك (بەزۆری نائاگایانە) دەشوبهێنێ‌وخۆیەتی نوسەر





کەلەبەرانبەر دادوەری بەهادارانە ـرەوشتی کەسانی‌تر دەگۆڕێ، بەرجەستە دەکا. ئەو لەئارایی (من)ی تۆلستۆی لەبیرەوەریەکانی نوسەردا نمونە دێنێتەوە کەبەردەوام لەبەرانبەر (هەر) داوەریەکی دیکەدا فۆرمێکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ. نمونەیەکی‌تری باختین شێوەی ڕونو ئاشکرای دانپیانانە لەرۆمانەکانی دستۆفسکی‌دا. درێژەی لۆژیکیانەی باسەکەی باختین دەگات بەدوو فۆرمی ژیاننامە (بیۆگرافی)و ژیانناسەی خۆنوس (ئەتۆبیۆگرافی). لەهەرجو فۆرمی ئەم (راپۆرتی جوانناسانەی ژیان)ەدا دەربڕینی پێوەندی ساتێك لەژیانی من (پەیوەندی) لەگەڵ تەواوەتی ژیانی مندا هەیە، و بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە (منی رابردوو) دەبێ وەکو ژیانی کەسێکی دیکە لەبەرچاو بگرم. کەوابو لەکردەی وەبیرهێنانەوەی رابردودا، شوێنگەی ئێستایی من رۆڵێکی بەرچاوی نیە، ئەوە لەکاتێکدایە لەپێشبینی دوارۆژدا، ئەم شوێنگە تاکە (یان لانی کەم گرنگترین) رێسایە. هەربۆیە باختین دەنوسێ: ( بەردەوام بیرەوەری رابردوو فۆرمێکی جوانناسانەی هەیەو پێشبینی خاوەنی فۆرمێکی رەوشتیە ) [١٧]. قۆناغی کۆمەڵناسانەی بەرهەمەکانی باختین، بەپێداگری زیاتر لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو شتەی کەبەزۆری بەسروشتی تاکایەتی نوسین دەزانرێت، دەستی پێکرد. لەم قۆناغەدا، باختین گرنگیی بەزماندا، چەشنی ئامرازی پێوەندیەکانو پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. لەقۆناغی سێیەمدا، واتە قۆناغی زمانناسانە ئەم سروشتە سەنترالە زمانیە تەنانەت زیاتریش بو، بەڵام لێرەدا زمان بەئامانج دانرا نەك بەئامراز (وەك رۆڵی زمان لەشیعردا، لەتیۆری فۆرمالیستەکان). لەبەرهەمەکانی ئەم قۆناغەدا باختین چەمکی ((بان زمان))ی هێنایەگۆڕێ، چەمکێك کەئەمرۆکە لەزمانناسیو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بە ((پراگماتیك)) لەقەڵەم دەدرێت [١٨]. بابەتی ئەم چەمکە نەك گوزارە، بەڵکو پێوەندی گوتاری یان ئاخاوتەیی‌یە [phatic]. لەم قۆناغەدا باختین رەخنەی لەتیۆریەکانی فۆرمالیستەکان گرت و نوسیی کەئەوان زمان تائاستی رەمزەکان دادەبەزێننو لەبیرخۆیان دەبەنەوە کەئاخێو بەرلە هەموو شتێك پردێکە لەنێوان دوومرۆڤدا، کەخۆی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت. ئەم خاڵانە کەبابەتی دوابەشی کتێبی پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی‌یە لەوتارێکی گرنگدا بەناوی ( ئاخێوی رۆمان ئاسا ) بەچەشنێکی کامڵتر ڕون کراوەتەوە [١٩]. قۆناغی مێژوویی ئەدەبی لەبەرهەمەکانی باختیندا لەدەیەی ١٩٣٠دا دەستی پێکرد. بەرهەمی سەرەکیی ئەو کتێبە ( بەرهەمەکانی فرانسوا رابلەو کولتوری

جەماوەریی لەسەدەکانی نێوەراستوڕێنسانس بوو هەروەها پرۆژەیەك لەبەرهەمەکانی گۆتەو کەنەگەیشتە ئەنجام. لەم قۆناغەدا سەرنجی باختین زیاتر لەلای ((ناکۆکیە ناوەکیەکان))ی دەقێك بوو کەبەرەنجامی فرەچەشنی توخمە پێکهاتەییەکانی ئاخێوێکن کەباختین بە((لۆژیکی فرەچەشنی)) ناودێری کردووە. بەئاشکرا هزرێکی سەنترالْ تەواوەتی لێکۆڵینەوەکانی هەرچوار قۆناغی کاری فیکری باختین پێکەوە گرێ دەدات: تەنیا دەتوانی واتا لەرێگەی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانەوە دروست بکەی، واتا لەدیالۆگدا دروست دەبێ. باختین (لۆژیکی وتووێژ)ی پێك نەهێنا. بەرلەو و پاش ئەو، زۆرکەس ئەم خاڵەیان خستەنێوەندی سەرنجی فەلسەفیی خۆیانەوە. بەڵام باختین (لۆژیکی وتووێژی) بە((بنەمای ئاخێو))زانیو بەم پێیە کاری ئەو تازەیە. یەکێ لەگرنگترین توێژینەوەکان لەمەڕ گرنگی دیالۆگ دەبێ لەنێو بەرهەمەکانی فۆرمالیستە روسیەکاندا بۆی بگەڕێی. ڤینۆگرادۆف لەشیکردنەوەی چیرۆکی(هاوزاد)یدستۆفسکی هێمای بەگرنگی لۆژیکی وتووێژ دەکرد. ئەو بەتاووتوێ کردنی زمانناسانەی بەرامبەرێتی ئاخاوتنی گولیادکین پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکی دستۆفسکی لەگەڵ کەسیەتیەکانی دیکەدا، دەری خست، کەلەم چیرۆکەدا بەرەوڕوبونەوەی دەرەکی لەنێوان ((ئاخێوی مۆنۆلۆگ [Monologue]))و(لۆژیکی وتووێژ)ە[٢٠]. یاکوبینسکی، کەمێك دواتر درێژەی بەم باسەدا. ئەو لەوتارێکدا لەژێرسەردێری ((لەمەڕ گفتوگۆ)) باسی لەوەکرد کە لۆژیکی وتووێژ ((کەهەمەلایەنەو کامڵە))ئاستەکەی لەئاخێوی تاکبێژی [monologue] ((کەتاك ڕەهەندە)) بەرزترە.یاکوبسێنیش لەمەڕ پێشینەی (ئاخێوی دیالۆگ ئاسا) لەسەدەکانی نێوەراست توێژینەوەی ئەنجامداو هەروەها باسیشی لەسەدە نوێیەکان کرد. ئەو نمونەی لەشیعرە کۆنەکانی چیك هێنایەوە کە ( وتووێژی نێوان لەش‌و گیان ) یان بە (لۆژیکی جوانناسیی) زانیوە[٢١].

(٢)

هەرلەمێژەوە ئێمە بڕوامان بە ئوتۆمیزمی کۆمەڵایەتیی هەبو کەسەدەی هەژدەهەم دای هێنابوو بەپێی ئەو(ئۆتۆمیزمە) مرۆڤ بونەوەرێك بو کەیەکسەر دوورە پەرێزو تەنیایە... بەڵام ئێستا بڕوامان بەوە کردووە کە کەتواری مرۆیی لەکۆمەڵگادا دەکرێ بدۆزرێتەوە (کە) بەبون لەجیهان ناودێرمان کردووە. سارتەر[٢٢] بەناوبانگترین دەق کە





بنەمای (لۆژیکی وتووێژ) دەتوانین تیایدا بدۆزینەوە، کتێبەکەی باختین پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکییە. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لەسێ بەشدا رێکخرابوو[٢٣] لەبەشی یەکەمدا ڕای باختین لەمەڕ ( جیهانی چیرۆکی دستۆفسکی)باسکرا؛ لەبەشی دووەمدا، باختین بەشێك لەژانرە لەبیرکراوە ئەدەبیەکانی ناساند کە(لۆژیکی وتووێژ) بەسەریاندا زاڵە، چەند جۆری (وتووێژ) وەکو: گفتوگۆکانی سوکرات، (منیپە) ، فۆرمەکانی دەربڕینی کەرنەڤاڵی سەدەکانی نێوەڕاست. بەشی سێیەم پرۆژەیەکی گشتی، شێوەدارو وردە لەبارەی مێتۆدی دەربڕینی دستۆفسکیەوە. چەمکی سەرەکیی کتێبەکە(فرەدەنگی)یا(پۆلیڤۆنی)یە، چەمکێك کەلە مۆسیقادا بەکاردێت. مێلۆدی بەهێڵی ئاسۆیی‌و رێنوسی مۆسیقا دەژمێردرێ‌و هارمۆنی بەهێڵی ستوونی (مۆسیقا). کاتێك کەمێلۆدیەك بەئاسانترین شێوەیە دەخوێنرێتەوە یان دەژێنرێت (وەکوو بڕگەیەك ئاوازی فۆلکلۆری ناوچەیی، یان گۆرانیەکانی سەدەکانی نێوەراست) هێڵی ئاسۆیی زاڵە. لەم حاڵەتەدا زاراوەی مۆنۆفۆنی بەکاردێنین. کاتێك کەهەر ئەم مێلۆدیە هاوڕێ لەگەڵ ئاوازێکی مرۆییانەیتر یان دەنگی ئامێرێکی مۆسیقایی دیکە (کەهەندێجار بەگۆڕانکاریەوە لەگەڵ بناغەی مێلۆدیەکە هاوکاری دەکەن) دەبیسرێ، لەراستیدا رۆنانێکمان لەدو دروستکراوی مۆسیقایی هەیە کەمۆنۆفۆنی پێدەڵێین. هەندێجار هەر مێلۆدیەك لێکدانێکە لەمێلۆدیەکانی دیکە، واتە لەهاوکات بونی پێشکەش کردنی دو یان چەند مێلۆدی جیاوازدا (کە زۆرجاران بەناتەواوی پێشکەش دەکرێن) واتای سەرەکی بڕگەی موسیقا دروست دەبێت. لەم دۆخەدا مۆسیقاکە فرەدەنگی (ڤۆلیفۆنیك)ە[٢٤]. لەبڕگەی پۆلیفۆنیکدا، چەند مێلۆدیەك لەیەك کاتدا دەژنرێن‌و (پێکەوە تێکەڵ) دەبن تاواتای کۆتایی دروست دەکرێت. بەڕای باختین لەرۆمانەکانی دستۆفسکیدا هەریەك لە کەسیەتیەکان وەکوو مێلۆدیەکن‌و کۆی ئەو (مێلۆدی)انە ئاوازی کۆتایی پێك دێنن. بەدەربڕینیتر، ئەوان یەکتری کامڵ دەکەن. سروشتی ناوەکی هەریەك لەوانە(چەشنی سروشتی دەروونیان) تەنیا لەو پێوەندیەی کەلەگەڵ کەسیەتیەکانی دیکەداو لەگەڵ تان‌و پۆی سەرەکی رۆمان هەیانە، واتا پەیدا دەکا. هەر هێمایەك بۆ کەسیەتیەك بەشێك لەتانو پۆی سەرەکی بەرهەمە. لەرۆمانەکانی دستۆفسکیدا چیرۆك گێرەوە نەك تەنیا کەسێك (یان نوسەر) بەڵکو کۆمەڵە کەسێکن. چیرۆك گێڕەوە خۆی بەشێوەی جیاجیاو هەندێجار پێکناکۆك پێناسەو بەرپرسیار دەکا. لەرۆمانی مۆنۆفۆنیدا

جیهانی گێردراوە (ریوایەت کراو=[narration]) دنیای کەسیەتیەکانە، چیرۆك گێڕەوە دەری دەبڕێ. بەرهەم لاسایی کردنەوەی کردەی کەسیەتیەکانە. بەڵام لەرۆمانە فرە دەنگیەکانیدستۆفسکیدا، جیهانی گێردراوە، جیهانی گێرانەوە جۆربەجۆرەکانی کەسیەتیەکانە کەبەهۆی روانگەی گۆڕدراو (ناجێگیر)ی چیرۆك گێڕەوە ڕون دەبێتەوە، تەنیا لەنێو پێوەندیە ناوەکیەکانی خۆیاندا واتادار دەبنو بەشێوەی ئەبستراکتو دوورە پەرێز بێ واتان. لەرۆمانی مۆنۆفۆنیدا، تەنیا ئاخاوتنی چیرۆك گێڕەوە (یان نوسەر) واتە دەنگێکی تەنیا و گۆشەگیر دەبیسین کەدەچێتە سەروی دەنگەکانیترو هاوئاهەنگیان دەکا. هەرچەند دیالۆگی کەسیەتیەکان دەبیسین بەڵام دواجارو ادەردەکەوێ کە چیرۆك گێڕەوە بەسەر هەموو شتێك زاڵە و چاودێرە. بەڵام لەرۆمانە فرە دەنگیەکانیدا پێوەندی نێوان کەسیەتیەکان لەرێگەی پێوەندیەکانی نوسەر لەگەڵ کەسیەتیەکانەوە دەناسرێتەوە. نوسەر لەچەق دەمێنێتەوە. لەم دۆخەدا نوسەر دەگۆڕێت بۆ چەند کەس [(٢٥)]. لەرۆمانی فرە دەنگیدا گفتوگۆ توخمی سەرەکیە. لەهەنگاوی یەکەمدا وتووێژی نێوان نوسەرو کەسیەتیەکان، لەهەنگاوی دوا(یش)دا و تو و ێژی نێوان کەسیەتیەکان (گرنگو سەرەکیە). بەکورتی پێوندیەکانی نێوان ئاخاوتنی چیرۆك گێڕەوەو ئاخاوتەی کەسیەتییەکان خاڵی سەرەکییە لە گێڕانەوەدا. باختین دەڵێ فرەچەشنیو چەند شێوەیی وشیاریەکانو دەنگە سەربەخۆکانو هۆمۆنۆمی کامڵی نێوانیان بەراستی، نیشاندەری تایبەتمەندی بەرهەمەکانی دستۆفسکییە... ئەو دارێژەری رۆمانی فرە دەنگیەو جۆرە رۆماننوسیەکی نوێی دارشتوە. هەربۆیە بەرهەمەکانیی لەهیچ چوارچێوەیەکدا جێیان نابێتەوەو پەیڕەوی لەهیچ کام لە تانوپۆ مێژویی ـ ئەدەبیەکان کەپێشتر رونکەرەوەی رۆمانی ئەوروپی بون، ناکەن. لەرۆمانەکانی ئەودا دەنگی پاڵەوان هەربەو شێوەیە دەبیسرێ کەلە رۆمانە ئاساییەکاندا دەنگی نوسەر (دەبیسرێ). ئاخاوتنی پاڵەوان لەمەڕ خۆیوجیهان بەهەمان ئەندازەی ئاخاوتنی نوسەر باوەڕ پێکراوە؛ و ەپەیڕەوی لەوێنەی بەرجەستە کراوی پاڵەوان ناکاتو دەرخەری یەکێ لەرەفتارەکانی ئەو نیە. بەڵام هەرچۆنێك بێ، دەنگی پاڵەوان جێی دەنگی نوسەر ناگرێتەوە؛ بەڵکوو سەربەخۆییەکی ناوێزەیی لەپێکهاتەی بەرهەمەکەدا هەیە، (کە) هاوئاستی ئاخاوتنی نوسەرەو بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ (دەنگی نوسەر)و دەنگەکانی دیکەی کەسیەتیەکان تێکەڵ دەبێ... تانوپۆی چیرۆکی بەرهەمەکانی دستۆفسکی گرنگیی بەفرەشێوەیی





وشیاریەکان دەدا، ئەو وشیاریانەی کەپێکەوەو لەجیهانی خۆیاندا، لەبناغەدا یەکسانن. لەبەرهەمەکانی دستۆفسکیدا تانوپۆی ناسراوو ئاسایی پراکتیکی رۆمانەکان، رۆڵێکی پلە دوو ئەرکێکی تایبەتی هەیە بەتەواوەتی لە ئەرکی ئاسایی خۆی جیاوازە... لایەنگریی چیرۆك گێڕەوەش، لە هەنگاوی دواییدا (چ چیرۆك گێڕەوە نوسەر بێ، یان یەکێ لەپاڵەوانەکان بێ) بێ ئەملاو ئەولا، لەگەڵ رۆمانە مۆنۆفۆنیەکان جیاوازە. روانگەیەك کەچیرۆکەکە ڕون دەکاتەوە، وێنەیەك کەدروست دەکرێ، یان کۆمەڵە زانیاریەك کەدێنە ئاراوە، هەموو بەناچاری بەشێوەیەکی نوێ، گونجاو لەگەڵ ئەم جیهانە تازەیەدا، دنیای کۆمەڵە کەسانێك کە (بەواتای فەلسەفی*) بابەت یان ناسکارنو نمونەو بەرناس نین، دێننە ئاراوە. ئاخاوتنی چیرۆك گێڕەوە (ڕون کەرەوە یان ئاگادار کەرەوە) بەناچار پێوەندیەکی تازە لەگەڵ بابەت دادەمەزرێنێ... بەمجۆرە هەموو هۆکارەکانی پێکهاتە نوێیەکە لەبەرهەمەکانی دستۆفسکیدا بەشێوەیەکی قوڵ تازەو سەمەرەو رەسەنن. هەموویان زادەی ئامانجی هونەری نوێن کەتەنیا دەتوانێ بەبنەمای جیهانێکی فرە چەشنو فرەدەنگی بگاتو فۆرمە جێگیرکراوەکانی رۆمانی ئەوروپی کەلە بنەمای خۆیدا مۆنۆفۆنیە، تێك بشکێنێ [(٢٦)].

ئەو شتەی کەباختین بە (رۆمانی فرە دەنگی) ناودێری دەکرد، لەهەنگاوی یەکەمدا رۆمانەکانی دستۆفسکین و پاشان بەهەمەکانی رابلەو سویفێت. ژولیا کریستوا لەو باوەڕەدایە کە ئێستا دەتوانین بەرهەمەکانی جیمز جۆیس، مارسێل پرۆستو فرانتس کافکاشیان پێوە زیاد بکەین (واتە ئەم بەرهەمانە بخەینە ریزی ئەم رۆمانە فرە دەنگیەکانەوە) [(٢٧)]. لەهەندێ خاڵێشدا باختین باسی لەهەبوونی رێساکانی (لۆژیکی وتووێژ) لەبەرهەمەکانی بیلی (بەتایبەتی پترزبورگ)، مایاکوفسکیو خلبینکۆف کرد. باختین یەکەم چاپی (پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی) بەرهەمەکانی تۆلستۆی بەنمونەیەك لە"رۆمانە مۆنۆفۆنییەکان" ناوزەد کرد، لەچاپی دووەمیشدا هاتووە: ( دنیای تۆلستۆی بەشێوەیەك کەلێکنادرێتەوە جیهانێکە مۆنۆفۆنی: لەم دنیایەدا دەنگی دووەم بەرگوێ ناکەوێ. (واتە) دەنگێك جگە لەدەنگی نوسەر) [(٢٨)]. بەڵام لە هەندێ خاڵدا باختین هەڵوێستی نوێی لەبارەی تۆلستۆی وەرگرت. بۆنمونە ١٩٣٥دا لەوتارێك (ئاخێوی زمان) دا نوسیی: (بەلای تۆلستۆی، هەر ئاخێوێك

* تێبینی لەنوسەرەوەیە (و).

بەهۆی لۆژیکی وتووێژی ناوەکیەوە دەناسرێتەوە) [٢٩]. وادیارە، باختین باوەڕی بەفۆرمە جیاجیاکانی ( لۆژیکی وتووێژی هێنابوو فۆرمی تەواوی ئەو (لۆژیکی وتووێژ)ەی لەبەرهەمەکانی دستۆفسکیدا دەدۆزیەوە کە (پاش ئەو لۆژیکی وتووێژ لەئەدەبیاتی جیهانیدا بەکارهات... ئەوەبوکە ڕویەکی تازەی بەلۆژیکی وتووێژ بەخشی) [٣٠]. بەڵام فۆرم گەلێکی دیکەش لەبۆ (لۆژیکی وتووێژ) لەنێو بەرهەمی رۆماننوسەکاندا پەیدا دەکرد. ئەم خاڵەکە دستۆفسکی باڵا دەستیو دەسەڵاتی نوسەر بەسەر کەسیەتیەکانو ڕوداوەکان (بەکورتی لەسەر) تان وپۆ(ی رۆمان) پەسەند ناکات، لەیەکەم وتارکانی باختیندا هێمای بۆ کراوە بەڵام بەشێوەیەکی ورد لە(پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی ) دا تاووتوێ کراوە. لایەنی ( فرەدەنگی ) رۆمانەکانی دستۆفسکی بەئەنجامێکی گرنگمان دەگەیەنێ: کەتوار دەبێ لەرێگەی پێوەندیەکانی نێوان کەسەکانەوە بدۆزینەوە. باختین رستەیەکی دستۆفسکی وەبیردێنێتەوە، نوسەر خۆی گوتویەتی کەئامانجی نەك سایکۆلۆژی بەڵکو(ریالیزم بەواتایەکی باڵا) یە، واتە نەك (راستیی ناوەکی) بەڵکو راستیەك کەدەشێ لەنێوان کەسەکاندا بیدۆزێتەوە. باختین ئەم روانگەی بەم چەشنە کورت کردۆتەوە: پەیوەندی نێوان کەسەکان دروستکەری مرۆڤە. باختین (بەتایبەتی لەیەکەمین بەرهەمەکانیدا) پێی داگرتووە کەلە رۆمانی مۆدێرندا، دەسەڵاتی نوسر لەنێو چووە. ژان پۆل سارتەر ئەم خاڵەی لەوتاری (بەڕێز فرانسوا موریاو ئازادی)(١٩٣٩)دا ڕون کردۆتەوە، هەر چەند کەئەو لەو رۆژانەدا کتێبی(پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی) نەخوێندبویەوە [٣١]. سارتەر بێ ئەوەی باس لە (رۆمانی فرە دەنگی)بکا رۆمانو دیالۆگی بەهاوواتا زانیوەو چەشنی باختین پشتیوانی لەم بنەمایە کردوە کە (نوسەر خوانیە، خۆی لەشەڕدا بەشداری دەکا) [٣٢].

(٣)

(لۆژێکی وتووێژ) گەوهەری سەرەکی هزری باختین لەبواری (مرۆڤناسی فەلسەفی) یە. بنەمای ئەم روانگەیە دەتوانین بەم چەشنە ڕون بکەینەوە: ئەگەر ئەم پەیوەندیە کە ئێمە پێکەوە گرێ دەدات، نەماننناسیبێ، ئەو کات نا(ش) توانین خۆمان بناسین: (ئێمە خۆمان لەچاوی کەسێکیترەوە دەناسین. ئێمە ساتەکانی گۆرانکاریو گۆرینی هزری





خۆمان لەرێگەی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەداو دەست دێنینەوە...(تا) بەکورتی، بەهۆی زانیاری خەڵکانی دیکەوە، لە رەنگدانەوەی ژیانی خۆمان تێدەگەین) [٣٣]. من هەرگیز خۆم لەرەهەند [dimension]ی دەرەکیی خۆمەوە نابینمو تێگەیشتنێکی هەستیارانەم لەم بارەیەوەنیە، تەنیا رەنگدانەوەکەی هەنتەشی خۆم لە (نێو) خەڵکانیتردا دەناسمەوە. شوێن دەسپێکی باسەکەی باختین (وەکو سارتەر) (گرنگیەکی ئنتۆلۆژیکی دیکە بۆ وشیاری) یە. وشەگەلێك کەلە وتاری: (نوسەرو کەسیەتی لەکردەی جواننناسانەدا) هاتون، تارادەیەك بەبێ بچوکترین جیاوازیەك چەند ساڵ دواتر لە١٩٦١دا لەوتارێکدا لەژێر سەردێڕی ( لەبارەی چاو پێخشاندنەوەی کتێبەکەی دستۆفسکیەوە ) دوبارە کراونەتەوە: (من ناتوانم لە (بونی) خۆم ئاگادار بمەوە، ناتوانم خۆم بم، مەگەر لەرێگەی کەسێکی دیکەوە)وە: (مرۆڤ لەدەرەوەی خۆیدا قەڵەمرەوێکی نیە (واتە دەسەڵاتەکەی ناوەکییە) ئەو بەردەوامو بەگشتی لەم قەڵەمڕەوەدا دەژیت(واتە)بەرامان لەدەروونی خۆی (دەژی)، ئەو لەچاوی کەسانی دیکەوە دەڕوانێ (یان باشتر بڵێین لەرێگەی چاوی خەڵکانی دیکەوە هەوڵ دەدا) تاکو خۆی بناسێتەوە ) [٣٤] رێگەی پەیوەندی گرتن لەتەك کەسانیتردا چیە؟ چۆن دوڕووی ئەم پەیوەندیە، هەم خۆی دەناسێو هەم کەسی تریش؟ باختین و لام دەداتەوە: ( لەرێگەی دیالۆگ )وەو دەڵێ: (ژیان بەپێی چیەتی خۆی وتووێژەکە. زیندوو بوون بەواتای بەشدار بوونە لەگفتوگۆدا ژیان پرسیارکردن، گوێ گرتن، وەڵام دانەوەو هاوڕایبوونو هتد...یە) [٣٥]. هەروەها: (لەژیاندا ناتوانم رووداوەکانی ژیانو مردنم تایبەت بەخۆم بزانم.. رووداوی لەدایك بوون، هەبوون لەجیهانداو دواجار مردنم، نەلە مندا (کامڵ) دەبنو نەسەبارەت بە من هەن) [٣٦]. بەئاشکرا باسەکەی باختین لە پاری (هەبوون بەرەو مردن) لە (بەرهەمی)( هەبونو کات)ی مارتین هایدگەر نزیك بۆتەوە. باختین دەڵێ: (ناتوانم بمرم مەگەر لەپێناو خەڵکانی دیکە، کەوابو لەم مردنەدا کەلە پێناو کەسانیترە، بۆخۆم دەمرم. دەبینم کەسانی دیکەو تەنیا کەسانی دیکە دەمرن... کاتێ بەگۆڕستانەکاندا تێ دەپەڕم، شتێك جگە لەخەڵکانیتر نابینم) [٣٧]. بناغەی ئەم روانگەیە دەتوانین لەرێبازی فەلسەفی ئایدیالیزی ئاڵمانی بدۆزینەوەو بەردەوامیەکەی تاووتوێ بکەین. فیشتە لەساڵی ١٧٩٧ گوتبوی: ( وشیاری تاك بەجۆرێکی پێویست لە رێگەی کەسێکیترەوە (کامڵ) دەبێت، لەگەڵ تۆ: تەنیا بەم مەرجە دەشێ بێتە ئەنجام ) . یاکوبی لە١٧٨٥دا گوتبوی: (من بەبێتۆ مەحاڵە) یاسای

بەناوبانگی هیگل پێشینیەکی دوورو درێژی لەئەقڵی فەلسەفیدا هەیە. هیگل نوسیبووی:(خود ئاگایی لەنێو خۆیدا بوونی نییە لەشوێنێکدا راستەقینەیە کە رەنگدانەوەی خۆی لەوشیاریەکی دیکەدا بدۆزێتەوە) [٣٨].

کاتێك کە باختین لەساڵی ١٩٢٧دا کتێبی فرۆیدیزمی بەناوی خوازراوی وێڵۆشینۆف بڵاوکردەوە، بنەمای رەخنەی لەسەر مەودای تیۆریەکانی فرۆید لەگەڵ لۆژیکی وتووێژ دانا. لەم کتێبەدا هاتوە: هەر گوزارەیەك بەگشتی ناتوانێ لەیەك خاڵدا کورت بێتەوە. هەر گوزارەیەك بەرهەمی پێوەندی ناوەکیو کردارو پەرچە کرداری توخمەکانو دەرەنجامی هەڵکەوتێکی ئاڵۆزە کەتیایدا ڕون دەکرێتەوە . باختین دەڵێ کەبابەتی دەرونشیکاری مرۆڤی تەنیاودووره پەرێزە ؛ بەڵام بابەتی زانستی مرۆیی شتێك نیە جگە لەپێوەندی (شتێك بەناوی) کەسایەتی بیۆلۆژیکی ئەبستراکت لە گۆڕێدا نیە) ؛ مرۆڤ لەدەرەوەی کۆمەڵگا واتە لەدەرەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیە ئابوریە بەرجەستەکانەوە لەئارادانیە ) [٣٩] .(گفتوگۆ) بەلای فۆرمالیستە روسیەکانەوە بابەتێکی گرنگ بو. ئەوان مۆنۆلۆگیان بەیەکەم فۆرم دەزانیو چیرۆکیان بە(لاسایی کردنەوەی هونەری ئاخێوی مۆنۆلۆگی) ناودێر کرد. وتاری ڤینۆگرادۆف بەناوی(تیۆری ئەدەب)و وتاری ئاخن بام لەمەڕ چیرۆکی پاڵتۆی گۆگۆل لەم چەشنە چەمکەوە دەستیان پێکرد. بەڵام فۆرماڵیستەکان هێمایان بە(چیرۆکی فرەدەنگی)نەکرد. باختین جیاوازی گرنگی لەبارەی مۆنۆلۆگو وتووێژی ناسیو روونیکردەوە. بەهەمان شێوە کەبنەمای ئاخاوتن بەکارهێناتی تایبەتی زمان بەمەبەستی دروستکردنی وتووێژ، هەر فۆرمێکی دەربڕینی ئەدەبیش جۆرە ئاخێوێکی ئەدەبیە بەمەبەستی وتووێژکردن [٤٠]. لەپاش باختین، ژولیا کریستوا چەمکی وتووێژی فراوان کردەوە. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گفتوگۆیە لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەدا. باخیتن باس لەپێویستی بوونی زانستێك کرد کەبە(بان زماننانسی) ناودێری کردو مەبەستی(ش)، ناسینی سروشتی لۆژیکی وتووێژ، لەزماندا بوو. کریستوا لەدرێژەی ئەم باسەدا، ڕونی کردەوە کەئەم زانستە پیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ مێتۆدی خوێندنەوەی دەقەکان بەیارمەتی دەقەکانی دیکەو دۆزینەوەی مێتۆدی(نێو دەقی)ەوە هەیە. ( گۆڕانیەکانی مالدۆروێر)ی لۆترە ئامونو (شیعرەکان)ی مالارمێ وەکوگفتوگۆیەکی بەردەوامن لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکانی پێش خۆیاندا. رەنگە بتوانین بڵێین کەنارەزایەتیەکن دەرهەق بە( شێوەی دەربڕینی پێشوو) . یاساکانی باختین لەمەڕ(وتووێژی دەقەکان) هەنگاوێکی لە پێناو هێنانە گۆڕێ راستو





دروستی(مێژووی ئەدەبی) دەژمێردرێت. کریستوا لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی باختین لەبارەی(رۆمانی فرە دەنگی)و(لۆژیکی وتووێژەوە ئەم پۆلێن بەندیەی خوارەوەی هێنایە ئاراوە: ١) ئاخێوی مۆنۆلۆگی کەسێ جۆرە: یەکەم: شێوەی دەربڕینی وەسفی گێڕانەوەیی تایبەت بەچیرۆکی قارەمانێتی، دووەم: ئاخێوی مێژوویی، سێیەم: ئاخێوی زانستی.

٢) ئاخێوێك کەلەسەر لۆژیکی وتووێژ دامەزراوە هەمدیس سێ جۆرە: یەکەم) ئاخێوی کەرنەڤاڵی، دووەم) ئاخێوی مەنیپە*، سێیەم) ئاخێوی چیرۆکی فرەدەنگی. کریستوا لەنێو (ئاخێوی قارەمانێتی) دا فۆرمەکانی دەربڕین دینی(شی) جێ کردەوەو لە(ئاخێوی کەرنەڤاڵی)دا(فۆرمە جۆربەجۆرەکانی نوکتەکان، چیرۆکە میللیەکان، چیرۆك گەلێکی نوکتەئامێز وەکوو: (حیکایەتی رۆنار)ی جێکردەوە؛ [٤١] و نوسیی:(هەموو رۆمانە گرنگە فرەدەنگیەکان بناغەکەیان بۆبناغەی ئاخێوی گەلیانە(جەماوەری) دەگەرێتەوە، بەرهەمەکانی کەسانێك وەکوو رابلە، سێرڤانتێس، سویفێت، ساد، بەلزاك، لوترە ئامون، دستۆفسکیو کافکا) لەم چەشنەن [٤٢]. چیرۆکی قارەمانێتیو چیرۆکە میللیەکان بەدو سەچاوەی سەرەکی چیرۆکی ئەوروپی دەژمێردرێن. کریستوا پاش باختین باوەڕی بەوە هێنا کەسەرکەوتنی ئاخێوی مۆنۆفۆنی (وەیان تاك ئاخاوتەیی) بەرەنجامی سەرکەوتنی لۆژیکی هێمایی[symbolic logic] ، مەسیحیەتو هیومانیزمی رێنسانس بووە. بەڵام پێشتر لەکلتوری رۆژئاوادا دوو فۆرمی سەرەکی ئاخێو کەلەسەر بنەمای لۆژیکی وتووێژ دامەزرابوو. هەبو کەکاریگەریەکی زۆریان لەسەر جۆرەکانی دەربڕین لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا دانا. ئەم دوانە بریتی بون لە لەدیالۆگە سوکراتیەکانو فۆرمی(مەنیپە) . دیالۆگە سوکراتیەکان، مێتۆدی توێژینەوەی فەلسەفی ئەفلاتون، فدون، ئۆقلیدۆسو گەزنەفۆن بووە، هەرچەند کەتەنیا وتووێژەکانی ئەفلاتون(ژمارەیەك لە گفتوگۆکانی گەزنەفۆن) بەدەستمان گەیشتون. بنەمای ئەم وتووێژانە زیاتر زانستی (ئاخاوتن)و تیۆری دەربڕینی بوو نەك دیالۆگی گەلیانە (ئەم جۆرە وتووێژە) شێوەیەکی بیرەوەری گێڕانەوەی هەبوو، بەمەبەستی جێگیر کردنو مانەوەی گفتوگۆکانی مامۆستاو قوتابیەکانی دەنوسران. باختین

* جیابۆوە و بەرهەم هاتو لە [maniplative=manipulatory manipularore] بەواتای دسکاری، دەست تێوەردان، دەسکاریکەر (و).

(ئامانجی) دیالۆگە سوکراتیەکان بەرەورووو بوونەوە لەگەڵ فۆرمی مۆنۆلۆگ دەزانێ کەدواتر ڕوویەکی زاڵی (لەنێو) بەرهەمە فەلسەفیەکاندا بەدەست هێنا. (هەقیقەت) یا واتای فەلسەفی لەدیالۆگە سوکراتیەکاندا خاوەنی سروشتێکی ڕێژەییە(لانیکەم بەبەراوردێکی‌لەگەڵ دەقە فەلسەفیەمۆنۆلۆگیەکاندا) [٤٣]. لێکچوونی وتووێژە سوکراتیەکان لەگەڵ(وشە دولایەنەکان) کەباختین هێناویەتە ئاراوە چاوپۆشی لێ ناکرێ. بەڵام دیالۆگە سوکراتیەکان، تەمەنێکی درێژیان نەبووو جۆرەکانی دیکەی (لۆژیکی وتووێژ)جێیان گرتەوە، کەگرنگترینیان(مەنی‌پە) بوو کەسەرچاوەی سەرەکی ئاخێوی کەرنەڤاڵیە.( ناوی مەنی‌پە لەناوی فەیلەسوفی رۆمانی کەلە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایینی‌دا دەژیا، واتە مەنی‌پە دوگادارە، وەرگیراوە. ئەو کۆیلەیەکی خەڵکی سینۆپ لەدەوروبەری‌دەریای رەش بوو، کەئازاد کرا، چووەتە(شارێکی میسری کۆن) ، فەلسەفەی خوێندو بوبە نوسەری دەقی کاریکاتێریك. ئێستاکە ئاسەوارێك لەبەرهەمەکانی نەماوەتەوەو تەنیا لەرێگەی هێماگەلێك کەلە بەرهەمەکانی دیوژێن لائێرسەدا هەن، لەناوی (ئەو بەرهەمانە) ئاگادارین. رۆمیەکان زاراوەی ( مەنی‌پە ) یان لەبارەی جۆرە ئاخێوێکی ئەدەبی بەکارهێنا کەبنەماکەی گفتوگۆیەکە لەنێوان دو یان چەند نەیاری زیرەك‌و قسەخۆش کەلەودا رەخنە لەرێساو باوەڕە کۆمەڵایەتیەکان‌و رەوشتیەکان دەگیرێ. ئەم ژانرە سەرەتا کاریگەریی کردە سەر پترۆینۆس‌و لۆسیان، پاشان (کاریگەریی) خستەسەر چەند نوسەرێك لەئەدەبیاتی بیزانس‌و رێنسانسدا هەروا مایەوە. کریستوا لەو باوەڕەدایە کە( مەنی‌پە) لەگەڵ چەند گۆرانکاریەك کەبەسەریدا هاتووە تا سەردەمی ئێمەش ماوەتەوە. ئەو نمونە لەبەشێك لەبەشەکانی یۆلیسسی جۆیس، چیرۆکەکانی کافکاو ژۆرژ باتای دێنێتەوە [٤٤]. مەنی‌پە سروشتێکی دوفاقیی هەیە، هەم تراژیدیەو هەم کۆمێدی (هەر بەو واتایەی کەساموئێل بیکێت لە (چیرۆکی) (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) بەتراژیکۆمیدی ناودێری کردووە) باختین لەوباوەڕەدا بوو کەلە هەندێ خاڵدا، زمانی(مەنی‌پە) ئازادیەکی تەواو وەردەگرێ‌وجۆرێك لەخەیاڵ پەروەری‌و سیمبۆل گەرایی دێتە نێویەوە. پاڵەوانەکان لەنێوان (وەدەرنراوانی کۆمەڵگا) واتە لەنێوان دزان، سۆزانییەکان‌و حەرام زادەکان هەڵدەبژێردرێن. شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان یان زیندانە یان دورخراوگە. ناتوانین چیرۆك گێڕەوە بناسینەوە (بۆنمونەلە "ئیکارو مەنی‌پە" یان لە "ئەندی میون"ی بەرهەمی وارۆن). ئەمە(خاڵێکە کەدواتر لەبەرهەمەکانی





رابلە، ڤۆڵتێر، دیدرۆو سویفێت وەبەرچاو دەکەوێت‌و لەروانگەی باختینەوە توخمێکی پێکهاتەییە.

(٤)

کتێبی (بەرهەمەکانی فرانسوا رابلە و فەرهەنگی خەڵکیی لەسەدەکانی نێوەراست‌و رێنسانسدا) هەوڵێکە بۆدۆزینەوەی رەگەزی ( لۆژیکی‌و تووێژ) . ئەم کتێبە فراوانکردنەوەی بەشی دووەمی کتێبی (پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی)یە. لە(رابلە)دا باختین دەری خست کەئایدیالی مرۆڤی ئاسایی لەکۆتایی سەدەکانی نێوەڕاستدا، لەجێژنەکانی سەرشەقام، کەرنەڤاڵەکان، ئەدەبیاتی زارەکی، حیکایەتەکانی منداڵان‌و گۆرانیە میللیەکان‌و ... ئاشکرا دەبێ‌و تێگەیشتنێکی تەواو زەمینی (ناسوتی) لەمەڕ مرۆڤەوە لەبەرانبەر تێگەیشتنی رەمزیانە، مەسیحیانەو سۆفیانەی چینی دەسەڵاتدار قوت دەکاتەوە. ئەو سروشتە "ئاژەڵیە"ی کولتوری گەلی کەدەسەڵاتداران لێی بێزار بوون، لەراستیدا وێناکردنی مرۆڤی ئاسایی لەبۆ ئازادی بوو [٤٥]. سەردێڕی یەکەم پاری کتێبی (رابلە) "رابلەو مێژووی پێکەنین"ەو بەم رستەیەی ئەلکساندێر هەرتسێن دەست پێدەکا: (هیچ کارێك سەرنج راکێشتر لە نوسینی مێژووی پێکەنین نیە) [٤٦]. باختین بەخێرایی بەجیهانی کۆن تێ‌پەڕی تابەسەدەکانی نێوەڕاست بگات‌و بەخێراییەکی کەمتر(رێگەی) رێنسانس تاسەدەی هەژدەهەمی بڕی. کارەکەی زیاتر لەسەر (پێکەنین‌وشادی) لە سەدەکانی نێوەراستی ئەوروپا،و گۆڕانی توخمە کۆمێدیەکان لەسەردەمی رێسانسدا چڕبووەوە. هێماکانی ئەو بۆرابردووو دوارۆژی ئەم سەردەمانەش بەربەستی ڕون کردنەوەی خاڵ گەلێك بوو کەپەیوەندیان بە(دیاردەی پێکەنیناوی) لەسەدەکانی نێوەراستدا هەیە. بۆنمونە (باختین) لەگوتەیەکی ئەرەستۆ لەکتێبی خود(زات) پاری دەیەمدا کەدەڵێ:(لەنێوان هەموو گیانەوەرەکاندا، مرۆڤ تەنیا گیانەوەرە کەپێدەکەنێ، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی قسەیەکی رابلە کەڵکی وەرگرت؛رابلە دەڵێ : پێکەنین بەبەرزتر لەگریان بزانە، چونکە پێکەنینیان بۆ مرۆڤ خولقاندوە) [٤٧]. بەڵام زۆر لەو یاسایانەی کەباختین لەرەوتی تاوتوێ کردنی مێژوویی پێکەنین لەسەدەکانی نێوەڕاستدا هێنایە گۆڕێ، لەبارەی قۆناغە مێژووییەکانی‌ترو تەنانەت (بۆ)

رۆژگاری ئێمەش شیاوو گونجاون. باختین لەتاووتوێ كردنەكەی خۆیدا ڕونی كردەوە كە(پێكەنین)لەكولتوری گەلیی سەدەكانی نێوەراستدا ئامرازێك بوو بەمەبەستی سەركەوتن بەسەر هزرەكان، وێنەكانو سیمبولەكانی كولتوری باودا. پێكەنین نیشانەیهەوڵدان بەمەبەستی تێر كردنی سێكسی و جەستەیی لەكۆمەڵگایەكدا بوكە سوكایەتی بەرجەستە دەكرد) ئەمە(چركەساتێك بوو لەهەنتەش [complicted] لەیۆتۆپیادا) ، نیشانەی(هەقیقەتی نافەرمی خەڵكان) بوو. باختین نوسیی: (پێكەنین بۆنە نەریتیەكان، دابە فیۆدالیو دەوڵەتیەكان، رەوشتی كۆمەڵایەتیو هیچ فۆرمێكی ئایدیۆلۆژیكو زاڵی پەسەند نەكرد. لەو رۆژگارەدا دەربڕینی شێلگیری رۆشنگەر سروشتی كولتوری زاڵ بوو) [٤٨]؛و دیسان:(پێكەنین، تڕس لە نهێنیو رەمزەكانی جیهانو دەسەڵاتی لەنێو برد) . توخمی كۆمیك [komic]ڕوونكەرەوەی راستیەو لەنێو خۆیدا دژی درۆ هەڵوێست دەگرێ. مرۆڤی سەدەكانی نێوەڕاست بەهۆی چەكی پێكەنینەوە بەسەر ترسو درۆدا زاڵ دەبوو. [٤٩] (جیددی بوون) چەشنی توندوتیژی رێكخراوە [organized]لەپاوانی دەسەڵاتداراندا بوو. لەكتێبی رابلەدا دەخوێنینەوە كە: ( پێكەنین هەرگیز نەچووە نێو دنیای دەسەڵاتدارانەوەو بەردەوام وەكوو چەكێك لەبەردەستی خەڵكیدا مایەوە)[٥٠]. دەسەڵاتداران لەساختەكاریو درۆی(جیددی)دا هەروا مانەوە. باختین نوسیویەتی:

پێكەنین نەك فۆرمی دەرەكی بەڵكو فۆرمی ناوەكیی هەقیقەتە. نەك تەنیا ئێمە لەسانسۆری دەرەكی بەڵكو بەرلەهەموو شتێك لەسانسۆری ناوەكی رزگارمان دەكا. مرۆڤ لەترسان لەپیرۆزیی، لەقەدەغە كراوەكان، رابردووو دەسەڵات كەبە درێژایی هەزاران ساڵ لەدەرونیدا دەقیان گرتووە دەرباز دەكا. پێكەنین بنەمای مادیو جەستەیی بەزیندویی بەزیندوویی دەهێڵێتەوەو جێگری دەكات. چاو (بەمەبەستی بینینی) هەر شتێكی تازەو(دیتنی)دوارۆژ دەكاتەوە [٥١]. لەخۆڕا نەبو كەلە سەدەكانی نێوەراستدا (هەموو كولتورە بەراستی(كامڵ)ەكان كەسەرنجیان دەدایە پێكەنین، لەدەرەوەی پانتایی رەسمی ئایدیۆلۆژیو ئەدەبیات پێك دەهاتن) [٥٢].
پێكەنین ئامرازی دیالۆگی خەڵكانی ئاسایی بوو، نەبەربەستو لەمپەرێكی دەناسیو نەسنوورو چوارچێوەیەكی هەبو. بەم جۆرە هەرفۆرمێكی دەركەوت[arua] ی هونەری جەماوەریی، لەجێژنەكان، كەرنەڤاڵەكان، شانۆ شەقامیەكانو ئەدەبیاتی داشۆڕین ئامێزو كاریكاتیرێكی سەدەكانی نێوەراستدا ( پێكەنین هەمان ئامرازی) جیددی( بوونی بەكارهێنا...)





!!(لەبەرانبەر جیهانی رەسمی، جیهانی خۆی خولقاند، كەلیسای خۆی لەبەرانبەر كەلیسای رەسمیو دەوڵەتی خۆی لەبەرانبەر دەوڵەتی رەسمی [٥٣]. رەنگدانەوەی ئەم هونەرە نارەسمیە لەبەرهەمەكانی رابلەدا ئاشكرا بوو. ئەو لەهیچ دامەزراوێكی رەسمیو(جیددی)(چاوپۆشی نەكرد) . هەموو شتێكی دوبارە دروست كردەوە، بەڵام گونجاو لەتەك رێسای ئازادی، دنیای ئاوەژوو كرد. وێنە [IMAGE]كانی كولتوری جەماوەریی و فۆلكلۆریی بەكارهێنا تاكو سیمبولێكی تازە لەبۆ پەیوەندیدا بهێنێو دژی سیمبولی رەسمی كە لەسەر بنەمای زنجیرە پلە (هیرارکی = hierarchy)ی كۆمەڵایەتی دامەزراوە، خۆراگری بكات. بەڵام ئەو خۆیشی زنجیرە پلەی داهێنراوی خۆی دروست كرد، (واتە) ئاوەژوكراوی هیراركی كۆمەڵایەتی (بو) : (بەئەنقەست ویستی تا ئەم هیراركیە بۆدۆزینەوەی كرۆكی سەرەكی كەتواری دیاری كراو بەكاربێنێ. نیشانیدا كە كەتواری دەرەكی جیا لەرواڵەتەكەی، هەموو رێساو بەهاكانی مەتریالیە)[٥٤]. لێرەدایە كە تەنانەت مەرگیش شان و شكۆ و هێزی ترسێنەری خۆی لەدەست دەداو دەبێت بە(بازنەی زۆر پێویست لەبۆ (كامڵ) بوونودروستبوونی مرۆڤ)[٥٥].
باسی سەرەكی باختین لەكتێبی (رابلە)دا كولتوری میللی، یان جەماوەریی، بوو چەندین جار بە (كولتوری كۆمێك) ناودێری كرد [٥٦]. ئەو لەپارێكدا كەبۆ چاپی دووەمی(پرسیارەكانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسكی ) تەرخانی كرد، نوسیی:(دەتوانین ـ هەڵبەت بەلەبەرچاو گرتنی خاڵە ناوێزەكان ـ بڵێین كەمرۆڤی سەدەكانی نێوەراست دوو ژیانی هەبوو: یەكەمیان ژیانی رەسمی، یەكسانو دوبارە،(جیددی)و تاڵ، پشت بەستوو بەسیستەمیو شكی زنجیرە پلەی كۆمەڵایەتی، كەلەژێر سایەی ترس، مل كەچیو خۆبەزۆر لێكراو نواندن تێدەپەڕیو دوەمیان ژیانی كەرنەڤاڵی، ژیان بەسەربردن لەشوێنە گشتیەكاندا، ژیانی ئازاد، شادو كامەران، نەترسان لەسوكایەتی پێكردن، كەدەیەویست هەر بابەتێكی پیرۆز بكاتە زەمینی (ناسوتی)و بەدوای بچووككردنەوەی، هەڵاتن لەباوەڕ، بەدوای پێوەندی گرتن لەگەڵ هەرشتێكی(مومكین)دا دەگەڕا)[٥٧]. ئەم(كولتوری كۆمیك)ە لەجۆرەكانو پاژەكانی جێژنەكان (جێژنی سەری ساڵ، (جەژنی كیژان)،(جەژنی شێتان) ، شانۆكان، یاریەكان، پێشبڕكێكان، زۆران بازیەكان، كەرنەڤاڵەكان، دواندەر بەشانۆییەكانی سەرجادە، مەیدانەكانو شوێنە گشتیەكان پێك دەهات. پاری سێیەمی كتێبی باختین ناوی(فۆرمەكانو ئاماژەكانی جێژنی جەماوەری لەبەرهەمەكانی رابلەدا) یەو یەكسەر خەریكی لێكۆڵینەوە لەرەنگدانەوەی

جێژنەکانو کەرنەڤاڵەکانی سەدەکانی نێوەڕاست لەبەرهەمەکانی رابلەدا بوە. باختین، هەروەك لەپێش گوتاری کتێبەکەشیدا جەختی کردووە، کەرنەڤاڵی بەگرنگترین لایەنی ئەم هونەرەجەماوەریو کۆمیدیەزانی، چونکە لەودا تەواوی توخمەکانی ئەم کولتورە رەنگ دەداتەوە. کەرنەڤاڵ لەسەدەکانی نێوەڕاستدا دوو واتای هەبوو: یەکێکیان جێژنە سەر شەقامیەکان کەهەندێجار چەند شەووڕۆژێکی دەخایاند (وەکوو ئەو واتایەی کە ئێستاش لەزمانە ئەوروپیەکاندا هەیەتی، بۆ نمونە(کەرنەڤاڵی ریۆ) وەبیردەهێننەوە)و دووەمیان: شانۆ سەر شەقامیەکان کە(لەوێدا مەودای نێوان ئەکتەرو بینەر لەنێو دەچوو)و(لەبنەڕەتدا بەفۆرمێکی هونەری تایبەتی ئەژمار نەدەکرا، بەڵکو فۆرمێکی دیاریکراو و(کاتی) ژیان بو. زۆر بەئاسانی لەسەر سەکۆ پێشکەش نەدەکرا، چونکە بەراستی بریتی بوو لەخودی ژیان)[٥٩]. باختین دەڵێ: ( کەرنەڤاڵ لەدژایەتی لەگەڵ جەژنە رەسمیەکان، وەکوو سەرکەوتنی (هەرچەند کاتیی) هەقیقەت و بەسەر رژێمەکانی (سەردەم) لەقەڵەم دەدرا، (واتە) جۆرە لەنێو بردنێکی کاتیی پەیوەندیە هیدارکیەکان، پلەوپایەکان، یاساو تابۆکان بوو)[٦٠]. زمانی ئەم جێژنە جەماوەریانە ڕوهەڵمالراوو بێ پێچو پەنابوو، (مەبەست) زمانێکە کەبەدەربێ لەوهەموو شتانەی کەپێشتر قەدەغە کراونو لەهەر چەشنە رێسایەکی داسەپاو رزگار کرابێ، زمانێکی جەماوەریو زیندو کەلەبەرانبەر زاڵ بوونی زمانی لاتین خۆڕاگری دەکردو گاڵتەی بەتوخم گەلێکی ئەو (زمانە) دەکرد[٦١] هەربۆیە زاراوەی(کەرنەڤاڵی) زۆر جاران لەئەدەبیاتی سەدەکانی نێوەراستو رێنسانسدا بەکار هاتووە. (رابلە) بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی گرنگترین تایبەتمەندیەکانی کولتوری جەماوەریو کۆمیك نوسرا. (ئەمانە) خاڵ گەلێك بوون کەباختین لەگۆڕان پەسەندی، مەرگ رابوونەوە، سەردەمی وێرانکەر/ دروستکەر، کورتو چڕی کردنەوەو هەوڵی دەدا تاکو نیشان بداکە کەبناغەو بنەمای کولتوری جەماوەری (لۆژیکی وتووێژ) بوە.

(٥)

باختین لەکتێبێکدا کەبە ناوی وێلۆشینۆفە بڵاویکردەوە، واتا "مارکسیزمو فەلسەفەی زمان" بیروڕاکانی سۆسێری هەڵسەنگاند. ئەو نوسیی: گرنگترین ڕای سۆسێر جیاوازی نێوان زمانو گوتار بوو، واتە جیاوازی نێوان توخمی کۆمەڵایەتیو توخمی تاکەکەسی)[٦٢]. سۆسێر





پێیدادەگرت کە ( بابەتی سەرەکی توێژینەوەی زمانناسی ناتوانێ گوتار بێ. ئەو شتەی کەتوخمی زمانناسانە لە گوتاردا دروست دەکا، فۆرم گەلێکی بنیاتیو هاوشێوەیە لەنێوان ئاخێوو زماندا.هەر شتێکی دیکە لاوەکی رێکەوتەییە)[٦٣]. باختین جەختی کرد کەسۆسێر هاوئاهەنگ لەگەڵ(قوتابخانەی سۆسیۆلۆژیکی دۆرکهای) بەردەوام ( کردەی تاکەکەسی گوتاری بەبێ بایەخ دەزانی)و ئەمە نەك (شێوە مێژوویی) بەڵکو(جۆرە بەرجەستە گەرایییەکی ئەبستراکتی) بوو کەبەدوای(فۆرمە لۆژیکیە رەسەنەکانی سیستەمی زمان)دەگەڕا[٦٤]. هەڵبەت باختین، پێشتر رێی خۆی لە (زەینییەت گەرایی و تاك گەرایی ) کردبویەوە، واتە لەو ڕوانگەیەی کەزمانی تەنیا بەرەوتی بەردەوامی کرداری گوتار دەزانیو کەلەودا هیچ شتێك جێگیر نیەو هاوشێوەی خۆی نیە)[٦٥]. بەڕای باختین زەینییەتگەراییو بەرجەستە گەرایی هەردووکیان لەم (گریمان)ە هەڵەو رەمز ئامێزەوە دەست پێدەکەن کەگوتار بەتەنێیە، یەکەیم تاریفکەری ئەم تایبەتمەندیە خەیاڵییەو دووەمیان لۆمەکەریەتی (!!) بەڕای باختین ئاخێوی تاکەکەسی بەهیچ شێوەیەك کردەوە راستیەکی تاکەکەسی نیەو ناکرێ وەکوو شتێکی تاکەکەسی تاوتوێ بکرێتو بناسرێتەوە. بەپێچەوانەی بەرجەستە گەرایی سۆسێر دەبێ جەخت بکەینەوەکە ( گوتاری تاکەکەسی شتێکە کە کەتواری دیاریکراوو زیندووی زمان دەخولقێنێو خاوەنی بایەخێکی داهێنەرانەیە لەسنوری زماندا) . هەرچەند کەسۆسێر لەم خاڵە تێگەیشتبو کە ( پێکهاتەی گوتار... پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیە) بەڵام لەم یاسایە هیچ دەرنجامێکی دەرنەدەهێنا. باختین جەختی کردکە ( فۆرمی دەربڕینی گوتار، واتە ئەوشتەی کەبە کەتواری زمانەوە گرێ دراوە، ڕەوتی کۆمەڵایەتیەتی)[٦٦]. و هەر چەشنە گوتارێك جیا لەوەی تاچ ئاستێك لەنێو خۆیدا (کامڵ) بێت (تەنانەت مۆنۆلۆگی زەینی)ش تەنیا چرکە ساتێکە لەپرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاخاوتەدا)[٦٧]. گوتار لەنێو خۆیدا، بێواتایە، چونکە بەشێوەیەکی پێویستو چیەتیی (ماهو) وەڵامێکە بۆگوتارێکی دیکە، واتا لەپەیوەندی گرتنەوە دروست دەبێت) واتە رێکەوتنە . تەنانەت مۆنۆلۆگیش وەکوو داهێنانی گفتوگۆیە کەلەگەڵ گوێگرێکی نائامادە[٦٨]، بەڵام گوتار (بەجۆرێك کەبەوەبیرهێنەری(فێڵی ئەقڵ)ی (هیگل)ە خۆی چەشنی گشتێکی تەنیا دەنوێنێ. باختین لەدرێژەی باسەکەی خۆیدا لەمەڕ گەوهەری پشتبەستوو بە لۆژیکی وتووێژیی گوتار، باسی لەجۆرە گوتارێکی تایبەتی کرد: گوتارێك کەدەگێڕدرێتەوە، چ لەژیانی

رۆژانە، چ لەدەقە ئەدەبیەکاندا. ئێمە لەگێڕانەوەی گوتاری کەسیتردا هەوڵ دەدەین تالایەنی(مۆنۆلۆگی) ، واتە سروشتی تایبەت بپارێزین، بەڵام ئاشکرایە کەگێڕانەوە ئەم گوتارە بەمەبەستی کاریگەری دانا لەسەر گوێگرە. ئەمە لەراستیدا (گوتارێکە لەنێو گوتارێکی دیکەو لەهەمانکاتدا، گوتارێکە لەمەڕ گوتارەوە) هەربۆیە باختین تاوتوێ کردنی (قسان)ی زۆر بەگرنگ زانی: (ئەم فۆرمانە مەیلە بنیاتیو هەمیشەییەکان بۆ وەرگرتنی چالاکانەی قسەی کەسیتر زەق دەکەنەوە) . گرنگی ئەم باسەی باختین بەشێوەیەکی تایبەتی لەبواری دەقە ئەدەبیەکانەوە، ئاشکرا دەبێ. چونکە هەمدیس وێژی بۆبابەتی گرنگی رۆڵی چیرۆك گێڕەوە لەگێڕانەوەدا دەگەرێتەوە. هەر کەسیەتیەکی چیرۆکیی بۆهۆی شێوەی ئاخاوتەیی تایبەت بەخۆیەوە لەئارادایەو هەموو کەسیەتیەکان پەیوەستن بەبوارێکەوە کەگوتەی نوسەر دەیخولقێنێ. باختین بەدوی دۆزینەوەی دو قۆناغ ـ بەتایبەتی لەدەقە ئەدەبیە فەرەنسیەکانی سەدەی هەڤدەهەم ـ کەوت و سی فۆرمی سەرەکی لێ جیاکردەوە. لەیەکێکیاندا کەسیەتیەکان لەپەیوەندی لەگەڵ گوتەی نوسەر (وە تەنیا لەم پەوەندیەدا) دروست دەبن و دەتوانین ئەم خاڵە بەتایبەتی لەمەڕ دەقە ئەدەبیە فەرەنسیەکانی سەدەی هەڤدەهەمەوە ببینین. لەخاڵێکی دیکەدا گێڕانەوەی کەسیەتیەکان یەکسەر لەگەڵ قسەکانی چیرۆك گێڕەوە یان نوسەر لەدژایەتیدا ن و یەك ناگرنەوە (وەکوو ئەدەبیاتی سەردەمی رێنسانس)، لە کۆتاییدا لەجۆری سێیەمی قسەدا چیرۆك گێڕەوە/نوسەر بێ بایەخ یان ( تاك ئامێزو ناکاریگەر ) دەبێت، و ئیدی ئەو لایەنە دەسەڵات گەرایەی نامێنێ‌و(لەدەستی دەدات) [٦٩]. باختین بەدوای (دۆزینەوەی) ئەم شێوازە لەرۆمانە روسیەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەبەرهەمەکانی دستۆفسکی تا بیلی، کەوت. بەڕای باختین، (دەق) بنەڕەتو بنەمای زانستە مرۆڤایەتیەکانە. لەوتاری "پرسیاری دەق لەزماننناسی، ناسینی وشەکانو زانستە مرۆڤایەتیەکانی دیکە)دا (١٩٥٢ـ٥٣) دەنوسێ: (زانستە مرۆڤایەتیەکان تەنیا بەهۆی دەقەوە دروست دەبن‌و (مانا پەدا دەکەن)... دەقی نوسراو یان ئاخاوتەیی دراوی* یەکەمە لەهەموو زانستە مرۆڤایەتیەکانو زانستە زمانیەکان (هەروەها لەهزری خواناسانەدا ـ فەلسەفی)یە. دەق کەتواری بێ بژیوانو کتوپڕ کەتواری هزرو ئەزمونە... لەو شوێنەی دەق نەبێ بابەتی توێژینەوەو هزریش

* مەبەست پارەنیە، پێشتر ڕون کراوەتەوە. (و)





لەئارادا نابێت ) [٧٠]. بەڕای باختین بابەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، مرۆڤ نیە، بەڵکوو (بابەتەکەی) مرۆڤ چەشنی بەرهەم هێنەری دەقە. باختین جەختی کردوە: (کردەی مرۆیی دەقێك پەنگراوە) پەیوەندی نێوان دەقەکان، بەواتای ناسینی پەیوەندی مرۆییەکانە. لەدوا نوسینەکانی باختیندا دەخوێنینەوە کە: ( بابەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان نەك یەککەس (واتە یەك زەین) بەڵکو دوو کەسە. لەراستیدا بابەتی راستەقینەی لەم زانستانە پەیوەندیەکانو کاردانەوە ناوەکیەکانی نێوان دووزەینە) [٧١]. ئەو وەکو، دیلتای زانستە فیزیکیو سروشتیەکانی: (زانستە وەسفکەرەکان) ناودێر دەکرد: (دوا ئاستی ئەوانە، ئەوەیەکە بە(وەك یەکی) بگەن‌و بڵێن کە$A$ یەکسانەبە $A$... بەڵام لەزانستە مرۆڤایەتیەکاندا بابەت دەبێ بەیان کەر و ڕونکەرەوەبێ. هەرگیز لەگەڵ خۆیدا یەکسان نیە (بەڵکو) دەبێ لەگەڵ (بابەتێکی) دیکەدا پەیوەندی بگرێت) [٧٣]. یەکێ لەئاڵۆزترین خاڵەکان لەهزری باختیندا تێپەڕین لەدەقەوە بۆگوتارەوە. بەبۆچوونی باختین بابەتی زماننناسی، زمانو بەشەکانی (واکە، تاكو اکە، ڕستە، پێکهاتەی سینتاکسی و ...هتد)یەو لەگەڵ دەقدا دەناسرێتەوە (هەڵبەت دەق بە فراوانترین واتای وشەیەکە لەلۆژیکی وتووێژدا پێی دەگات). بەڵام گوتار بابەتی بان زمانناسیە) [٧٤]. باختین نوسیویەتی: ( ئاخێو، زمانە لەکۆی دیاریکراوو زیندوی خۆیدا)و(ئاخێو دیاردەیەکی هەمەلایەنەو دیاریکراوە) [٧٥]. بەڵام بناغەی هەر ئاخێوێکیش پەیوەندی گرتنە لەگەڵ ئاخێوێکی دیکەدا. گوزارەیەك نادۆزیەوە کەلەگەڵ گوزارەیەکی دیکەدا نەبێت، پەیوەندی گوزارەکان لەئاستی زماندایەو پەیوەندی ئاخێوەکان لەئاستی (بان زمان)دایە. هەربۆیەش باختین پەیوەندی ئاخێوەکان)ی چەشنی(لۆژیکی وتووێژ) ، بەجۆرە(واتاناسی)یەکی تایبەتی لەقەڵەمدا [٧٦]. ژولیا کریستواش جەختی کردووەکە(نێوان دەقی) پەیوەندی بەئاخێوەوە هەیە نەك زمان،و ناسینی (ئەو نێوان دەقی)یە لەرێگەی ( بان زمانناسی)ەوە ئەنجام دەدرێت. دەتوانین سروشتی(نێوان دەقی) بەشێوەیەکی تەواو لەرۆماندا بدۆزینەوە. بەڕای باخیتن لۆژیکی وتووێژ لەهەموو فۆرمەکانی ئاخێودا خۆی حەشارداوە. (ئەمە) لەپەخشانی نائەدەبیدا (زۆرجاران لەتاکە کردەیەکدا)دەدۆزرێتەوە، بەڵام لەپەخشانی ئەدەبی و بەتایبەتی لەرۆماندا دیاری کەری پێکهاتەو شێوەی دەربڕینە، هەربەهۆی ئەم سروشتی(لۆژیکی وتووێژیی )یە کەلایەنی واتاناسانەو پێکهاتەی سینتاکسی ئاخێو لەرۆماندا گۆڕانی بەسەردادێ. باختین لەوتاری

(ئاخێو لەرۆماندا) (١٩٣٤ـ٣٥) نوسیویەتی: (بابەتی سەرەکیو تایبەتی ژانری رۆمان، (واتە) بابەتێك کەدەبێتە هۆی رەسەنایەتی لەپانتایی مێتۆدی دەربڕیندا، مرۆڤ گوتارو گوتارەکەیەتی... وێنەی مرۆڤ لەخۆیەوە خولقێنەری سروشتی سەرەکی ژانری رۆمان نیە، بەڵکو "وێنەی زمان" دروستکەری ئەم سروشتەیە)[٧٧]. ئەم خاڵە دەتوانین لەبەرهەمەکانی دستۆفسکی بدۆزینەوە: (لەبەرهەمەکانی ئەودا، تەنیا سروشتو ئەرکی بەیانکەری ئاخێو گرنگ نیە. (دستۆفسکی) ئەو شتانەی کەبەلای هونەرمەندەکانی دیکەوە گرنگە، بەگرنگ دەزانێ، واتە بۆخاڵێك وەکوو هونەری داهێنانەوە [RE – CRETION]ی سروشتی کۆمەڵایەتی یان تاکەکەسی ئاخێوی کەسیەتیەکان بابەتێکی ئەوتۆ دانانێ. ئەوەی بەلای ئەوەوە بایەخدارە، ئەو کردەوە ناوەکیەیەکە لەسەر بنەمای لۆژیکی وتووێژ لەئاخێودا، دامەزراوە)[٧٨]. واتە دستۆفسکی بەخاڵێك پەی بردو بەکاری هێنابوو، کەلەنێو گەوهەری ژانری رۆماندا شاردراوەتەوە:

کۆی رۆمان سیستەمێکە کەلەسەر بنەمای لۆژیکی وتووێژ دامەزراوەو(وێنەکانی زمان)، مێتۆدەکان، زانیاریە دیاریکراوو جیانەبووەکان لەزماندا، دەگرێتەوە. زمان لەرۆماندا ئامرازی دەربڕین نیە، (بەڵکو) خۆی بابەتی دەربڕینە. ئاخێوی ژانری رۆمان بەردەوام رەخنە لەخۆی دەگرێو ئەمە روی سەرەکیی جیاوازیی رۆمان لەگەڵ ژانرە یەکسەر ئەدەبیەکانیوەك(چیرۆکی قارەمانێتی، شیعری دڵداریو شانۆ)یە [٧٩]

تاکە بابەتێك کەباختین لەگەڵ رۆماندا بەشایانی بەراوردی زانیو بەشێوەیەکی تەواو پشت بەستووبە (لۆژیکی وتووێژ)ی لەقەڵەمدا، ئوستورەیە. هەر ئۆستورەیەك لەبنەمای خۆیدا پشت ئەستوورە بەپەیوەندیە ناوەکیەکانی خۆی لەگەڵ ئوستوورەکانی دیکەدا [٨٠]. ئەم یاسایەی باختین، چەشنی هەنگاوی یەکەمی کلۆلئۆ شتراوسە کەلەمەڕ تان و پۆ [Plot]ی پێکهاتەیی بنەماکانی(لۆژیکی ئوستورە [mythologic]) وە ناویەتی. باختین سێ جۆر بەکارهێنانی وشەی لەرۆماندا لێك جیاکردەوە: ١ -وشە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەئارادایە، (واتە) وشەیەکە کەنوسەر بەمەبەستی ئاماژەی واتاییو بۆسەرچاوە یان ئاماژە پێکراوێکی تایبەتی بەکاری هێناوە. واتای وشە پەیوەندی بەئاخێوی نوسەرەوە نیە، بەڵکو لەبواری دەقدا چەشنی ئاماژە پێکەرێکە کەلەسەر بنەمای رێکەوتنی زمانی ـ کەپێشتر کراوەو روونە ـ بەکاردێت. نموونەکان، وشەکانی کڵاو و ( پۆلی دووەم ) لەدەسپێکی رۆمانی (مادم بوواری)(بەرهەمی) فلۆبێرە.





٢) وشەی بەرجەستە، وشەیەکی راستەوخۆ [directed] یەکە کەسیەتیی رۆمان بەکاردێنێ. هەر وشەیەك بۆ واتایەك کەبەدڵو مەبەستی کەسیەتیی (رۆمانە) دەگەرێتەوە. لەشێوەی ناسراوی رۆمان نوسیدا (شێوازی) کار (کردنەکە) سادەیە. بۆنمونە لە (شەڕو ئاشتی)پیەر بزوخێف دەڵێ:(هەموو شتێ لەنێو چووە؟ وابیردەکەنەوە؟ ئەگەر من کەسێك کەئێستا هەم، نەبوایەم، ئەگەر جوانترین، زاناترینو لەباشترین پیاوانی دنیا بام، ئەگەر ئازاد بوایەم، بێ ئەوەی ساتێکیش رامێنم کرنۆشم دەبرد، دەهاتمە خوازبێنیتو خوازیاری ئەوینت دەبووم) . ئەمانە وشەکانی( پیەر)ن نەك چیرۆك گێرەوە. تۆلستۆی ئەوانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، لەزاری کاراکتەری رۆمانەوە هێناوەتەوەو هەوڵی داوە تاکو لەگەڵ رۆحیەتیی پییەردا گونجاو بێت. بەڵام لەمێتۆدی فلۆبێردا کە(هەمدیس وێژی بەبێ کەڵکو وەرگرتن لەدووکەوانە) ناودێریان کردووە، ناتوانین بەتەواوی بزانین کە ئێمای کیژەلاو، لەیەکەم دیداری خۆی لەگەڵ شارل بوواریدا وشەگەلێکی بەکارهێناوە. فلۆبێر:(روون دەکاتەوە)کە ئەوان لەبارەی (هەواو زەمهەریرو ئەو گورگانەی شەوان لەبیابان دان) پێکەوە قسەیان کردووە. لەراستیدا خاوەنی وشەکان چیرۆك گێڕەوەیە نەك ئێماو شارل. شێوەی دەربڕینی ئێما یارمەتی ئەوەمان نادا کە خودی(ئێما) بناسین.

٣) وشەی توانج پۆشیانە*، لەلایەکەوە واتای ناسیو، ئاساییو رێکەوتەیی هەیو لەلایەکی دیکەوە واتایەکی تایبەتی هەیە کەمەبەستی نوسەر (ئەو واتا تایبەتیەیە). لەراستیدا ئەم وشەیە بەدوو سیستەمی نیشانەیی جیاواز بەستراونەتەوە، وەکوو بەکارهاتنی( بۆرژوا) لەبەرهەمەکانی فلوبێردا، کەلەلایەکەوە واتایەکی(کۆمەڵناسانە)ی هەیەو لەلایەکی دیکەشەوە، بەواتای(فلوبێری) مرۆڤۆچکەی دواکەوتوویە (!!). لەسەردەمێکدا باختین دەینوسی:(خاڵی بنەرەتی ئەمەیە کە رۆمان وەکوو ژانرە (ئەدەبی)یەکانی دیکە خاوەنی خاڵێکی سەنتەری نیە)[٨١]. هەروەها جەختی لەسەر تایبەتمەندی(زمانو ئاخێوی رۆمان) دەکرد، بەراستی پاری هاوبەشو لایەنەکانی جیاوازی رۆمانی لەگەڵ ژانرەکانیتری دەربڕینی ئەدەبی دەهێنایە گۆڕێو هەنگاوێگ بەرەو تیۆری ژانرەکان دەچووە پێشەوەو لەم هەنگاوییەکەمدا، (شێوەی) کارەکەی لەتیۆری رۆمانتیك خوازە ئەڵمانیەکان بەتایبەتی (شگل)ەوە نزیك بوو. فرێدریش شگل لەو باوەڕەدا بوو(هەر رۆمانێك لەنێو خۆیدا ژانرێکە)و ژانری بەسروشتی وتووێژ ئاسای

رۆمانەکانەوە گرێ دەداو دەینوسی: (رۆمانەکان وتووێژە سوکراتیەکانی سەردەمی ئێمەن) . باختین لەوتارێکدا بەناوی خوازراوی مرۆدۆڤ) بلاّوکراوەتەوە نوسیویەتی: (تیۆری ئەدەبی راستەقینە لەمەڕ ژانرە ئەدەبیەکان، رەنگە شتێك زیاتر لە کۆمەڵناسیی ژانر نەبێت) [٨٢]. ئەمە گرنگترین لایەنی جیاوازیی تیۆرەکانی باختین لەگەڵ فۆرمالیستەکانە، لەروانگەی ئەوەوە (کامڵ)بونی ژانرەکان بەهەمان ڕادە کەبەگۆڕانە کۆمەڵایەتی ـ مێژووییەکانەوە بەندن (هەر بەو ڕادەیەش)پەیوەستن بەگۆرانەکانی فۆرمەوە. باختین لەوتاری (رۆمان‌و داستانی قارەمانێتی) دا پیشانی‌دا کەبنەمای داستانی پارەمانێتی و رۆمان لۆژیکی وتووێژە، بەڵام رۆمان فۆرمێکە لەدەربڕینی ئەدەبی کەپەیوەندی بەقۆناغێکی دیاریکراوی (مێژووی ئەوروپا) وە هەیەو گۆرانکاریەکانی(شی) بەپێوەندیە نێو نەتەوەیی‌و رەنگدانەوەی زمانیانەوە گرێ دراوە [٨٣]. باسەکەی باختین لەمەڕ لێکچوونەکانی داستانی قارەمانێتی‌و رۆمان لەتوێژینەوەی بەناوبانگی لۆکاش (واتە) "تیۆری زمان" دەچێ. دەزانین کە"تیۆری زمان" نوسینی "هیگل گەرا"یەکەو لەبۆ تێگەیشتن لەمەودای(شوێن نوسینەوە)ەی ژیانی یۆنانیەکان‌و ژیانی هاوچەرخ بازنەی پێکهات‌و فۆرم بەبازنەی سەرەکی دەزانێ: ( ئەو بازنەیەی کەیۆنانیەکان تیایدا ژیانی میتافیزیکیی خۆیان بەرەو پێشەوە برد دەیان جار لەبازنەی ژیانی ئێمەتەسکتربو، هەرلەبەر ئەوەیە کەئێمە ناتوانین خۆمان بخەینە نێو ئەوبازنەیەوە) [٨٤] و بۆیەکەمجار بەڵام بۆدوا جاریش، یەکگرتوویی(بون)لێکترازاوەو ئیدی تەواوەتێکی هەلقولاّو لەبۆ هەبوون لەگۆڕێدا نیە... تەواوەتێك کەبەئاسانی دەتوانرێ پەسەند بکرێت، ئیدی لەئاستی فۆرمە هونەریەکاندا هەبوونی نیە... هەر بۆیە، ئەم فۆرمانە ناچارن... چیەتیی فرە کوتلەی پێکهاتەی جیهان بەدنیای فۆرمەکاندا ڕەتبکەن) [٨٥]. جیاوازیی سەرەکیی لەنێوان داستانی قارەمانێتی و رۆمان لەبەشی سێیەمی کتێبەکەی لۆکاچدا باسکراوە: ( رۆمان چیرۆکی قارەمانێتیی سەردەمێکە کەلەودا تەواویەتی فراوانیی ژین ئیتر بەشێوەیەکی راستەوخۆ نایەتە گۆڕێ، (ئەمە) ژانرێکە کەتیایدا ئارایی‌و پەرەسەندنی واتا لەژیاندا چۆتە ژێر پرسیارەوە. هەرچەند هێشتاش لەچوارچێوەی تەواوەتدا بەزەیندا دێت) [٨٦]. باختینیش پەیوەندیی داستانی قارەمانێتی‌و رۆمانی کت‌ومت بەم دۆخە مێژوویەوە گرێ‌داوە. خالّی سەرنج راکێش لەبارەی باختینەوە شیکاریەکە کەئەو سەبارەت بە ( گۆڕانە ئەدەبیەکانی ژانری ئەدەبی ) هێناویەتە گۆڕێ،





شتێك کەئەو خۆی بە ( مێژووی زمان ) ناودێری کردووە. ئەو شتەی کەباختین بە (مێژووی زمان) ناوزەدی کردووە. لۆکاش لە پاری دووەمی یۆر رۆمان بە"مێژووی فۆرم" ناودێری کردووە. دەتوانین بڵێین کەلۆکاش لەگەڵ ئەم ئەنجام گیریەی باختین هاوڕابو: (هەر ژانرێکی ئەدەبی، مێتۆدەکان، ئامرازی ڕوانین‌و(تێگەیشتنی تایبەتی خۆی) لەمەڕ کەتوار هەیە... هونەرمەند فێر دەبێ کە کەتوار لەرێگەی چاوەکانی ژانرەوە سەیر بکا ) [٨٧]. جەخت کردن لەسەر(زەمەن مەندی) [=Chronology] کەتواری ئەدەب چەندین ساڵ دواتر باختینی بەرەو هێنانە ئارای چەمکێکی نوێ راکێشا کەرەنگە بتوانین بە(شوێنی زەمەن مەند ) ناودێری بکەین؛ (واتە) لەبۆ ڕون کردنەوەی پەیوەست بوونی بەرهەمێك بەرۆنانێك لەئارایی کاتیی ـ شوێنی. باختین خۆی وشەی chronotopی بەکارهێناوەو وەبیری هێناوەتەوە کەئەم وشەیەی لەبیرکاریی مۆدێرن‌و تیۆری رێژەیی ئەنشتاین وەرگرتوە [٨٨]. تۆدۆرۆف لەو باوەڕەی‌دایە کەباختین "ژانر"و "شوێنی زەمەنمەند"ی بەیەك واتا بەکارهێناوە [٨٩]. بەڵام و ادیارە کەبۆ گەیشتن بەم ئەنجامە حاشا هەڵنەگرە و تارەکانی باختین بەپێی پێویست نین. لەکاتی یەکەم چاپی "پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی"دا بەتایبەتی بەهۆی و تاری ( ئاخێوی رۆمان ئاسا ) (١٩٣٤-٣٥)وە باختین پەخشانی ئەدەبی و رۆمانی بەخاوەنی سروشتی ( نێوان دەقی=[inter textuality] ) زانی، بەڵام بڕیاری‌دا کەشیعر خاوەنی ئەم سروشتە نیە. ئالۆزی شیعر بەرهەمی پەیوەندی ئاخێو لەتەك جیهانە، بەڵام، پەخشان زادەی پەیوەندیی ئاخێو لەگەڵ دروستکەرانی گوزارەیە واتە لەگەڵ دانەری دەق + داهێنەرانی دەقەکانی دیکە کەلەگەڵ دەقی دیاریکراودا پەیوەندیان هەیە:

لەوێنەی شاعیرانەدا، بەواتایەکی ورد، کۆی کردەی پەرەسەندن‌و بەردەوامی وێنە ـ لەنێوان وشە (بەهەموو فۆرمەکانیەوە)و بابەت (لەگەڵ هەموو فۆرمە ئالۆزەکانی‌دا)، ئامادەیە. وشە لەهەمو جۆری‌و مشەمڕیی بابەتدا (کەهەندێ‌جار هەلگری دژیەکە) واتە لەچیەتیی تازەو دەست لێنەدراوو هێشتا بێ ناویی خۆیدا، ئامادەیە. هەرلەبەر ئەوەیەکە لەپێش دانان[premise]ێك جگە لەو شتەی کەخۆی دەیخولقێنێ، پەسەند ناکات... کەوابو لەجۆرەکانی ئاخێوی شاعیرانەدا ناتوانی لۆژیکێکی وتووێژ پەیدا بکەی کەلەقولاّیی ئاخێودا شاردرابێتەوە. لەحالّێکدا کەلەرۆماندا، ئەم

لۆژیکە بەگرنگترین لایەن لەشێوەی دەربڕیندا ئەژمار دەکرێت و گرنگیەکی هونەریی تایبەتیی هەیە [٩٠].

دەتوانین بڵێین کەبەڕای باختین شیعر خاوەنی سروشتێکی تایبەتیە: چپەیەکی ناوەکیە کەپەیوەندیەکەی لەگەڵ ئاخێوی شاعیرانەو لەگەڵ مێژووی شیعردا (مێژووی زمان بەگوتەی باختین، (مێژووی فۆرم) بەوتەی لۆکاش) چەشنی کردەی گوزارەیەکە. شیعر ئێشراقێکی (٥٥) رەسەنەکە بێ بڕیوانیی(هەیە) ، بەڵام پەخشان دەربڕینی گوزارەیە. ئەم فۆرمی دەربڕینە (هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە) بناغەکەی بۆفۆرمەکانی‌تری دەربڕین دەگەڕێتەوە. شیعر رووداوێکە تاقانە و دووبارە نەکراوە، هیچ کەس پێشتر ئەزمونی نەکردووە و لەپاش دەربڕینیش دوبارە نابێتەوە. بەم چەشنە باختین حاشالە (هەبونی) پەیوەندیە نێوان دەقیەکان لەدەقە شاعیرانەکاندا دەکات: (زمانی شاعیر، زمانێکە تایبەت بەخۆی. شاعیر بەشێوەیەکی تاکایایەتی‌و ڕەها بەکاری دێنێ. لەهەر فۆرمێك، هەروشەیەك، هەرچەشنە دەربڕینێك بەپێی ئاراستەی راستەوخۆی) ئەو زمانە شاعیر( کەڵكو ەردەگرێ. دەتوانین بڵێین کەهەموو شتێك بەبێ کەڵك وەرگرتن لەدوو کەوانە ( ( ) ) بەکاردێنێ. واتە وەکوو دەربڕینی رەسەن‌و بێ بڕیوان... هەروشەیەك بەچەشنێکی کت‌وپڕو بێ‌بڕیوان دێتە گۆڕێ‌و لەتان‌وپۆ [plot]ی شاعیر ئاگادارمان دەکاتەوە. لەنێوان شاعیرو ئاخێوی‌دا ناتوانین مەودایەك بدۆزینەوە ) [٩١]. ئەم دابڕانەی شیعر لەئاخێو، شیعر دەکات بە کەتوارێکی تاقانە. بەبۆچوونی باختین ئەگەر لەشیعرێکدا نزیکایەتیەك لەگەڵ شیعرێکی دیکەدا بتوانین بدۆزینەوە، نزیکایەتیەکی تەواو بەئەنقەستە [٩٢]. بەدەربڕینێکی‌تر پەیوەندی لەنێوان دوو شیعر مەرجێکی سەرەکی نیە.

باختین شیعری بەرزتر لەدەربڕینی گوزارە [utterance] (وە لەئەنجامدا لەدەرەوەی سروشتی گەیەنەریی [communicational] زمان) زانیوە. بەڵام ئەوەی لەچوارچێوەی دەربڕیندا واتە لەسنووری دەسەڵاتی پەخشاندا گۆ دەکرێ، یان دەنوسرێت، بەتەنیا ( واتا) لەئاستی پەیوەندی‌دا دەهێنێتە ئاراوە [٩٣] باختین وتویەتی:(پەیوەندی ئاخاوتەیی ئەگەر لەدەرەوەی ئەو پەیوەندیەی کەلەتەك کەتوارێکی دیاریکراودا هەیەتی، دابنرێت، هەرگیز ناتوانرێت بناسرێت‌و شی بکرێتەوە)[٩٤]. دەتوانین لەسەر بنەمای تیۆرەکانی باختین جۆرە رەهەندێکی پەیوەندی بکێشینەوە کەتارادەیەك شایانی بەراورد کردن لەگەڵ رەهەندی پەیوەندی





کارانەی رۆمەن یاکوبسێن بێت. شەش توخمی تیۆری پەیوەندی یاکوبسێن بریتین لە: ( گەیەنەر، وەرگر، پەیام، بوار، پەیوەندی و کۆد (رەمز). شەش توخمی پەیوەندی باختین بریتین لە: ئاخێوەر، بیسەر، گوزارە، بابەت، نێوان دەقی، زمان. دەتوانین ئەرکەکانی پەیوەندی‌دار لەگەڵ توخمەکانی تانووپۆی یاکوبسێن (کەلە پاری سێیەمدا باسم لێوە کرد) لەهەمبەر رەهەندی (باختین)یشەوە بەراست‌و دروست بزانین باختین بەمەبەستی ڕون کردنەوەی جیاوازی گوزارەکان لەوشەی روسی Raznorechie کەڵکی وەرگرت. هاو واتای ئەو وشەیە (لۆژیکی فرە چەشنی)یە. هەر گوزارەیەك لەئاراستەیەکی تایبەتدایەو واتای خۆی لەو ئاسۆیەوە بەدەست دێنێ. یەك یان چەند ئاخێوێك کەپەیوەستن بەو ئاسۆیەوە، بەستێنی واتایی گوزارە دەخولقێنن، کەوابو:

لەزماندا تەنانەت یەك وشە یان یەك فۆرمی بێ‌لایەن‌و پاسیڤ نیە... بۆ بونەوەرێکی وشیارە کە لەزماندا دەژی، زمان سیستەمێکی ئەستراکتی (پێکهاتو) لەفۆرمەکان نیە، بەڵکو روانگەیەکە لەسەر بنەمای ( لۆژیکی فرە چەشنی ) روانگەیەکی دیاریکراوە لەبۆ جیهان. کە: هەر(چەشنە)وشە پیشە، چەشن، رەوت، رەوتی کات، کاری تایبەتی، مرۆڤی تایبەتی، وەچە، سەردەم، رۆژو کاتژمێر هەست پێدەکات. هەر وشەیەك هەست بەبوار یابوار گەلێك کەلەواندا ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی دەدۆزێتەوە، دەکات. هەموو وشەکان و هەموو فۆرمەکان بەهۆی نیازەوە دیاری دەکرێن [٩٥]

کەوابو دەتوانین بڵێن کەلەروانگەی باختینەوە دەق پەیوەندی نێوان نیازی نوسەر لەگەڵ راڤەی خوێنەرە. تەنانەت ئەگەر خوێنەرێکی ئایدیالیش کەلە هەموو واتاکانی دەق تێبگات لەگۆڕێ دانەبێ نوسەر لەکاتی داهێناندا لەزەینی خۆی‌دا ئەم خوێنەرە دەخولقێنێ:(هەرگوزارەیەك بەرانبەر (یان گوێگر)ێکی هەیە... بەڵام زیاتر لەمەش نوسەر(یان دانەر) یان ئەو کەسەی گوزارەکە دەهێنێتە گۆڕێ خۆی پێشتر بەرانبەر(یان گوێگرێك گریمان دەکا) [٩٦]. خوێنەری باش، لەم خوێنەرە ئایدیالیەوە نزیکە، واتە چاکتر لەمەبەستی نوسەر تێ دەگا. ئەم خاڵە گرنگترین لایەنی جیابوونەوەی باسەکەی باختین لەتوێژینەوەی مۆدێڕنەکان (لەبواری) رەخنەگری لەدقە ئەدەبیەکان و ئاخێوی ئەدەبی.

تێبینی‌یەکانی پاری چوارەم (وەرگێڕ).

★: لێرەدا واتای نێوەڕۆکی وشەکە مەبەستە و بەپێچەوانەی وشە فارسیەکە (واژە دوسویە) بەتوانج پۆشیانە وەرمگێڕاوە ١: لەبەر ئەوەکە

مەبەست واتای دولایەنی وشەیە ۲: توانج پۆشی بریتیە لە بەکارهێنانی وشەیەك کەدو واتای هەبێ، واتای نزیكو واتای دوورو مەبەستی نوسەر واتای دور بێت، کەلێرەدا بەو واتایە هاتوە.

: شوێن نوسینەوە: (مکان نگاری) گرنگی دان بەنوسینەوەی شوێن رِوداو، یان شوێنی بەرجەستە کە رِون کەرەوەی گەلێ بابەت بێ، بەگشتی بەشێکە لەزانستی مێژوو بەپێی ئاسەوارەکان بنوسرێتەوە و شوێن لێرەدا گرنگیی خۆی هەیە.

_(اشراق) رِوون بونەوە، درەوشانەوە، هەڵهاتنی خۆر، بەواتای خوازەیی ئیلهام وەرگرتن ( حیکمەتی ئیشراق: فەلسەفەیەکە کەلەسەر بنەمای گەیشتن بەراستیەکان لەرێگەی(کشف)و(شهود)ەو ... کە دامەزرێنەرەکەی لەئێران و ئیسلامدا شێخ شەهابەددین سوهرەوەردی (سورەبەردی)یە کەڵکی لەفەلسەفەی ئەفلاتون و حیکمەتی نوێی ئەفلاتونی و حیکمەتی باوی ئێران و ەرگرتوە:حسن عمید، فرهنگ عمید اجلدی، انتشارات امیر کبیر، چاپ دوم، ۱۳۷۱، ص ۱۵۰.

پەراوێزەکانی پاری چوارەم:...


Todorov,Mikhail Bakhtine, Le principe diagogque, paris, 1981. P, 7.

ئەم کتێبەی تۆدۆرۆف گرنگترین کتێبە کەتا ئێستا لەبارەی باختینەوە نوسراوە. چوار وتار لە نوسەرانی ( بازنەی باختین ) (هاوبیرانی ئەو) لەگەڵ ئەم کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە.

کتێبێکی گرنگی دیکەش بەزمانی ئینگلیزی لەمەرِ باختین نوسراوە:

K. Clarck and M. Holquist, Mikhael Bakhtin, Harvard, U.P. 1987.

T. Todorov, op, cit. P, 62.

I bid, p, 63.

٤_دو کتێب لەم سێ کتێبە بەفەرەنسی و ەرگێرِدراون و بڵاوکراونەتەوە:

M. Bakhtine (V.N. Voloshinov). Le Marxismeet La phigosophie du Langage, trans. M. Yaguello, paris, 1987.







M.M. Bakhtine (N.V. Voloshinov), Le freudism, Lausanne, 1981.

٥_لەم کتێبە دو و ەرگێرِانی فەرەنسی و وەرگێرِانێکی ئینگلیزی لەبەر دەستدایە. لەهەردوو وەرگێرِدراوە فەرەنسیەکە، یەکەمیان، وەرگێرِدراوی چاپی یەکەم ) ی کتێبەکەی باختین( ە:

M. Bakhtine, Problems de la Poetique de Dostoievs Laiousanne, 1970.

M. Bakhtine, La poetique de Dostoievski, paris, 1970.

M. Bakhtine, Problemes of Dostovesky' Poetics' London, 1973.

6- M. Bakhtine, Rabela is and his world, Indiana U.P. 1984.

M. Bakhtine, L'oeuvre de francois Rabelais et la culture Populaire au moyen age et sous La Renaissance, trans, A. Robel, paris, 1985.

٧_ئەم کتێبە لەژێر ناوی "جوانناسی و تیۆری رۆمان" بەزمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە:

M.Bbakhtie, Esthetique at theorie du loman, tracs, D. olivie, Paris, 1987

M. Bakhtine, the Dialagic Imagination, trans, C. Emerson and M. Holquist, Texas, U.P. 1986

٨_ ئەمکتێبە ناونیشانە سەرەکیەکەی بەفەرنسیو ، (هەروەها) لەژێر ناوی "ژانرەکانی گوتارو بەرهەمە دواییەکانی دیکە" وەرگێرِدراوەتە سەر( زمانی) ئینگلیزی:

M. Bakhtine, Esthetique de la creation verbale trans, A. Aucoturier, paris, 1984.

M. Bakhtine, speech Genres and other later writings, trans, M. Holquist, Texas, U.P. 1987.

٩_کتێب نامەیەکی و ردلەبۆ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی باختین لەکتێبی تۆدۆرۆفدا هاتووە:

T.Todorov, op, cit. PP, 173 – 176.

10- T.Todorov, op, cit. P, 171.

11- I did, p, 10.

12- T. Todorov, Critique de la Critique, paris, 1984, p, 96.

13- M. Bakhtine, Esthetique de la Creation Verble, p, 41.

14- I did, p, 104, p, 108.

15- I did, p, 109.

وشەی "ئاسۆ" کەباختین لەم و تارەدا بەکاری هێناوە، هەرئەم واتایەی هەیە کەلە دیاردەناسی هۆسرێل (و بەدوای ئەوەشدا لەبابەت گەلی هێرمینۆتیکی مۆدێڕندا) هەیەتی.

16- I bid, p, 117.

17- I bid, p, 159.

18- F. Armengoud, La Pragmatique, paris, 1985.

١٩_ئەم و تارە لەم کتێبەی خوارەوە ئەدۆزیتەوە:

M. Bakhtine, Esthetique et the orie du Roman, PP, 83 –182 .

20- V. Erlich, russen formalism, History – Doctrine, Yale, U.P. 1981, p. 237.

I bid, pp. 137 – 138.

J.P. Sarter, saint Genet, comedien et martyre, paris, 1952, p, 514.

٢٣_ چاپی دووەم (مۆسکۆ، ١٩٦٣) لە (چوارچێوەی) پێنج پارو ئەنجامگیریەکی کۆتایی ڕێك خراوە.

٢٤_ بۆئاگادار بون لەپێکهێنانیمێژووی مۆسیقای پۆلیفۆنیك بڕواننە:

G.Abraham, The concise Oxford History of music, Oxford U.P. 1979, PP, 75 – 96.

٢٥_ دەبینین کەبنەما تیۆریەکانی و تاری "نوسەر و پاڵەوان" بەکەڵکی پرسیارەکانی تیۆری ئەدەبی دستۆفسکی هاتوە.

26- M. Bakhtine, Problems of Dostoevesky's poetics, PP, 4 – 5.

27- J. kristeva, semiotike, paris, 1978, p, 91.

28- M. Bakhtine, Problems of Dostoeuvsky's poetics, p, 46.

29- M. Bakhtine, Esthetique et theorie du Roman, p, 105.

٣٠_ و تاری ( پرسی دەق ) (١٩٦١ — ١٩٥٩)لە:

T.Todorov, Mikhail Bakhtine, La Prinsipe dialogique, p, 100.

٣١_سارتەر لەوتووێژێکدا لەگەڵ ) ڕۆژنامەی( لۆمۆند ( ١٤ی بانەمەڕی ١٩٧١) ڕای گەیاند: "تازە کتێبی باختینم خوێندۆتەوە."

J.P. Sarter, Situetion X, paris, 1976. P, 109.

32- J.P. sarter, Situetion X, paris, 1947, PP, 36 – 57.

٣٣_ و تاری "نوسەرو کەسیەتی لەکردەی جوانناسانەدا" (١٩٢٤ — ١٩٢٢) و ەرگیراولە:





T.Todorov, op, cit. PP. 145 – 146.

34- I did p, 148.

٣٥_ و تاری "لەمەڕ پێداچوونەوەی کتێبەکەی دستۆفسکی" (١٩٦١) لە:

T. Todorov, op, cit, p, 149.

٣٦_ و تاری "نوسەرو کەسیەتیی لەکردەی جوانناسانەدا" (٢٤ — ١٩٢٢) لە:

T.Todorov, op, cit. P,151.

٣٧_ نزیکترین بەس لەهەمبەر "لۆژیکی وتووێژ)ی باختین، لەلایەن یەکێ لەقوتابیانی هایدگەر، واتە (ئیمانۆئێل لۆوێناس)ەوە هاتۆتە گۆڕێ. لەفەلسەفەی لۆوێناسدا ( ئەویدی ) بەرامبەر = ئاخێوەر یان گوێگۆ سەنتەرە. خاڵی سەرانج ڕاکێش بەستراوەیی لۆوێناس بەدستۆفسکیە. ئەو لەگفنوگۆیەکدا لەگەڵ فرانسوا پۆئاریە دەڵێ کە ( ڕۆمانە روسیەکان، بەتایبەتی دستۆفسکی ئەویان بەرەو فەلسەفە راکێشا ) :

F.Poerie, Emmanuel Levinas, paris, 1987, PP, 69 – 70..

38- G.W.F. Hegel, Propedeutique Philosophique, trans. M. de Gandillac, paris, 1963, p, 100.

39- M.Bakhtin,, Le fruedism, PP, 33 – 34. P, 138.

کارێل مارکس لە ( تێز گەلێ لەبۆ فۆیرباخ ) نوسیبوویەتی:" گەوهەری مرۆڤ کۆمەڵە پێوەندیەکی مرۆییە"و تیۆرەکانی باختین، هەڵبەتە لەم رێسایەوە نزیکن، و(هەروەها) لەم رێسایەی مارتێن بۆبێرۆ کەدەڵێ: (هەقیقەتی بنەڕەتی مرۆڤ نزیکایەتیی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤدا) ( نزیکن) ،بوبێرو تارێکی گرنگی بەناوی "مێژووی بنەمای لۆژیکی و تو و ێژ" نوسیویەتی و هەرچەند لەو ) وتارەدا( هێمای بۆ باختین نەکردووە، بەشێك لە تیۆرەکانی ئەوی دوپات کردۆتەوە.

M, Buber, Between Man and Man, NewYork, 1975. PP, 209 – 224>

40- J. Kristeva, op, cit. PP 86 – 87.

٤١_جۆرە گێڕانەوەیەکی پڕ رووداو و داشۆڕین ئامێزی کەرنەڤالیە لەفەرەنسای سەدەکانی نێوەڕاستدا. پاڵەوانی ئەم چیرۆکانە ناوی گوپیل یان ڕۆنار بو.

42- J. Kristeva, op, cit. P, 101.

٤٣_ هێما بەکەمو کوڕیەکانی و توێژە سوکراتیەکانو مێتۆدی ئەفلاتون (بەپشت بەستن بەرەخنەی هێگل) لەپاری نۆزدەهەم، لەباسکردنی بیروڕاکانی گادامێردا کردوە. لێرەدا تەنیا بەکورتی دەڵێم کەوتو و ێژە سوکراتیەکان پێچەوانەی ڕای باختینن، جۆرە هەوڵدانێکی دەسە جەمعی بۆ دۆزینەوەی (هەقیقەت) نین، بەڵکو لەزۆربەی دیالۆگەکاندا پێشتر (هەقیقەت) بۆ سوکرات ڕون بۆتەوە.

44- J. Kristera, op, cit. P, 104.

٤٥_ تێگەیشتنی باختین لەگەڵ مارکسیزمدا نامۆ نیە. بەڵام بەتەواوی لەگەڵ ئیستالینیستەکاندا ناگونجێ. گئۆرگ لۆکاش لەسەردەمێکدا کەمل کەچی رژێمی ئیستالبین بو لەوتاری "هونەری تەندروست و هونەری ناتەندروست ) دا (کەسەردێڕەکەشی وەبیرهێنەری یاساکانی ژدائفە) نوسیی: ( لەکۆمەڵگای چینایەتیی ڕوله ڕوخاندا هێزه (مرۆیی)یە هزرڤان، زانا و بیرمەندەکان، هیندەی و ارسکە (غریزه) گرنگیان پێ نادرێ. لەوێدا (زگ) بەسەر (سەر)دا فەرمانڕەوایی دەکات. ) :

G. Lukas, Witer and Critic, trans. A. Kahn, London,1970, P. 105.

46- M. Bakhtine, :'Qeuvre de Francois Rebelais, P, 69.

67- I bid, p, 77.

68- I bid, P, 82.

49- Ibid, pP, 98 – 100.

50- I bid, P, 102.

51- I bid. P, 101.

52- I bid, P, 80.

53- I bid, P, 96.

54- I bid, P, 398.

55- I bid, PP, 404 – 406.

ڤالتەر بینیامین لەباسکردن لەحیکایەتەکانی لسکۆف وەبیری هێنایەوە کە لسکۆف زنجیرە پلە ) یەکی تایبەتی دروست کردکە "چاکان لەلوتکەکەیدان، کاتێك کەبە نزمترین ئاستی خۆی دەگات پلە گەلێکی فرە چەشن لە (بونەوەرە) بێ گیانەکان دەگرێتە خۆی" و "هەتاکو لسکۆف بەزنجیرە پلەی جیهانی خولقێنراوەکاندا شۆڕ دەبێتەوە، شێوە رونانیی ئەو لەسۆفیان دەبێتەوە":

و. بینامین، نیشانەای بەرهایی، ترجمه ب. هحمدی، تهران، ص ۲۲۹، ص ۲۳۱.

٥٦_ وشەی روسی کەباختین لەبەرانبەر کولتوری کۆمیك بەکاری هێنا واتە Smekhovaja بەواتای کامەرانیش بەکاردێ.

57- M. Bakhtine, Problesms of Dostoevsky's Poetics, PP, 106 – 107.

ئەم یاسایە لە "بەرهەمەکانیفرانسوا رابلە و کولتوری جەماوەریی لەسەدەکانی نێوەڕاست و ڕێنسانس"یشدا دوپات کراوەتەوە:"مرۆڤی سەدەکانی نێوەڕاست دوژینی هەبو، یەکێ ڕەسمی و ئەوی دیکەیانکەرنەڤاڵی؛ کەنیشاندەری دو لایەنی (جیددی) و کومیکی ژیان بو"





M. Bakhtine L'oeuver de Francios Rabelais, P, 103.

58- M. Bakhtine, op, cit. PP, 15 – 16.

59- I bid, P, 15.

60- I bid, P, 18.

61- I bid, P, 21.

62- M. Bakhtine, Le Marxisme et philosophie du Langage, P, 90.

63- I bid. P, 91.

64- I did, PP, 93 – 94.

65- I bid, P, 75.

66- I bid, P, 136.

67- I bid, P, 142.

68- I bid, P, 163.

69- I bid, PP, 169 – 170.

70- T. Todorov, op, cit. P, 33.

71- M. Bakhtine, Esthetique de la Creation Verble, P, 349.

72- M. Bakhtine, Le Marxism et la Phlosophie du Langage, P, 50.

73- T. Todorov, op, cit. P.41.

٧٤_ باختین لەبەرانبەر وشەی لاتینی discursus کەرەگەزی ( ئاخێو ) لەزمانە ئەوروپیەکانە، وشەی رومی slovoی بەکاردێنا، کەلەڕەچەڵەکی یۆنانی (وشەی Logos ەوە هاتوە و بەواتای ئاخێو، وشە، لۆژیك و عەقڵ بەکاردێت.

75- T. Todorov, op, cit. P, 44.

لەمەڕ دابەشکاریی ئاخێوەوە (بەتایبەتی لەبەرهەمەکانی باختیندا) بڕواننە:

D. Maingeuneau, Initation aux methodes de l'analyse du discours, paris, 1976, P, 11.

٧٦_ و تاری "پرسی دەق لەزمانناسیدا" (۱۹٦۱ — ۱۹۵۹)لە:

T. Todorov, op, cit. P, 175.

77- M. Bakhtine, Esthetique et theoie du Raman, PP, 152 – 153. P, 156.

78- M. Bakhtine, Problems of Dostoevsky's Poetics, P, 228.

٧٩_ و تاری "لەمەڕ پێش مێژوو [Prehistory]ی ئاخێوی ڕۆمان ئاساوە" (١٩٤٠) لە:

T. Todorov, op, cit. PP, 103 – 104.

80- M. Bakhtine, Esthetique Theorie du Raman, P, 185.

81- I did, P, 144.

٨٢_ و تاری "مێتۆدی فۆرمال لەتوێژینەوەی ئەدەبیدا" (١٩٢٨):

T. Todorov, op, cit. P, 124.

83- M. Bakhtine, op, cit. P, 448.

84- G. Lokacs, Theory of nevel, trans, A. Bostock, London, 1987, p, 33.

85- I bid, PP, 38 – 39.

86- I bid, P, 56.

بڕوانە و تاری M.Aucouturier لەژێر ناوی "تیۆری رۆمان، لۆکاچ و رباختین" لە:

J. Garrard, ed the russion novel from Pushkin to Posternak, Yale, U.P. 1983. PP, 227 – 240.

٨٧_ و تاری "مێتۆدیفۆرمال لەتوێژینەوەی ئەدەبیدا" لە:

T. Todorov, op, cit. P, 128.

٨٨_ وشەی chronotop لەبەرهەمەکانی ئەنشتایندا نەهاتوە. و ادیارە ئاماژەی باختین بەبنەمای چەمکی ( شوێن [Space] ـ کاتی [Temparal] ) لەتیۆری گشتی رێژەییدا (رێژەیی = (نسبیت) = ]Relativenessە: "ڕەنگە بتوانین گۆی (واقیع)ی فیزیکی چەشنی گۆڕەپانێك بنوێنین کەپێکهێنەکانی لەچوار پارامیزی شوێن ـ کاتی بەستراوەتەوە". و ەرگیراوە لەپێشەکیەك کە ئاینشتاین

ا. اینشتاین، فیزیك، و اقعیت، ترجمە م. خواجەپور، تهران، ١٣٦٣، صز ١٢٧.

89- T. Todorov, op, cit. PP, 128 – 129.

بنەمای باسی باختین لەوتارێکدا لەژێر ناوی "فۆرمەکانی کات و شوێنی زمەندار لەرۆماندا" (١٩٣٨ — ١٩٣٧) باسکراوە، و لەوتاری "رۆمانی داستانی ڤارەمانێتی" (١٩٤١) دوبارە کراوەتەوە، هەردوکیان لەکتێبی:

M. Bakhtine, Esthetique et theorie du Roman.

90- I did, PP, 101, P, 107.

91- I did, P. 108, P, 119.

٩٢_ ئم لایەنە لەباسەکەی باختین یەکسەر لەگەڵ بنەما شکێنی و بەتایبەتی لەگەڵ تیۆرەکانی هارۆڵد بلۆم، پێکناکۆکە.





٩٣_ وتارێك کەباختین بەناوی خوازراوی و ێلۆشینۆف نوسیویەتی: ( ئاخێو لەژین‌و ئاخێو لەشیعر ) .

T. Todorpv, op, cit. P, 67.

M. Bakhtine, Ethetique et theorie du Roman, P, 114.

٩٥_ و تاری ( ئاخێوی ڕۆمان ئاسا ) لە:

M. Bakhtine, Esthetique et theorie du Roman, P, 114.

٩٦_ و تاری ( پرسیاری دەق ) لە:

T. Todorov, op, cit. P, 171.

# پاری پێنجەم

## مێتۆدی دەربڕین: مۆکارۆفسکی، لۆتمەن، وۆڵفین، ئیسپیزێر.

**شتێکی راستەقینە لەگۆڕێدا نیە، تەنیا شێوەی دیتن هەیە.**

**فلۆبێر**

(١)

لەئوکتۆبەری ١٩٢٦دا گرووپێك لەزماناناسان لەپراگ توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەبۆ ناسینی پەیوەندی فۆنۆلۆژیو واتاناسی دەست پێکرد. رۆمەن یاکوبسێن کەلەساڵی ١٩٢٠دا بەردەوام سەفەری بۆ پراگ دەکرد، لەساڵی ١٩٢٣ وتارێکی بۆ شیکردنەوەی شیعری چیك بڵاوکردبوویەوە کەبەیەکێك لەگرنگترین نوسینەکانی ئەو (لەبواری) شیکردنەوەی فۆنەتیکیانەی هونەری شاعیری دەژمێردرێت. (ئەمە) مێتۆدێك ) بوو کەبە (جەختی دەنگی [phonotory]) ناودێری کرد [١]. گرنگترین لایەنگری مێتۆدی یاکوبسێن ویلهلۆم ماتسیوس کە خۆی چەند توێژینەوەیەکی لەمەڕ گرنگیی تاوتوێ کردنی فۆنۆتیکیانە لەشی کردنەوەی کێشی شیعردا ئەنجام دابوو، بەرهەمەکانی پەرچە کردارو دوژمنایەتیی زۆری لەنێوان ئەو رەخنەگرانەی کەباوەریان بەمێتۆدە کۆنەکان هەبوو، دروست کردبوو. یەکەم کۆبوونەوەی زماناناسان لەپراگ لەشەشی ئوکتۆبری ١٩٢٦ پێکهاتو نەك تەنیا یاکوبسێنو ماتسیۆس، ئێکۆلای ترۆبتسکۆی زماناناسی روسی، هاورانك، ترێنکا، چیزفسکی، رنەوۆڵك (کەدواتر چووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بەهاوکاریی ئاستین و ارێن کتێبی کلاسیکیی (تیۆری ئەدەبی) لەساڵی ١٩٤٩ بڵاوکردەوە) و یان مۆکارۆفسکی (١٨٩١-١٩٧٥) لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریان کرد[٢]. نوسەرانی بازنەی پراگ تانیوەی





دەیەی ١٩٢٠ ژمارەیەك لەگرنگترین بەرهەمەکانی زماناناسیی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم)یان بڵاو کردەوە. نوسەرانی بازنەی پراگ کارەکەیان لەچوارچێوەی ناسینی بەکارهێنانی پراکتیکی فۆنیمەکان لە (نێو) بینای رستەکاندا قەتیسنەدەکرد. بەبۆچوونی ئەوان ئەو دەنگانەی کە لەئاخاوتندان، هەرچەندەیش بەوردی تاوتوێ بکرێن بەمانای ناسینی ئەرکی سەرەکی واتە ئەرکی واتایی سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمان نیە. توێژینەوە لەدەنگەکان یان (فونەتیك) لەدەنگناسی یان (فۆنۆلۆژی) جیاوازە، هەر بەو شێوەیەی کەبەکارهێنانی پراکتیکی زمان، واتە، گوتار، لەتەك خودی زماندا جیاوازیی هەیە. ترۆبتسکۆی دەری خست کەخاڵی گرنگ لە زماناناسیدا تێگەیشتن لەپێکهاتەی رۆنانی فۆنیمەکانە (لەڕوویەکی واتاناسانە)وە. ئەو بەدوای ئەم خاڵە دەگەڕا کەبەچ جۆرێ ئەم هێما دەنگیانە لەگەڵ یەکدیدا پەیوەندی پەیدا دەکەنو لەسەر بنەمای چ یاسا گەلێك، دەبن بەدروستکەری وشەکانو رستە واتادارەکان [٣]. بەڕای ترۆبتسکۆی جیاکردنەوەی دەنگەکان (ئەو جیاوازیە دەنگیانەی کەلە هەندێ خاڵدا دەتوانین بە (جیاوازیە فۆنۆلۆژیکیەکان) ناودێریان بکەین). بنەمای فۆنۆلۆژیەو دەتوانین لەهەر زمانێکدا بەرەو ڕوبوونەوەی فۆنیمەکان (لەگەڵ یەکدیدا) بەوردی لەخشتەیەکدا دیاری بکەین[٤]. گرنگترین خاڵ لەفۆنۆلۆژیدا کەیاکوبسێن، ترۆبتسکۆیو نوسەرانیتری رێبازی پراگ جەختیان لەسەر کرد، دابڕان لەتیۆری سۆسێر لەمەڕ لەمەڕ جیاکاری لەنێوان مێتۆدی تاوتوێ کردنی مێژووی زمانو مێتۆدی تاوتوێ کردنی وەستاو [static]ی زمان بوو. ئەوان دەریان خست کەلە توێژینەوە هاوکاتیەکاندا مێتۆدەکانی فۆنۆلۆژی هەربەو شێوەیە بەکاردێن کەلە تاوتوێ کردنە نێوکاتیەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. فۆنۆلۆژی بەواتای ڕەتکردنەوەی تیۆری سۆسێر لەمەڕ چیەتیی گرنگی تاوتوێ (ماهیەت)تاك هێلە زمان نییە، بەپێچەوانەوە جەختێکە لەسەر چیەتی سیستەماتیکی پێوەندی نێوان پاژەکان . بەڵام ئەوشتەی لەفۆنۆلۆژیدا گرنگی پەیدا دەکات فۆرم گرتنی یاساکان واتا (کامڵ)بونی مێژوویی توخمە زمانیەکانە. یاکوبسێن گوتویەتی کەلەساڵی ١٩١٩دا لەسەر بنەمای تیۆری گشتی رێژەیی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تێگەیشتنی نەریتیی لەبۆ(کات هەڵەیەو چەمکی سۆسێری کەلەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی(ڕوانگەی هاوکاتی)و (روانگەی نێوکاتی)دامەزرابوو، لەفۆرمی زێدەڕۆییانەی خۆیدا، واتە فۆرمێك کەقوتابیانو لایەنگرانی راستبڕوا [orthodox]ی سۆسێر

بەکاریان دەهێنا، کارایی نیە. یاکوبسێن نوسیویەتی کە (خۆیشی) هێدی هێدی هەستی بەپێویستی رۆنانی دوو شیکردنەوە کرد:"رەنگە هەرلەبەر ئەم هۆیەش هەستم بەگرنگی هونەری سینەما کرد، ئەگەر لەبینەرێك بپرسین کەلەم ساتە تایبەتیەدا چی لەسەر شاشە دەبینێ، ئەو ناچارە کەبەرۆنانێك لەمێتۆدە هاوکاتیو نێو کاتیەکانەوە وەڵام بداتەوە ئەوەی دەیبینێ دەرەنجامی گۆڕانێکی کتوپڕە )[٥]. داهێنانەکانی بازنەی پراگ، بەهیچ شێوەیەك لەچوارچێوەی زمانناسیدا نەدەمانەوە. نوسەرانی ئەم قوتابخانەیە لەبواری تیۆریی ئەدەبیشدا خاڵ گەلێکی گرنگیان هێنایە کایەوەو بەرهەمەکانیان بەپردێك لەنێوان فۆرمالیزمی روسیو پێکهاتە گەرایی نوێ دەژمێردرا. بازنەی پراگ، لەهەمبەر فۆرمالیزمی روسی هەنگاوێك چوە پێشەوەو کۆمەڵە گۆڕانێکی لەبنەما تیۆریەکانی ئەو قۆتابخانەیەدا دروست کرد [٦]. یەکێ لەم گۆڕانانە سەرنجدان بەتوخمە بان دەق [meta-texual] ) یەکان بو، توخمگەلێك کەلەروانینی یەکەمدا بەچەند چرکە ساتێکی دەق ناژمێردرێن. بەڵام لەپرۆسەی تاوتوێ کردنی وردتردا هەست بەگرنگیان دەکەین، "مەبەست" ئەو توخمانەیەکە یاکوبسێن لە(رەهەندی پەیوەندیی) خۆیدا لەگرووپی (پێوەندیی [contact])دا جێکردبوونەوە. لەلایەکی دیکەوە بازنەی پراگ لەو توێژینەوانەدا کەلە بارەی تیۆرە ئەدەبیەوە ئەنجامیان دابو، بەپێچەوانەی فۆرمالیستەکان (کەلەجێی پێکهاتە لەوشەی فۆرمو هەندێجار لەوشەی بنەما کەڵکیان لێ وەردەگرت) زاراوەی پێکهاتەیان بەکارهێناو لەپێناو (وردکردنەوەی واتاکەیدا هەولیاندا. ئەوان لەم وردەکاریو هەڵکۆڵینەدا، منەتباری فەیلەسوفێکی گەورە بوون کەتەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت بایەخی کارەکانو رۆڵی گەورەی ئەو لەپێکهێنانی پێکهاتەگەرایی بەدروستی هەڵنەسەنگێنراوەو رونەبۆتەوە. کتێبە فەلسەفەی فۆرمە سیمبۆلیکیەکانی ئێرنێست کاسیرێر کەلەبەرلین لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣تا١٩٣١ بڵاوکرایەوە، کاریگەریی قووڵی لەسەر پێکهاتەگەراکان دانا توێژینەوەی کاسیرێر کە(دەیەوێ بیسەلمێنێ) زمان هەرچەند سیستەمی سەنتراڵو سەرەکی سیمبۆلەکانە، بەڵام تاکە تەوەر نیە، بووە هۆی ئەوەکە زمانناسانی بازنەی پراگ جگە لەزمانیش بیر لەسیستەمە سیمبۆلیکیەکانی دیکەش بکەنەوەو کاردەگاتە ئەوەی کەمۆکارۆفسکی تیۆری ئەدەبی لە (ئاست گەلێکدا جگە لەلایەنی زمانناسانە) پەیوەست بە (زانستی نیشانەکان) بزانێ. ئەو لەکتێبی چەند توێژینەوەیەك لەمەڕجوانناسیەوە(١٩٦٦) نوسیی: لەبنەڕەتدا،





جیاکاریەك لەنێوان زمانو بەرهەمی هونەریدا نییە. بەرهەمی هونەری چەشنی زمان سروشتێکی سیمبۆلۆژیکیی هەیەو جیاوازە لەدەربڕین، ئەمە خاڵێکە کەزۆر لەبەشەکانی جوانناسی، لەبیر دەبەنەوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کەبەرهەمی هونەری بەدەربڕین پێناس دەکەن)[٧]. بۆڵام مۆکارۆفسکی جەختی کرد کەنیشانەی بنەمایی بەرهەمی هونەری (سیمبۆلیك) نیە، بەڵکو نیشانەیەکی زمانیە، واتە لەجیاتیی ئەوەکە جێی بابەت بگرێتەوە، بەپێی رێکەوتنێك ئاماژە [signfication]ی پێدەکات. لەهەنگاوی دواییدا، دەتوانین هەر بەرهەمێکگی هونەری (چەشنی کردەیەکی پەیوەندی) لەبەر چاوبگرین، کردەوەیەك کەباس لەخاڵێکی دیاری کراوو تایبەت دەکات، " یان بەواتایەکی دیکە لەخاڵێکی دیاریکراوو تایبەتی ئاگادارمان دەکاتەوە" ئەمە بازنەی بەستنەوەی هونەر لەتەك شوێنگەی کۆمەڵایەتیو مێژوویدا [٨]. کاتێك کەمۆکارۆفسکی لەساڵی ١٩٣٤دا لەهەشتەمین کۆنگرەی نێو نەتەوەیی فەلسەفەدا رای گەیاندکە:( بەرهەمی هونەری هیچ نیە جگەلە دراوێکی سیمبۆلۆژیك)و ئەم خاڵەی دوو ساڵ دواتر لەکتێبی (ئەرکی جوانناسانە) بەدوورو درێژیو بەوردی رونی کردەوە، هەمان جیاوازیی بەرهەمی لەروی بەیانکەریەوە لەبەرچاو بو. دەق بەگشتیو دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتی ئاماژەیەك بەجیهان ناکەن، بەڵام هەردەقێك هێمایەك بەزمانی ئەدەبیو دەقەکانی دی دەکات. پاش مۆکارۆفسکی، پێکهاتە خوازە روسیەکان واتە رەخنەگرانی (قوتابخانەی تارێتۆ) باسیان لە(دەقی فەرهەنگی) کردو مەبەستیان (ئاماژە ناوەکیەکانی دەقە ئەدەبیەکان) بوو. شتێك کەژولیا کریستوا بە (شوێنگەی نێوان دەقی) ناودێری کردووە. مۆکارۆفسکی لەوتاری (پێکهاتەگەراییو جوانناسی )دا (١٩٤٦) نوسیی: ( هەموو شچتەکان لەبەرهەمی هونەریو لەو پێوەندیەی کەلەگەڵ جیهانی دەرەکیدا (هەیانە).. لەئاستی نیشانەکانو واتا جێیان دەبێتەوە. بەم پێیە دەتوانین جوانناسی بەپاژێك لەزانستی نوێی نیشانەکان یان نیشانەناسی لەقەڵەم بدەین )[٩]. لەپێش گوتارێکدا کە مۆکارۆفسکی بۆ (بەرهەمی) وەرگێڕدراوی (تیۆری شیعر)ی شکلۆفسکی بەزمانی چیك نوسیی، جەختی کرد کەلەتاوتوێی دەقی ئەدەبیدا، خاڵی سەنتراڵ خودی دەقەو توخمە (بان دەق)ەکان دەکرێ لەرێگەی (ئاماژە سیمبۆلۆژیکیەکانی دەق)ەوە تاوتوێ بکرێنو بناسرێنەوە. مۆکارۆفسکی سەرەتا مێتۆدی تاوتوێ کردنو ئیشکردنی خۆی بەپێکهاتە گەرایی ناوزەد

کرد، بەڵام لەهەنگاوی دواییدا ڕوونکردەوە کەپێکهاتە گەرایی بەواتا ناسیاوو ئاسایی وشە (جۆرە) میتۆدێك نییە:

پێکهاتە گەرایی جیهانبینیەك نیە کەلەسەر بنەمای (باڵایی [transendence]بەخشی)دراوە ئەزمونیەکان دامەزرابێ، جۆرە میتۆدێکیش نیە کەبە کۆمەڵەیەك لەشێوازەکانی توێژینەوە لەبارەی پانتاییەکی تایبەتیەوە لەقەڵەم بدرێت.پێکهاتە گەرایی بنەمایەکی فام کەرییە کەلە پانتاییە جیاجیاکانی سایکۆلۆژی، زمانناسی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تیۆرو مێژووی هونەر، کۆمەڵناسی، زیندەوەرزانیو..هتد دەردەکەوێ[10]. بەم جۆرە مۆکارۆفسکی گرنگی تاوتوێی ئەو توخمانەی کەلە دەرەوەی دەقدان لانی کەم بەشێوەیەکی سنووردارو ڕێژەیی پەسەند کرد. لەکۆمەڵەیەك لەتوێژینەوەکاندا کەلەساڵی ١٩٢٨ لەمەڕ بەرهەمەکانی کارێل هونك (یان) ماشا شاعیری ڕۆمانتیکی چیك (١٨٣٦-١٨١٠) بڵاو کرایەوە، دەتوانین ئاسەوارێك لەتاوتوێ کردنی توخمە (بان دەق) یەکان بدۆزینەوە. یاکوبسێن، مۆکارۆفسکی، وۆلك.. وتارەکانی ئەم کۆمەڵەیەیان نوسیبو. لەم وتارانەدا (ڕەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکان) لەبەرهەمەکانی ماشادا، بەناوی(لەجەرگەی نیشانەکانی دەقدا) کۆڵدراوەتەوە. پێش گوتاری ئەم کۆمەڵەیە نیشاندەری گرنگیدانی نوسەرانی بازنەی پراگ بە توخمە (بان دەق)یەکانە، ئەمە خاڵێکە کەکاری ئەوان، لەو بەرهەمانەی کەفۆرمالیستە روسیەکان نوسیویانە، جیا دەکاتەوە: ( جارێکی دی، هونەری دەبێ ئەرکی سەرشانی بنەمایی خۆی ئەنجام بدات: (واتە) پێشبینیی روانگەی مرۆڤ بۆ واقیع [11]؛ پێداگرتن لەسەر وشەی پێشبینی نیشان دەدا کەخاڵی مەبەست وەسف یان تەنانەت تاوتوێی ئە ڕوانگەیە نیە، کاری ڕەخنەگری هونەری، گەرانەوە بۆ پێش گریمانە فەلسەفیەکان نییە، بەڵکو( هونەر دەبێ لەرێگەی مێتۆدە تایبەتیەکانی خۆیەوە ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ. ئەم مێتۆدانە تەنیا لەقەڵمڕەوی نیشانەناسیدا (هەن) لەلایەکی دیکەوە ئەرکی سەنتراڵیو تارەکان ناسینی (پەیوەندی نێوان ڕوە سیمانتیکیەکانی بەرهەمەکانی ماشاو شێوازە هونەرییەکانی) زانراوە. سەردێری وتاری مۆکارۆفسکی (سەرچاوەکانی واتا لەتیۆری ئەدەبی ماشا)یەکە خاڵە سەرەکیەکەی (ڕامانی سیمانتیکیە لەبەستێنی کاری شاعیر). لەراگەیەنراوێکدا لەساڵی ١٩٣٥ مۆکارۆفسکی لەتەك یاکوبسێن، ترێنکاو هاورانك لەبڵاڤۆکی ئوسلۆ ئورگانی تیۆرێکی نوسەرانی بازنەی پراگ بڵاویکردەوە، جەختی لەسەر پەیوەندی





نزیکیی زمانناسیا وتوێژینەوەی شیعر کردو پەیوەندی نزیکی ( ئەرکی جوانناسانەی زمان)و ئەرکەکانی دیکەی ئاخاوتنی بەگرنگترین لێکۆڵینەوە سەنتراڵەکانی زمانناسی نوێ ناودێر کرد:(تەنیا هونەری شیعر بواری ئەوەمان دەداتێ تاکو کردەی زمان لەتەواوەتی خۆی ئەزمون بکەین. شیعر زمان چەشنی سیستەمێکی وەستاوەو لەپێش ئامادەکراو دەرناخات، بەڵکو چەشنی هێزێکی داهێنەر ئاشکرای دەکات) [12]. ساڵێك دواتر مۆکارۆفسکی لەوتاری (زمانی پێوەرو زمانی شاعیرانە) گرنگترین بنەماکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستە ڕوسیەکانی لەگەڵ دەستکەوتە فۆنۆلۆژیکیەکانی بازنەی پراگ تێکەڵ کرد[13]. ئەو دەریخست کەزمانی شاعیرانە، بەپێچەوانەی ئەو شتەی کەهەمووان تێگەیشتون لقێك لەزمانی پێوەر نییە. وەکو پاش بەستێنی زمانی شاعیرانەیە، بەڵام گرنگترین ئەرکی زمانی شاعیرانە ئەوەیەکە زمانی پێوەر (وێران) بکا، زمانی شاعیران کەڵك لەزمانی پێوەر وەردەگرێ، بەڵام زمانی پێوەر چەشنی ئامرازێك بۆ گەیشتن بەئامانجێکی تایبەتی (بۆنمون دروست کردنی پەیوەندیی واتایی) دانانێ، بەڵکو تێدەکۆشێ تاکو بیسەلمێنێ کە (زمان خۆی ئامانجێکە) . هەربۆیە هەتا ڕێساکانی زمانی رۆژانە رونتر، ئاشکراترو وردتربێ مەیسەر بوونی زمانی شاعیرانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زیاتر دەبێت [14]. مۆکارۆفسکی لەم (دیالیکیکە کە لەچوارچێوەی زماندا دروست دەبێو شکێنەری قاڵبی زمان)ە بەم ئەنجامە گەیشت کە (بەبێ لادان لەرێسا زمانیەکان شیعر لەئارادا نابێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش شیعر ڕووی ئۆتۆماتیكو خۆڕسکی زمان دەگۆڕێت بۆ لایەنیو شیارانەی بەکارهێنانی زمان)[15]. ئامانجی شیعر راکێشانی سەرنجی بیسەر یا خوێنەر بۆ گەوهەری زمانە، پەیامو لایەنی پەیوندی گرنگ نین. شیعر گواستنەوەی واتا نیە.(دروست کردنی بینای شیعری لەراستیدا خولقاندنی واتایە). بابەتی سەرەکیی زمانی شاعیرانە دروست کردنی یەکەیەکی واتایی تازەیە، شیعر بۆ دروست کردنی واتا دەبێ کەڵك لەتایبەتمەندیی گەلێك و ەرگرێ کەبە چەشنێکی راستەوخۆ بەنیشانە زمانناسانەکان ئەژمار ناکرێن، بەڵکو پەیوەندیان بەوانەوە هەیە سروشتیو ێرانکەری زمانی شیعری لەسروشتی (دژە نەریت گەرای ئەو) زمانە شیعریەوە هەڵدەقوڵێ، (مەبەست) نەریتێکە کەیارمەتی دروست بوونی زمانی پێوەری داوەو ئێستا لەهەموو چەشنەکانی (ئارایی شاعیرانە) دارنراوە. شیعر بەردەوام لەبگرەو بەردەیە لەگەڵ رێسا زمانیەکان و نەریتە زمانناسانەکان. کەوابو دەتوانین بڵێین زمانی شیعر و زمانی سروشتی (بەهۆی ئەرکە جیاوازیەکانیانەوە لێك جیان) "ئەمە"

بەتەواوی بەهۆی ئەم ئەرکە جیاوازە سیمانتیکیە لادان لەرێساکانی زمانی سروشتیە، ئەگینا پێناسەی سەرەکیی شیعر، لانی کەم ڕێ ڕون کەرەوەی زمانی شیعرە (١٦). بۆ ڕونکردنەوەی ئەم لادانەی شیعر لەزمان، مۆکارۆفسکی هێمای بۆوتارێکی فردیناند برۆنۆ مێژوناسی ئەدەبیو رەخنەگری فەرەنسی (١٩٣٨-١٨٦٠) کرد کەلە ساڵی ١٩١٣ نوسیبوی:

هونەری نوێ لەگەوهەری خۆیدا تاکگەرایەو ناتوانێ لەهەموو شوێنیێو بەردەوام تەنیا لەگەڵ زمانی پێوەردا، واتە زمانی هەمووان هەڵسوکەوت بکا، یاسا گەلێك کەبەسەر پەیوەندیە ئاساییەکانی هزرەکاندا زاڵن، ناتوانن بەوردیو بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر کاری شاعیریش وازاڵ بن. شاعیر یەکسەر لەدەروەی فۆرمە پەسەند کراوە زمانناسانەکاندا کاردەکا و دەیەوێ شێوە دەربڕینێك کەگونجاو بێ لەگەڵ ویستی شاعیرانەی خۆی، واتە دەربڕینێکی تاکە کەسی بدۆزێتەوە. ئەو دەتوانێ هەر رێسایەك بەهۆی ویستی داهێنەرانی خۆیەوە ڕون بکاتەوەو هیچ چوارچێوەیەك پەسەند ناکا، جگە لەو شتەی کە ئیلهامی خۆی ئەیخولقێنێ[١٧].

ئەوەی باسکرا بەیانکەری ڕای مۆکارۆفسکی لەمەڕ تایبەتمەندیەکانی زمانی شیعر بو. بەڵام باسەکەی ئێمە لەدرێژەی خۆیدا پێویستی تیۆریەك لەبارەی تایبەتمەندیەکانی پەخشان (بەتایبەتی رۆمان نوسی) دەهێنێتە ئاراوە، مۆکارۆفسکی باسی لەسێ جۆر نوسەر کردووە کەپەیوەندی گەلێکی یەکسەر جیاواز لەگەڵ زمانی پێوەرو زمانی گشتیدا دەخولقێنن. نوسەرانی دەستەی یەکەم سەرەتا بەئاگاییەوە مل کەچی رێساکانی زمانی پێوەر دەبنو لادان (لەو رێسایانە) بەهەڵە دەزانن. مۆکارۆفسکی یەکێ لەنوسەرانی ناتوورالیستی چیك بەناوی (یاکوب ئاریس)ی بەنمونە هێنایەوە کە (هەرگیز لەزمانی ئێستانداردو پێوەر لای نەدا) . دەتوانین نوسەرانێك وەکوو ئیمێل زۆلا (هەڵبەتە نەك هەموو بەرهەمەکانی) نوسەرانی ریالیست سۆسیالیست لەم گروپەی پۆلێن بەندی مۆکارۆفسکی جێ بکەینەوە. هەندێجار لەچەند خاڵێکی دەگمەندا لادان لەرێسا زمانیەکان لەبەرهەمی ناتۆڕالیستی (بەتایبەتی لەوەسفی حاڵەتە دەروونیەکانی کسیەتیەکان)دا وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام لەبنەڕەتدا لەکاری ئەواندا بنەماکە نزیك بوونەوەی لە واقیعەو هەرئەم بنەمایەی ئەوان لەوشتەی کەپێیان وایە (زمانی و اقیعی) یە، واتە " لە" زمانی رۆژانەو ئاسایی نزیك دەکاتەوە. سەیر لەوەدایە کەلە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان ناتوانرێ ئەم خاڵە بەشێوەیەکی تەواو ڕەچاو بکرێ. نوسەرانی دەستەی دووەم لە پۆلێن بەندی مۆکارۆفسکیدا بەپێی ئەو





پێویستیانەی کەلە دەقدا دێنە پێشەوە (بۆ نمونە لەگێڕانەوەی ئاخاوتنی کەسیەتیەکاندا، وەسف کردنی حاڵەتە دەروونیەکانیان، وەسفی شوێن..) لەرێساکانی زمانی ئاساییو رۆژانە تێدەپەڕنو کاریگەریی ئەم قاڵب شکێنیە لەپەخشانی گێڕانەوەیی ئەوانیشدا لەهەندێ شوێندا ئاشکرا دەبێت مۆکارۆفسکی رۆماننوسی چیك (نۆواکۆوا)ی بەنونە هێناوەتەوە. دەتوانین ناوی چەند نوسەرێك وەکوو کۆرتزیو مالاپارتە، گونتەر گراس، ئالبێر کامۆ، جروم دەیڤید سالینجێرو نۆرمەك میلەر(یش) بخەینە نێو ئەم گروپەوە. نوسەرانی دەستەی سێیەم لەپۆلێن بەندی مۆکارۆفسکی، بنەمای بەیانکەریی [expression]ی ئەدەبی، بەئاگاییەوە، لەسەر (بناغەی) تێپەڕین لەچوارچێوەی زمانی گشتی دادەنێن. مۆکارۆفسکی باس لە ڤیلادیسلاو ڤانکۆی کردووە کەلەگێڕانەوەی ساکارترین ڕووداوەکاندا (زمانیو ێرانکرد). دەتوانین ناوی زۆرلە نوسەرە مۆدێڕنیستەکان لەم گرووپەدا بگونجێنین: مۆزیل، بروخ، کافکا، جۆیس، پروست، بێکت، کوکتۆ، نوسەرانی رۆمانی نوێو..[١٨]. مۆکارۆفسکی پێی لەسەر ئەوەدا گرت کەشاعیران تەنیا دەتوانن مێتۆدی نوسەرانی گروپی سێیەم بگرنە پێش. ئەو وەکوو نمونەیەکی هەمە لایەنە شیعرەکانی بێرژینا شاعیری سیمبۆلیستی (چیك)ی وەبیرهێنایەوە، کەنەك تەنیا لەکاری شاعیرانەی خۆیدا ئازادیەکی تەواوی بۆخۆی دەستەبەر کرد، بەڵکو (چیەتیی نوێو بەردەوامی بنەمای واتایی زمانی پێوەرو ڕستەکانی لەزمانی چیکدا، گۆڕێ). بێرژینا توانیی پێویستیەکانی زمانناسانەیی کەبەپێی ئەوە وشەکان بەچەشنێکی ئۆتوماتیك لەپێکهاتەی رستەکاندا (بەردەوام) یەك لەدوای یەك دەردەکەون، تێك بشکێنێ:(لەبەرهەمەکانی بێرژینادا وشەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەدوای یەکدا دێن. لەرستەکانی ئەودا پرسیار گەلێکی واتایی دروست دەبێ، مەودا گەلێك پێك دێن کەپەیوەندی دژوار دەکا، چونکە لەبنەڕتدا لەبۆ پەیوەندی دروست نەکراون ) (١٩). کەوابو لەم شیعرەدا واتای خوازەیی ڕۆڵێکی سەرەکی وەدەست دێنیێو فرە واتایی وشەکانو لەم رێڕەوەدا توانج پۆشی دەبێتە بنەمای ئیشەکە. ئەم هەموو (واتا)یە دەبێتە هۆی دابڕانی واتاناسانە. هەر وشەیەك بەکۆمەڵەیەك لەوشەکان گرێ دەدرێو پەیوەندی بابەت یان واتای رستەکان دەگۆڕدرێت بەپەیوەندیەکی نەناسراو، تەمومژاویو تەنانەت رەمز ئامێز. واتە زمان هەموو شتێ دەشارێتەوە، دەربڕین ئاستەمترو واتا(کان) ناڕون دەبن، ئەمەیە واتای وێران کردنی زمان. ڕۆڵی شاعیران لەوێران کردنی زمانی

ئاساییدا زیاتر ڕۆڵێکیو شیارانەیە، واتە لەبۆ شاعیر ئاشکرایە کەدەبێ وابکات. شاعیرانی سیمبۆلیسنو یان شاعیرێك وەکوو ڤیۆن لەبنەرەتدا(پێکهاتەی زمانیی فەرەنسی یان بۆچاخەکانی پاش خۆیان ئاڵۆز کرد)[30]. لەلایەکی دیکەوە ئەم وێرانکردنەی (زمانی هەمووان) پێش وەخت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕوناداو لەپانتایی شیعریشدا کۆتایی پێنایەت. مۆکارۆفسکی شێوە گۆڕانەکانی زمانی سروشتیی بەهۆی قاڵب شکێنیەکانی شاعیران ئیجگار گرنگ دەزانی.ئەو بەیارمەتی گێڕانەوی (گوتە)یەکی ژان کوکتۆ بڕیاری داکە:(شیعرەکانی ئێستفان مالارمە، هێشتا کاریگەریەکی قووڵی بەسەر زمانی رۆژنامەوانیدا هەیە؛ بەبێ ئەوە رۆژنامە نووسان خۆیان ئاگایان لەم خاڵە بێت)[20]. بەبۆچوونی مۆکارۆفسکی، مالارمە رێسا سینتاکسیەکانو سیستەمی رۆنانی وشە فەرەنسییەکانی تێکدا، ئەو دەیەویست (زمانی خۆی) بدۆزێتەوە (یابخولقێنێ)، بەڵام زمانی ئەو کەسەرەتا ئەوەندە نەناسراوو بەلای هاوسەردەمەکانیەوە نەشیاو دەهاتە بەرچاو، نیو سەدە دواتر باڵی بەسەر زمانی رۆژانەی فەرەنسیەکان راکێشابو. هەربۆیە یەکێ لەگرنگترین خاڵەکان لەتیۆری ئەدەبی، (دیاریکردنی سنوورەکانو پانتایی جوانناسانەی زمانی سروشتی)یە.کارێك کەزمانناسانی بازنەی پراگ وەکو یەکێ لەبەرەنجامەکانی توێژینەوە فۆنۆلۆژیکیەکان ئەنجامیان دەداو بێ گومان لێشی ئاگادار بوون. چەندین ساڵ پاش نوسینی وتاری (زمانی پێوەرو زمانی شاعیرانە) بڵاوکرایەوە. واتە لەساڵی ١٩٦٦ کتێبێکی مۆکارۆفسکی لەژێر سەردێڕی (ئاماژەیی جوانناسانە) بڵاوکرایەوە. بابەتی ئەم کتێبە بنەمای تیۆریەکانی مۆکارۆفسکی لەمەڕ جوانناسیو بەشێوەیەکی تایبەتی لەبارەی کاریگەریی زمانی رۆژانە لەسەر (زمانی هونەری)بوو. مۆکارۆفسکی لەم کتێبەدا نوسیی بیناسازی نمونەیەکی باشە بۆئەوەی ئێمە بتوانین (سنوورە جوانناسانەکانی زمانی پێوەر)لەودا بناسێتەوە[22]. ئۆمبێرتۆئێکۆ، لەو باوەڕەدایە کەخاڵی گرنگ لەبیناسازیدا ئاشکرای بەسترانەوەی بەرهەم هێنانی هونەریە بەرێساکانو دووکەوتنەوە لەو"پەیوەستبون"ە: "هونەری" بیناسازی کۆمەڵە ئەرکێکی هەیە کەیەکسەر هاوچەشنن لەگەڵ زمانداو هەر فۆرمێکی دیاریکراو لەم دوانە بەواتای کۆمەڵە ئەرکێکی دیاریکراوە)[23]. بەرهەمەکانی مۆکارۆفسکی، کاریگەری زۆری لەسەر هزرڤانانی ( رێبازی پێکهاتە گەرایی پراگ ) بەتایبەتی لەسەر فیلکس ڤدیچکا دانا. ڤدیچکا لەکتێبی ( پێکهاتەی کامڵ بوون ) کەلە ساڵی ١٩٦٩دا بڵاوکرایەوە، درێژەی





بەرێگەی مۆکارۆفسکیدا؛ ئەو نوسیی کەئەرکی سەرەکی مێژوونوسیی ئەدەبی تێگەیشتن لەنزیکایەتی بەرهەمی هونەریو واقیعە. واتە پەی بردن بەڕووەکانی تێگەیشتن لەبەرهەمدا، یان بەدەربڕینیتر، پێوەندی بەرهەمو بەرامبەر (خوێنەر_ گوێگر).

(٢)

زۆر لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی مێتۆدی پراگ وەبیرهێنەری بەرهەمەکانی فۆرمالیستە روسیەکانە. چەند دەیەیەك پاش هێور بوونەوی شەپۆلەکانی ئەم دوو ڕەوتە، لەیەکیەتی سۆڤیەتدا (لەدەسپێکی دەیەی ١٩٦٠ دا) قوتابخانەیەك فێرکاریەکانی ئەم مێتۆدانەی بەشوێن دەستپێکی بابەتەکانی خۆی زانی. ئەم قوتابخانەیە بەناوی (تاریتۆ) ناوی دەر کردووەو لۆتمەن، ئیوانۆف، پیاتی گۆڕسکیو ئوسپنسکی بەناوبانگترین نوسەرەکانی "ئەو قوتابخانەیە"دەژمێردرێن. بەتایبەتی یۆری لۆتمەن بەهۆی دوو کتێبی باوەڕ پێکراوی خۆی (پێکهاتەی دەقی هونەری)و(شیکردنەوەی دەقی شاعیرانە ) کەیەکەمیان لەساڵی ١٩٧٠ لەمۆسکۆ بڵاو کرایەوەو دووەمیان لەساڵی ١٩٧٢ (لەچاپدرا)[24]، درێژەی بەبابەتەکانو مێتۆدی سەرەکیی کاری فۆرمالیستەکانداو پێکهاتەگەرا فەرەنسیەکانیش کەڵکیان لەبەرهەمەکانی " ئەو"وەر گرت. لۆتمەن زمانی بەجۆرە (سیستەم"ێکی"سیمبولسازی) لەقەڵەمدا. بەڕای ئەو هەر کۆمەڵگەیەکی (خاوەن)زمان سیمبوڵی سەرەکیی ژیان، رێساکانو سیستەمی فەرهەنگی خۆی سەرەتا لەزماندا دەدۆزێتەوە کەئامرازی دەربڕینی کۆمەڵایەتیە. (واقیع)ە کۆمەڵایەتیەکانی دوکۆمەڵگای جیاواز هەرئەوەندە لێك جیان کەزمانی ئەو کۆمەڵگایە "لێکجیایە" بەدەربڕینیتر جیاوازیەکان دەتوانین لەنێو سیمبولە جیاوازیە زمانیەکاندا بدۆزینەوە. سیستەمی ئاخێوی ئەدەبیو سیستەمی ئاخێوی جوانناسانە ( سیستەم گەلی پلە دوو ) یان سیمبول گەلێکی پلە دون کەبنەماکەیان سیمبولە زمانیەکانە. هەربۆیە هەربەو چەشنە کەزمان لەدەرەوەی کولتوردا، لەئارادا نیە، گەوهەری سەرەکیو سەنتراڵی هەرکولتورێکیش لەدەرەوەی پێکهاتەی زمانیدا نیە. بەم پێیە ناسینی دەقە ئەدەبیو هونەریەکان پەیوەستە بەناسینی سیمبولی سەرەکیو سەنتراڵی خۆی واتە زمانەوە. ئەم خاڵە بەو واتایە نیە کەدەقەکان هیچ چەشنە ئاماژەیەك بەتوخمە بان زمانیەکان (یان دیاردە کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاساییەکانو.. هتد" ناکەن.

خاڵی "مەبەست" لێرەدایە کەبۆ ناسینی ئەم توخمانە رێگەی دروست پەنا بردن بۆسیمبولی سەرەکیە نەك نزیکایەتیەکانی دیکە. لوتمەن بەپێچەوانەی مۆکارۆفسکی دانی بەوەدا نەنا کەبەرهەمی هونەری چەشنی زمان خاوەنی سروشتێکی نیشانەیی بێت. ئەو نوسیی کەسروشتی نیشانەناسانەی ئەدەبیات نەك تەنیا بەهۆی زمانی پێوەرو رۆژانە، بەڵکو بەهۆی (زمان)ێکی تایبەتیشەوە دیاری دەبێت کەدروستکەری (دەربڕینی هونەری ) یە: ( چیرۆك خاوەنی زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی، ئەم زمانەش پێکهاتەیەکی هەیە کەبەرزترە لەپێکهاتەی زمانی سروشتی. ئەدەبیات بەهۆی زمانەوەو دروست دەبێت، بەڵام لەو تێدەپەڕێت‌و زمانێکی تایبەتی بۆخۆی دەدۆزێتەوەو نیشانەو رێساگەلی دەخولقێنێ تاکو پەیامی تایبەتیی خۆی ئاسانتر دەربڕێ یانخود بهێنێتە گۆڕێ، ئەم پەیامە لەهیچ رێگەیەکی دیکەوە (لەرێگەی زمانی سروشتی)یەوە نایەتە ئاراوە)[٢٥]، واتە هەر هونەرێك دروستکەری زمانی تایبەت بەخۆیەتی. بەبۆچوونی لۆتمەن واتای دەقە ئەدەبیەکان نەك لەرێگەی ئاماژە (کردن) بە(دەرەوە) بەڵکە بەسەرنجدان بەرێسا زماننانساەکان دەناسرێتەوە. بەپێی یاسای بەناوبانگی یاکوبسێن کە شیعری بە (گواستنەوەی بەشەکانی زمان لەتەوەری جێ نشینیەوە بۆتەوەری هاونشینی زمان) دەزانی، هەر شیعرێك بەهۆی هاودەنگی وشەکان یان پێویستیەکانی کێش پێك دێ‌و هەڵبژاردنی (وشە) پەیڕەوی لەرێساکانی تەوەری هاونشینی دەکات. هەربۆیە (زانیاریی) شیعر، بەرلەهەموو شت زانیاریەکە لە(مەڕ) زمانی شاعیرانەوە. هەردەقێکی ئەدەبی ئاگادار کردنەوەیەکە لەمەڕ سیستەمە جیاوازە وشەییەکان. کێشی، فۆنۆلۆژیك‌و فۆرمە نڤیسیاریەکان‌و بەچەقی پێکدادانی ئەم سیستەمانە ئەژمار دەکرێت. هەریەك لەم سیستەمانە (لەهەر دەقێکی ئەدەبی‌دا) ئەرکی سیستمەکانی دیکە بەرتەسك دەکاتەوەو دەیگۆڕێت بۆشتێکی(نەناسراو). لەدەقێکی ئەدەبی‌دا هەروشەیەك دەچێتە پاڵ وشەیەکی‌ترو واتای پێدەبەخشێ، بەڵام ئەم هاونشینیە بەردەوام یەکسان‌و یەکانگیری نیە. رەنگە ئەم هاونشینیە بەهۆی پیویستیەکی فۆنۆتیکی‌یەوە پێکبێت، رەنگە بەهۆی پێویستیی سینتاکسی، یان هاوتەریبیی واتایی وشەکان یان.. بەدەربڕینی‌تر هەرنیوە دێڕێکی شیعر یان هەر رستەیەکی دەقێکی ئەدەبی کۆمەڵەیەك لەتەوەرە هاونشینیەکان پێکهاتووە نەك لەتەوەرێك. بەم جۆرە دەقی ئەدەبی دوا سیستەمی زمان‌و دۆزینەوەی کەرەستە ناکۆتاییەکانی ئەو "زمان"ەیە[٢٦]. سیستەم گەلێکی جیاواز کاری یەکدی سنووردار دەکەن یان





چیەتیی "سیستەمێکی" دیکە دەگۆڕن‌و دوا پێکهاتە بەردەوام فۆرمێکی‌تر بەخۆیەوە دەگرێ. ناسینی ئەرکەکانی دەقی ئەدەبی رێگە بۆ تێگەیشتن لەشوێنگەی وشە لەئاخێودا ئاوەڵا دەکات. شیعر وزە بەوشە دەداو تین‌و گوڕ بەکردەکەی دەبەخشێ. هەروشەیەك بەهۆی وشە دراوسێیەکانیەوە پڕبوونی کۆتایی‌و قوڵیی خۆی ئاشکرا دەکات کۆمەڵە ئاماژەیەکی واتایی تازەتر پەیدا دەکات. لەبەر ئەم هۆیە هەر شیعرێك بەواتای تێك شکاندنی بەردەوامی چاوەڕوانیەکانی خوێنەرە. گەوهەری شیعر گۆڕانی بەردەوامەو دروست کردنی کۆمەڵە وەڵامێکی لەئەژمار نەهاتویە، نەك ئەو وەڵامەی کەرەنگە خوێنەر چاوەڕوانی بکا. دواخاڵ کاریگەریی بابەتەکانی هێرمینۆتیکی مۆدێرن لەسەر هزری لوتمەن دەردەخات‌و بەمانای هاوڕایی ئەوە لەتەك تیۆری گەلێك لەپێشڕەوانی رێبازی کونستانس‌و تیۆرەوانانی (قوتابخانەی تێگەیشتنی دەق) دەهێننە کایەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لوتمەن تێگەیشتن بەواتای هەر دەقێك پەیوەست بەتێگەیشتن لەواتای دەقەکانی‌تر دەزانێ‌و بەهێنانە گۆڕێی ڕای کۆنی فۆرمالیستەکان لەمەڕ (پەیوەندیەکانی نێوان دەقی) بەستڕانەوەی خۆی بەدەستکەوتەکانی دەیەی ١٩٢٠ نیشان دەدات. بەبۆچوونی لوتمەن واتای دەق لەرێگەی پەیوەندیی ئەو (دەقە) لەگەڵ سیستەمە واتاناسەکانی دیکە ـ دەقەکانی‌ترو تەنانەت رێسا ئەدەبیەکان (پەیوەست بەژانرە ئەدەبیەکان)ەوە دەزانرێت. بەڕای لوتمەن پەیامە هونەریەکان هەڵگری پەیامێکن کەلە رێگەی سروشتی پەیوەندی بەرهەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگرەکان. ئەمە پەیوەندیەکی ئاسایی‌و ئاشنا نیە، هەر بۆیە لەم پێوەندیەدا (سیمبولێکی گشتی لەواقیع دەخولقێنرێ). ئەم (سیمبولی واقیع)ە لەفۆرمی گشتی خۆی‌دا نەك بەهۆی پەیام یان نێوەڕۆکی بەرهەم، بەڵکو بەهۆی (زمانی تایبەتی بەرهەم)ەوە دادەهێنرێ. زمان هەم (بریتیە) لەم سیمبولەو هەم گەیەنەری سەرەکیە لەپرۆسەی جێگیر بوون‌و هاورێکی سیمبولەکان بەدەربرینی دیکە زمان نەك تەنیا بۆ پێکهاتەی تایبەتی جیهانی دەرەکی دەق، بەڵکو بۆ ڕوانگەی چیرۆك گێڕەوە (یان نوسەر ـ دانەر) دروستکەری سیمبولەکانە[٢٧]. زمانی بەرهەمی هونەری دروستکەری بابەت گەلی ڕاستی ئاماژەکانی بەرهەمە. بەهەمان شێوە کەلە گوتار بەزمانی روسی یان هەرزمانێکی‌تر بابەتی (راست) دێتە ئاراوە (بابەتێك کەلەئاستی گشتیی زماندا نایەتە باسکردن‌و بەگشتی بێ واتایەو تەنیا لەگوتاردا واتادارە)، لەزمانی هونەریشدا ناڕونی، ڕاست یان درۆ، تەنیا لەبەکارهێنانی زمان، واتە لەهەر (چەشنە) بەرهەمێکی هونەری‌دا خاوەنی

واتایە[٢٨]. بەرهەمی هونەری کۆمەڵەیەکە پێکهاتوو لەرەمزە گشتیو تایبەتیەکان. تێگەیشتن لەبەرهەم بەواتای رەمز شکێنی یان کردنەوەی رەمزە، بەهێنانە گۆری بابەتی رەمز یان کۆد، خاڵێکی گرنگ لەهزری لوتمەندا، ڕوندەبێتەوە:رەمزەکانی بەرهەم زمانی تایبەتی ئیستاتیکی دروست دەکرێ، بەتایبەت ئەو گرووپە لە رەمزەکان کەتایبەتن بەبەرهەم:

زمانی دەقێکی هونەری لەگەوهەری خۆیدا سیمبولێکی هونەری تایبەتە لەبۆ جیهانو بەم پێیە لەڕووی زانیارییو پەیوەندیی خۆیەوە بەهەموو پێکهاتەکەیەوە بە (نێوەڕۆکی بەرهەم)ەوە گرێ دراوە.. سیمبولی جیهان کەزمان دەیخولقێنێ گشتیترە لەو سیمبولە پەیوەندیە تاکەکەسیانە لەچرکە ساتی ئافراندنیدا. سیمبولی (واقیع)ی هونەری گشتیترین تێگەیشتنی لواوە لەبۆ ئەم جیهانە[٢٩].

(٣)

لەدرێژەی ئەم پارەدا دوو بیریار وەبیر دەهێنمەوە کەهیچ کات خۆیان بەفۆرمالیست یان پێکهاتەگەرا نەزانی، بەڵام نبەماکانی مێتۆدۆلۆژیکی بەرهەمەکانیان بەکەڵکی نیشانەناسی مۆدێڕن هات. وۆڵفین لەبارەی هونەرە بەرجەستەکان، بەتایبەتی نیگارکێشیەوە دەی نوسیو ئسپیتزێر لەمەڕ ئاخێوی ئەدەبی. بەرهەمەکانی وۆڵفین کاریگەریەکی قوڵی لەسەر شکلۆفسکیو فۆرمالیستەکان دانو بەرهەمەکانی ئسپیتزێر بنەماکانی شیکاری پێکهاتەیی دەقە ئەدەبیەکانی گۆڕی. هێنریش وۆڵفین (١٩٤٥-١٨٦٤) ناوبانگی خۆی منەتباری کتێبی (بنەما بونیادیەکانی مێژووی هونەر)ە کەلەساڵی ١٩١٥لە بەرلین بڵاوکرایەوە [٣٠]. باوکی زماناسێکی بەناوبانگ بوو کاریگەریی زۆری لەسەر کامڵ بونی فیکری ئەو دانا. وۆڵفین لە (تەمەنی هەرزەکاری)دا لەگەڵ یاکۆب بۆرکمارت ئاشنایەتیی پەیدا کردو ئەویش کاریگەریی لەسەر دانا، بەتایبەتی لەکتێبێکدا کەلەساڵی ١٨٩٩ لەژێر ناوی (هونەری کلاسیك)دا بڵاوکرایەوە. وۆڵفین شەیدای بەرهەمەکانی ئالبرێشت دوورێر بوو دووکتێبی لەبارەی ئەوەوە لەساڵانی ١٩٠٥-١٩١٤لەچاپدا. بەرهەمی سەرەکیو نەمری ئەو ( بنەما بونیادیەکانی مێژووی هونەر) هەروا زیندوو سەرنج راکێشە. لەم دەیەی دواییدا، یەکێکی دیکە لەبەرهەمەکانی (راڤەی بەرهەمە هونەریەکان) (١٩٢٢) بەهۆی گونجانی لەگەڵ چەند بەشێك لەفێرکاریەکانی هێرمینۆتیکی ئەدەبی، بەتایبەتی لەئاڵماندا گرنگیی پێدراوە. کتێبی (بنەما بونیادیەکانی مێژووی هونەر) سەرنجی شکلۆفسکیو فۆرۆمالیستە روسیەکانیتری بۆلای خۆی راکێشا.





رەخنەی وۆڵفین لەچەمکە نەریتیەکانی جوانناسیو دەبڕانی لەچەمکی رۆمانتیکی (بلیمەتی تاکەکەس) لەتێگەیشتنی فۆرمالیستەکانەوە نزیکە.

وۆڵفین شوێن دەسپێکی تاوتوێی خۆی نەك کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەندێك، بەڵکو دۆزینەوەی پێگەی هەر بەرهەمێك لەکۆمەڵی گشتی (مێتۆدی دەربڕینی سەردەم) دەزانی، ئەو لەم رێگەیەدا هێندە چووە پێشەوە کەنوسیی: ( نوسینی مێژووی هونەر تەنانەت بەبێ هێما کردن بۆناوی کەسێکیش دەشێ ئەنجام بدرێ، مێژوویەك کەپاڵەوانەکان گۆتیك، رێنسانس، باروكو ...بن ) [٣١]. چەمکی سەرەکی کەووۆڵفین هێنایە گۆڕێ (مێژووی مێتۆدەکانی دەربڕین) یان (مێژووی رێبازەکان) بو. ئەو ئەرکی سەرشانی مێژوو نوسی هونەری تاوتوێ کردنو تێگەیشتن لەهەمە لایەنی یان ئەو مێتۆدی دەربڕینەکە بەسەر سەردەمدا زاڵە. زانیچەمکێك کەئەم تاوتوێی بەهۆیەوە دەلوێ(جیهانی دیتن)ە، بەواتای شێوەیەك کەهەر سەردەمێکی مێژوویی لەخۆی دەڕوانێ (!!) ئەم خود ئاگایییە مێژوزویە لەهەر سەردەمێکدا جیاوازەو دۆزینەوەی هەربەقەد تێگەیشتن لەپێگەی رێبازی هونەرمەندێك لەو سەردەمەدا دژوارە. بەڵام رێگەیەك نیە جگە لەوەی کەتایبەتمەندیی (جیهانی دیتن هەرلەرێگەی ئەم تاوتوێ کردنەوەی رێبازەکانەوە درێژە بدەین. تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانین ئاسۆی ئاماژە واتاییەکانی هەرسەردەمێك بناسینەوەو ئەو واتایانە نەدەینە پاڵ هیچ بەرهەمێك کە لە(جیهانی دیتی ئەمرۆیی خودی ئێمە)وە سەرچاوە دەگرن. کتێبی (بنەما بونیادیەکانی مێژووی هونەر) لەپێنج پاردا نوسراوە. سەردێڕی هەرپارێك دوو بابەتی پێکناکۆك ڕوون دەکاتەوەو ڕون کردنەوەی دژایەتیی ئەو دوو بابەتە لەهەمان پاردا بەوردی باسکراوە. پاری یەکەم خاوەنی سەردێڕێکی (هێڵیو وێنەیی)یە. مەبەستی وۆڵفین لەهێڵی، شێوەی ڕون کردنەوەی بابەت بەیارمەتی چەند هێڵێکە کەئاستی بابەت بەچەشنێکی بەرجەستە ڕون دەکەنەوە. لەبەرانبەردا، شێوەی بەیانی وێنەیی بابەتی سەرەکی بەهۆی توخمەکانیتر لەهەڵکەوتی بەرانبەر بەوێنەگریدا نیشان دەدا[٣٢]. ناسینەوەی گۆڕانکاریەکان لەمێتۆدی دەربڕینو رێبازی وێنەگری کەئێمە لەشێوەی یەکەمەوە دەگەیەنێتە (شێوەی) دووەم دەسمایەی سەرەکی ئەم(پار)ەیە. پاری دووەم ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە نواندنی ڕواڵەتەوە دەگەنە نواندنی قوڵاییەوە، ڕون کردۆتەوە[٣٣]. پاری سێیەم جیاوازیو گۆڕانی فۆرمە داخراوەکانو فۆرمە کراوەکان تاوتوێ دەکات، فۆرمی داخراو بەبۆچوونی وۆڵفین، فۆرمێکە لەنواندنی بابەت کە

لەودا کارەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕێسایانەی کەبەوردی رێك خراون، دەچێتە پێشەوە. هونەرمەند لەکۆتو بەندی رەچاوکردنی ئەم ڕێسایانە دەمێنێتەوەو داهێنانەکان دواجار فۆرم ناگۆڕن (هاوشێوەی ئەم خاڵە دەتوانین لەئاخێوی ئەدەبیدا بەئاسانی بدۆزینەوە). ئەم رێسایانە دەبنە هۆی پەیدا بوونی لێکچوونەکان لەنێوان بەرهەمە هەمە جۆرەکانو هەندێجار ناچارمان دەکەن بۆ شێوە کۆنەکان بگەڕێینەوە (نمونەی بەناوبانگی وۆڵفین هونەرە بەرجەستەکانی سەردەمانی کڵاسیكو باروکە). بەڵام (فۆرمی کراوە) بەمانای رزگار بوونە لەکۆتی رێساکان [٣٤]. پاری چوارەم باس لەجیاوازیو گۆڕانی نێوان فرە چەشنیو یەك پارچەیی کردووە. هەڵبەتە یەك پارچەیی بەرهەمی هونەریی بەردەوام (وەلەهەر سەردەمێکی مێژوویدا) هەبوە. وۆڵفین هێما بۆ ئەم (بنەما)یە ناکات بەڵکو قامك بۆ خاڵێکی دیکە ڕادەکێشێ. لەو دەربڕینە هونەریەی کەلەسەر بنەمای فرە چەشنیە پاژە وێنەیەیەکان هەریەکەو لێك جیان و پێکەوە وەکوو توخم گەلێکی (ئۆتۆماتیك)و کەم تازۆر (کامڵ) پێوەندیو هاوئاهەنگی پەیدا دەکەنو لەم رێڕەوەدا دوا یەك پارچەیی دەخولقێنرێ. بەڵام لەو شتەدا کەوۆڵفین بەشێوەیەکی تایبەتی بە(یەکپارچەیی) ناودێری کردووە، بەشەکان خاوەنی سەربەخۆیی نینو تەنانەت جیاوازیی ئاشکرایان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، هەربۆیە هەموویان وەکوو بەشەکانی هەوێنێکی سەرەکی ئەژمار دەکرێن [٣٥]. دواجار پاری پێنجەمی کتێبی وۆڵفین باس لەجیاوازیو گۆڕانی چەمکەکانی ئاشکراییو ئاڵۆزی کردووە. لەسەردەمێك لەسەردەمانی مێژوویی هونەردا (دەربڕینی ڕونو ئاشکرا) ئارمانجی داهێنانی بەرهەمی هونەری بوو، لە سەردەمێکی دیکەدا ( لێڵیو ئاڵۆزیی دەربڕین) بەبنەما دادەنرا. بۆنمونە لەسەردەمی کلاسیکدا ئارمانجی ئاشکرایی لەبەرهەمە بەرجەستەکاندا هاتە گۆڕێ. ئارمانجێك کەنیگارکێشیو پەیکەرسازیی سەدەی پانزەهەم، لەگەڵیدا ئاشنا نەبو [٣٦]. لەهەریەك لەم پارانەدا بابەتە سەرەکیەکان لەهەردووك هونەری نیگارکێشی و بیناسازیدا بەوردی شیتەڵ دەکرێنەوە و لەسێ پاری یەکەمدا پەیکەرسازی و لەپاری یەکەمدا بەشێوەیەکی تایبەتی (هونەری) هێڵکاریش لەژێر (تیشکی) لێ وردبوونەوەدا بوون. مێتۆدی ئیشکردنی وۆڵفین کاریگەریی زۆری لەسەر شێوەی ( مێژووی رۆح ) دانا [٣٧]. ئەم زاراوەیە کەسەرەتا فردریش شگێل لەساڵی ١٨٠٨ بەکاری هێنا، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم کەمتر بەکارهات (پێ بەپێی لاواز بوونی هزرو فەلسەفەی





ئەڵمانیو گرنگ بوونی هزرەکانو فەلسەفەی پۆزۆتۆفیستی). بەڵام ویلهلۆم دیلتای لەساڵی ١٨٨٣ بەکاری هێنا. بەڕای دیلتا ڕۆحی ئەبستراکتی سەردەمێکی تایبەتی دەتوانین لەدەرەنجامە فراوانەکانی لەدیاردە دینی، فەلسەفیو کۆمەڵایەتیەکان بناسینەوە. رێگەی نزیکتر، توێژینەوەی دیاردە هونەریەکانو بەتایبەتنی تاوتوێ کردنی (مێژووی هونەر)(بەواتای هەوڵدان بەمەبەستی ناسینی تێگەیشتنی هەرسەردەمێك لەبارەی مێژووی هونەرەوە). یاکوب بۆرکمارتو وۆڵفین، چەندینجار ئەم زاراوەی دیلتایە یان بەکارهێناو مێتۆدی خۆیان لەسەر بنەمای ئەم (تێگەیشتنە مێژوویییە واتە خود ئاگایی سەردەم) دانا. مێتۆدی (مێژووی رۆح) بەدرێژایی چەند دەیەیەکی سەرەتایی ئەم سەدەیە بەسەر زۆربەی توێژینەوە ئەدەبیو جوانناسەکانی ئاڵمانیدا زاڵ بو [٣٨]. گرنگترین ڕوی لێکچوونی ئەم مێتۆدە لەتەك فۆرمالیزمدا، ڕەتکردنەوەی گرنگیی تاکایەتیو داهێنەریی هونەرمەند لەتاوتوێ کردنی بەرهەمە هونەرییەکامە. ئەم مێتۆدە لەو شوێنە کارایی پەیدا دەکات کەتاوتوێ کردنی بەرهەمی هونەرمەندانی (پلە دوو)لەئارادابێ، چونکە لێرەدا بەئاسانی دەتوانین لەکۆتی چەمکە نوێیەکانی توێژینەوە دەرباز بین. یاسای وۆڵفین لەمەڕ پێویستیو گرنگی تاوتوێی رەخنەگرانەی پێگەی هونەرمەندێکی تایبەتی لەمێتۆدی دەربڕینی زاڵی رۆژگارەکەی خۆیدا (واتە تێگەیشتن لەم خاڵە کەرێبازی بەرهەمی هونەری تاچ ئاستێك لەگەڵ مێتۆدی دەربڕینی سەردەمەکەی گونجاوەو لەکوێدا لێی دادەبڕێ) لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاریی لەزاراوەکاندا، لەبەرهەمی فۆرمالیستەکاندا دوپات کراوەتەوە، بۆنمونە کاتێك کەتینیانۆف نووسی:"لەکامڵ بوونی ئەدەبیدا، بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ سیستەمێکی تایبەتدا پەیوەندی پەیدا دەکات، نەك تەنیا بەهۆی لێکچوونەکانەوە، بەڵکوو لەرێگەی دابڕانەکانو لادانەکان بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ جیاکاریەکانی خۆی لەسیستەمێکی ئەدەبی تایبەت کەبەوەوە گرێ دراوە، (جیا دەبێتەوەو سیفەتی)تاکێتی وەردەگرێ" [٣٩]. یاسای وۆڵفلیف بەوردە کاریەکی زیاترەوە دوبارە کردەوە. ئەم خاڵە کەلادانەکانی بەرهەمی هونەری لەنمونەو سیمبولی سەرەکیی خۆی، بەقانێك دەژمێردرێ، بوبە یەکێ لەبنەماکانی پەسەند کراوی پێکهاتەگەراکان.

(٤)

کەسایەتیەکی دیکە کەبنەماکانی هزرو میتۆدی کارەکەی زۆر یارمەتیی شیکاری ستراکتۆری دەقەکانو هەروەها تیۆریەکانی هێرمێنۆتیکی مۆدێڕنی

کرد، لئۆ ئسپیتزر (١٨٨٧-١٩٦٠) بوکەلەو یەن لەدایك بو، لەبەرلین زمانناسی خوێندو قوتابی مەیر لۆبکە بوو. ئیسپیتزێر بوو بە لێکۆڵەرو مامۆستای زمانی مێژوویی، رەگەزناسیی وشەکانو مێتۆدی بەکارهێنانی مێژوویی وشەکان لەزانکۆی ماربورگو کۆڵن. لەساڵی ١٩٣٣ بەهۆی دژایەتی کردن لەگەڵ رژێمی هیتلەری ئەڵمانی بەجێهێشتو ئیدی بۆ (ئاڵمان) نەگەڕایەوە. سەرەتا چووە ئەستەمبوڵو خەریکی وانەوتنەوەی زمانناسی بو، پاشان لەساڵی ١٩٣٦دا بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) کۆچی کردو لەزانستگای جان هاپینزدا بوبە مامۆستای ئەدەبیات دواساڵەکانی ژیانی لەئیتالیدا بەسەربردو هەرلەوێشدا کۆچی دوایی کرد. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە:ریز بەندیی وشەکان تا دەگاتەمێتۆدی دەربڕین لەبەرهەمەکانی رابلەدا (١٩١٠)،لەبارەی وشە ئاشقانەکانەوە (١٩١٨) (لەمەڕ مێتۆدو سینتاکسی دەربڕینی رۆمانتیك خوازەکان)(١٩٢٨) کتێبێکی دوو بەرگی (لەمەڕ مێتۆدی دەربڕینی رۆمانتیك خوازەکان)ەوە (١٩٣١). ئەم بەرهەمانە بەزمانی ئەڵمانی نوسراون. پاشان کۆمەڵە بەرهەمێکی بەزمانی ئیگلیزی نوسی کەگرنگترینیان بریتین لە: چەند وتارێك لەمەڕ واتاسیی مێژوویی(١٩٤٨) زمانناسیو مێژووی ئەدەبی (١٩٤٨) "مێژووی راڤەی ئەدەبی" (١٩٤٩)و"چەمکەکانی مەسیحیو کلاسیك لەهارمۆنی جیهانیدا" کەپاش مردنی لەساڵی ١٩٦٣ بلاوکرایەوە و پێشەکیەکەی بۆ ڕون کردنەوەی واتاکانی وشەی stimmung کەیەکێ لەواتاکانی هارمۆنیيە. جگە لەمە وتارگەلێکی زۆر گرنگی هەیە کەژمارەیەکیان بەزمانی فەرەنسی نوسراون. ئیسپیتزێر یەکەم کەس بوو لەو کەسانەی کەجەختی لەسەر گرنگیو پێویستی بەکارهێنانی مێتۆدە زمانناسانەکان لەرەخنەی ئەدەبی (بەشێوەیەکی گشتی لەزانستە مرۆڤایەتیەکان) کرد. بەم پێیە، بەیەکێ لەگرنگترینو یەکەمین دارێژەری مێتۆدی تاوتوێ کردنی پێکهاتەی دەقەکان دەژمێردرێ. ئەو خۆی لەپێش گوتاری کتێبی (زمانناسیو مێژووی ئەدەبی) دیمەنێك لەبیۆگرافی فیکریی خۆی بەدەست خست، بەتایبەتی پێی لەسەر گرنگیی دابران لەتیۆرە پۆزۆتۆفیستیەکانی مەیر لۆبکەدا گرتو نوسیی: (ئەو سەروکاری لەگەڵ پێش مێژوو [prehistory]ی زمانی فەرەنسی هەبو نەك لەگەڵ مێژووی زیندووی ئەو زمانە) ئیسپیتزێر لەزمانناسی رۆمانتیك دابڕاو هەرگیز دانی بەوەدا نەنا کەمۆرکی بلیمەتیو داهێنەریی؛ زمانو مێتۆدی دەربڕین دیاری دەکەن. ئەو ئەم پرسیارە کە ( بۆچ ئەم گۆڕانکاریە مێژووییانە لەزاماندا ڕوو دەدەن؟)ی بەلاوە ناو چەشنی پێکهاتە





گەراکان پرسیاری لەچۆنیەتی گۆڕانکاریەکان کرد. ئیسپیتزێر کارەکەی خۆی لەسۆسێرەوە نزیك زانیو لەتەك قوتابیەکەی ئەودا شارل بالی لەمەڕ گرنگی گوتاری تاکەکەسی هاوبیر بوو هەوڵیدا تا مێتۆدی دەربڕینی تاکەکەسی یان رێبازی هەر نوسەرێك بدۆزێتەوە. بەدەربڕینیتر ویستی لەرێگەی شیکردنەوەی (دراوە گوتاریەکان)ەوە، هاوچەشنیو جیاکاریەکانی مێتۆدی دەربڕینێکی تایبەتی لەهەمبەر ئاخێوی گشتی بدۆزێتەوەو نوسیی کەتەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانین (دەربڕینی تاکەکەسی) نوسەرێك بناسین. لەهەنگاوی یەکەمدا (رێبازو مێتۆدی دەربڕینی تایبەتیی هەرنوسەرێك)ی بەگرنگ زانی، بەڵام پێی داگرت کەلەم رێگەیەوە ناتوانین زمانی تایبەتیی ئەو نوسەرە بناسینەوە. بەڵکو (تایبەتمەندیی زمان) دەدۆزینەوە. یەکەمین توێژینەوە، گرنگی ئیسپیزێر لەبارەی (مێتۆدو رێبازی رابلە) بوو کەتیایدا خاڵی سەنتراڵی شێوەی دروست کردنی وشە نوێیەکان واتە (داهێنانە وشەییەکان)ی ڕابلەی زانی: بەچ جۆرێ رابلە وشە گەلێکی دروست کرد کەلە زمانی پێوەرو ئاخێوی ئەدەبی سەردەمی خۆی جیابوونەوە؟ ئەو بەچ جۆرێ (توانی) کۆمەڵە وشەیەك بەکاربێنێ کەبەتەواوی واتای تازەیان هەبێ؟ لەم رێگەیەوە ئیسپیتزێر هەوڵیدا تالەبەکارهێنانی تاکایەتیی زمان لەبەرهەمەکانی رابلەدا تێبگاتو پێگەی وشەکان لە(مێتۆدی دەربڕین)ی رێزپەڕو تایبەتی ئەو نوسەرە بدۆزێتەوە، لەو باوەڕەدا بو کەئەم باسە سەرەتایەکە بۆناسینی جوانناسیی تایبەتیی ئەو. ئیسپیتزێر لەکۆتایی نوسینەکەیدا ئەو رێسایەی دەرکرد کە:(بەم چەشنە زمان دێتە نێوقەڵەمرەویی ئەدەبیاتەوە)یان بەدەربڕینیتر ئەدبیات بەئاراستەی (دەق ئاسا)ی خۆیەوە دێتە ئاراوە[٤٠]. مەبەستی ئیسپیتزێر لەدەق (رەنگدانەوەی ئاخێو لەنوسراو)دابوو. لەسەر ئەم بنەمایە تێگەیشتن لەمێژووی وشە، پێشینەی بەکارهێنانی، ڕۆڵی تایبەتی مۆدێڕنو تازەکەی لەدەقدا، دەبێتە بابەتی توێژینەوەی ئەدەبیو وەکوو یەکەم هەنگاوە لەپێناو ناسینی واتاکانی دەق. ئیسپیتزێر ئەم توێژینەوەی (مێتۆدی دەربڕین)ەی لەمەڕ هەردەقێك کەلەبەر دەستدابێ بەلواو دەزانێ. هەرچەند کەکارەکەی خۆی لەسەر توێژینەوەی دەقە ئەدەبیەکان چڕ کردەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کەلەرێگەی مێتۆدی ئەوەوە هەر فۆرمێکی ( ئاخێوی ئایدیۆلۆژیك ) دەشێ بناسرێتەوە. خودی ئەو یەکێ لەو کەسانە بو (کەزمانی پڕ و پاگەندە)ی لەژیانی رۆژانەی ئەمریکیەکاندا لەساڵی ١٩٤٨ تاوتوێ کرد. پێدا گرتن لەسەر مێتۆدی دەربڕین، ئیسپیتزێری بەرەو واتاناسی مێژوویی دەقەکان راکێشا.

لێرەدا چەمکی (وشە ـ کلیل) یان ئەوو شانەی کەلەزمانی پێوەرو رۆژانەوە دێنە نێو دەقە ئەدەبیو فەلسەفیەکانەوەو لەناسینی واتای ئەم دەقانە رۆڵ دەگێرن، لەمێتۆدی ئەودا گرنگیی پەیدا گرت. ئیسپیتزێر لە پێشگوتاری (وتارگەلێك لەبارەی واتاناسی مێژوویی)ەوە (کەزیاتر پەیوەندیی بەوشە کلیلیەکانەوە هەیە) جەختی کرد کەمێتۆدی کاری ئەو هەرهەمان (مێتۆد)ە کەبیست ساڵ لەوەو پێش لە ( چەند توێژینەوەیەك لەبارەی دەربڕینەوە) بەکاری هێنابو. لەکتێبی یەکەمدا پاڵەوانانی سەرەکی نوسەران بونو بابەتی کتێبەکە مێتۆدی دەربڕین یا(گوتاری نوسراو) بوو؛ بەڵام لەکتێبی دووەمدا پاڵەوانانی سەرەکی، وشە..کلیلیەکان،شێوەی بەکارهێنانیان بەشێوە جیاوازەکانە (کەلەلایەن) نوسەرە جۆربەجۆرەکانەوە نوسراون [٤١]. لێرەدا نوسەر بەپێی بەستراوەنەوەی بەکش‌وهەوای کولتوری سەردەمەکەی گرنگەو مێتۆدی دەربڕین لەتەك واتاناسیی مێژوویی تێهەڵکێش دەبێ. فۆرمەکانی دەربڕینی تاکەکەسی لایەنە ناوێزەو تایبەتیەکانی خۆیان لە (دەربڕینی زاڵی سەردەم )ەوە بەدەست دێنن‌و تاوتوێ نزیکایەتیەکانی نێوان ئەم دوانە دەبێتە پێویستیەکی رەها. کەوابو لەم تاوتوێ کردنەدا، مێتۆدی هاوکاتی گرنگ نەك رامانی مێژوویی یان مێتۆدی نێو کاتی. کەرەستەی سەرەکی کاری ئیسپیتزێر ( زمانی زیندو ) بو.مەیلی ئەو بۆناسینی بەکارهێنانی گشتیو هەمە لایەنە وشە، بەناچار زمانی لەبەکارهێنانی گشتیو رۆژانەی خۆیدا لەچەقی توێژینەوەکانی (ئیسپیتزێر) جێ کردەوە. بەبۆچوونی ئیسپیتزێر بەکارهێنانی هەروشەیەك لەهەر دەقێکدا ( فۆرمی سەرهەڵدانی سۆزداری ) یە، تەنیا دەبێ بزانین کەکامە کردەی زمانی (لەفراوانترین واتای ئەم زاراوەیەدا) بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی لەچاران نەهاتووکردوە. هەرنەوەیەك لەرووییەکی تایبەتیەوە هێرش دەکاتە سەر زەینی زمانی پێش خۆی، چونکە دژایەتیە نوێیە کۆمەڵایەتیەکانو فۆرمە نوێیەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەناچار داهێنانە زمانیەکان دێنێتە گۆڕێ.واتە ئەو شتەی کە هیگل (بەرۆحی سەردەم) ناودێری کردبوو. گۆڕانکاریە لەنێو بنەماکانی ژینی نەوەکانو بەگوتەی ئیسپیتزێر (کەلەهزری هێگلیشەوە دورنیە) زمان جۆرێکە لەفۆرمی سەرهەڵدانی ئەو رۆحە. کەوابو نوسەری نوێ ناتوانێ زمانی کۆن بەکاربێنێ. دابڕان لەزمانی پێوەر لەکاری ئەدەبیدا زۆر پێویستە،هەڵبەت ئەم جیابوونەوەیە بەهەرحاڵ لەپانتاییو چوارچێوەیەکدا روەدەا کەدیاریکردنی لەدەست نوسەردا نیە.(نوسەری چاك) لەم پانتاییەدا زیاتر دەچێتە پێشەوەو لەسنوورەکانی





نزیکتر دەبێتەوە. ئەو بەردەوام سروشتی بەیانکەری زمان بەباڵاتر لەسروشتی پێوەندی (ئەو زمانە) دەزانێ.هەرچەند ناتوانێ لەم خاڵی دووەمە تێپەڕێت. بەم پێیە، مێتۆدی دەربڕین نوروی گشتی زمانەو نەرووی تایبەتی (ئەو زمانە)، بەڵکو بەهۆی هاوسەنگیی نێوان هەردوك دروست دەبێ. مەیلە گشتی کامڵ بوونی ئاخێوی ئەدەبی، بەردەوام لایەنی تاکەکەس بەکارهێنانی زمان بەسەر لایەنەکان دیکە زاڵ دەکا بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی لەم مشت‌ومڕەدا نایەتەدی. نوسەرێکی چاك کەبەگوتەی ژۆرژباتای لەئەزمونی دەروونیی(خۆی دەدوێ) ناچارە (زمانی دەروونی) خۆی پەیدا بکات. ئەدەبیات بریتیە لە (ناوەکی بون) یان (تاکایەتی بون)ی ئەزمونە هاوبەشەکان، کەوابو زمانی ئەدەبیش بەناچاری بەرەو دیاریکاری هەنگاو دەنێ. هێزی هەرمێتۆدێکی دەربڕین دەبێ لەتوانایی ئەفراندنی وشەکان (وەلەم رێرەوەدا لەبەکارهێنانی سیمبۆلۆژیکیە نوێیاندا) بدۆزینەوە[٤٢]. نهێنی دەسەڵاتی مێتۆدی دەربڕینی مارسێل پروستو ئانتونین ئارتۆ دەبێ لەم خاڵە ئاشکرا بکەین. لەرێگەی شیکردنەوە رێبازی ئەم دونوسەرەوە، ئێمە نەك لەگەڵ کەسیەتیی تاکەکەسیی ئەوان ئاشنا دەبین، بەڵکە پەی بەسروشتی بەیانکەری زمانی فەرەنسیو تەنانەت زیاتر لەمەش بەتوانای بەیانکەریی زمانی مرۆڤ دەبەین. دەبینین کەبانگەشەی ئیسپیتزێر کەمتر لەبانگەشەی پێکهاتەگەراکان نیە. لێۆشتراوس لەرێگەی ناسینی پێکهاتەی ئوستورەکان، بانگەشەی ناسینی پێکهاتەی زەینی مرۆڤ دەکاو ئیسپیتزێر لەرێگەی ناسینی مێتۆدی دەربڕینی دەقەکانەوە، بانگەشەی ئەوە دەکا کەپێکهاتەی زەین دەناسێ. ئەو دەیوت کەبەهۆی مێتۆدی دربڕین توانیویەتی (ئورگانیزمی پشت بەستوو بەتیۆر ئەدەبی زمان) بناسێت[٤٣]. هەرلەسەرتاوە، ئیسپیتزێر بەهێنانە گۆڕی ( بەرهەمی ئەدەبی چەشنی دەق نەك وەکوو بەڵگە) جیایی بەرهەم لەدانەرو دابڕانی دەقناسی لەدەروونناسی ئەدەبی هێنایە پێشەوە. مێتۆدی ئەویش گوێ بەوزەی داهێنەریو خولقێنەری دانەر نادات؛ بەڵکو دەق بەگرنگ دەزانێو دەپرسێ: (بۆچی نەتوانین جیهانی شیکاری خۆمان لەسەر بناغەی دەق دادمەزرێنن؟)[٤٤]. هەربۆیە ئیسپیتزێر داهێنانە زمانیو ئاخاوتەییەکان بەبەرهەمی (لۆژیکی دەق)و زمان ئەژمار دەکات. رێسای (دەقەکە دەخولقێنێ)دواتر چەندین جار لەلایەن پێکهاتەگەراکانەوە دوبارە کرایەوە، یەکەمجار لەبەرهەمەکانی ئیسپیتزێردا بەکارهات. ئەو نەك تەنیا رێگەی

لەبەردەم (تیۆری نمیشانەناسی ئەدەبی) ئاوەڵا کرد، بەڵکو (رەخنەگرە نوێیەکان)یش کەکارەکەیان لەپانتایی کولتوری وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆن پەسەند کرابو، منەتباری ئەون. جگە لەمە بایەخی میٽۆدی ئیسپیتزێرلەنێوان نوسەرانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرنیشدا زانراوە. ئیسپیتزێر بۆیەکەمجار چەمکی (بازنەی هێرمێنۆتیك)ی بەکارهێناو وردەکاریەکانی خۆی لەبۆدۆزینەوەی داهێنانە زمانیەکانی هەر دەقێك، بەجیا لەراڤەی ئەودەق نەزانی. دوکتێب کە (ئیسپیتزێر) لەساڵەکانی ژیانیدا بڵاوی کردنەوە، بەچەشنێکی تایبەتی بۆراڤەی دەقەکان تەرخان کراون:"میٽۆدی راڤەی ئەدەبی"و"چەمکەکانی مەسیحیو کلاسیك لەهارمۆنی جیهانی". لەم بوارەدا کاری ئیسپیتزێر بێگومان لەژێر کاریگەریی ئەو بابەتانەی کەلەگەڵ ژۆرژپولە (کەئەویش وەك ئیسپیتزێر، مامۆستای زانکۆی جان هاپینر)بوو. دوا وتاری ئیسپیتزێر (کەلەپاش مردنی نوسەر بڵاوی کردەوە) لەبارەی میشل بۆتورەوە بوو، شێوازەکانی نوسەریی بونور بوو، بەتایبەتی لەرۆمانی " بەدرێژایی کات"پێناسدەکرد[٤٥] هەرچەند توێژینەوەوی بۆنور(لەرێگەی تاوتوێ کردنی (گوتاری نڤیسیاری) ئەو هەروا لەم وتارەدا ڕوویەکی زاڵی هەیە، بەڵام ئاشکرا میٽۆدی راڤەی دەقیش ئاسەواری لەسەر هزری ئیسپیتزێر داناوە. لەنێوان بەرهەمەکانی ئیسپیتزێردا وتارێك کەئەو بەزمانی فەرەنسی، لەژێر سەردێڕی (میٽۆدی دەربڕینی مارسێل پروست) نوسیویەتی، بەرلە هەموو شتێ ڕونکەرەوەی میٽۆدی ئیشکردنی نوسەرە[٤٦]. ئەم وتارە لەڕواڵەتدا بەمەبەستی تەواو کردنی و تاری کۆرتیۆس بەناوی (رۆحی فەرەنسی لەئەوروپای مۆدێڕندا) (١٩٢٥) نوسراوە. کۆرتیۆس چەشنی ئیسپیتزێر بەدوی دۆزینەوەی ( لایەنە نەناسراوەکانی میٽۆدی دەربڕین پروست)بوو دەیوت کەخوێنەر بەخوێندنەوەی ڕستەی هەردەقێك، بەئاراستەی دۆزینەوەی(یاسا)ی تایبەتی دەق بەرەو پێشەوە دەچێ، تائەو شوێنەی کەلە پشت ڕووناهی هەررستەیەکەوە توخمە سایکۆلۆژیەکانی وشیاری نوسەر ئەدۆزێتەوە. ئیسپیتزێر ئەم ختاڵەی پەسەند نەکرد، بەڵام ئەو پێی باشتر بوو لەجێی رەخنە لەم خاڵە،جەختی لەسەرخاڵە هاوبەشەکانی ڕایخۆی لەگەڵ کۆرتیۆس واتە لەسەر گرنگیی دۆزینەوەی میٽۆدی دەربڕینی پروست بکا[٤٧]. ئیسپیتزێر دوابەدوای پێشگوتارێکی کورتەوە باسی لەسەر بنەمای باسەکەی خۆی کرد. ئەو توخمی سەرەکی و چارەنووس سازی لەمیٽۆدی پروست بە ( ئاوازی رستەکان ) ی زانی و دایە پاڵ تێڕوانینی پرۆست لەبۆ





جیهان (زاراوەیەك لەوۆڵفینەوە فێر ببو) بەڕای ئیسپیتزێر ئاڵۆزیی رستەکان ( لەگەڕان بەدووی کاتی لەدەستچوودا ) بەرهەمی ئاڵۆزیی تێڕوانینی پروستە. نمونەیەکی ڕوونکەرەوەی کە ئیسپیتزێر لەتێڕوانینی "سوان" بۆ "ئیدێت" دەیهێنێتەوە، نیشان دەدات کەبەچ جۆرێ پێکهاتەی ڕستەی درێژی پروست ئاراستەی ئەم تێڕوانینەیە. زیاتر لەدە نمونەی دیکە(هەن) کەنزیکایەتیی نێوان تێڕوانینی پروست (کەهەندێجار زیرەكو قسەخۆش، هەرجار دڵسۆزانەو هەندێجار(یش) عاشقانەیە وەکوو نیگای بۆداپیرە) بەهۆی ئاوازی رستەکانەوە ڕون دەکەنەوە. بەڵام کێشەکە لەمە دژوارترە: ( پروست بۆ هەررستەیەك سیمبولێکی تازە هەڵدەبژێرێ) و ئەم کارەش(لەڕەمزو نهێنیی تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە)[٤٨]. لەبەشی دووەمی وتارەکەدا ئیسپیتزێر توخمەکانی (دروستکەری دێری لەهەر رستەیەکی پروست)ی تاوتوێ کرد، یەکێ لەم توخمانە کەوانە ( )کانن. ئەو نیشانیدا کەلە رستەکانی پروستدا، کەوانەکان کۆمەڵە ڕۆڵێکی لێك جیایان هەیە کەبەکەڵکی دواخستنی کردە دێن: هەندێجار یاسا گەلێکی گشتین، لەهەندێ خاڵدا وەکوو وردبینی بیرەوەرین بۆنمونە داپیرە دیاریەك لەکتێبخانەدا دەشارێتەوە. لەڕون کردنەوەی ئەم بیرەوەریەدا لەناکاو لەکەوانەیەکدا دەخوێنینەوە کەڕۆژێکی گەرم بو، داپیرە بەجۆرێ هەناسەی دەدا کەپزیشك ئامۆژگاری دایك(می) کرد کەئاگاداری خاتووم بێ تا بەمچەشنە خۆی ماندوو نەکا... ئەم ڕۆژە، ئەم کەوانەیە، لەبیرەوەری چیڕۆك گێڕەوەدا گرنگییەکی چارەنووس سازی هەیە[٤٩]. هەندێجار بیرەوەریەکانی چیڕۆك گێڕەوە تێکەڵ دەبن، خێرایی ئەم تێکەڵ بوونی ئاوازی هەر رستەیەك خاو دەکاتەوە. کۆتایی هەر رستەیەك وەکوو کۆتایی ( ئاداجیو ) یەك دوورە. هەندێجار وادەخوازێ کەلۆژیکی چیڕۆك ڕستەکان ئاوێتە بکا. بۆنمونە نیگای سوان بەئیدێت لەنێوەڕاستی رستەدا دەپچڕێ تاچیڕۆك گێڕەوە بڵێ کەچەند ساڵێك دواتر هەستی ئەو لەمەڕ هاتنی سوان بۆماڵەکەوی چۆن بوو. ئیسپیتزێر دوو نمونەی جیاواز لەدو چەشنە بونی رستەکانی پروست بەنمونە دێنێتەوە. یەکێکیان جیابوونەوەی دووبەش بەجۆرێك کەدواجار بەیەك دەگەنو ئەویتر دوو چەشنە بوونی کەدەچێتە نێو دوپات بونە دوفاقیە جۆربەجۆرەکانیترەوە[٥٠]. لەبەشی سێیەمیو تارەکەدا ئیسپیتزێر خەریکی لێکۆڵینەوەی داهێنانە رێزمانیەکان بوو لەبەرهەمەکانی پروستدا: ئەو هێمای بۆسینتاکسی نامۆی زۆر لەرستەکانو نەگونجانی کردار لەگەڵ بکەرێکدا کرد کە (لەڕوی لۆژیکیەوە ) بەپێی

سینتاكسی ناسیاوی زمانی فەرەنسی، ناتوانێ بكەر بێت [٥١]. لەزۆر خاڵدا ڕون كردنەوەو هەندێجار وەسف كردنێك لەنێوان رستەكاندا دێت كەلەنێوان پاژەكانی لێكچواندنێك یان دركەیەك مەودایەك دروست دەكاو تەنانەت دابەشیشیان دەكاتە سەر دووبەش،هەندێجار لەنێوانیاندا، لەیەك پاراگرافدا، چەندین دێڕ وەكوو مەودا دەهێڵێتەوە. ئیسپیتزێر پاش هێنانەوەی نمونەی زۆر، ئەم دوخانەی دەربڕینی دایە پاڵ (هەڵكەوتو حاڵەتەكانی چیرۆك گێڕەوە) ئەم خاڵەی لەمەڕ نمونەی بەناوبانگی بەكارهێنانی ڕوی دەربەستی (٭) (التزامی) لەبەرهەمەكانی پروستدا، بەدروست زانی. ڕوویەك كەلەزمانی رۆژانەدا بە (مەرگ سزا دراوە )و لەزمانی ئەدەبی پروستدا، دەربڕینی دۆخی دەروونی چیرۆك گێڕەوە كارایی هەیەو پەیوەستە بە (ژیانی مەعنەوی مرۆڤ، ترسەكان، گومانەكانو تامەزرۆیی لەبۆ پێبەخشین)و هەروەها ئەمە كەبەچ جۆرێ پروست هەوڵیدا تاكو بەیارمەتی بەرجەستەیی كاری نوسەر، زەینیەت [SUBJECTIVITY]ی خۆی بشارێتەوە [٥٢]. چوارەمین بەشی و تارەكە سەردێڕێكی گشتیی هەیە: (پروستو زمان) بەڵام بابەتەكەی (بەكارهێنانی زمان لەگەڵ لاساییو جوڵەكانی ئاخێوەر) لەرستەكانی پروست دایە؛ واتە ئەو خاڵانەی كەبەشێك لەئەركە ئاخاوتەییەكان بەجوڵەكان دەسپێردرێن: ( پروست لە (نوسینی) وشە تاك، ئەبستراكتو بێ هەستەكان، لەسەر پەڕاوگ بێزار بوو) تێدەكۆشا تائەوانە بەئاراستەیەكی خۆرسك كەژیانیان پێ ببەخشێ نیشان بدات. بەم پێیە (زمان دەبوو بەفۆرمی سەرهەڵدانی بیۆلۆژیكی تەواوەتی كەسیەتیەك) [٥٣]. كەوابوو شێوەی دەربڕینی كەسیەتیەكانی بەوردی ڕون دەكردەوە. ئیسپیتزێر نمونەی لەوەسف كردنی گوتاری فرانسوا و قەشە هێنایەوە، یان لەبەكارهێنانی پیتی (ش) لەزمانی خاتوو لومە بەردەوام هاوكاتبوو لەگەڵ ڕوانینێكی تایبەتیدا. بەم جۆرە رستە درێژەكانی پروست لەگەڵ هەمان ( هەستی شاگەشكەییو بەردەوامیی ژیان) دەگونجان. پروست (هیچ شتێكی دانەدەهێنا) ، بەڵكو هەموو شتێكی (دوبارە دەدۆزیەوە) . كتو مت بەو واتایەكە زمانی و نبووی دوبارە دەدۆزیەوە. ئەو لەوشەكاندا جۆرە مۆسیقایەكی شاراوەی دۆزیەوە كەهێشتا چەمك سازیو رستە بەندیو بەكارهێنانە زمانیەكان نەیانتوانیەوە لەناوی بەرن دەیوت:(ئاواز، مۆسیقای ئاخاوتن دروست دەكا)و هەوڵی دەدا تاكو ( ئەم ئاوازە بنوسێتەوە ) . لەخاڵێك و رد بینەوە. سوان لەوتنی ( من كە، بڕوام بەزنجیرە پلە هونەریەكان نیە ) جۆرە ئاوازێكی





بەكاردەهێنا كەوات دەزانی كەدەڵێ: ( زنجیرە پلەكان بەو واتایەی كەخەڵكانی ڕواڵەت بین بەكاری دێنن، دەزانن؟ ) [٥٤]. یان فرانسوا وشەی lionای دەكردە li-onو دیسانەكە فرانسوا بەوتنی وشەی (زانستی) تیشكی ئیكس [X]، پێدەكەنی خاڵێكی دیكە كە ئیسپیتزێر لێی كۆڵیەوە، ڕون كردنەوەی ئەم شێوازەی پروست بوكە هەریەك لەكەسێتیەكانی رۆمانی ناچار كرد بەزمانێكی تایبەت بدوێن. ئەم كارەشی بەمەبەستی نواندنی دەسەلاتی نوسەریی خۆی، یان زاڵ بوون بەسەر زماندا، یان سەلماندنی توانای دەربڕینو چڕوپڕی زمانی فەرەنسی ئەنجام نەدەدا، بەڵكو پێویستیەكی زماناسانە ئەوی بەرەو "ئەنجامدانیگ ئەم كارە رادەكێشا: ژیانی هەركەسێك ڕوویەكی جیاوازی لەگەڵ ژیانی كەسانی دیكەدا هەیەو فۆرمی تایبەتی دەربڕبن یان بەكارهێنانی گوتاری تاكەكەسی لەزمانی هەركەسێكدا دەربڕی ژیانی دەروونی ئەوە. (ئەمە) خاڵێكە كەلەبەرچاوی نوسەرو ئەدیبدا بەشاراوەیی نامێنێتەوە، بەڵام زماناس ناتوانێ رێسایەك بۆ ڕونكردنەوەی پەیدا بكات. لەهەنگاوی دواییدا ئیسپیتزێر لەبەكارهێنانی ناوە تایبەتیەكان لەهەردوو بەرگی یەكەمی ڕۆمانی پروست وردبویەوەو هەوڵیدا(پاڵنەرەكانی پروست)لەناولێنانی كەسیەتیەكانی ڕۆمان بدۆزێتەوە. خاڵێك كەدواتر ڕۆلان بارت لەمەڕ تەواوەتی رۆمانی پروست گرنگی پێدا [٥٥].

لیسپتیزێر ئاوازی موسیقای ناوی سوان (ناوێك كە ئاوازی وشە عیبری‌یەكانی پێوە دیارە، لە هەمان كاتیش‌دا وەبیرهێنەری ناوەكانی ئەورووپای باكوورو ئوستورە "واگنەری"یەكانە) بەنموونە هێناوە [٥٦]: یان بە دوی ئاوازی ناوی كۆڵانەكانی پاریس لە رستەكانی پرۆستدا كەوت. لاپەروس لە كۆڵانێك كە ئێدێت لەوێدا دەژی)، پرشان، ئاكاسیاسو.. تەنانەت باسی لەرەنگی ناوەكان[!!] "كرد. بۆ نموونە لە ناوی پارمدا (ئەڵبەت وەبیرهێنەری (كەنشت)ی بەناوبانگی ئێستاندا لە) "رەنگدانەوەی وەنەوشە" ئەدۆزێتەوە. جۆرێكی دیكە لەو ناوە تایبەتییانەی كە لە رۆماندا گرنگییان پەیدا كردوە، ناوگەلێكن كە دەنگدانەوەی ئەفسانە كۆنەكانو حیكایەتە پاڵەوانێتی‌یەكانو ئوستوورەكانن [واتە] كۆمەڵە ناوێك كە لەلایەن سیمبۆلیستەكانەوە "پیرۆز" كرابوون. وەبیرهێنانو ناوهێنانی ئەم ناوانە، بەردەوام رستەكانی پرۆست دەگەڕێننەوە بۆ لای ئوستوورەكان. ئەم ناوانە دەركەوتێكی ونبوویان هەیە. بۆ نموونە دارستانێك. ناوی ئیلزیان لێناوە، لەگەڵ دەریاچەیەكی گەورەو شەپۆلەكانی‌یەوە.دووبارە دەتوانین ناوی فینی سێتر بێنینەوە كە بەڕاستی كۆتایی خاكی فەرەنسا بوو خاكی

ئورووپاو وڵاتی "کۆن" (Finis لەزمانی لاتیندا بەواتای کۆتاییو ئەنجامە). هەست دەکەی شەماڵێکی رەمزئاساو بان سروشتی لە سەروی واقیعەکانی ژیانی رۆژانەوە تێدەپەڕێ[٥٧]. سی ساڵ بەر لە نووسینی وتاری "میتۆدی دەربڕینی پرۆست" (واتە لە ساڵی ١٩٣١) ئیسپیتزێر لە وتارێکی گرنگدا لەبارەی "راسین"ەوە باسی لە گرنگی ناوی ئاندرۆماك لە شانۆی راسین کردبوو، ناوێك کە وەبیرهێنەری بەشەرەفی‌یە: "ناو بەکورتی ئامادەگی بێئەملا و ئەولای کەسیەتیە"[٥٨].

دوایین بەشی وتاری ئیسپیتزێر لەژێر سەردێری "چیرۆك گێڕەوە"یە: لەبارەی پرسیاری کۆنی "من لە رۆمانی پرۆستدا کێیە؟" بەڵام پرسیاری ئیسپیتزێر قووڵترە. بە چ جۆرێ پرۆست ئەم رەهەندە قووڵە مەعنەوی‌یەی کە لەپشت "من" لەرۆماندا حەشارداوەو، بەچەشنێکی زمانناسانە خوڵقاندویەتی؟"[٥٩] ئیسپیتزێر وەڵامەکەی لە بەکارهێنانی ژمارەیەك لە وشەکاندا دۆزی‌یەوە، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ("وەکوو ئەوە وایە" "ئەگەرکو"). ئەم وشەیە لەنێوان "من"ی چیرۆك گێڕەوەو "من"ی کردە ناوەکی‌یەکانی چیرۆك جیاوازی دادەنێ. وشەگەلێکی‌تر وەکوو "رەنگە"ش ئەم جۆرە رۆڵەیان هەی(٦٠). میتۆدێکی دیکەی پرۆست روونکردنەوەی ئەو شتانەیە خەڵکانی‌تر دەرکی پێ دەکەنو چیرۆك گێڕەوە بەشێوەیەکی لۆژیکیانە لێیان ئاگادار نیە، بەڵام جاروبار دەردەبڕدرێن. بۆ نموونە هاتوە کە: ئێدێت بیری کردەوە کە... یا "سوان دەرکی بەوە نەکرد کە...". لە کۆتایی وتارەکەدا ئیسپیتزێر نموونەگەلێکی لە بەکارهێنانە زێدەڕەویەکان، لێکچواندنەکان، میتافۆرەکان لە "گەران بەدوای کاتی بەسەرچوودا" هێنایەوە، کە هەموویان بە کەڵکی جێگیرکردنی پێگەی چیرۆك گێڕەوە هاتوون.

تێبیی: [و]

*دەربەستی [التزامی] = پابەند بە کارێك، زاراوەیەکە لە زانستی (بدیع)دا ـ [اعنات] اعنات = رەنجاندن، کەسێك بخەیتە نێو کارێکی ئاستەمەوە "لە زاراوەی زانستی (بدیع)دا [اعنات]دەربەست "یان" پێویستیی خۆبەندکردن" ئەوەیە کە شاعیر خۆی پابەند بکا بەر لە پیتی پاش سەروایان پیتێکی دیکەی سەروا پیتێك دووبارە بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر چاوپۆشی لەوپیتە بکات هیچ کەموکوڕی‌یەك لە شێعرەکەدا پەیدا نابێ.

ـ سەرچاوە: حسن عمید، فرهنگ عمید، یك جلدی، مؤسس انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ اول ١٣٦٣، چاپ دوم ١٣٧١، ص ١٨٧

ـ هەمان سەرچاوە: ل ١٦٨ [و].





پەراوێزەکانی پاری پێنجەم:

١ ياكۆبسێن وشەی prizvucnici (لە وشەی چیك بە واتای جەختی دەنگیی) بەکار هێنابوو.

٢ لەبارەی پێشینەی چالاکی "بازنەی پراگ، بڕواننە:

و. ماتسیوس، "کارنامە دهها سالە مکتب پراگ"، ترجمە م. تباتبایی، زبانشناسی، ٢/٢، تهران، ١٣٦٤، ص ص ٣٩ ـ ١٩

خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵەیەی خوارەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری‌یەکی گشتی لەمەڕ "بازنەی پراگ"ەوە پێویستە:

P. steiner ed, The prague school, selected writhings, Texas u.p, 1986

3- N.Trebetzkoy, les principes des phonologie, paris 1946, pp. 11.12

٤ لە و تاری "شیعری چیك"دا یاکۆبسێن دەری‌خست کە دەنگە گوتاری‌یەکانی پاژەکانی سیستەمێکی رێك خراونو بە تێڕوانینی ئاخێوەرەوە گرێ دراون. بۆ ناسینی تیۆرەکانی پێکهاتەگەراکان لەمبارەوە بڕواننە:

R. Jakobson, six lecon surle son et lesons, paris, 1976

لەم شەش و انەیەدا کۆمەڵەیەك لەو و انانەی کە یاکۆبسێن لە رۆژانی یەکەمی جیهانی‌دا لە و یلایەتە یەکگرتووەکاندا پێشکەشی کردن)،بنەماکانی فۆنۆلۆژی روون کراوەتەوە.

5- R. Jakobson & K. pomorosk, Dialogues, cambrid ge, 1983, pp, 27 – 34

پۆمۆرسکاش دەڵێ کە سینەما دورو)ی‌هاوکاتی‌و نێوکاتی واتە کاتی ئێستاو کاتی رابردوو، ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو، دەکاتە یەك [شت].ئەو بە چەشنێکی تایبەتی لە فیلمی ئالێن رنە [بەناوی] "ساڵی رابردوو لە مارین‌باد" نموونە دێنێتەوە (ل ٧٨).

٦) لەمبارەوە بڕواننە بەشێك لە پاری نۆیەی [ئەم] کتێبەی خوارەوە:

V.Erlich, Russian Formalism, History – Doctrine, Yaleu. P, 1981, pp. 154 – 163

7. J. mukarovsky .Il signifi cato dellestetica, Torino, 1973, p.120

8. Ibid, p. 121.

9. V. Erlich, op. Cit., p 195.

مۆکارۆفسکی زاراوەی smasiology ی‌بەکار هێنا کە ئێستا کەڵکی لێ‌وەرناگیرێ.

10. Ibid., p. 160.
11. Ibid., p. 161.
12. Ibid., p. 157.
13. J. mukarovsky. “standard language & poeitical langueae” P. L. garvin ed, Aprague schol Reader, Georgtown u. p. 1964, pp. 17 – 30
14. Ibid., p. 18

مۆکارۆفسکی نووسیویەتی: "بەرهەمی هونەری لە سایەی زمانەوە هەیە، بەڵام و ێرانی دەکا."

J. mukarovsky, IL singnificato dellestetica, p.48.
15. P. L. Garvin ed, op. Cit., p. 23.

١٦- لە فیلمی ئۆرفەی ژان کوکتۆدا (١٩٥٠)دا داوەرانی ئەو جیهانە [قیامت]، شێعری شاعیر ناناسن،ئەوان لە پیشەی ئۆرفە دەپرسن و ئەویش و ەڵام دەداتەوە "شاعیر"؟ دەپرسن "شاعیر کێیە؟"و ئۆرفە دەڵێ: "جۆرە نووسەرێك، نووسەرێك کە چ شتێك نانووسێ".

17. Ibid, P, 25.

نەمانتوانی سەرچاوەکانی گێڕانەوەی مۆکارۆفسکی لەبارەی برۆ بدۆزینەوە، رەنگە لە یەکێ لە و تارەکانی ئەودا بێ. بەهەر حاڵ لە کتێبی سەرەکی خۆیدا واتە "مێژووی زمانی فەرەنسی لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٠٠"دا هاتوە.

١٨ دەتوانین لەسەر بنەمای پۆلێنبەندی مۆکارۆفسکی، چیرۆکەکانی سادق هیدایەت لەسێ گروپدا جێ بکەینەوەو جیاوازی زمانی چیرۆکەکانn "عەلەویە خاتوون"، "شەوانی وەرامین"و "ژنێ کە مێردەکەی خۆی بزر کرد" بدۆزینەوە.

19. P. L. garvin ed, op. Cit., p. 30.
20. Ibid, P, 17
21. Ibid, P, 26.
22. J. mukarovsky, IL singnipicato dellestetica, p. 191.
23. Eco. u., La structure absente.trans U. Epsosito – Torrigiani paris, 1988, pp. 261 – 265

٢٤ کتێبی یەکەمیان بە زمانی فەرەنسی و وەرگێڕدراوەو بڵاو کراوەتەوە:

25. Ibid, P,. 29 - 30
26. Ibid, P., 98
27. Ibid, P. 36





28. Ibid, P, 22
29. Ibid, P, 35
30. H. wolfflin, principes fondamentauxed L’historiedel’e. Trans. C. Raymond, paris, 1966
31. V. Erlich, op. Cit., p. 59
32. H. wolfflin, op. Cit., pp 19 –20
33. Ibid, pp. 85 – 134
34. Ibid, pp, 135 – 172
35. Ibid, pp. 173 – 218
36. Ibid, pp. 219 – 270

٣٧ مێژووی رۆح لە بەرامبەر Geistes geschichte [بەکار هاتوە].

٣٨- بیرو ڕاکانی و ۆڵفلین کاریگەریی زۆریان کردە سەر مێژوونووسی هونەری ئاڵمان "ئۆسکار و السێ کە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ کامڵبوونی ئەدەبی لە پێوەندیی نزیکی خۆی لەگەڵ مێژووی هونەردا بدۆزێتەوە، نەك لەو پێوەندیەی کە لە تەك مێژووی کەلتووردا هەیەتی "کارتێکردنی فۆرمە هونەریەکان لەسەر یەکتر"ی هێناوەتە ئاراوە کە هەروا کاریگەریی و ۆلفلینی بەسەرەوە دیارە.

39. L. matejka & K. pomorska eds, Reading in Russian formalism, cambridge, Mass., 1971, p. 72

٤٠ بڕواننە پێشگوتاری ئستارۆبیسکی لەسەر:

L. spitze, Etudes ed style, trans. E. kaufholz, A. clulon, M. foucault, paris, 1985, p. 9.
41. L. spitzer, Essays in Historical semantics, new york, 1948, p. 21.

٤٢ داهێنانە وشەییەکان بە ئاشکرا بەواتای فراوانکردنەوەی چوارچێوەی واتای وشەیەو مەرج نیە هەمیشە وشەنوێیەکان دابهێنێ و بخوڵقێنێ زۆر جاران روی داوە کە بەکارهێنانی وشەیەکی کۆن و لەبیرچو، یان دۆزینەوەی تواناى رۆنانی وشەکان و دروستکردنی وشەیەك کە بەشێك لە پاژەکانی "تۆخمە کۆنەکان" بن،لە فراوانکردنەوەی واتاییدا لە داهێنانی وشە تەواوو تازەکاندا رۆڵێکی گرنگتر و ەدەست دێنن.

43. L. spitzer, “les etudes ed style”, Actes du 8 em cengres ed la federation Internationa des Langues et litterature modern, liege u. p, 1961. Pp. 23 – 39.
44. L. spitzer, Etudes ed style, p. 67.
45. Ibid., pp. 482 – 531.

46. Ibid., pp. 397 – 473.
47. Ibid., p. 398.
48. Ibid., pp. 410 – 411.
49. Ibid., 411.
50. Ibid., pp. 417 – 418.
51. Ibid., p. 427.
52. Ibid., p. 432.
53. Ibid., p. 436.
54. Ibid., p. 439.

٥٥. دەبینین کە لیسپتیزێر زۆر لە ناوونیشانە سەرەکی‌یەکانی توێژینەوەکانی دواتری لەمەڕ رۆمانی پروستی پێشگۆیی کردبوو. و تاری رۆلان بارت لەم کتێبەی خوارەوەدا ئەدۆزرێتەوە:

R. Barthes, Nouveaux essais critiques, paris, 1972, pp. 121 – 134.
56. L. spitzer op. Cit., 443.
57. Ibid, p. 445.

لئوشراوس لە بەرگی دووهەمی "لۆژیکی ئوستوورەکان"دا واتە کتێبی "لە هەنگوینەوە تا خۆڵەمێش" نووسیویەتی: "لە هزری ئەم خۆولاتیانەدا هەر ناوێکی تایبەتی میتافۆری کەسیەتیەکە:

C. levi – strauss, Dumied aux cendres, paris, 1966, p 249.
58. Ibid., p 222.
59. Ibid., p. 452.

٦٠. (والتێر بینیامین)یش وشەیەکی لە رۆمانی پروست دا دۆزیبویەوە: "سروشتی نائارامو بزوێنەرانەی پروست تەنانەت خوێنەری بەرهەمەکانی ئەهەژێنێ. هێندە بەسە لە دووپاتبوونەوەی ناکۆتای زاراوەی soitque لە نووسینەکانی ئەودا و رد بینەوە کە بە یارمەتی ئەو [زاراوەیە] بەشێوەیەکی تەواوو هەمەلایەنە لە ژێر تیشکی مانا فراوانو لە ژمارە نەهاتووەکاندا پیشان دەدرێت، واتاگەلێك کە رەنگە کردەوەیەك لەسەر بنەمای ئەوانەوە دامەزرابێ. . ."؛ -

و. بینامین، نشانەای بە رهایی، ترجمە: ب. احمدی، تهران، ١٣٦٦، ص ١١٢.





# پاری شەشەم

## فۆرمو واتا: پرۆپ، یۆڵس، گێرماس، برێمون

ئەو شێوانەی کە مرۆڤ بۆ ناسینی تەنە ئاسمانی‌یەکان [ئەستێرەو. . هتد] بەکاریان دێنن، لەبەرچاوی مندا هەر ئەوەندەی‌خودی ئەو تەنانە سەرسووڕهێنەرن.

**یۆهاس کپلێر**

یەکێ لە دەسکەوتەکانی فۆرمالیستە رووسی‌یەکان سەرنجدان بە "فۆرمە لەبیر چووەکان، کەمتر ناسراوو تەنانەت دەتوانین بڵێین سووکایەتی‌پێکراوەکان" بوو. ئەوان بەرهەمگەلێکیان لەبواری ناسینی ئەم فۆرمانەو بە چەشنێکی تایبەتی لەمەڕ حیکایەتی منداڵان، چیرۆکە فۆلکلوریکیەکان، هونەرە جەماوەریە رووسی‌و ئیسلاوەکانەوە بڵاوکردەوە. بناغەی ئەم گرنگی‌دانە بە فۆرمەگەلی "سادەو ساکار دەتوانین لە گەنگەشەکانی نێوان رۆمانتیکخوازە ئاڵمانی‌یەکان بدۆزینەوە. "[1]! رەنگە لە ژێر کاریگەریی ئەواندا بوو کە لە چاخی نۆزدەهەمدا موسیقازانە ئاڵمانی‌یەکان (بەتایبەتی ریشاد واگنەرو گوستاو ماهلەر) گرنگی زۆریان بەم توخمانە دا. رەنگە ئۆگستو یلهۆم شگێل یەکەم کەس بوو [بێ] کە حیکایەتی منداڵانو چیرۆکە فۆلکلۆریکەکانی لەژێر ناوی "ژاترە ئەدەبی‌یەکان" هێنایە گۆڕێ، بەڵام دەبێ بزانین کە سەرنجدان بە پێکهاتەی ئەم بەرهەمانە پێ‌بەپێی بەکارهێنانی میتۆدە پێشکەوتووەکانی زمانناسی زیاتر بوو، تا ئەو جێ‌یەی کە ئوسکار تیمۆف، بۆگاتی ریفو ڤلادیمیر پرۆپ، پۆلێن‌بەندی‌و ناسینی پێکهاتەی چیرۆکە فۆلکۆریکی‌یەکانیان کرد بە بابەتی سەرەکی ئیشکردنی [خۆیان]. رۆمەن یاکۆبسێن وەبیری هێناەتەوە کە لە ناسینەوەی گۆڕانکاری‌یەکانی تان‌وپۆی چیرۆکە فۆلکۆریکی‌یەکاندا منەتباری توێژەرێکی ئاڵمانی بەناوی ئالبێرت [وسلیسکی]ن کە لە پراگ دەژیا![2] بەڵام

گرنگترین توێژینەوەیەك كە لەم بوارەدا خراوەتە بەردەست كاری ڤلادیمیر پرۆپ (١٩٧٠ ـ ١٨٩٥)ە. پرۆپ مامۆستای ئەنترۆپۆلۆژیی زانكۆی لنینگراد بوو. بەرهەمەكانی بریتین لە: مۆرفۆلۆژی حیكایەت (١٩٢٨)[٣] سەرچاوە مێژوویی‌یەكانی حیكایەت (١٩٤٦)، شێعری شۆڕشگێریی رووسی (١٩٥٥)و جێژنە لادێی‌یە رووسی‌یەكان (١٩٦٣). یەكەم بەرهەم [مۆرفۆلۆژی حیكایەت ] شاكاری پرۆپە كە ـ وەرگێردراوەتە سەر زۆر زمان [٤] وە كاریگەری‌یەكی بێ‌ئەملاو ئەولای لەسەر لێكۆڵێنەوە پێكهاتەگەرایی‌یەكان‌و هەروەها لەسەر توێژینەوە فۆلكلۆری‌و هونەرە جەماوەریەكان داناوە. پرۆپ پۆلێن‌بەندی بەرهەمە فۆلكۆریكی‌یەكانی لەسەر بنەمای "رێساوێنەییەكان" ئەنجام داو هەر بۆیە كارەكەی خۆی بە مۆروفۆلۆژی ناودێر كرد. ئەو ئەم زاراوەیەی بە واتای "وەسفكردنی حیكایەتەكان لەسەر بناغەی یەكە پێكهێنەرەكانیان‌و پەیوەندی ئەم یەكانە لە تەك یەكتری‌و لەگەڵ كۆی حیكایەت" بەكار هێنا.[٥]

پرۆپ میتۆدی كاری خۆی لەگەڵ میتۆدی زانستی ڕوەكناسی بەراورد دەكردو دەیوت كە "توێژینەوەی فۆرمەكان" ئەركی هاوبەشی ڕوەكناسی‌و مۆرۆفۆلۆژی‌یە: "چەشنی توێژنەوەی بەشە جۆربەجۆرەكانی ڕوەك كە بە واتای ناسینی نزیكایەتی ئەوان لەگەڵ یەكتری‌و لەتەك كۆمەڵەكەدا، وە بەكورتی توێژینەوەی پێكهاتەی ڕوەكە"[٦]

پرۆپ خۆی، بەتایبەتی باسی لە كارەكانی ڕووەك ناسی سویدی كارلۆس لینائۆس ناسراو بە كارێل لینە (١٩٧٨ ـ ١٩٠٧) كردوەو هەروەها لەو بەرهەمانە كە گۆتە لەبارەی مۆرفۆلۆژی ڕوەكەكان لە دوارۆژەكانی ژیانی‌دا نووسیویەتی [دواوە]؛ ئەو چەند گێڕانەوەیەكی دوورو درێژەی لە كتێبی گۆتەدا بەنموونە هێناوەتەوە. لئۆشتراوس ئەم نووسینانەی گۆتەی لە ریزی ئەو یەكەم هەنگاوانەدا پێناسە كردوە كە "وشیارانە بەرەو پێكهاتەگەرایی هاوێژراون". پرۆپ دوابەدوای خوێندنەوەی بەرهەمەكانی ئەلسكاندێر فیلۆفسكی‌و ژۆزێف بدیە لەبارەی چیرۆكە فۆلكۆریكی‌یەكانەوە بڕیاری بەوە دا كە هەرچەشنە پۆلێن‌بەندی‌یەكی ئەم حیكایەتانە كە لەسەر بناغەی "توخمە چیرۆكی‌یەكان" یا هەوێنەكان ئەنجام دەدرێت، خاوەنی سیستەم‌و لۆژیكی ناوەكی نابێت‌و دەبێ بە "دڵخوازو تایبەتی" ناودێری بكەیت.[٧]

پرۆپ لەسەر بنەمای تاووتوێی سەد حیكایەتی فۆلكلۆریك‌و چیرۆكەكانی منداڵان ئەو ئەنجامەی بەدەست هێنا كە هەرچەندە تاكەكان‌و كەسیەتیەكانی ئەم چیرۆكانە هەمەڕەنگن‌و پیشەو كردەوەكانیان هەمە





جۆرە، بەڵام رۆڵی تایبەت بە خۆیان سنووردارو جێگیرە. پرۆپ رۆڵی تایبەتی بە "كردەی كەسیەتیەك لەسەر بنەمای گرنگیەك كە لە رەوتی كردەكانی حیكایەتدا هەیەتی، زانی.[٨] پاشان پرۆپ چوار یاسای وەدەست هێنا، یاساگەلێكی گشتی حاشاهەڵنەگرە:

توخمە جێگیرو هەمیشەیی‌یەكانی حیكایەت رۆڵە تایبەتی‌یەكانی كەسیەتیەكان پێك دێنن، ئەم رۆڵە تایبەتیانە جیا لەوەی كە پەیوەستن بە كام كەسیەتیەوەو بە چ جۆرێ دروست دەبن بە بنەمای دروستكەری حیكایەت دەژمێردرێن. ٢: ژمارەی رۆڵە تایبەتی‌یەكان لەم حیكایەتانەدا چوارچێوەدارە. ٣:جێ‌گۆڕكێ‌و بەدوای یەكدا هاتنی رۆڵە تایبەتیەكان بەردەوام یەكسانە. ٤) هەموو حیكایەتەكان لە ڕوانگەی پێكهاتەییەوە یەك جۆرن، وە دەتوانین ئەو دواین جۆرە بدۆزینەوە.[٩]

پرۆپ لەپاری سێیەمی كتێبەكەی‌دا پیشانی‌دا كە رۆڵە تایبەتیەكانی كەسیەتیەكان لە حیكایەتە فۆلكۆریكی‌یەكان‌دا، ژمارەیان لە سی‌و یەك تێناپەڕێ‌و بە وردی ئەم سی‌و یەك خاڵەی ڕێك خست؛ پاشان خەریكی روونكردنەوەی ئەم دۆزینەوەیەی خۆی بوو كە كەسیەتیەكانی حیكایەتەكان بەسەر حەوت گروپی گشتی‌و سەرەكی‌دا دابەش دەبن. ١ـ پاڵەوان، [مرۆڤێكی ]دلێرە كە لێگەڕە، هەندێ جار دەبێتە قۆربانیی پیلانەكان، بەڵام بە زۆری سەركەوتویە. ٢ـ كچی پاشا یان ژنێكی چاكەكار، بەهەرحاڵ ژنێك [هەیە] كە پاڵەوان بەدوای‌دا دەگەڕێ. ٣ـ بەخشند یان فاڵچی، كە سەرەتا پاڵەوان تاقی دەكاتەوە پاشان دەبێتە یارمەتیدەری ئەو. ٤-یارمەتیدەران‌و هاوڕێیانی پاڵەوان. ٥ـ گەیێنەر كە پاڵەوان بۆ ئەنجامدانی كارێك دەنێرێت. ٦ـ بەدكارو شەڕەئەنگێز كا دوژمنی پاڵەوانە، ٧ـ پاڵەوانی ساختە یا گزی‌كار، كە خۆی لە جێێ پاڵەوان دادەنێ،[١٠]. دەلوێ كە هێندێ جار كەسیەتیەك جگە لەم قۆناغانە [لە قۆناغی تریش]دا جێی بێتەوە. بۆ نموونە كەسیەتی بەدكار [دەشێ] پاڵەوانی ساختەش بێ، یان فاڵچی دەوری گەیێنەر بگێڕێت. هەروەها دەلوێ چەند كەسێتییەك لە یەك قۆناغ‌دا جێیان بێتەوە. بۆنموونە چەندین كەسیەتی بەدكار هەبن، یان ژمارەی یارمەتیدەران زۆر بن، یان پاڵەوان بەدوای كچە پاشاو باوكی خۆی‌دا بگەڕێ.[١١] ئێستا روون دەبێتەوە كە رۆڵە تایبەتی‌یەكان، پاژەكانی كردەن. خاڵگەلێك وەك تەریكخرانەوە، قەدەغەكردن‌و ئەنجامدانی بابەتە قەدەغەكراوەكان، دەستدرێژی یان فریودان، ئاگادار كردنەوە، ئاڵۆزكردن، تێكەڵكردنی كێشەكان‌و . . . رۆڵە تایبەتیەكانی كەسیەتییەكانن كە

یەکسەر بە جیا لەو کەسانەی کە ئەوانە بەرەو پێشەوە دەبەن، لە ئامرازو کەرەستەی حیکایەتدا بەکار دێن.[١٢] رووداوە هەمیشەی دووپاتبووەکانی حیکایەتەکان، هەمان رۆڵە تایبەتیەکانی کەسیەتیەکانن. جیا لەوەی ئەم کەسانە کێن‌و شێوازەکانیان لە بەرەوپێش بردنی رۆڵە تایبەتیەکان‌دا کامانەن، ئەم ئەرکانە پاژە دروستکەرەکانی حیکایەتەکانن. بە پێی بنەمای چوارەم کە پرۆپ هێناویەتە گۆڕێ، هەموو حیکایەتە فۆلکلۆریکە رووسی‌یەکان لەڕاستی‌دا لە حیکایەتی کۆتایی یان چاکتر بڵێین لە یەك "پێکهاتەی کۆتای گێڕانەوە" پێك هاتوون. هەر یەکەیان بە فۆرمێکی تایبەتی یان "واریاسیۆنی" یەك لەو حیکایەتە یان پێکهاتە کۆتایی‌یە ئەژمار دەکرێن.[١٣] سەد حیکایەتێك کە پرۆپ وەکوو سەرچاوەی کاری خۆی بەکاری هێنابوون، کۆمەڵەیەك لەو حیکایەتە هەڵبژێردراوانە بوون کە فۆلکلۆرناسی هەڵکەوتووی رووسی "ئافا ناسف" کۆی کردبوونەوە.[١٤] تالەوپۆی دوا گێڕانەوەی ئەم سەد حیکایەتە (کە لە تەك میتۆدی ئەویش [ پرۆپ] تاوتوێ کراون دەگونجێن)[١٥] بەم چەشنە: کەسیەتی سەرەکی یان پاڵەوان، لە سەرەتادا نەخۆش، بەساڵاچوو، یان منداڵ یان ساویلکەیەکە کە ئاگای لە نهێنی‌یەکە. ئەرکێکی قورس دەخەنە ئەستۆی. کردەی ئەو (کە لەهەر "واریاسیۆن"ێك‌دا فۆرمگەلێکی فرەچەشنی هەیە، هەندێ‌جار کردەیەکی سادەیەو هەندێ‌جار بریتی‌یە لە زنجیرەیەك لە کردە بەردەوامەکان) نیشاندەری دوارۆڵی تایبەتی‌و ئەبستراکتە. پرۆپ لە چەمکی "پانتایی کردە"ی کەسیەتیەکان، بە مەبەستی روونکردنەوەی واتای رۆڵی تایبەتی کەڵکی وەرگرتوە. لە کۆتایی‌دا وەکوو ئەنجامی لۆژیکی کردە یان زنجیرە کردەکانی پاڵەوان، نهێنی چیرۆك ئاشکرا دەبێت، یان ئامانجی کۆتایی بەدەست دێت.[١٦]

کتێبەکەی پرۆپ کاریگەریی قووڵی لەسەر رێبازی پێکهاتەگەرایی سۆڤییەت لە دەیەی ١٩٦٠ لە قوتابخانەی "تارێتۆ" دانا. لە لایەکی دیکەوە توێژینەوەکانی کولتووورە جەماوەری‌یەکان، فۆلکۆرناسی‌و ئۆستورەناسی، بەتایبەتی لە سۆڤییەتدا هەمیشە لەژێر کاریگەریی پرۆپدا بووە. جیا لەو دژواریە بەزەیی بزوێنانەی کە بۆ پرۆپ لە سەردەمی دوورو درێژی سەرەڕۆیی ئیستالینیستی‌دا هاتە پێشەوە،[١٧] بەڵام باڵادەستی بەردەوامی میتۆدی کاری ئەو لەسەر توێژینەوە فەرهەنگیەکان نکۆڵی لێ ناکرێت. لە ساڵی ١٩١٩ چاپێکی رەخنەگرانەو (کامڵ) لە [کتێبی] مۆرفۆلۆژی جیکایەت لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە. لە ساڵی ١٩٧٧ کۆمەڵەیەکی تەواوی وتارەکانی[





پرۆپ] لە ژێر سەردێری "توێژینەوە ژانرناسانە فۆلکلۆریەکان چاپ کرا. [١٨] لەو ساڵانەدا ملتینسکی کتێبی گرنگی "تیۆری ئەدەبیی ئۆستووورە"ی بڵاوکردەوەو پێرمایاکێف کتێبێکی لەبارەی پەند [proverb] ەوە لە [ چاپ دا][١٩]، کە هەردووکیان بە تەواوی کاریگەری هزرەکانی پرۆپیان لە سەرە. کاریگەریی کتێبی پرۆپ لەسەر پێکهاتەگەرا فەرەنسی‌یەکان، لە دەیەی ١٩٥٠ەوە ئاشکرا بوو. کلۆدلئۆشتراوس لە وتاری "پێکهاتەو فۆرم"دا پیشانی دا کە پۆلێن‌بەندی پرۆپ لەمەڕ حیکایەتە رووسی‌یەکانەوە تا چ ئاستێك وەکوو میتۆدێکی داهێنەر گرنگە[٢٠]. (یاکۆبسێن)یش چەندین جار جەختی لەسەر گرنگیی میتۆدۆلۆژیکی کاری پرۆپ کردەوەو لەو باوەڕەدا بوو کە "گێڕانەوەناسی" [narratology] بە واتای وردی وشە، [هاوکات] لەگەڵ کتێبەکەی پرۆپدا دەستی پێ کردوە. کتێبی پرۆپ لەسەر توێژینەوەی ئۆستوورەکانی (لئۆشتراوس، گێرماس)، تاوتوێی پێکهاتەی گێڕانەوەی (گێرماس، بریمۆن) تیۆری ئەدەبیی (بارت، تۆدۆرۆف) کاریگەریی سەداسەدی هەبوو. لە زستانی ٦٤ ـ ١٩٦٣دا کلۆدبرێمون لە ئەنجومەنی هانری پوانکارە لەمەڕ واتاناسی‌یەوە دواندەری [خۆی پێشکەش ] کردو لەودا، کتێبی پرۆپی بە گرنگترین بەڵگەنامەکانی جوانناسی مۆدێڕن ناودێر کرد. لە دەستپێکی ساڵی ١٩٦٥دا کاتێ کە تۆدۆرۆف وتارێکی پرۆپی لەنێو کۆمەڵەیەك لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستە رووسی‌یەکان‌دا بڵاو کردەوە، گرنگی ئەو لە پێکهاتنی بنەما نوێیەکانی تیۆریی ئەدەبی‌دا تا رادەیەك روون بوویەوە. لە هەمان ساڵ‌دا وەرگێڕدراوی تەواوی [بەرهەمی] مۆرفۆلۆژی حیکایەت بە فەرەنسی بڵاو کرایەوە. بە یارمەتی میتۆدی پرۆپ روون بوویەوە کە "دوا پێکهاتە"ی گێڕانەوە دەتوانین بدۆزینەوە، هەرچەندەش کە ئەم کارە لە هەنگاوی یەکەم‌دا دژوار خۆ بنوێنێ. ئەم میتۆدە کە گرنگی‌بە رۆڵی تایبەتی کەسیەتیەکان لە تان‌وپۆی گێڕانەوەیی‌دا بدەین‌و کردەکان چەشنی کەرەستەکانی لێکدانی ماتماتیکی تۆخمەکان بهێهینە بەرچاو، هەر چەند کە یەکسەر بەم چەشنە پەسندکراو بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی گێرماس‌و برێمون‌دا گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام رێی لەبەردەم بابەتەکانی دواتر ئاوەڵا کردو، هەر ئەم خاڵە راستی‌و باوەڕپێکراویی کارەکەی پرۆپ دەردەخات.[٢١] ئەم روونکردنەوەیەی پرۆپ کە هەر تان‌و پۆیەك گێڕانەوەیەکی ناتەواوی حیکایەتی سەرەکی‌یە، شیکاریی پێکهاتەیی دەقە ئەدەبیەکانی (مومکین) کردوە.

رۆلان بارت لە کۆتایی وتاری "جەنگ لە تەك فریشتەدا"(١٩٧١) گەڕایەوە بۆ باسەکەی پرۆپ. ئەو لەسەر بنەمای ریزبەندی رۆڵە تایبەتیەکان، بەشێکی کورتی لە کتێبی هاتنەبوونی "سەردەمی عەتیق"ی تاوتوێ کرد. بارت رەهەندێکی دیاری کردوە کە لەودا لەنێوان رووداوگەلێك کە پرۆپ نووسیونیو رووداوەکانی بابی ٣٢ی کتێبی هاتنەبون (ئایەتەکانی ٣٢ ـ ٢٢) بەراورد[ێك] ئەنجام دراوە. بارت پێی داگرت کە میتۆدی پرۆپ ستونی شیکاری پێکهاتەیی دەقە؛ وە لەم هاوتەریبییەی میتۆدی پرۆپ لە تاوتوێی حیکایەتە رووسییەکانو میتۆدی ئەو لە تاووتوێی ئایەتەکانی "سەردەمی عەتیق" لانیکەم ئەم خاڵە روون دەبێتەوە کە "سیمبۆلێکی فۆلکلۆریك بۆ "کتێبی پیرۆز" [ئینجیل] دەتوانین پەیدا بکەین". بارت لایەنێکی پشت بەستو بە خوازەی رەها لەو دەقەدا کە خۆی لێی دەدوێ دەدۆزێتەوەو پیشان دەدا کە ئەم لایەنە رووداوە سەرەکییەکانی گێڕانەوە بەرەو "کامڵبوون" نابات، بەڵکوو توخمەکانی پێکەوە تێکەڵ دەکات؛ ئەمە خاڵێك بوو کە پرۆپ لە رێگەیەکی دیکەوە پێی گەیشتبوو(٢٢). ئەم ئاراستەی لێکدانی حیکایەتانە کە پرۆپ یەکەمجار دۆزیبویەوە؛ رێی لە بەردەم زۆر لە توێژینەوە سەرەکییەکانی تیۆری نوێی ئەدەبی ئاوەڵا کردوە؛ تەنیا وەکوو نموونە دەتوانین باسی یاکۆبسێن لەمەڕ میتافۆر / خوازەی رەهاو لێکۆڵینەوەی لئۆشتراوس لەمەڕ "پۆلێن کردن"ەوە وەبیر بهێنینەوە.

٢

ئاندرە یۆڵس لە ساڵی ١٨٧٤ لە (نێوویپ)ی هۆڵەندا لە دایك بوو. لە فرایبۆرگدا لێکۆڵینەوەی دەرچوون [تێز]ی خۆی لە ژێر ناوی "لەبارەی جوانناسییەوە"(١٩٠٥) نووسی، پاشان لە بەرلین نیشتەجێ بووو بوو بە هاووڵاتی ئاڵمانی. لە "لاپیزیك"دا بوو بە مامۆستای وانەی مێژووی هونەرو لە ١٩١٩دا کتێبێکی لەمەڕ بەرهەمە شانۆییەکانی شیلێر بڵاو کردەوە. لە ١٩٢٣دا کۆمەڵە وتارێکی خۆی لەبارەی بۆکاچیۆ، شێلی، گۆتە، زۆلا، ئیبسێنو ئیستریندبێرگ لەژێر ناوی "خۆرپەو فۆرم"ی لە چاپ دا. پاش حەوت ساڵان توێژینەوەی لەمەڕ فۆرمە سادە ئەدەبیەکان ئەنجام داو لە ئەنجامدا کتێبێکی لەژێر ناوی "فۆرمە سادەکان" لە ساڵی ١٩٣٠دا بڵاو کردەوە.[٢٣]

یۆڵس لە ساڵی ١٩٤٦دا کۆچی دوایی کرد. لە پاش شەڕ [شەڕی یەکەمی جیهانی] "فۆرمە سادەکان" لە ئاڵمانی فیدراڵدا بە بێ دەسکاری (١٩٥٨) بڵاو کرایەوە، چاپێکی دیکە [ی ئەم بەرهەمە] لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کۆماری





دێموکراتیکی ئاڵماندا تەنیا یەك خاڵ دەسکاری کرا: ئاماژەیەك بە مۆسۆلینی گۆڕ درا بۆ هێما کردنێك بۆ ناپلیۆن بۆناپارت. کتێبی یۆڵس، هەروەك لە ناوو نیشانەکەیدا دەردەکەوێ، توێژینەوەیەکە لەنێو فۆرمە سادەکانی دەربڕینی ئەدەبیەوە؛ فۆرمگەلێك کە چەند بەشێکیان فەرامۆش کراونو لە بنەڕەتدا زۆر لە توێژەرانو رەخنەگرانی فۆرمەکانی دەربڕینی ئەدەبی لە بەشەکانی دیکەیان تێناگەن. توێژینەوەی یۆڵس کە بەجیا لە کارەکانی فۆرماڵیستە رووسییەکانو پرۆپ هاتە ئەنجام، بۆتە رێخۆشکەری شیکاری پێکهاتەیی دەقو بەتایبەتی بەشێك لە گرنگترین لەپێشدانان [premise] ەکانی لە باسە تیۆرییە پێکهاتەگەراکاندا روون کردەوە.

هەر بەو جۆرە کە لئۆشتراوس توێژینەوەی فۆرمگەلی سادەی پێوەندییە ناوەکییەکانی سیبمولەکان بە مێتۆدی ناسینەوەی فۆرمە ئاڵۆزترەکانی پێوەندی نێوان بەرهەمە فکرییەکانی کۆمەڵگای نوێ دەزانێ، ئاندرە یۆڵسیش ناسینی "فۆرمە سادەکان"ی دەربڕینەکانی ئەم سەردەمە پێناس کردوە. "فۆرمی سادە" بەڕای یۆڵس، بنەمایەکی پێکهاتەییە لە هزری مرۆڤدا کە لە جەرگەی زماندا بەیان دەکرێ. ئەو ژمارەی ئەم فۆرمانەی سنووردار زانی، چونکە لە رێکخستنی ژیانو هاوڕێکی شتەکان ـ بە چەشنێکی زماننا‌سانە ـ پێك هاتوون. بەکارهێنانی فۆرمە سادەکان کتو مت وەکوو بەکارهێنانی وشەکانو کردارەکانە. کۆمەڵگایەك ناتوانی بدۆزینەوە کە بەبێ ئوستوورە، نوکتە [joke]، مەتەڵ، یان حیکایەت بەسەری بردبێ. یۆڵس خۆی ناوی نۆ فۆرمی سادەی هێنا، و میتۆدی کارەکەی بەجۆرێکە کە دەتوانین بە وردبوونەوە لە پێوەندییەکانی ئەم فۆرمانە "رێزمانی فۆرمە ئەدەبییەکان" بدۆزینەوە: ـ ١) ئەفسانەی پیرۆز، ٢) ئەفسانەی قارەمانێتی، ٣) ئوستوورە، ٤) مەتەڵ، ٥) قسەی نەستەق، ٦) پەند، ٧) راپۆرت، ٨) حیکایەت، ٩) نوکتە.

یۆڵس تەنیا باسی لەم نۆ فۆرمە سادەیە کردوە، بۆچی باسی لە فۆرمە سادەکانی دیکە وەکوو حیکایەتی رەوشتی، نزاکان، گۆرانییەکان، چیرۆکی رەوشتی، چیرۆکی ئاژەڵان، چیرۆکی منداڵان نەکردوە؟ یۆڵس خۆی نووسیویەتی کە ئەو نۆ ناوە کە لە کتێبەکەیدا لە بارەیانەوە دواوە، هیچ کات دوا ناوو نیشانو دواین گوتە نینو لە بنەڕەتدا بابەتی فۆرمە سادەکان "سیستەمێکی داخراو نیە"، بەڵکوو بە ئاسانی دەتوانین چەند ناوو نیشانێکی دیکەش بەسەر پارەکانی کتێبەکەی زیاد بکەین:

"چەمکی فۆرمی سادە لە بنەمای خۆیدا، بوار هێنانەگۆڕی سیستەمێکی کۆتایی نادات". بەڵام لە هەمان کاتدا یۆڵس جەختی کردوە کە فۆرمە سادەکانی کتێبەکەی بنەمای تیۆریەکی ئەدەبی ئامادە دەکەنو هەتاکوو ئەم پێرستە تەواوتر بێت، تیۆریی ئەویش وردتر دەبێ.[٢٤] دەقی "فۆرمە سادەکان" کە لە ئاڵمانی رۆژهەڵات بڵاو کرایەوە، پاشکۆیەکی لەگەڵدایە کە ئالفرێد شوستێکی نووسیویەتی. لەم نووسینەدا دەخوێنینەوە کە هێنرێك بێکەر هاوڕێو هاوکاری یۆڵس لە نامەیەکدا شوسێك ئاگادار کردۆتەوە کە یۆڵس لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا دەیویست گۆڕانکاری بەسەر دەقی کتێبەکەدا بێنێو بەتایبەتی چیرۆکی ئاژەڵان وەکوو دەیەمین فۆرمی سادە بێنێتە گۆڕێو بڕیارەکەی وابوو کە زیاتر لەبارەی پێوەندە ناوکییەکانی ئەم فۆرمانەوە هەوڵ بدات[٢٥] بە بۆچوونی بێکر، یۆڵس دوو رێسای سەرەکی لە دابەشکاریی خۆیدا رەچاو کردبووو لە پێداچوونەوەی کتێبەکەی دەیویست پێوەندییە ناوەکییەکانی فۆرمە سادەکان لەم دوو رێسایە وەدەست بێنێ. بە پێی یەکەم رێسا پێنج دەستە فۆرمی سادەمان هەیە کە پێوەندی بە شێوەی ئاخێوەوە هەیەو دەتوانرێ ئەوانە بە پرسیاریی، هەواڵدەری، فرماندان، داخوازیو بێدەنگ ناودێر بکەین. بە پێی رێسای دوەم فۆرمە سادەکان دوو چەشنن: ریالیستو ئایدیالیست. یەکەمیان ئەگەر یا رودانی رووداوەکانی هەر فۆرمێك بەیان دەکا، بەجۆرێك کە نەتوانین بڵێین کە ئەم رووداوە (نەلواوە). بەڵام دوەمیان لە رووداوە (نەلواوە)کان دەدوێ.[٢٦] بەڕای بێکر پێنج فۆرمی سادەی ریالیست بریتین لە: چیرۆکی ئاژەڵان (داخوازی)، قسەی نەستەق (فرماندان) مەتەڵ (بێدەنگ) ئەفسانەی قارەمانێتی (هەواڵدەری) نموونە (پرسیاریی). شیکاریی یۆڵس ئەرك گەرایە. بە بۆچوونی ئەو، هەر فۆرمێکی سادە لەسەر پێویستییەك هەیەو دەبێ لە پێناو دابینکردنی ئەو پێویستییەدا تاووتوێ بکرێتو بناسرێتەوە. دەبێ چیرۆك بۆ نموونە بە رێگەیەك بۆ شکاندنی لەمپەرەکانو گەیشتن بە دادپەروەری بزانینو بەم پێیە فۆرمە هەمە جۆرەکانی لێك جیا بکەینەوە. فۆرمە سادەکان، بە پێچەوانەی خاڵە زەمەنی، رێزمانی [یەکان] بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پێویستییەکی رەوشتی دروست دەبن. ئەم خاڵە لە بۆ تێگەیشتن بۆ پۆلێنبەندیی فۆرمە سادەکان زۆر گرنگە. پۆلێنبەندی بێکر ئەوەندە روون نیەو خالگەلێك وەکوو "بێدەنگ" یان "داخوازی"یەکسەر ناڕوونن. بەتایبەتی کە لەمەڕ "داخوازی"یەوە بێکر ناوونیشانێکی دیکەشی واتە "ناوی گشتی" هێناوە کە تێگەیشتن لە





مەبەستەکەی چەندین جار ئاستەمتر دەکات. بەهەر حاڵ، خاڵی گرنگ ئەمەیە کە ئەركو بنەمای پۆلێنبەندی ئەو روونەو دەتوانێ شوێن دەستپێکی کارەکانی دواتر بێت. بەر لە دەستپێکردنی باسەکە لەبارەی ئەو فۆرمانەی کە یۆڵس لە کتێبەکەیدا باسی لێوە کردوون، جێی خۆیەتی لە پێشگوتارێك کە ئەو بۆ کتێبی "فۆرمە سادەکان" دایناوە، وردبینەوە. ئەم دەقە روونکەرەوەی میتۆدی کارو بنەماکانی هزری ئەوە. یۆڵس سەرەتا نووسیویەتی کە توێژینەوەی کاری ئەدەبی لە سێ ئاراستەدا دەلوێت: جوانناسانە، مێژووییو مۆرفۆلۆژیك. توێژەری دەقە ئەدەبییەکان تێدەکۆشێ تاکوو دیاردە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای جوانی، واتاو فۆرمیان تاووتوێ بکا[٢٧]. فۆرم، لە رەخنەی هونەریو جوانناسانەی سەدەی هەژدەهەم (تا کریستان وۆلفو ئیمانۆئێل کانت) باڵادەست بوو. پاشان چەمکی فۆرم ئاراستەی مێژوویی لە توێژینەوەی ئەدەبی هێنایە پێشەوەو دانەریدەق گرنگیی پەیداکرد؛وپاشان"چەمکی بلیمەتی"هاتە گۆڕێ[٢٨].لەو پەراوێزەی ئەم دوو رەوتەدا رەخنەی مۆرفۆلۆژیك یان شیکردنەوەیەکی تازە لەبۆ فۆرمی بەرهەمە ئەدەبییەکان دروستکرا. گۆتە باسی لە چەمکی گشتاڵت یان قاڵبی بەرهەمی هونەری کردو خۆی تیۆریەکە لەمەڕ مۆرفۆلۆژی رووەکەکان[٢٩]. یۆڵس [تەوەری] کتێبەکەی خۆی بە ناسینی قاڵبی فۆرمە سادەکان لە قەڵەم دا. ئەو کات باسی لە خاڵێکی گرنگ کرد: پێوەندیی نێوان فۆرمی ئەدەبیو زمان. بەڕای یۆڵس هێردێر لە توێژینەوەکەی خۆی لە ئەفسانە جەماوەرییەکانی ئاڵمان، پەی بە گرنگی شیکردنەوەی زمانی بردبووو بەرهەمەکانی ئەو یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی تێگەیشتن لە پێکهاتە یان فۆرمی بەرهەمی ئەدەبی ـ میتۆدی مۆرفۆلۆژی ـ ین. یۆڵس "چەمکی کار"ی هێنایەی کایەوە. لە زماندا دەتوانین دابەشکردنی کار بدۆزینەوە؛ واتە هەڵکەوتی تاکەکانی [نێو] چیرۆکەکان بناسینەوە. یۆڵس گرێدرانی زمانو کار بە کەلتوور ناوزەد دەکاو دوابەدوای ئەم پێناسەیە لە نێوان پیشەکانی تاکەکان لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەدارییو فۆرمە سادەکاندا بەراوردێك دروست دەکا[٣٠]. ئەمە باسێکی سەرنجڕاکێشە کە وەبیرهێنەری رای (ڤالتێر بینیامین)ە لەمەڕ پێوەندیی حیکایەتگەریو ژیانی ئابووریی روویەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەدارییە[٣١]. دوا خاڵی گرنگ کە لە پیشگوتاری یۆڵسدا هاتوە، پێناسەی گشتیی "فۆرمە ئەدەبییەکان"ە [کە] لە فۆرمە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکان، گێڕانەوە هەمە جۆرو لێك جیاکان پێك دێن. پەیداکردنی

سنووریکی ورد لە نێوان ئەم فۆرمە گێڕانەوەیییانە هەر بە قەد کێشانەوەی سنوورێکی راشکاوانەو هەمەلایەنە لە نێوان ئەزموونە جیاوازەکانی تاکە کەسەکان دژوارە. کەوابوو تەنیا بە یارمەتیی بژیوانێك دەتوانین بەم پارە هاوبەشە بگەین: [واتە] زمان. "هەر جارێك کە زمان لە بنەمای فۆرمی جیا دەبێتەوە، هەر جار کە زمان بە مەبەستی گۆڕینی ئەم فۆرمانەو دروستکردنی سیمبۆلێکی تازە دەستێوەردان بکات، دەتوانین باس لە فۆرمی ئەدەبی بکەین"[٣٢]. گرنگترین خاڵ کە دەتوانین لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییيەکەی یۆڵس‌دا وەدەستی بێنین، گرنگیی چارەنووسسازی زمان لە تاوتوێی هەریەك لە فۆرمە سادەکانە.

١- ئەفسانەی پیرۆز. یۆڵس لێکۆڵینەوەکەی بە ئەفسانەی پیرۆز دەست پیکرد کە "خاڵی بنەمایی لە کولتووری رۆژئاوا"یەو سەرچاوەکەی بۆ ئەفسانە مەسیحی‌یەکان (بەو چەشنەی کە کەلیسای کاتۆلیك هێناویەتە گۆڕێ) دەگات(٣٣). گێڕانەوەی ئەفسانە پیرۆزەکان کردەیەکە نەریتی‌و بنەماکەی ژیانی پیاوچاکان بوو. ئەفسانە پیرۆزەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا لق‌و پۆپیان پەیدا کردو چەند ناوێکی دیکەیان وەکوو "کردارگەلی پاکبوونەوەیی" یان "کردارەکانی شەهیدان" دایە پاڵ. ئەفسانە پیرۆزەکان نەك تەنیا لە فۆرمی نڤیساری‌دا، بەڵکوو زیاتر بەشێوەیەکی زارەکی لە گێڕانەوەیەکی جەماوەری‌دا دەردەبڕدران، دەمانەوەو فۆرمێکی تازەیان وەردەگرت. لە سەدەی سێزدەهەم‌دا لە کۆمەڵەی ناسراو بە "ئەفسانەی ژنانی شەهید"دا بۆ یەکەمجار وشەی ئەفسانە بەکار هات. پاشان یۆڵس لە پەیدابوونی وشەکانی پیاوچاك‌و حاخامی یەزدان دواو بناغەی ئەفسانەکانی پێوەندیدار بە کردەکانی پیاوچاکانی لە دەقەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا لەمەڕ پەرجووە دۆزییەوە[٣٤]. یۆڵس دەربڕینی گێڕانەوەی "ئەفسانەی ژیان‌و شەهیدبوونی پیاوچاکان"ی لە ئەرك (یان بەگوتەی خۆی لە هاتنەدی)ی زمان‌دا بینیەوە. لێرەدایە کە زمان گرنگی‌و رووی راستەقینەی خۆی دەردەخات، بۆ نموونە زمان "دا پیانانەکان"ی سێنت ئوگۆستین بواری ئەوەمان پێ نادا تا ئەم دەقە بە ئەفسانەی پیرۆز لە قەڵەم بدەین. ئەم پلەیە لە راستگۆیی‌و راشکاوی لە دەربڕینی گرژی‌یە دەرونی‌و دەرمەستە وارسکەییەکانی بوونی مرۆڤ، زمانێکە جیا لەو شێوە دەربڕینەی "ئەفسانە پیرۆزەکان" واتە ئەو زمانەی کە کردارەکانی پیاوچاکان بەهۆیەوە دەردەبڕدرین. بەڵام زمانێك کە هێندێك لە نووسەرانی ژینی ئوگۆستین





بەکاریان هێنا، بوو بەهۆی ئەوە کە بتوانین بڵێین کە ئەوان باسیان لە ئەفسانە پیرۆزەکان کردوە[٣٥].

٢- ئەفسانەی پاڵەوانێتی: بەڕای یۆڵس ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکان، لەڕاستی‌دا رووی ناسوتی ئەفسانە پیرۆزەکانن. وشەیەکی ئاڵمانی کە روونکەرەوەی ئەفسانەی قارەمانێتی بوو، واتە saga لەمەڕ رۆنانێك لە ئەفسانە ئوستوورەیی‌و مێژوویی‌یەکانەوە بەکار هات[٣٦]؛ بەڵام وشەی ئینگلیزیی sageتەنیا بە چەشنێکی تایبەتی بە ئەفسانە پاڵەوانێتی، (نەك ئوستوورەیی)یەکانی باکووری ئەورووپا دەوترا. یۆڵس هەر لەم ئەفسانە باکوورییانەوە دەستی پێ کرد کە سەرچاوەی ئەفسانە قارەمانێتی‌یەکانی ژێرمان‌و (ئەنگلۆساکسۆن)یشن. بنەمای ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکان، نزیکایەتی‌یە بنەماڵەیی، تەتکنیکی‌و پێوەندی‌یە هاوخوێنی‌یەکانە.[٣٧] لە هەموو ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکان‌دا، ئاڵۆزیی ئەم پێوەندییانە، سەرچاوەی زۆر لە رووداوە چارەنووسسازەکانە. جێنشینی لە زۆربەی ئەفسانەکان‌دا، خاڵی سەرەکی‌یە.[٣٨] دەتوانین ئاڵۆزیی نزیکایەتیە بنەماڵەیی‌یەکان لە ئەفسانە قارەمانێتی‌یەکانی ئێران‌دا، لە ئەفسانەی رۆستەم‌و زۆراب‌دا بدۆزینەوەو کێشەی جێنشینی لە ئەفسانەکانی سیاوەش ئەسفەندیاردا بدۆزینەوە. هەڵبەتە لە بیرمان نەچێ کە لە سەرچاوە سەرەکی‌یەکانی ئەم ئەفسانە قارەمانێتی‌یانە، واتە "شانامەی فیردەوسی"، لێکدانێك لە ئەفسانەو ئوستوورە بەدی دەکرێت. لە حاڵێك‌دا باسەکەی یۆڵس لە بنەڕەت‌دا لەبارەی ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکانەو نەك ئوستوورەکان. بەڵام یۆڵس لە درێژەی باسەکەدا، کاتێك هێما بە [داستانی] قارەمانێتی‌و بەتایبەتی "ئیلیاد"ی هۆمێرۆس دەکا، لێکدانی ئەفسانەو ئوستوورە بەناچاری دەکاتە بابەتی توێژینەوەکەی خۆی. یۆڵس [داستانی] قارەمانێتی بە فۆرمێکی تەواو ئاڵۆز لە قەڵەم دا کە لە رێگەی کامڵبوونی ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکانەوە بەدەست دێت‌و بەشێوەیەکی تایبەتی ناوی "ئیلیاد"ی هێناوە کە لەسەر بناغەی ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکانی یونان دامەزرابوو. نموونەی دیکەی یۆڵس ئەفسانەکانی باکووری ئەورووپایە. "ئەفسانەکانی نیبلونگ"، بە قۆناغی تێپەڕین (ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یەکان بۆ [داستانی] قارەمانێتی دەژمێردرێن.[٣٩] پاشان یۆڵس باسی لەو ئەفسانە پاڵەوانێتی‌یانە کرد کە سەردەمی عەتیق* = [ئینجیل] هاتوون‌و خاڵی گرنگی هاوپێوەندی‌یە هاوخوێنی‌یەکان یان ئاڵۆزیی پێوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکانی

له "کتێبی پیرۆز [ئینجیل]" هێناوەته پێشەوەو لەمەڕ ئەفسانەکانی پاشاکانی "سەردەمی عەتیق دوا کە تەوەری سەرەکییان جێنشینی بوو.

٣ـ ئوستوورە: بەشێك له کتێبی یۆلس کە ئەمرۆکە کۆن بووە، هەر ئەم باسەی لەمەڕ ئوستوورەیە. له دەیەکانی پێشوودا کۆمەڵە کارێکی گەورە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، وەکوو توێژینەوەکانی لئوشتراوس، ژۆرژ دۆمزیل‌و میرچائیلیادە، کە باسەکەی یۆلس بە بەراوردکردن لەگەڵ کاری ئەوان‌دا ناتەواو دێتە بەرچاو. یۆلس سەرەتا رەخنەی لە هێنانەگۆڕی واتاکانی وشەی ئوستوورە لە فەرهەنگنامەی ئەلمانیای سەردەمی‌خۆی‌گرت‌و پاشان له پەیوەندی لەگەڵ ئەفسانە قارەمانێتی‌و ئەفسانە پیرۆزی‌کان دادواو لەسەر ئاراستەی گوتارو دەربڕینی ئوستوورەدا پێی داگرت بە "کردەوەی خوایی" لە قەڵەم دا (هەر بەو چەشنەی کە بنەمای ئەفسانە قارەمانێتی‌یەکانی بە پێوەندی‌یە هاوخوێنی‌یەکان پێناس کردبوو)[٤٠].

ئوستوورە یونانی‌یەکان [نێوەرۆکەکەیان] لەباری دۆزینەوەی سەرچاوەی بوون یان کردەی خوایی بوو. لە ئوستوورەدا بەدوای یەك‌داهاتنی رۆژژمێریانەی یان زەمەنمەند لە گۆڕێ‌دا نیەو هەر هەوڵدانێك بە مەبەستی تێپەڕین لە ئوستوورە بۆ کەتوار بێهوودەیە. چونکە لێرەدا کامڵبوون لە بنەڕەت‌دا بێ‌مانایە. ئوستوورە تەنیا بە لەدەستدانی بەستێن‌و بنەمای خۆی دێتە نێو هوشیاری‌یەوە. لئۆشتراوس دواتر درێژەی بەم باسەی پۆلس داو [ئەمە] یەکێ لە خاڵە "زیندوو"ەکانی پاری ئوستوورە لە [ بەرهەمی] "فۆرمە سادەکان"ە[٤١]. یۆلس جەخت دەکات کە نابێ چاوپۆشی لە پێوەندیی نێوان ئوستوورەو ئەقڵ بکرێت؛ ئەو هێمای بە کتێبی کارتل راینهارت کرد بە ناوی "ئوستوورەی ئەفلاتوونی" کە لەبارەی پێگەی ئەستوورەیە لە وتووێژەکانی ئەفلاتوون‌دا. ئەو وەبیری‌هێنایەوە کە لە وتووێژی "پرۆتاگۆراس"دا شوێن دەستێکی باسی پرۆتاگۆراس ئوستوورەیە کە لەمەڕ "رۆژگاری رابردوو، کاتێك کە لە جیهان‌دا تەنیا خواوەندەکان هەبوون‌و هیچ خولقێنراوێك نەبوو"[٤٢]. یۆلس ئەم ئوستوورەیەی بەسەرچاوەی ئوستوورە "ئەفلاتوونی"یەکانی دیکە زانی‌و ئەم پێوەندی‌یەی نێوان ئوستوورەو ئەقڵ (لۆگۆس)ی بە چرکەساتێکی گرنگ لە مێژووی هزری فەلسەفی‌دا لە قەڵەم دا[٤٣]. لە کۆتایی پاری سێهەم‌دا یۆلس وەبیری هێنایەوە کە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئوستوورەی بە [بابەتی] کردەی خوایی داهێنان دەست پێکردوەو لەگەڵ ئوستوورەکانی کۆتایی جیهان دەیبەستێتەوە. ئەو پێی داگرت هەر چەشنە هزرێکی پشتبەستوو بە





ئاپۆکالیپیس (واتە باسکردن لە وێرانی جیهان‌و کۆتایی‌بوون) "جۆرە کردەیەکی زمانی"یە[٤٤]، چونکە ئاماژەکانی لە تێگەیشتن نایەن. تەنیا وەکوو زمان دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ کە لە سنووری ئاماژەدا جێگیر بووە [ لێیان تێ‌دەگەین]. لە ئوستوورەدا وەکوو ئەفسانە پیرۆزو پاڵەوانێتی‌یەکان، وزەی ناوەکی گێڕانەوە دەگوازرێتەوە بۆ شتێکی بێ‌گیان. یۆلس ئەم شتەی بە سیمبول ناودێر کرد. وەکوو ئەو بەراوردەی کە لە کتێبی "هاتنە بوون" کە لەودا خوا خۆی بە یەعقوب پیشان دەدا: "وە ئەم بەردە کە چەشنی دیمەکێك دام‌چەقاندوە دەبا ببێتەم ماڵی خوا". (پاری ٢٨، ئایەتی ٢٢) ئەم بەردە چ شتێك لە بەراورد وەبیر ناهێنێتەوە، بەڵێنێکی بەدوارۆژ نادات، وە لە بنەڕەت‌دا ئارایی‌یەکی مێژوویی[ش] نیە. شتێکە کە وزەی ئوستوورە تیایدا بەرجەستە بووە.

٤ـ مەتەڵ یان هەڵبێنە: مەتەڵ بەردەوام لەسەر بناغەی وتووێژ، واتە پرسیارو وەڵام دامەزراوە. ئێستاش لە مندالْ، یان لە خوێنەری گۆڤارێك، یان لە پڕکەرەوەی [خانەکانی] خاچەرێزێك، شتێ دەپرسن‌و ئەویش وەڵام دەداتەوە. یۆلس ناوی دوو کتێبی هێنا کە لە ساڵانی ١٨٩٧و ١٩١٢دا بە زمانی ئاڵمانی بڵاو ببوونەوەو لەوان‌دا دوو مرۆڤناس، زۆر لە مەتەڵە کۆنەکانیان کۆ کردەوە. "میتۆدی ئەوان هەڵبەت لەتەك میتۆدی مێژوونووسان جیاوازە". ئوستوورە فۆرمێکە کە وەڵام دەداتەوە؛ وە مەتەڵ فۆرمێکە کە دەپرسێت. ئوستوورە هەڵگری پرسیارو وەڵامە؛ بەڵام مەتەڵ خوازیاری وەڵامە[٤٥]. لە ئوستوورەدا مرۆڤ پێوەندی لەگەڵ جیهان‌دا هەیەو هەوڵ دەدا تا جیهان بە یارمەتی "جۆرە پێشبینی‌یەکی پێغەمبەرانە" بناسێتەوە؛ لە مەتەڵ‌دا مرۆڤ لە تەك مرۆڤێکی دیی‌دا بەرەوڕوویە شتێکی لێ‌دەپرسێت. یەکێ لەو دوانە زانایەو تێ‌دەکۆشێ ـ هەندێ جار تەنانەت بە نرخی ژیانیشی ـ تاکوو وەڵام (واتە زانایی) بدۆزێتەوە. لە ئوستوورەدا پرسیارکەرین‌و پێکهاتەی ئوستوورە وەڵامە. لە مەتەڵ‌دا لێمان دەپرسن‌و پێکهاتەکەی پرسیارە. هەر بۆیە ئوستوورە بەردەوام چالاکەو مەتەڵ خوازیار، ئوستوورە ئازادی دەبەخشێ، بەڵام مەتەڵ سنووردار دەکات. بێ هۆ نەبوو کە وشەی کۆنی ئاڵمانی مەتەڵ Tunkal بوو کە واتاکەی‌تری تاریکی‌یە(٤٦). وشەی عەرەبی "معمی" (کە بەفارسی "معما"ی پێ دەڵێن) لە رەگی تعمیە هاتوە بە واتای نابیناکردن، کوێرکردن‌و دروستکردنی تاریکی. بەڵێ، یۆلیس باسی لە هەڵبێنەو مەتەڵە بەناوبانگەکان کرد. بۆ نموونە [باسی لە] هەڵبێنەی ئەبولهۆل لە چیرۆکی ئودیپ‌و خالگەڵی کرد

که بنەمای هەموویان تاقیکردنەوەیە. کەسێکە کە دەزانێ ئەو کەسە تاقی دەکاتەوە کە نازانێ. بەڵام دیالۆگەکەیان بە جۆرێك نیە کە لە ئەنجامدا جیهانی تایبەتی، واتە جیهانی دەق بخولقێنێ. وەڵام، ئەگەر بدۆزرێتەوە زیاتر لە وشەیەك نیە، یان ئەوپەڕی ئایدیایەکە کە لە رستەیەکی زۆر کورتدا بەیان دەکریت. ئامانجی سەرەکی دۆزینەوەی حەقیقەت نیە، بەڵکوو هەتوارێکی داپۆشراوە کە دەبێ نهێنییەکەی ئاشکرا بێت. یۆڵس نووسی کە لە ژیانی مۆدێرندا، لە یەك خاڵی گرنگدا دەتوانین مەتەڵ پەیدا بکەین، و مرۆڤناسان بەردەوام ئەم خاڵەیان فەرامۆش کردوە: پرسیارگەلێك کە لە دادگاکاندا دێنە ئاراوە. دادوەر دەبێ بزانێو وەڵامدەر (تاوانبارکراو یان شایەتحاڵ) شتێك دەزانێ. لە زۆر خاڵدا خاڵی ناروون بۆ تاوانبارکراو (وە هەندێ جار بۆ شکاتکەر) دەبێتە گرنگییەکی چارەنووسساز. لەبارەی تاوانبارکراوەوە دەتوانین بڵێین کە هەندێ جار وەڵام پێوەندیی بە مافی ژیانی خۆیەوە هەیە[٤٧]. دواخاڵ ئەوەیە کە مەتەڵ [بەهۆی] "زمانێکی تایبەتی"یەوە دێتە گۆڕێ. یۆڵس لە زاری (پوورزێك)ەوە ئەم زمانە تایبەتییەی بە زمانێك کە واتا دادەپۆشێ پێناس کرد[٤٨] زمانێکی ئاشنا بۆ شاعیران.

٥ـ قسەی نەستەق فۆرمێکی سادەو کورتە، چەشنی مەتەڵ کە دەتوانین جۆرێکییانی بە "پەند" ناودێر بکەین[٤٩]. بە سەرهەڵدانی "هیومانیزم" لە سەردەمی رێنسانسدا (لە بەرهەمەکانی بیریارانێك وەکوو ئاراسمۆس، مۆرو...) قسەی نەستەق فۆرمێکی نوێی (و لە گوتاری ئاینزایی لوتەردا رۆڵێکی سەرەکیی) پەیدا کرد. یۆڵس لە زاری سیلێر گێڕاویەتەوە کە پەند فۆرمێکە لە قسەی نەستەق کە پەسند کراوەو بەکارهێنانی گشتیو جەماوەریی بەدەست هێناوە. سیلێر پەندی لە تەك گۆرانییە جەماوەرییەکان، چیرۆکە فۆلکلۆریكو ئەفسانە پاڵەوانێتییەکان بەراورد کردوە کە "قووڵایی گیانی جەماوەریی" دەنوێنن[٥٠].

بەڵام یۆڵس نووسی کە "خەڵك" هیچ بەرهەمێك ناخوڵقێنێ، بەڵکوو رۆژێك لە رۆژان، کەسێك هەرچەندەش کە بە تەواوی نەناسراو [بێ] خولقاندوویەتی. بەڵام لەلایەن داهێنەرە بێناوەکانەوە خوڵقێنراون، بەڵام بەگشتی پەسند کراون. ئەگەر "قووڵایی گیانی جەماوەریی" دەنوێنن، نەك لە جیهانی ئافراندندا، بەڵکوو لە پرۆسەی پەسندکردندا دەینوێنن. هەر قسەیەکی نەستەق بەیانکەری ئەزموونێکی تایبەتەو ئێمە بە گرنگترین خاڵ لە تێگەیشتنی سروشتی دەبیی ئەو [قسەی نەستەق]ە دەژمێردرێت.





سروشتی فێرکاریی ئەو [قسەی نەستەق]ە گرنگ نیە. ویلهلۆم گریم گوتوویەتی کە "پەندەکان راستیی جەماوەریی خاوەنی ئاراستە فێرکاریو ئاشکراو خۆویستەکان نین". یۆڵس دەریخستوە کە مەرج نیە کە قسەی نەستەق سادە بێتو فۆرمەکانی خوازە تیایدا زۆر بەکار دێت[٥١]. رێسای سەرەکی لە قسەی نەستەقدا زمانناسانەیە، دەبێ بڵێین کە لە هەنگاوی یەکەمدا فۆنۆلۆژیکە. قسەی نەستەق دەبی ئاوازەکەی خۆش بێت، نەرمیو پاراویی موسیقایی وا هەست دەکرێ کە هەر لە سەرەتاوە بۆ دەربڕینی گوتارو دووپاتبوونەوە لە نێو زمانی خەڵکیدا دروست دەبن. لە هەنگاوی دواییدا، قسەی نەستەق ـ لانیکەم هەوڵ دەدرێ کە ـ تاك واتای بێت. ئامانجێك کە هەڵبەت بە شتێکی تەواو بەدەست نایەت.

٦ـ پەند: یۆڵس لە پێشەکییەکی درێژدا لەسەر "پەند" بەو ئاکامە گەیشت کە هەرکات گێڕانەوەیەك بۆ دەربڕینی یاسایەکی (یاسایی، رەوشتی، دینی، کۆمەڵایەتیو...) بەکار بێتو مەبەست لێی هەڵکۆڵینی ئەو یاسایە بێ، پەند دروست دەبێت. نموونەیەك کە ئەو لەمبارەیەوە هێنایەوە، دوو بەند لە یاسای سزادان بوو کە داگیرکردنی ئاگایانەی دارایی کەسێکی دیکە بە دزیو تاوان دەزانێو بەشداربوون لەم داراییيانە ـ بە ئاگاداربوون لەوە کە کەلوپەلی دزراون ـ بە بەشداربوون لە دزیو شایان سزادان دەزانێ. ئەگەر بۆ روونکردنەوەی ئەم دوو بەندە، باس لە کوڕە لاوێك بکەین کە کیفی باخەڵی کەسێك دەدزێو ئەو پارانەی کە تیایدایە لەگەڵ یارەکەی خۆی دابەش دەکات، کەڵکمان لە فۆرمی سادەی پەند وەرگرتوە[٥٢]. ناتوانین بەسەر پەند یان قسەی نەستەق شتێك زیاد بکەین. هاوڕێی دزی یان دۆستی کاروان؟" هەر ئەمەیە کە هەیە، کورتترین فۆرمی دەربڕین؛ بەڵام دەتوانرێ پەند فراوان بکرێ. بنەمای واتایی پەندێك وەبەرچاو بگرین: "کوڕە لاوێك کیفی باخەڵی منی دزیو لە تەك یارەکەیدا پارەکەی دابەش کرد." ئێستا دەتوانین بەبێ گۆڕینی ئەم بنەمایە بڵێین "لەو رۆژە بەهارییەدا، لە گۆڕەپانی نێوەندی شار، کوڕە لاوێك کە کراسێکی رازاوەی لەبەر کردبوو، دەموچاوێکی جوانی هەبوو، لەگەڵ ژنێکی گەنجو زۆر جواندا، بە لاما تێپەڕیو کیفی باخەڵی منی کە لە ئیتالیا کڕیبووم، بەشێوەیەکی ئەوەندە شارەزایانە کە..." دەربڕینی دووەهەم واتای سەرەکی پاراستوە، بەڵام واتا یان واتاگەلێکی تازەشی داهێناوە. یۆڵس ئەم خاڵەی بە "فۆرمی کاملتری دەربڕینی ئەدەبی" ناودێر کردوە[٥٣]. ئەم تێپەڕبوونە لە واتایەکی تاقانە لە قسەیەکی نەستەقدا دەشێ بەیان بکرێت. بە

گێڕانەوەیەکی کاملتر کاتێك کە واتاگەلێکی دیکە دەخوڵقێنێ، [خۆی] کردەیەکی ئەدەبیی "کاملتر"ە. لە کتێبە دینیو زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکان (کە ڕۆحێکی دینی یان سۆفیانەیان هەیە) بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ئایەتێك یان ڕێسایەك یان بڕیارێك نموونە دەدۆزینەوە. یۆڵس نموونەیەکی ئەدەبی لە کتێبی "کاتاساریت ساگارە" یان (گەنجینەی چیرۆکە هێندییەکان کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی یانزدەهەمی زایینی سۆمادوا برهمەنی کەشمیری کۆی کردنەوە) هێنایەوە. لەم کتێبەدا کە ناوونیشانەکەی دەتوانین بە "زەریای چیرۆکەکان" وەرگێڕین، زیاتر لە سێسەد پەنجا چیرۆك یان پەند [case] یاسا ڕەوشتییەکان بەکار هاتوون. نموونەیەکی زۆر ئاشنا کە نزیکە لە "کاتاساریت ساگار"ەوە، "کلیلەو دەمنە"یە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا. بەڵام پەند [case] بنەمای ژمارەیەك لە گەورەترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسییە[٥٤]. جیاوازیی سەرەکی نموونە لەگەڵ "حیکایەتی ڕەوشتی" لەوەدایە کە حیکایەتی ڕەوشتی بۆ دەربڕینی ڕێسایەکی تایبەتی بەکار نایەت. تەنیا لە ڕێگەی بەیانکردنی چیرۆکێك کە ئەگەر ڕوودانی، بە پێی لۆژیكو ئەقڵی ڕۆژانە لە ئارادا نیە، بە یاسا یان فرمانێکی ڕەوشتی دەگات[٥٥]. پەندو حیکایەتی ڕەوشتی لە تەك "چیرۆکی ڕەوشتی" جیاوازن، پەند، ڕەوشتی هەموان پەسند دەکاتو لە دروستکردنیدا ڕۆڵی هەیە، بەڵام "چیرۆکی ڕەوشتی" ڕەتکردنەوەو هێندێ جار داشۆڕینی ڕەوشتی هەموانە[٥٦].

٧- ڕاپۆرت: یۆڵس ئەم فۆرمە لە گێڕانەوەی لەنێو فۆرمە سادەکاندا جێکردەوەو جەختی کرد کە ئەمڕۆکە لە ڕۆژنامەنووسیدا بەکارهێنانێکی گشتی هەیە[٥٧]. ئەو نموونەیەکی لە ڕاپۆرتی "ڕۆژنامەیەکی کۆن" هێنایەوە کە ناواخنەکەی خۆکوشتنی هێنری. س [کە] پیاوێکی شەستساڵان بوو [تە] "بەهۆی کێشەی دارایی" خۆی [کوشتو]ە. بەڕای یۆڵس ئەم ڕاپۆرتە خاوەنی سێ ئەرکە: ١- ژیاننامەیەکی کورت لە هێنری. س دەدات بەدەستەوە. ٢- ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەم پیاوە تاڕادەیەك بەساڵاچووەو بەناوبانگە خۆی کوشتوە. ٣- کۆمەڵە زانیارییەك لەمەڕ شێوەی ئەم خۆکوژییە دێنێتە ئاراوە. زنجیرەیەك لە ڕاپۆرتە لاوەکییەکان لە تەك ئەم ڕاپۆرتە سەرەکیەدا هاتون: هاوسەری هێنری. س لە شەوی کارەساتەکەدا بۆ گوێگرتن لە موسیقا بۆ ئۆپێرا ڕۆیشتبوو، دراوسێی جەنابی س. واتە ئاستا نیلستن ـ ئەکتەریی بەناوبانگی سینەما ـ دەنگی تەقاندنی گوللەکەی بیستبووو پۆلیس ئاگادار کردبوویەوەو... پرسیارگەلێك دوا بەدوای





خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە دروست دەبن: بۆچی جەخت لەسەر ڕۆیشتنی خاتوو س. بۆ ئۆپێرا کراوە؟ ئایا وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کە کاتێك مێردەکەی لە ماڵەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنا، ئەو لە ئۆپێرا چێژی لە ئۆپێرا وەرگرت، هۆیەکی تایبەتی هەیە؟ ئاستا نیلستن لەوە کە ناوی لە ڕۆژنامەکاندا هاتوە خوشحاڵە؟ ئەو چەند جار ڕۆڵی ژنێکی بینیوە کە لە تەك مردوودا بەرەوڕوو دەبێت؟و...[٥٨]. یۆڵس لە درێژەی باسەکەیدا هێمای بۆ فۆرمەکانی دیکەی ڕاپۆرت بۆ نموونە "ڕاپۆرتی مێژوویی" کرد، ئەو باسی لە "ڕاپۆرت نووسی" لە یونانی دێرین کردو هەروەها باسی لە زاراوەیەکی یۆنانی کرد کە بەرامبەر بە فارسییەکەی "خیردادن = ئاگادارکردنەوە"یە: ئەوەی کە یونانییەکان لەم زاراوەیە تێدەگەیشتن، لەو واتایەی کە من لەمەڕ فۆرمی ڕاپۆرتەوە هێناومەتە گۆڕێ، زۆر نزیکە"[٥٩]. سوکرات دەمرێ، ڕاپۆرتدان لە مردنی ئەو، گوتاری یان نڤیسیاری، دێتە ئاراوە؛ ڕاپۆرتێك لە گفتوگۆی قوتابییەکانی لەمەڕ مردنیەوە دەگاتە دەست؛ ڕاپۆرتێك لە دوا بەرگرییەکانی دێت... ڕاپۆرت هەر چۆنێ بێ دەربڕینی زەیینی ڕووداوەکانە، جۆرە ڕاڤەیەکە. بە ئاشکرا، ئەم باسەی یۆڵس جۆرە پێشبینییەکی ئەم بابەتانەیە کە پۆل ڕێکۆر هێناویەتە کایەوە. مێژوونووس، واتە ڕاپۆرتو ڕاپۆرت واتە ڕاڤەی کردە. مێژووی پلۆتارك، یان مێژووی گەزنەفۆن تا چ ئاستێك لە ڕاستیی کردەکانەوە نزیکن. چوار ئەناجیل، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکان کە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی عیسا مەسیحدا لە تەك یەکتریدا هەیانە، تا چ ئاستێك "ڕاستەقینە"ن؟

٨- حیکایەت: یۆڵس ڕوونی کردەوە کە تا پێش بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە حیکایەتەکانی ویلهلۆمو یاکۆب گریم (١٨١٤ ـ ١٨١٢) وشەی ئاڵمانی Merchen واتای فۆرمێك لە دەربڕینی ئەدەبی نەدەدا بە دەستەوە. لە حاڵێکدا کە پێشینەی بەکارهێنانی ئەدەبی هاوواتا فەرەنسییەکەی واتە Conte بۆ سەدەی سێزدەهەمی زایینی دەگەڕێتەوە. لە ئاڵماندا نۆ والیس، گۆتەو تیك هەر یەکەو حیکایەتیان بە واتاگەلێکی جیاواز بەکار هێناوە[٦٠] بەڵام کتێبی برایانی گریم باسەکەی لە ڕەوتێکی ڕاستو دروستدا ئاراستە کرد. خاڵی سەرەکی فۆرمێکی تایبەتیە لە دەربڕینی ئەدەبیدا کە چەندین ناوی زۆرو لێك جیای لە هەر زمانێکدا پەیدا کردوە. باسکردن لە واتای حیکایەت لە سەرەتای سەدەی نۆدەهەمەوە دروست بوو. بەتایبەتی لە مشتو مڕێکدا کە پێوەندیی شێعرو زمانی دەهێنایە کایەوە. یەکێ لەم

باسانە لەو نامانەدا کە لە نێوان برایانی گریمو ئارنابمدا ئاڵوگۆڕ کران، ئەدۆزرێتەوە. ئەم نامانە دواجار هاتنەئارای دوو چەمکی "شیعری سروشتی"و "شیعری هونەری" لێکەوتەوە. یاکۆب گریم لەو باوەڕەدا بوو کە شێعر خورپەیەکە لەلایەن سروشتەوە دێتە نێو دڵی شاعیرەوە. "شێعری سروشتی خورپەیەکە بۆ دڵی هەموان"، کەوابوو شێعرێکی جەماوەرییە. بەڵام "شێعری هونەری" خورپەیەکە بۆ دڵی شاعیرێك. شاعیری سروشتی ناوەکەی بزر دەبێو شێعرەکەی بە موڵکی هەموان دادەنرێ، بەڵام دەتوانی شاعیری هونەری بناسیتەوە. گریم لە شێعری سروشتییەوە گەیشتە حیکایەتو لە "شێعری هونەری"یەوە گەیشتە رۆمان. دەیوت حیکایەت فۆرمێکی هەڵقوڵاوی هەیە، بەڵام "هەر چەشنە هونەرێکی تاکەکەسی وەك شێعری هونەری لەسەر بنەمای تانو پۆیەکی لە پێش داڕێژراوە، دروست دەبێت"، وە مەبەستی هەر ئەو شتەیە کە هێرمێنۆتیکی کلاسیك بە "نیازی دانەر" ناودێری دەکرد. بەڵام ئارنایم ئەم جیاکارییەی پەسند نەدەکردو باوەڕی گریمی بە "دەرئەنجامی بابەتەکانی فەلسەفەی مۆدێرن" دادەنا کە لە "هەموو شتێك جیاکاریو رووبەڕووبوونەوە دەدۆزیتەوە"(٦١). ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حیکایەت بە لەنێوچوونی جیهانێك کە بەوەوە پەیوەست بوو" لەنێو چووە(٦٢). بەڵام شێعر کۆنو تازەی نیەو لە بنەڕەتدا خاوەنی مێژوو نیە. یۆڵس دوابەدوای ئەم باسە کورتە مێژوویەکی لەمەڕ کامڵبوونی جۆرەکانی حیکایەت هێنایە گۆڕێ. هەر لە فۆرمی "نۆڤێڵ"ەوە لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاستەوە بگرە تا ئەو حیکایەتە کورتانەی کە لە "دێکامیرۆن"ی بۆکاچیۆ هاتونو ژانرێك لە حیکایەتکەریی کە بە "حیکایەتە توسکانیەکان" ناوبانگیان بەدەست هێنا(٦٣). یۆڵس ئەو بەرهەمانەی کە گۆنجاو لەگەڵ نموونەی "دیکامێرۆن" نووسراون، (چەشنی "شەوانی دلگیر" بەرهەمی جۆوانی فرانچسکۆ ئیستراپارۆلاو "حیکایەتی حیکایەتەکان" بەرهەمی جان باتستا بازیلە) بەشێوەیەکی کورتکراوە شیتاڵ کردەوە. ئەم دوو نموونەیە، بەرهەمگەلێکن کە هێندێك لە رێساکانی "دیکامێرۆن"یان لەمەڕ حیکایەتکەرییەوە خستە ژێر پێ. یۆڵس لەو باوەڕەدا بوو کە بازیلە یەکەم حیکایەتکەر بە واتای مۆدێرنە(٦٤). هەندێ لەو حیکایەتانەی کە درەنگتر لە کتێبی گریمدا هاتوون، دەتوانین لە کتێبی بازیلەدا بیاندۆزینەوە. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا، چیرۆکەکانی شارل پرۆ بڵاوبوونەوەو لە مەودایەکی کورتدا لە فەرەنساو ئیتالیا، کتێب گەلێك هاوشێوەی کۆمەڵە حیکایەتەکانی پرۆ بڵاو بوونەوە. لەنێوان ساڵانی ١٧٠٤ تا





١٧٠٨ "هەزارو یەك شەو" بۆ یەکەمجار وەرگێڕدرابویە سەر زمانی فەرەنسی، بەڵام لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو کە کاریگەریی هەمەلایەنەو قووڵی لەسەر [شێوازی] چیرۆكنووسی ئەورووپی داناو "یەك لە چواری مێشکی ئیستاندالی داگیر کرد". بەڵام یۆڵس کورتە مێژووی حیکایەتکەریی کاتێ گەیشتە شیپانەی بزووتنەوەی رۆمانتیزم، کۆتایی پێ هێناو ئیدی لێکۆڵینەوەی لەسەر بەرهەمەکانی هۆپێل، لسکۆڤو... نەکرد. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کامڵبوونی چیرۆکی منداڵانی چەشنی جۆرێکی تایبەتی لە حیکایەتکەریی، وەبەرچاو نەگرت، وە ئەمە یەکێ لە کەموکوڕییە بنەڕەتیەکانی "فۆرمە سادەکان"ە. لە جیاتی ئەوە، یۆڵس باسەکەی بەرەو خاڵی گرنگ لەبارەی "زمانی حیکایەت"و "رەوشتی حیکایەت راکێشا. جیاوازییەکانی زمانی حیکایەتی لەگەڵ زمانی ئەفسانە پیرۆزەکانو ئەفسانە پاڵەوانێتییەکان روون کردەوەو پیشانی دا کە بە چ جۆرێ رەوشتێکی سادە کە لە "زانستی دابەکان"ەوە نزیکترە تاکوو لە رەوشتەوە، لە کۆتایی حیکایەتەکانی پرۆدا سەری هەڵدەدا، لە حاڵێکدا کە ئەگەر رەوشت لە پرسیاری کانتییانەی "دەبێ چ بکەین؟" کورت بکەینەوە، ئەو کات ئەو حیکایەتانە نابنە پێگەیەکی شیاو بۆ هێنانەگۆڕو لە ئەنجامدا وەڵامدانەوەی ئەو [پرسیار]ە. ئێستا ئەگەر ئەم پرسیارە رەوشتییە بە هاوشێوەی ئەم پرسیارە بزانین (یان لانیکەم لەگەڵی بخەین" کە "هەر شتێك خاوەنی پێگەیەکە لە جیهاندا؟" ئەوکات حیکایەت بە کردەیەکی رەوشتی ئەژمار دەکرێت. بەهەر حاڵ رەوشتی حیکایەت سادە گەرایە (یۆڵس ئەو زاراوەیەی بە کەڵكوەرگرتن لە گوتەی شیلێر لەمەڕ "شێعری سادەگەرا"وە دروست کرد)(٦٥). لە کۆتاییدا یۆڵس جیهانی ئێمەی بە "دنیای تراژیك" ناوزەد دەکرد کە لە تەك رەوشتی سادەگەرادا تەبا نابێت. [ئەمە] باسێکە کە وەبیرهێنەری "تیۆریی رۆمان"ی لۆکاچە.

٩. نوکتە[joke]: دوا فۆرمێکی سادە کە لە کتێبەکەی یۆڵسدا هاتوەو بە بۆچوونی ئەو "بەردەوام هەبوەو هێشتاش ماوەتەوە" نوکتەیە. ئەم فۆرمە بەردەوام تایبەتیە، بە کاتو شوێنەوە گرێ دراوە. نوکتەی فەرەنسی لە نوکتەی ئاڵمانی جیایەو تەنانەت نوکتە بەرلینییەکان لەگەڵ ئەو نوکتانەی کە لە مونیخدا لەسەر زارانە، جیاوازن(٦٦). لەلایەکی دیکەوە نوکتەکانی سەردەمانی رێنسانس ناتوانین ئێستە ببیستینو چێژیان لێوەرگرین. ئەم نوکتانە تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆکەش کارابییان هەبێ، لە نوکتەکانی ئەم سەردەمە جیان. هەر لەبەر ئەوەیە کە نوکتەیان بە چەند

ناوێکی هەمە چەشن ناودێر کردوەو لەهەر زمانێکدا چەند هاوواتایەکی هەیە. لە زمانی فارسیشدا نوکتە لە تەك "بذلة"، "شوخی"، "دقیقه"و لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ هێمای نوکتەئامێزدا هاوواتایەو نزیکەی دوو دەیەیە کە وشەی ئینگلیزی جۆك [joke]یش بەکار دێت. زۆر لە نوکتەکان بەستراونەتەوە بە بەکارهێنانی ئاڵۆزی زمان، رووی وردبینانەی ئەو [نوکتانە] لە تەمومژی واتایی یان لە فرە واتایی خاڵ [ی مەبەست] وەدەست دێت. بەشێك لە نوکتەکان بە هەڵەی گۆکردنەوە گرێ دراو، [هەروەها] تێکەڵبوونی واتا چەند فاقییەکان، هەڵەی سینتاکسی، وە شتی لەم جۆرە. پێوەندیی نێوان لۆژیك و زمان لە نوکتەدا ئاوەژوو دەبێتەوەو تەواوی پرۆسەی فیکریی سروشتێکی هەڵقولاو پەیدا دەکات. هەر ئەم وێرانکەرییەش لە گەوهەری هزری رەوشتیشدا روو دەدات. نوکتە ئاگاییەکی خێراو بێ بژیوانە لە کەموکوڕیەکانی رێساکانو رێسازمانی، رەوشتی، کۆمەلایەتیەکانو...[٦٧]. نوکتە بناغەی کۆمێدیایە، بەلام لە نێوان ئەم دوو فۆرمە سادەو ئاڵۆزەدا، فۆرمگەلێکی زۆر دەتوانین بدۆزینەوە: (گاڵتەجاڕیی لە شانۆ سەر شەقامیەکاندا، کەرنەڤاڵەکان، دیوەخانەکان، کە هەمیشە وەکوو بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ رێساکان، بۆنەکانو نەریتە زاڵەکانو هەندێ جار چەشنی گوتاری گاڵتەباز لە "شالیر"دا، بنەمای هزری زاڵ دەداتە بەر پلاری گاڵتە پێکردنەوە)، تەنزنووسی، داشۆڕین تەوس[هونەری شانۆی بوکەیی [*]و... . داشۆڕین جۆرە گاڵتەپێکردنێکە کە بنەماکەی لەسەر مەودا دامەزراوە، لە بابەت دوور دەکەوینەوەو گاڵتەی پێدەکەین، تەنانەت هەندێ جار سووکایەتیی پێ دەکەین. بەڵام تەوس جۆرە هاودڵییەکی شاراوەو دەرنەبڕدراوە لە تەك بابەتدا[٦٨]. داشۆڕین بێ ئەملاو ئەولا رەت دەکاتەوە، بەڵام گەپی درندانە جۆرە یەکگرتوویییەك لەنێوان هەڵوێستە بندەستو باڵادەستەکان ئەدۆزێتەوە، هەر بۆیە سروشتە رەسەنەکەی فێرکارییە. "ئەگەری دابڕان لە هەڵوێستە نادروستەکان" بە بابەت دەبەخشێ[٦٩]. دەسپێکی کتێبی "لە ستایشی شێتی"ی ئەراسمۆس تەوسەو نیوەی دووەمیش داشۆڕینێکی توندوتیژە[٧٠]. دەتوانین بڵێین ئەو تەنزنووسیەی کە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەلایەتی، رەوشتی، ئابووری، ئایدیۆلۆژیكو بەتایبەتی سیاسی کۆمەڵگا ناکۆکە، لە دەربڕیندا بەرەو داشۆڕین رادەکێشرێ. بە بۆچوونی پۆلس تەوسی، دەستپێکی رۆمان نووسییە. "دۆن کیشۆت"ی سێروانتێس نموونەیەکە لە پەیوەستبوونو هاودڵی شاراوەی





دانەرو خوێنەر بە بابەتەوە. چەند نموونەیەکی دیکەش دەتوانین بدۆزینەوە (چەشنی "ئۆرلاندۆ فۆریوزو" لە نووسینی ئاریوستۆو حیکایەتەکانی رابلە). ئەگەر دژایەتی لەگەڵ گریمانە زاڵەکان، یەکێ لە ئەرکەکانی تەوسو بەتایبەتی داشۆڕین بێت، ئەرکەکەی دیکەی (کە بەهەر حاڵ بەستراوە بە یەکەمیانەوە) چێژ بەخشین بە بەرامبەر [گوێگر ـ ئاخێوەر]ە[٧١]. باسەکەی پۆلس نموونەیەك لە دۆزینەوەی چێژی دەقەکە دواتر رۆلان بارت لێی کۆڵیەوە. پۆلس دەڵێ چێژ لەو شوێنەدا دروست دەبێ کە لەگەڵ خاڵێکی گشتی نەك تایبەتیدا بەرەوڕوو دەبین. گاڵتەکردن بە روە ناشیرینەکانی ژیانی کۆمەلایەتی جۆرە دەربازبوونێکی ناوەکی بە دواوە دێت، وەکوو ئەوە وایە کە لەو سووچە کەڵەکەبوانەی کە لە رووی نائاگاییەوە تووشیان بووینو ئێستا ئازارمان دەدەن، رزگارمان بێت: [واتە] ئازاری هاوشێوەی ئەگەریی لە تەك بابەتدا. گاڵتەپێکردن بەرەبەرە، "تیپەکانی" تایبەتی بەخۆی دەخوڵقێنێ. لە هەر کۆمەڵگایەکدا گونجاو لەگەڵ پێوەندییە بەرهەمهێنییەکان، شێوە سەرەکییەکانی تاکە کەسەکان دەدۆزینەوە. لە سەرەتای سەرمایەداریدا، نموونەکانی: بازرگانیی نوێ باخەڵ، مرۆڤی پیسکەو پارە پەرەست، فیۆداڵی تێك رووخاو، سەربازی ملهۆڕ [**]... دروست کراون. لە نوکتەکانی پاشتردا بەشێك لەمانە مانەوە: راوچی، مرۆڤی جوانپۆش، چێشتچی، سەرپەل، دز، مامۆستاو... لە حاڵێکدا نوکتە ئەم "تیپە ئەبستراکتانە" دروست دەکات، کۆمێدیاو رۆمان ئەوانە دووبارە دەگۆڕن بۆ هەیکەڵو قەلافەتی مرۆڤێکی تایبەتی[٧٢]. بەڵام مەیلی دروستکردنی "تیپ" لە کاریکاتێردا دەمێنێتەوەو لۆژیکی کاریکاتێر ئەوەیە کە: بە لە فۆرمخستنی پێکهاتەی "سروشتی"و گەورەنواندنی "کەموکوڕییە رواڵەتیەکان، دوا کەموکوڕی ـ کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە ـ ئاشکرا بکەین[٧٣]. پاش شیتاڵکردنەوەی ئەم نۆ فۆرمە سادەیە، پۆلس لە پاشکۆی کتێبی "فۆرمە سادەکان"دا دووپاتی کردەوە کە دەتوانین فۆرمگەلیتریش بەوانەوە زیاد بکەین: "ئەرکی دوایی بەراوردی فۆرمە سادەکان لەگەڵ یەکدییە بە واتایەکی قووڵترەوە"[٧٤]. کارێك کە خۆی نەیتوانی بەدوایدا بچێت. خاڵێکی دیکە کە کتێبەکەی پۆلس [توانی] بنەما تیۆرییەکەی ئامادە بکات، دۆزینەوەی ئارایی توخمگەلێك لە فۆرمە سادەکان لەنێو فۆرمە ئاڵۆزەکانە، واتە دۆزینەوەی چەند کاکڵەیەك لە فۆرمە سادەکان لەنێو بەرهەمە هونەرییە نوێیەکاندا. کاری پۆلس یەکەم هەنگاو بوو لە پێناو کۆکردنەوەو رێکخستنی "تیئۆری فۆرمە سادەکان"دا.

ئەم راستیە لەلایەکەوە نیشانەی بایەخی کاری ئەوەو لەلایەکی دیکەوە چوارچێوەی کەموکوڕیەکانی نیشان دەدا. ئەمڕۆکە دەتوانین بە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە کتێبەکەی ئەو بخوێنینەوە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە یۆڵس واتایەکی چوارچێوەداری لەبۆ حیکایەت هێناوەتە گۆڕێو لە چوارچێوەی لەپێشدانان [Premise] ەکەیدا ئەفسانە "پاڵەوانێتی"یەکانی کرتیندۆ ترویز هەر بە چەشنی چیرۆکی پەریەکان، حیکایەتی ئاژەڵان یان "چیرۆکە رەوشتیەکان" جێیان نابێتەوە. ئەمڕۆکە ئێمە واتایەکی فراوانتر بۆ حیکایەت وەبەرچاو دەگرینو ئەو چوارچێوەیەی کە یۆڵس هێناویەتە گۆڕێ پەسند ناکەین. چوارچێوەیەك کە لە بەرهەمەکانی واڵتێر بنیامیندا کە شەش ساڵ لە پاش بلاوبوونەوەی کتێبی یۆڵس، لەمەڕ حیکایەتکەریەوە نووسی، دەست ناکەوێت. ئەو واتایەکی فراوانی بەخشیە حیکایەتو هەر چەند بابەتی تاووتوێکردنی لە چوارچێوەی چیرۆکەکانی لسکۆف (و تارادەیەك حیکایەتەکانی هیێل) لە قەڵەم دابوو، بەڵام ئەو هێمایانەی کە بۆ مێژووی هێرۆدۆت، یان "تلمۆد" یان راپۆرتە رۆژنامەییەکان دەیکرد، دەردەخات کە هیچ ترسێکی لەوە نەبوو کە راپۆرتی مێژوویی‌و ئەفسانە فۆلکلۆریکەکان لە پانتایی حیکایەتدا جێ بکاتەوە[۷۵]. بە دەربڕینیتر بنیامین "پێوەندیە ناوەکیەکان"ی فۆرمە سادەکانیشی دەدیت، بەڵام یۆڵس کاری خۆی لە چوارچێوەی وەسفی هەر فۆرمێکی سادە قەتیس کردبوو. جیا لە نووسینەکانی بنیامین، کۆمەڵەیەك لە وتارەکانی نۆزدە توێژەر لە کتێبێك لەژێر ناوی "سنوورەکانی حیکایەت"[۷٦]، پیشاندەری ئەم راستییەیە کە ئەمڕۆ لەو سنوورانەی کە یۆڵس دیاری کردبوون، تێپەڕ بووین. لەم کتێبەدا "سێ چیرۆك"ی فلۆبێرو فیلمەکانی ئێریك رۆمێر هەر بەو شێوەیە لە حیکایەتدا دەگونجێن کە رۆمانی "ئێسپرماهی" گۆنتەرگراسو "دیکامێرون"ی بۆکاچیۆدا [دەگونجێن]. پۆل دلارو لە ساڵی ۱۹۵۵دا نووسیبوی: "تاوتوێکردنی حیکایەت ئیدی بۆتە زانستێك کە بابەت، مێتۆد، ئامانجو توێژەرانی تایبەت بە خۆی هەیە"[۷۷]. ئەم بڕیارە لەڕادەبەدەر گەشبینانە بوو. نزیکەی ٤٠ ساڵ پاش بڕیارەکەی دلارو هێشتا تەنانەت تیۆرێکیش لەمەڕ حیکایەتەوە نەهاتۆتە ئاراو تەنیا توانیومانە روبەڕو چوارچێوەی کارەکە دیاری بکەین. هێرمێنۆتیکی ئەدەبی بە رەتکردنەوەی دوا واتای دەق، ڕێگەیەکی تازەی بۆ ناسینی حیکایەت ئاوەڵا کردوە. بەڵام واتا تاکە ئەگەر نیە، بەڵکوو بە مانای هەبوونی ئەگەرەکانە. ئیتر زانیومانە





کە دەبێ لە واتا بی ئەژمارەکانی دەق بدوێین. برۆنۆ بتلهایم لە شیکردنەوەی دەرونشیکارانەدا لەمەڕ چیرۆکی منداڵانەوە نووسیی: "قووڵترین واتای هەر حیکایەتێك بەلای هەرکەسێکەوە جیاوازە لە کەسێکیتر، تەنانەت دەبێ بڵێین کە لە قوناغە جۆربەجۆرەکاندا ژیانی هەر کەسێکیش جیاوازە"[۷۸]. بەڵێ، هەوڵدان بۆ کێشانەوەی سنووری کۆتایی فۆرمی ئەدەبی (و هەڵبەتە ژانری ئەدەبی) تەواو واتاکان نادۆزێتەوەو هەرچەند کە چەشنی کاری پڕبایەخی یۆڵس ئاگایی ئێمەش لەمەڕ فۆرمە (وە لە هەنگاوی دواتردا لەبارەی ژانری ئەدەبی) زیاد دەکات. پێکهاتەگەرا فەرەنسیەکان، چەندین ساڵ دواتر درێژەیان بە رێگەی یۆڵسو پرۆپ دا، وە هەوڵیان دا تاکو بە دۆزینەوەی دوا فۆرمەکان، رێگەیەك بەرەو ناسینی "شێوەکەی تری فۆرم"، واتە دۆخێك کە لە کۆتاییدا گۆڕانکاری واتایی (مومکین) دەکات، بدۆزنەوە.

٣

هەر فۆرمێکی گێڕانەوە[۷۹]، هەر چەشنە راپۆرتێك، لە حیکایەتی رەوشتیەوە تاکوو رۆمان، لە فیلمێکی سینەماییەوە تاکوو چیرۆکی منداڵان، لەو حیکایەتەی کە خەڵك لە خولیاکانی خۆیانەوە پێناسی دەکەن، تا دەگاتە نوکتەو ئاگاداریە پڕوپاگەندەییەکان هەموویان لەسەر بنەمای راپۆرتی چیرۆکین. هەربۆیە ناسینی گێڕانەوەی چیرۆك یەکێ لە گرنگترین خاڵەکانە لە توێژینەوەی ئەدەبیداو لە سەردەمی فۆرمالیستە رووسیەکانەوە لە چەقی گرنگی پێدانی توێژەراندا بوو. دەتوانین "گێڕانەوەناسی" بە لقێك لە نیشانەناسی بزانین کە تێدەکۆشێ تاکو پێکهاتەو پێوەندیە ناوەکیەکانی نیشانەکان لە دەقدا بدۆزێتەوە. کەوابوو شیکردنەوەی "ئاخێو" چەشنی رێزمانی دەق گرنگی پەیدا دەکاتو دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکەمین یۆلێنبەندی (ئاخێوی بەڵگەهێنەرانە، وەسفی، گێڕانەوەو هتد)[۸۰]. هەر چیرۆکێك لە دەربڕینی رووداوێکەوە دەست پێ دەکا. روداوێکی، جینایەتی، روونکردنەوەی ژیانێك، یان روونکردنەوەی هزرێك، هەموو لەو شوێنەوە کە بەیان دەکرێن، ئاراستەیەکی چیرۆکی دەگرنە خۆیانو دەگۆڕدرێن بۆ "رووداوە چیرۆکیەکان". هەر چیرۆك گێڕەوەیەك تێگەیشتنەکانی خۆی لەمەڕ چیرۆك بەیان دەکاو لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە چەند پاژێك لە رووداوەکە هەڵدەبژێرێو چەند بەشێکی بەلاوە دەنێ؛ واتە هەر چیرۆك گێڕەوەیەك تانو پۆی گێڕانەوە دادەڕێژێ، بەڵام هەر چیرۆکێك دەبێ بۆ بەرامبەر واتا پەیدا بکا. واتە

چیرۆك گێڕەوە ناچارە کە تێگەیشتنەکانی بەرامبەر بە "ئاستی ڕۆشنگەریی چیرۆك" بزانێ. دەبێ جۆرە زانستێکی هاوبەش لەنێوان دوو لایەنی چیرۆك گێڕەوە / بەرامبەر گوێگر، خوێنەر] هەبێت. ئەم زانستە هاوبەشە گریمانیو خەیاڵییە پێناسەی سەرەتایی گێڕانەوەو چیرۆك دروست دەکا: چیرۆك بەردەوام گێڕانەوە زنجیرە ڕووداوێکە بۆ کەسێك، لەسەر بنەمای جۆرە هاودڵییەك لەنێوان چیرۆك گێڕەوەو بەرامبەر. ئەم هاوڵییە لە فۆرمی چیرۆکدا بەدی دەکرێت. لە هێرمێنۆتیکی ئەدەبیدا، ئەم هاودڵییە بە وتووێژی نێوان] دوو ئاسۆی واتایی ناودێر دەکەن. [واتە] وتووێژێك کە لەنێو دەقدا (بەبێ گوێدانە بە چیرۆك گێڕەوە یان دانەر) لەگەڵ بەرامبەردا دروست دەبێت. لە پێکهاتەگەراییدا، بنەمای کارەکە فۆرمی گێڕانەوەیە کە لەسەر بناغەی هاودڵیی نێوان بەرامبەرو چیرۆك گێڕەوە دروست کراوە[81]. پیرێس گرنگترین ئەرکی نیشانەناسی بە "توێژینەوە لە فۆرمە هەمە چەشنەکانی ئاماژە واتاییەکان" دەزانێ. کارێك کە فۆرمالیستە ڕووسیەکان هەروەك ئاشکرایە بەبێ گوێدانە یاساکەی پیرێس ئەنجامیان دا؛ وە هەروەها] لە یاسای پرۆپ دوور نیە کاتێك کە مۆرفۆلۆژی بە "توێژینەوەی فۆرمەکان" دەزانی. گێرماس تێگەیشتن لە "پێکهاتە بنەماییە واتا ناسانەکانی بە تێگەیشتن لە فۆرمەکان" دەزانێ. ئەو لەگەڵ یەکێ لە دوو کەسایەتییە سەرەکییەکانی واتاناسیو پێکهاتەگەرا واتە] بیرمۆن هاوڕایە. ئەوانە لەمەڕ پێکهاتەی گێڕانەوەی بنەمای چیرۆك لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە. بە دەربڕینیتر هەوڵیان داوە نزیکایەتی نێوان فۆرمو واتا بدۆزنەوە. ئالێژ یرداس ژولین گێرماس (لە دایکبووی ١٩١٧ لە لیتوانی) لە ساڵی ١٩٤٩ لە سۆربۆن پلەی دوکتۆرای ئەدەبیاتی وەدەست هێنا. ئەو پاش بڵاوکردنەوەی واتاناسی پێکهاتەیی (١٩٦٦)و "لەبارەی واتاوە" ( ١٩٧٠) وەکوو گرنگترین تیۆرەوانی "واتاناسی گێڕانەوە" ناوی دەرکرد[٨٢]. لە ١٩٧٦دا هاوکات دوو کتێبی بەناوەکانی "مۆپاسان"، "نیشانەکانی دەقو نیشانەناسی زانستە مرۆڤایەتیەکان" بڵاو بوونەوە. فراوانبوونەوەی تیۆرەکانی دەتوانین بە "فەرهەنگی بەڵگەداری تیۆریی زمان" کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە چاپ درا، دواکاری ئەو "لەبارەی واتا، دوا کە لە ١٩٨٣دا بڵاو کرایەوە[٨٣]. گێرماس گێڕانەوەناسیی لەسەر ناغەی "مۆرفۆلۆژیی حیکایەت"ی ڤلادیمیر پرۆپ داناوە... . پرۆپ کەسیەتیەکانی ئەو حیکایەتە فۆلکلۆریکیانەی کە خۆی مەبەستی بوون لەگەڵ "بابەتی ڕستە" بە یەك شتی دانابوون. وە کردەکانی تایبەت بە چیرۆکی واتە "ڕۆڵە تایبەتیەکان"ی





لە تەك [مەبەستی] بارکراو [محمولی] ڕستەدا بە بەرابەرو یەکسان لە قەڵەم دابوو. گێرماس لەو ژانرە تایبەتیەی کە مەبەستی باسەکەی پرۆپ بوو، تێپەڕیو هەوڵیدا تاکوو "ڕێزمانی" چیرۆك پەیدا بکات. ئەو لە جێی حەوت دەستە کارەکتەرەکانی پرۆپ، سێ دەستە لە بەرامبەریە دوانییەکانی پێشنیار کرد کە بە پێی ڕێسا واتاناسەکان پێك دێن[٨٤]. مێتۆدی "واتاناسیی چیرۆك"ی گێرماس لە تەك بنەما ناسراوەکانی مێتۆدۆلۆژیك لە واتاناسیدا گونجاوە. هەر چیرۆکێك لە ژمارەیەك "بەرەودوایی [Sequence]" پێك هاتوە، وە هەر "بەرەودوایی"یەکیش لە ژمارەیەك سیمبۆل کە گێرماس بە "سیمبۆلی کردە" یان (Actant) ناوزەدی کردوون، پێك هاتوە. ئەم سیمبۆلانەی کردە دەشێ لەگەڵ کەسیەتیەکان لە باسەکەی پرۆپدا بەراورد بکرێن. هەر بەو چەشنەی کە بۆ ناسینی واتای ڕستەیەك دەبێ واتای وشەکانو ڕێسا ڕێزمانیو سینتاکسییەکان بزانیت؛ بۆ ناسینی واتای دەقێك دەبێ واتای بەرەودوابییەکانو ڕێساکانی "ڕێزمانی چیرۆك" بزانیت. بەڵام ئاماژەی واتایی بەرەودوایی، وەکوو ئاماژەی واتایی ڕێککەوتەیی نیە، بەڵکوو لەسەر بنەمای پێوەندی "ڕستە ناویەکان"ە لە تەك کردار دا. هەر بەو جۆرەی کە لە سیمانتیکدا، یەکە واتاییەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕێسای واتایی ڕستە دێنە کایەوە، لە واتاناسیی گێڕانەوەشدا، ڕستە ناویەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕێسای واتایی دەق بەکار دێن. لئوشتراوس لە وتارێکدا لەژێر ناوی "پێکهاتەو فۆرم"دا (کە پێشتر باسم لێوە کرد)، بنەماو لۆژیکی کاری پرۆپ واتە پۆلێنبەندی حیکایەتە فۆلکلۆریکەکانی لەسەر بناغەی تاووتوێی ڕۆڵی تایبەتیان پەسند کرد، تەنیا ژمارەی ئەم ڕۆڵە تایبەتیانەی کەم کردەوە. ئەو بەشێك لەم ڕۆڵانەی لە سیستمێکی تازەدا لێك نزیك کردەوە. بۆ نموونە "سەرپێچی" بە شێوەی پێچەوانەی "قەدەغە" زانیو "قەدەغەی" بە فۆرمێکی "سەپاندن"، هەربۆیە هەرسێکی لە ڕۆڵێکدا کرد کردەوە[٨٥]. کاری لئوشتراوس لە کۆتی چەمکی ڕۆڵی تایبەتیدا مایەوە، وە بەم پێیە دژواریەکانی ئەم چەشنە شیکردنەوەیەی نیشان دا. بەڵام گێرماس بە تەواوی چەمکی ڕۆڵی تایبەتیی بەلاوە ناو لە جێی ئەمە کەڵکی لە چەمکی "بەرەودوایی" وەرگرتو ناوی سێ بەرەودوایی سەرەکیی چەشنی "سێ ڕێسای سنیتاکسی" هێنا[٨٦]. ئەم سێ بەرەودواییە بریتین لە: ١ـ جێبەجێکاری کە بە بوار ڕەخساندنی ئەرکەکان، ڕۆڵە تایبەتیەکان، کردەکانو هتد...یەوە گرێ دراوە، ٢ـ پەیمانی یان ئامانجدار، کە دۆخی چیرۆك بەرەو ئامانجێك ڕێنوێنی دەکا، وەکوو هەڵسان بە ئەنجامدانی کارێك

یان سەرپێچیكردن لێی، ٣ـ جیاكەرەوە كە گۆڕانكاریەكانو بزاوتەكان دەگرێتەوە. بەرەودوایی جێبەجێكاری، تانو پۆی سەرەكیی چیرۆك دروست دەكا، وە پێكهاتەی گێڕانەوەی چیرۆكێك پشتی بەو بەستوە. بەڵام لە ڕوانگەی مێتۆدۆلۆژیكەوە، بەرەودوایی پەیمانی یان ئامانجدار لەو گرنگترە، چونكە دەردەخات دۆخەكان لە خودی خاڵی سەنترالّی تانو پۆدا نین، بەڵكوو ئەوەی ئێمە بە دۆخی ناودێر دەكەین، بە واتای پەسندكردن یان ڕەتكردنەوەی پەیمانە، بە بۆچوونی گێرماس زۆربەی چیرۆكەكان یان لە دۆخێكی نێگەتیڤەوە بەرەو دۆخێكی پۆزەتیف هەنگاو دەنێن. ([بۆ نموونە ] نامۆبوون لە كۆمەڵگا دەگۆڕێت بۆ توانەوەی تاك لەو [كۆمەڵگایەدا]) ژیان لە دۆخێكی پۆزەتیفەوە بە شكاندنی "پەیمان" كۆتایی پێ دێت. گێرماس بە پێچەوانەی پرۆپ كە پۆلێنبەندیە حەوتەوانەكانی لەبارەی كەسیەتیەكانی حیكایەتە فۆلكلۆریكەكانی تایبەت بەم حیكایەتانە دەزانیو ئەو پۆلێنبەندیەی [گشتگیر] نەدەكرد، لەو باوەڕەدایە كە دەتوانین: ژمارەیەكی زۆر كەم لە سیمبۆلی كردەی كەسیەتیەكان بدۆزینەوەو لەم سیمبۆلانە لۆژیكی جیهانی چیرۆك بخوڵقێنین[٨٧]. گێرماس هەوڵی دا تاكوو لەسەر بنەمای ئەم "سیمبۆلی كردانە" بنەماو ڕێسای سەرهەڵدانی ڕووداوەكان لە چیرۆكدا بدۆزێتەوە. تانو پۆی گێرماس لە شەش یەكە كە لەگەڵ یەكدیدا پێوەندیی سینتاكسیو واتایی پەیدا دەكەن، پێك دێت. ئەم شەش یەكەیە بریتین لە: ١ـ گەیێنەری پەیام یان داخوازكەر. ٢ـ وەرگری پەیام، ٣ـ بابەت، ٤ـ یارمەتیدر، ٥ـ نەیار، ٦ـ پاڵەوان. جەخت لەسەر بابەتە. پاڵەوان هەندێ جار وەرگرەو هەندێ جار نیە، بەهەر حاڵ كردەكانی لە تەك كردەكانی سیمبۆلەكانی كردە دیاری دەبێت. بەڕای گێرماس هەس شەش دەستەكە لە حیكایەتێك وەبەرچاو دەكەونو هەندێ جار ژمارەیەكیان دێنە گۆڕێ. لەسەر بنەمای ئەم سیمبۆلەی گێرماس دەتوانین كە لە "مادام بوواری" فلۆبێردا، ئێما بوواری [كە ] پاڵەوان[ە]. بابەتی شادمانی، گەیێنەر "ئەدەبیاتی ڕۆمانتیك"ە، هەروەها [خودی ] ئێما بوواری وەرگر[یشە]، یارمەتیدەران [بریتین لە ] دوو دڵخوازی ئێما [كە] لئۆنو ڕاندلێفو نەیارەكان [یش] شارلو كۆمەڵگای بورژوازین. لەسەر بنەمای ئەم تانو پۆیە ئێما بوواری خوێنەری چیرۆكە دڵداریە پڕژانەكان (چیرۆكە بێ سەرو بەرە كان كە لە دوو كەوانەدا بە "ئەدەبیاتی ڕۆمانتیك" ناودێریان كرد"، وێنایەك لەبۆ بەختەوەریو شادی لە مێشكیدا هەبوو، بە یارمەتی دوو دڵخوازەكەی بەرەو ئەو [وێنایە ]چووە پێشەوە (یان وای دەزانی





دەچێتە پێشەوە) وە یاسا، نەریت، باوەڕە كۆمەڵایەتیو دینییەكان دوژمنەكانی بوون. خاڵی دژوار لێرەدایە كە ئایا دەتوانین لئۆنو ڕاندلێف بە یارمەتیدەرانی ئێما بزانین؟ لەسەر بنچینەی ڕاڤەیەكی دیكە دەتوانین ئەوانیش بە نەیارانی ئێما لە قەڵەم بدەین؛ چونكە ئێما بە یارمەتیی ئەوان بەرەو شادمانی نەچووە پێشەوە؛ وە ئەوان بەشێك لە هەمان پێكهاتەی گشتیی ژیانی كۆمەڵایەتی، نەریتەكان، باوەڕەكانو... بوون. ئێما نەیزانی كە شارل بەبێ دوو دڵخوازەكەی ئەو لە گۆڕێدا نین، وە ئازادیو ئەڤینو وارسكەی لە كۆمەڵگایەكدا بە (لواو) زانی كە سەركوتیان دەكات. وەكوو نموونەیەكیتر "دۆن كیشوت"ی سێروانتێس دێنینە بەرچاو. دەتوانین دۆن كیشۆت ب وەرگرو پاڵەوان بزانین. ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیو حیكایەتە پاڵەوانێتییەكانی سەدەكانی نێوەڕاست گەیێنەر، ڕۆحی جەنگاوەری بابەت، سانكۆگووێ درێژەكەیو ڕسی نانتی بە یارمەتیدەرانو كۆمەڵگاو مێژووی نە نەیاران ناودێر كرد.

گێرماس تیۆری پرۆپی [كامڵ ]كرد. لە جێی ئەوە كە لە ڕۆڵە كەسیەتە تایبەتییەكان كەڵك وەرگرێ، ئەوانی لە ڕوانگەی سیمبۆلی كردەوە لە سێ گرووپی گشتیدا جێ كردەوە كە لە هەركامیاندا پێوەندی كەسیەتی لە تەك بابەتی تایبەتیدا گرنگە: ١ـ نزیكایەتی خواستو ئارەزوو، ٢ـ پێوەندیی كەسیەتەكان لە تەك یەكدیدا، ٣ـ نزیكایەتی شەڕ بە بۆچوونی گێرماس لەهەر سەد حیكایەتێكدا كە پرۆپ تاوتوێی كردوون، دەتوانێ ئەم نزیكایەتیانە بدۆزێتەوە، واتە كەسیەتیەكان لە یەكێ لەم سێ گرووپەدا جێ بكەینەوەو پێوەندییە سەرەكییەكان لە پێوەندییە سیانییەكان كەم بكەینەوە. بۆ نموونە لە یەكێ لە حیكایەتەكاندا كە پرۆپ تاووتوێی كردوە، پاشایەكی بەساڵاچوو، سێ كوڕەكەی خۆی بۆ ئەنجامدانی كارێك دەنێرێت تا ئێكسیری لاوەتی بدۆزنەوە. كوڕی بچووكتر بە پێچەوانەی بەخێڵی براكانی كە پیلانی كوشتنی ئەویان داڕشتبوو، دەتوانێ ئەركی خۆی بە سەركەوتوویی ئەنجام بدات. باوكیش لەنێو پێوەندییەكانی خواستو ئارەزوو لەلایەكەوە خوازیاری ئێكسرەو لەلایەكر دیكەوە نهێنی هەبوونی ئێكسێری بۆ سێ كوڕەكەی ئاشكرا كردوە. گێرماس نووسیویەتی كە دەبێ كەسیەتیەكان لە پانتایی گێڕانەوەدا، وەكوو سیمبۆلی كردە وەبەرچاو بگری، نەك لە پانتایی واتاییو ئەو ڕۆڵەی كە لەسەر بنەمای هەوێنەكانی حیكایەت لە ئەستۆیانە. تەنیا لەو شوێنەی كە كەسیەتیەكان لە پێوەندی لەتەك كردەدا ڕیز دەبن (واتە دەبنە سیمبۆلی كردە) دەتوانین ڕۆڵی

تایبەتیان بناسین. لە چیرۆکە دەروونناسیەکانو هەروەها لە رۆمانی کلاسیكدا سروشتی کەسیەتیەکان بەشێوەیەکی هەڵە بە سەرچاوەی کردەیان دەزانرێت. لە شیکردنەوەی هەر چیرۆکێكدا دەبێ (سیمبۆلی کردە) پەیدا بکەین نەك شتێکی دیکە[٨٨]. گێرماس ئەرکی سەرشانی خۆی بە "دۆزینەوەی پێكهاتەی سەرەتایی ئاماژە"و بە چەشنێکی تایبەتی "ناسینی ئاماژەی دەقی ئەدەبی" زانی. ئەو چیرۆکی وەکوو گوزارەیەك ناساند کە بە زانینی سەرەتاو کۆتایییەکەی دەکرێ بابەتو ئەرکی بارکراو [محمول ] بناسینەوە[٨٩]. رەهەندی زەمەنمەندی چیرۆك، رووداوەکان تا ئاستی دۆخی جێگیرو دۆخی تێپەڕ دادەبەزێنێ. گێرماس پێی داگرتوە کە چیرۆك گۆڕینی $A$بۆ $B$ یە، وە کردەی ئاماژە بەردەوام لەسەر بنەمای بەرامبەرییە، هەر بۆیە گێڕانەوە هەمیشە لەتەك بەرامبەریدا بەرەوڕوویە. ئەم بەرامبەریە بەتایبەتی لەمەڕ رۆڵەکانو کەسیەتیەکانەوە ئاسانتر روون دەبێتەوە. بەڕای گێرماس، هەر گێڕانەوەیەك سەرەتایەكو کۆتایییەکی هەیەو ئەمە خاڵێکە کە لە "جیهانی راستەقینە" جیا دەکاتەوە. هەندێ جار وا دێتە بەرچاو کە هەندێ لە چیرۆکەکان، کۆتاییان نیە، بەڵام ئەمە خەیاڵو وێناکردنی خوێنەرە کە کۆتایی پێ نایەت نەك [ کۆتایی]ی خودی چیرۆك. چەشنی منداڵان کە بە زۆری بڕوا بەوە ناکەن کە حیکایەتێك کۆتایی پێ هاتبێو بەردەوام دەپرسن: "باشە، پاشان چ رووی دا؟" ئەم بوونی سەرەتاو کۆتایییە، هەر گێڕانەوەیەك بە "رەهەندێکی زەمەنمەند" دەنوێنێ. بە واتا لە هەر گێڕانەوەیەك، بابەت زەمەنمەندە. بە پێچەوانەی وێنە کە لە سەروی کاتەوەیە، گێڕانەوە بەبێ کات بێمانایە. دانەری گێڕانەوە دەکرێ نەناسراو بێت (لە دەقێکی دینی، ئوستوورەیی، یان لە بەرنامەیەکی سەرگەرمی رادیۆ ـ تەلەڤیزیۆندا) مەرج نیە هەر ئاخێوێك گێڕانەوەیی بێت (شێعری دڵداری، فیلمە فێرکارییەکانو...) بەڵام هەر گێڕانەوەیەك ئاخێوێکی زەمەنمەندە، هەر گێڕانەوەیەك لە بنەڕەتی خۆیدا "ناراست"ە. نەك تەنیا چیرۆکە خەیاڵییەکان، حیکایەتەکان، ئوستوورەکان، بەڵکوو تەنانەت گێڕانەوە ریالیستییەکان، لەو شوێنەی کە دەگێڕدرێنەوە، نایەنە دیو راستەقینە[ش] نین. گێڕانەوەی رووداوێکی مێژوویی، یان لە یادکردنی کارەساتێك کە سەردەمانێك رووی دابوو (یان دەربڕینی کەم تا زۆر وردی ئەو شتەی کە لە فیلمێك یان چیرۆکێكدا رووی داوە) دیسانەوە ناراستە، بەم هۆیە کە نایەتە دیو لەسەر بنەمای بیرەوەرییەکی تاکەکەسی یان گرووپی دامەزراوە. لێرەدا دەگەینە یاسایەکی





ژان پۆل سارتەر کە دەڵێ: (کەتوار) چیرۆکبێژ نیە، بیرەوەریی چیرۆك دەگێڕێتەوە. هەرچی دەگێڕدرێتەوە یەکسەر خەیاڵییە. دەبێ رووداو بەر لە گێڕانەوە کۆتایی پێ هاتبێ، تەنانەت راپۆرت لە گفتوگۆیەك یان پێشبڕکێیەکی وەرزشی لە تەلەڤیزیۆندا، ناتوانێ راپۆرتو رووداو لە یەك کاتدا، پێکەوە کۆ بکاتەوە. ناتوانێ مەودای رووداروو رەنگدانەوەی زەینی /زمانییەکەی لەنێو ببات. هەر گێڕانەوەیەك "ئاخێوێکی داخراو"ە کە لە سەرەتاو ئەنجامی ئەم کۆمەڵەیە ئاگادارمان دەکاتەوە[٩٠]. گێڕانەوە زنجیرەیەك لە رووداوە داخراوەکان نیە، بەڵکوو زنجیرەیەکی داخراوە لە رووداوەکان (گێڕانەوەی کلاسیك لە رووداوە داخراوەکانو گێڕانەوەی مۆدێرن لە رووداوە کراوەکان [پێك هاتوە]). بەهەر حاڵ، خاڵ[ی گرنگ] لێرەدایە کە گێڕانەوە ئەنجامێکی هەیە، هەر بەو شێوەیەی کە سەرەتایەکی هەیە. گێرماس بۆ دەستخستنی نموونەیەك لە مێتۆدی کارەکەی خۆی، دوا پاری کتێبی "واتاناسیی پێکهاتەیی" بۆ تاووتوێی "پێکهاتەی جیهانی خەیاڵی ژۆرژ بێرنانۆس" تەرخان کرد. بنەمای کارەکەی تێزێکی زانکۆییە کە تاشین یۆسل لە ئەستانبول لەژێر ناوی "جیهانی خەیاڵی بێرنانوس" نووسی. ئەو وەکوو دەستپێکی باسەکەی، جیاوازیی ژینو مەرگی لە بەرهەمەکانی بێرنانوسدا هەڵبژاردو بوارەکەیانی تاوتوێ کرد. مێتۆدێك کە بەرهەمهێنانە جۆربەجۆرەکانی وشە لە دەقە هەمە چەشنەکاندا لە پاڵ یەکدیدا ریز دەکات؛ ئاگرو شادی بە هاوواتاکانی ژیانو ئاوو خەفەتی بە هاوواتاکانی مەرگ دانا. لەسەر ئەم بناغەیە خشتەیەك لە "خاڵە بەرامبەرەکان"ی لە بەرهەمەکانی بێرنانوسدا کۆ کردەوەو رێکیخست[٩١]. لە دەقێکی دیکەدا گێرماس دەریخستوە کە واتای دەق، بەو شێوەیەی کە گریمان دەکرێ، لە واتای رستەکانەوە بەدەست نایەت. تەنگو چەڵەمەی خوێندنەوە هەر لەم دژوارییەی تێپەڕین لە بەدوای یەکداهاتنی واتاکانی وشەکانە[٩٢]. ئەم خاڵە کە دووپاتبوونەوەی یەکە واتاییە یەکسانەکان زادەی واتایەکی هاوشێوە لە یەکەکانی دواترن، پیشان دەدات کە بۆ تێگەیشتن لە واتای دەق دەبێ پێکهاتەی یەکە واتاییەکان ورد بینەوە. لە شێعردا سەلماندنی ئەم خاڵە ئاسانترە. بۆ وێنە لە شێعری "خەمۆکی" لە "گوڵە بەدەکانی"ی بۆدلێردا، دووپاتبوونەوەی یەکە واتاییە یەکسانییەکان دواجار خوێنەر دەگەیەنێتە ئەو شوێنە کە لەنیوە دێڕی "لە خەوانگەیەك دەچم کە بە گوڵە وشکەکان داپۆشراوە"، یەکسەر واز لە واتای وشەی خەوانگە بێنێتو، لەڕاستیدا زەینی لە وەبیرهاتنەوەی واتاکان[★★]

دەرباز ببێ[٩٤]. میتۆدی گێرماس ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەکەی مۆریس مێرلۆپۆنتی دەگەڕێنێتەوە کە واتای دەقێك بەگشتی هیچ کات لە واتای بەشەکانی وەدەست نایەت؛ تەنیا بەو "گریمانە"ی واتایەکی هەمەلایەنەیە کە دەتوانین واتای بەشەکان بزانین. [گێرماس] ئەم گریمانی مێرلۆپۆنتی‌یەی بە "داهێنانی هەیکەلێك یان گشتاڵت" ناوزەدی دەکرد[٩٥]. جیا لە هەموو جیاوازی‌یەکان، ئەم "گشتاڵت"ە بە جۆرێك [لە جۆرەکان] لە بەرهەمەکانی گێرماس‌دا هاتۆتە گۆڕێ.

٤

کلۆد برێمۆن (لە دایکبوی ١٩٢٩) لە کتێبی "لۆژیکی چیرۆك" (١٩٧٣)دا هەوڵی‌دا تاکو بە یارمەتی لۆژیك رێسایەکی گشتی لەمەڕ گێڕانەوەی چیرۆکی پەیدا بکات[٩٦] بنەمای کارەکەی لەسەر بەرهەمەکانی پرۆپ دانرابوو؛و یەکەمین بەشی لۆژیکی چیرۆك تاوتوێ‌یەکی ورد لە کتێبی "فۆرمۆلۆژیی حیکایەت" جگە لە پرۆپ، برێمۆن هێمای بۆ بەرهەمەکانی ژۆزێف بدیە،بەتایبەتی"چیرۆکەجەماوەری‌یەکان"ی‌ئەوکردوەکوو گرنگترین سەرچاوەکانی کاری خۆی‌و وتارێکی گرنگی لەبارەیەوە نووسی[٩٧].بەڕای برێمۆن هەر چەشنە گێڕانەوەیەك لەم سێ بنەمایەی خوارەوە پێك هاتوە: ١ـ هەڵکەوتی جێگری $A$شیتاڵ دەکرێتەوە، ٢ـ ئەگەری گۆڕینی $A$ دەڕەخسێت، ٣ـ $A$ دەگۆڕدرێت (یان ناگۆڕدرێت). ئەگەری گۆڕینی $A$ واتە پلەی دووهەم بە قۆناغی تێپەڕین ناودێر دەکەین. تێپەڕین دەتوانێ لە زنجیرە دۆخێکی تایبەتی (یان تێپەڕینە لاوەکی‌یەکان) پێك هاتبێ. لە تان‌و پۆی هەر چیرۆکێك‌دا کۆمەڵە بەرەودوایی‌یەك یان بە دەربڕینی باشتر گێڕانەوەگەلێکی لاوەکی هەیە[٩٨]. هەر "بەرەودوایی"یەك چیرۆکێکی بچووکەو هەر چیرۆکێك بەرەودوایی‌یەکی‌گشتی یان سەرەکی‌یە. برێمۆن بەرەودوایی بە توخمی سەرکی پێکهاتەی گێڕانەوەیی لە قەڵەم دا. رێسایەکی سیانی کە چەشنی پێکهاتەی سەرەکی چیرۆك هاتە گۆڕێ، لەمەڕ هەر بەرەودوایی‌یەکیشەوە دەگونجێت. دەتوانین کۆی "شەڕو ئاشتی" تۆلستۆی بە تێپەڕین لە (کەتوار)ێکی جێگیر (رووسیای پێش هێرشی تابوری ناپلیۆن، جیهانی بووژانەوەی ئەریستۆکراتی رووسیا، مانەوەی نەریتە کۆنەکانم، ناتاشای سەرمەست‌و تازە لاو کە لە هێمنی ژیانی ئەریستۆکراتی‌دا گەشەی کردوە) بە (واقع)ێکی جێگیری‌تر (رووسیایە کە سوپای هێرشبەری تێك شکاندوە، جیهانی ئەریستۆکراتی کە دیسانەوە رێك خراوەتەوە، پەیدابوونی بەها تازەکان کە دەرئەنجامی خۆڕاگری لە





بەرامبەر دژواری‌یەکانی شەڕێکی خوێناوی‌یە، و ناتاشا کە خانوویەکی تازەی دۆزیوەتەوەو لەتەك هاوسەرە پیرەکەی‌و سێ کچەکەی‌و تەنیا کوڕەکەی دەژی‌و تەمەنێکی مام ناوەندی بڕیوە، بزانین. لەلایەکی دیکەوە بەرەودوایی‌یەکی زۆر کورت لە "شەڕو ئاشتی‌گ بە تێپەڕینێك دابنێین، بۆ نموونە لەو شوێنە کە ناتاشا لە ئۆپێرادا، ئاوڕ دەداتەوە تاکوو ئاناتۆل کوراگین نیوسیما جوانەکەی بینی، یان لەو شوێنەی کە شازادە ئاندری نیوەشەو، لە ژێر تریفەی مانگەشەودا، لەژێر پەنجەرەوە ورتە ورتی ناتاشا لەژێر پەنجەرەکەیەوە دەبیستێ. هەر بەرەودوایی‌یەکیش لەسەر سێ بنەما دامەزراوە: ١ـ دۆخێك ئەگەری گۆڕانی تێ‌دایە، ٢ـ رووداو یان گۆڕان روو دەدات، ٣ـ دۆخێك کە بەرهەمی هاتنەدی یان نەهاتنە دی ئەو ئەگەرەیە دروست دەبێت[٩٩]. لەسەر بنەمای ئەم سیمبۆلە دەتوانین دوو پێکهاتەی گێڕانەوەیی سەرەکی لە چیرۆکە پۆلیسی‌یەکان‌دا بدۆزینەوە.

١ـ تاوان بە دەستێوەردان (یان دەستێوەرنەدان)ی هێزەکانی نوێنەر ئاسایش کۆتایی پێ دێت. (یان نایەت) وە ئەمە بە سزادان (یان هەڵاتن لە سزادان)ی تاوانبار کۆتایی پێ دێت.

٢ـ مەترسی بە کردەوەی بەرگری یان پشتیوانی (یان هیچکامیان) کۆتایی پێ دێت‌و ئەمە بە لەنێوچوونی مەترسی (یان مانەوە) کۆتایی پێ دێت.

گێڕانەوەی پۆلیسی بە بێ دەستێوەردانی هێزەکانی رێکخستن بێ‌واتایە، تەنانەت لە گێڕانەوەیەك‌دا کە تاوانبار یان دز لە سەرەتا ناسراوەتەوەو یان لە گێڕانەوەیەك‌دا کە توێژینەوە لە بنەڕەت‌دا گرنگ نیە وخاڵی گرنگ گرژی دەروونی‌و ناوەکیی تاوانبارە، هەمدیس رەمزێك دەمێنێتەوە کە تەنیا واتا دەدات بە دەستەوە. بەهەرحاڵ مەتەڵێك لە گۆڕێ‌دایەو ئەم سروشتە تایبەتی‌یە (گێڕانەوەی پۆلیس)ە کە لە سەرەتاوە، رەمز یان مەتەڵ خاڵی سەرەکی‌یە. ئەم خاڵە تەنانەت لەمەڕ بەرهەمگەلێك چەشنی رۆمانی "تاوان‌و سزا"ی دستۆفسکی یان فیلمی "قۆلبڕ"ی بێرسۆنیش دەگونجێت. برێمۆن فراوانبوونەوەی چیرۆك لە بەردەوامی گرێ‌و کرانەوەی گرێ دەزانێ. هەر بەرەودوایی‌یەکی سەرەتایی لە فراوانبوونەوەی خۆی‌دا، بەرەودوایی‌یەکی تازە دەخولقێنێ کە خۆی دەستپێکەری بەرو دوایی دیکەو ئەم پرۆسەیە درێژە دەکێشێ تاکوو بە دوا بەرەودوایی بگەین کە دۆخی جێگیر بەدەست بێت.

بنەمای ئەم فۆرمە پێشفەچوونی ڕۆژژمێر چیرۆکە. بۆ نموونە تاوانێکی کوشتن ڕوو دەدا، قۆناغی توێژینەوە هەڵگری زنجیرەیەك لە ڕووداوەکان (بەرودواییەکان)ە، گریمانەیەك لەلایەن توێژەرەوە دێتە گۆڕێ، ئەو ئەم گریمانەیە تاقی دەکاتەوە کە دووبارە دەتوانێ هەڵگری زنجیرەیەك لەم ڕووداوەکان (بەرەودواییەکان)ی لاوەکی بێت. گریمانە دەسەلمێنرێ (یان ڕەت دەبێتەوە) ئەگەر سەلمێنرا، کردەیەك یان زنجیرەیەك لە کردەکان بە سزادان (سزانەدان)ی تاوانبار کۆتایی پێ دێت، وە ئەگەر نەسەلمێنرا، توێژینەوەیەك دەتوانێ هێنانە ئارای گریمانە (یان گریمانەکانی دیکە)ی لـێ بکەوێتەوە. نموونەی بەناوبانگیی ئەم جۆرە چیرۆکە، ڕۆمانەکانی ئارتورکۆنان دایلە کە پاڵەوانەکەیان شێرلۆك هلمێز بە هێنانەگۆڕو تاقیکردنەوەی گریمانەکان گرێی تاوانەکان دەکاتەوە. هەندێ جار لە تانو پۆی چیرۆکێکدا دوو مەتەڵ لە دوو ڕێگەوە شوێن پێیان هەڵدەگیرێو لە ئەنجامدا دەردەکەوێ کە دوو تاوانەکە لەگەڵ یەکدیدا پێوەندییان هەیە (چەشنی چیرۆکی "لۆرد پیتێرو نەژناس" بەرهەمی دسایرریێز)و هەندێ جار زنجیرەیەك لە تاوانەکان بە هێنانەگۆڕی گریمانەیەك دەگەن (وەکوو "ناوی سوورە گوڵ"ی ئۆمبێرتۆ ئیکۆ).

برێمۆن بەسەر ئەم تانو پۆ سادەیەی پێکهاتەی گێڕانەوە هۆکاری کاتی زیاد کردو هەر لە پاش گێرماس دەریخست کە ڕووداو بۆ ئەوەی ببێت بە چیرۆك، دەبێ لانیکەم لە دوو گوزارەی جیاواز لە ڕووی کاتەوە بەیان بکرێت. بابەتی هەر پەیامێك (وێنەیی یان ناوێنەیی) دەبێ لە دوو کاتی $T$ و $N+T$ ڕوو بدا. ئەوەی لە $N+T$ ڕوو دەدا، لە ڕاستیدا هاتنە ئەنجامی توانایەکە کە لە $T$دا هەبووە[١٠٠]. بۆ نموونە دەڵێن: "کچەکە گریا(و) کوڕەکە لە ئامێزی گرت" لە نێوان دوو گوزارەی گێڕانەوەییدا، مەودایەکی وەختی کورت هەیە. هەڵبەتە ئەم دوانە لەگەڵ یەکتریدا پێوەندییەکی هۆو هۆکارییان هەیە، هەر ئەم ئاراستە "کات ـ لۆژیکی"یە دروستکەری پێوەندیی نێوان دوو گوزارە، یان بە دەربڕینی باشتر دوا لۆژیکی گێڕانەوەیە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گێڕانەوەیەك کە لە سەرەوە هات، لە تەك ئەم گێڕانەوەیەدا هەیە: "کوڕەکە کچەکەی لە ئامێز گرت(و) کچەکە گریا. لە خاڵی دووهەمدا لەگەڵ چیرۆکێکی تازەدا بەرەوڕووین. جیاوازیی زەمەنیی دوو کردە (دوو گوزارە) لۆژیکێکی گێڕانەوەیی نوێی خوڵقاندوە. هەوڵدان لەپێناو زەمەنمەندکردنی پێوەندییەکی هۆو هۆکاری، برێمۆنی بەرەو باسێکی تازە ڕاکێشا. هەر گێڕانەوەیەك سێ بەشی هەیە: ١ـ





$A$ لە یەکەم چرکە ساتدا $A$یە، ٢ـ ڕووداوی $G$ لە چرکەساتی دوەم بۆ $A$ ڕوو دەدا، یان $A$ڕووداوی $G$ لە چرکەساتی دوەمدا دەخوڵقێنێ. ٣ـ $A$ لە چرکەساتی سێیەمدا $B$یە. هەر چیرۆکێك ڕوونکردنەوەی گۆڕانی $A$ بۆ $B$ یەو ئەمەش بە پێی تێپەڕینی کات لە چرکەساتی یەکەمەوە بۆ چرکەساتی سێیەم ڕوودەدات. کچەکە لە چرکەساتی یەکەمدا دەگری، کوڕەکە ئەو لە چرکەساتی دوەمدا لە ئامێز دەگرێ، کچە لە چرکەساتی سێیەمدا لە ئامێزی کوڕەکەدا هەست بە ئارخەیانی دەکا، ئیدی ئەو کەسە نیە کە دەگریا؛ [ بەڵکوو] شتێکی تازەی زانیوە. نموونەیەکی دیکە: کوڕەکە لە چرکەساتی یەکەمدا لە باوەشی دەگرێ، کیژەکە لە چرکەساتی دوەمدا بۆی دەردەکەوێ کە کوڕەکە خۆشی دەوێ، کچەکە لە چرکەساتی سێیەمدا دەگری. ئێستا شتێکی تازەی بۆ دەرکەوتوە. تا ئێرە لە تەك زەمەنی ڕۆژژمێری بەرەوڕووین. بەڵام جۆرە گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە کە لەسەر بنەمای زەمەنی ڕۆژژمێریی دانەمەزراوە. چوونە ناو یەکی کاتەکانی ئێستاو ڕابردوو، (لە هێندێ خاڵدا کاتی داهاتووش) گۆڕان بەسەر گێڕانەوە دێنێت. لە سینەمادا "گەڕانەوە بۆ ڕابردوو" هاوڕێکی لۆژیکی ڕۆژژمێری کات تێکدەشکێنێ. نموونەی بەناوبانگ بۆ ئەمە فیلمی "ساڵی ڕابردوو لە مارین باد"ی ئالێن ڕنەیە. هەندێ جار بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەو واتای گێڕانەوەیی، تێگەیشتن لە بەدوایەکدا هاتنی زەمەنی بەتەواوی نەشیاوە. لە دیالۆگێکی شانۆی "دادپەروەران" بەرهەمی ئالبێر کامۆ ورد بینەوە:

کالیایف: نا براکەم، نابێ ئەم قسەیە بکەیت، خوا هیچ کارێك ناکات، دادپەروەری ئیشی ئێمەیە (بێدەنگی) تێناگەی؟ ئایا حیکایەتیسێنت دیمیتریت بیستوە؟

فۆکا: نا.

کالیایف: ئەو لەگەڵ خوادا لە بیابانێکی بەستەڵەکدا، بەڵێنی دیداری هەبوو. کاتێك بە پەلە بەرەو بەڵێنگە دەڕۆیشت، لە ریگەدا وەرزێرێکی بینی کە عەرەبانەکەی لە قوردا چەقیبوو. سێنت دیمیتری یارمەتیدا. قوڕو لیتەکە زۆر بووو هۆڕەکە[ش] قووڵ. کاتژمێرێك هەوڵیان داو کاتێك کارەکەیان تەواو بوو دیمیتری بە خێرایی چوە بەڵێنگە، بەڵام ئیدی خوا لەوێ نەمابوو.

فۆکا: ئێ؟

کالیایف: ئێ. هەمیشە کەسانێك هەن کە درەنگ دەگەنە بەڵێنگە، چونکە عەرەبانەی زۆر لە قوڕدا چەقیونو هەڤاڵی زۆر هەن کە

پێویستییان بە یارمەتی هەیە"[١٠١]. واتای حیكایەتی كالیایف واتە گۆڕینی A بۆ B لە رێگای گۆڕانی چركەساتی یەكەمەوە بە چركەساتێكی دی كە هەستی پێ ناكرێت. تەنانەت لەگەڵ ئەوەش‌دا لە چەقی تێپەڕینی كات‌دا بە وردی روون كراوەتەوەو یەكسانە بە كاتژمێرێك، بەڵام واتای حیكایەت لە بۆ فۆكا (بۆ بینەران‌و خوێنەرانی شانۆی كامۆ) بە نارِوونی دەمێنێتەوە. واتا بە كۆبوونەوەی تەواوی توخمەكان لە یەك شوێن‌دا گرێ دراوە، واتا رێسای یەكەمی كالیایف‌و حیكایەتی سێنت دیمتیِری پێكەوە دەگەنە "پەیكەربەندی واتاناسانە". لێرەدایە كە بەدەر لە رەهەندی زەمەنمەندی حیكایەت، بە واتایەك كە رەنگە مەبەستی كالیایف بێت، دەگەین. شتێك كە دەتوانین بە "گەورە پێكهاتەی واتایی" ناودێری بكەین. بە گوتەی مینك تەنانەت سادەترین چیرۆكەكان، دیسانەكە زیاترن لە بەردەوامی زەمەنمەندی رووداوەكان"[١٠٢]. چونكە بەدواداچوونی هاوڕێكی زەمەنی رووداوەكان (كە بە واتای كاتی رووداوەكانی دەقە) بەناچار بە جۆرە تێكەڵبوونێك یان پێكهاتنێك (یان چاكتر بڵێین چڕبوونەوەیەك)ی رووداوەكان لە یەك كات‌دا (كاتی خوێندنەوەی دەق) كۆتایی پێ دێت كە بنەمای گێڕانەوەیە. كریستیان مێتز نووسیویەتی:

هەر دەقێك گۆڕەپانی تێپەڕینی دوو كاتە... كاتی ئاماژەپێكەرو ئاماژەپێكراو. ئەم دوو فاقێتی‌یە تەنیا بە تێكەڵبوونی كاتەكان كۆتایی پی نایەت كە بە چەشنێكی سەرەتایی‌و سواو لە هەموو دەقەكان‌دا وبەرەچاو دەكەوێ (سێ ساڵ لە ژیانی پاڵەوان لە دوو رستەی چیرۆك یان چەند دیمەنێ "خێرای" مونتاژكراوی سینەمایی‌دا كورت دەبنەوەو هتد)، بەڵكوو بەشێوەیەكی بنەڕەتی‌تر سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەم خاڵە رادەكێشێ كە یەكێ لە ئەركەكانی هەر دەقێك دانانی زەمەنێكە لە جێی زەمەنێكی دیكە[١٠٣].

كەوابوو لۆژیكی‌یە كە ملكەچی كاتێك كە جێی كاتێكی دیكەی گرتۆتەوە نەبین. بگەڕێینەوە بۆ نموونەی "دادپەروەران" فۆكا بە پرسینی "ئێ؟" دەردەخات كە نەی‌توانیوە كاتی رووداوەكانی دەق بە نێوكاتی خوێندنەوەی دەق‌دا تێپەڕێنێ (وە وادیارە خوێنەرو بینەری شانۆكەش لەم بێ‌توانایی‌یەدا لەگەڵ ئەودا هاوبەشن"، كەوابوو ئەو پەی بە واتاكە نەبردوە. دوا روونكردنەوەی كالیایف یەكێ لە واتا چاوەڕوانكراوەكان دێنێتە گۆڕێ. منیك نووسیویەتی: "تەنانەت كاتێك كە هەموو رووداوەكان (كامڵ) بوون،س دیسانەوە ئاستی ناسینەوەیان لە كردەیەكی دادپەروەرانەدا ـ واتە هێنانەئارای ئەوانە لە تەواوەتێك‌داو نەك وەكوو زنجیرەیەك لە رووداوەكان





ـ دەمێنێتەوە"[١٠٤]. كالیایف تەنیا یەكێ لە گەورە پێكهاتە واتایی‌یە چاوەڕوانكراوەكانی هێناوەتە كایەوە، واتە جۆرە "پەیكەربەندی‌یەكی واتایی" خستۆتە بەردەست كە لۆژیكەكەی لە هاوڕێكی بەدوای یەك‌دا هاتنی كات تێ‌دەپەڕێت. ئەم گەورە پێكهاتە واتایی‌یە هەر ئەوەندە لە شێوە نوێ‌یەكانی نووسین‌و گێڕانەوەدا (بۆ نموونە لە "رۆمانی مۆدێرن"دا) گرنگە كە لە شێوەی كلاسیكی گێڕانەوەكەری‌دا بەكار دەهات. بە گوتەی كلۆد سیمۆن: "بە بۆچوونی من نەك تەنیا رستەیەك، بەڵكوو تەواوی دەقی رۆمانێكیش خاوەنی بنەمایەكە كە لە هاوشێوەیی یا "راست نیشاندانی" دەروونناسانە یان كۆمەڵناسانەدا وەبەرچاو ناكەوێ. بەڵكوو لە ئاماژەو گەڕانەوە بۆ خودی دەق، بۆ ئەو لۆژیكە زەمانیەی كە بەكار هاتوەو لە دروستی ئەودا كە گوتەی فلۆبێر خاوەنی سیستەمی مۆسیقایی‌یە، پەیدا دەبێت"[١٠٥]. لە هەمان وتاری مینك‌دا هێمایەك هەیە بەمە كە واتای كۆپلەیەك موسیقا تەنیا لە كۆتایی‌یەكەی دەتوانین بهێنینە گۆڕێ. هەر كۆپلەیەك لە موسیقا لە "گەورە پێكهاتەی واتایی" ئەودا هەیەو دەشێ راڤە بكرێت[١٠٦]. مینك لە زاری ویاند دەگێڕێتەوە: "هەموو رۆمانی "كێوی جادو" بەرهەمی تۆماس مان لە هەر لاپەڕەیەكی‌دا لە ئارادایە [!]" كاتێك كە بۆ ئەتیۆس دەینووسی:"زانستی‌خواڵەبۆجیهان بەرزترین ئاستی پەیكەربەندی‌یە"،لەبارەی (كامڵ)ترین پێكهاتەی واتایی‌یەوەدەینووسی[١٠٧]. برێمۆن كە بنەمای كارەكەی خۆی لە بەرهەمەكانی پرۆپ وەرگرتوە، لەمەڕ خاڵێكی گرنگ لە تەك ئەودا تەبا نیە. ئەو بە پێچەوانەی پرۆپ پێی لەسەر گرنگیی كەسیەتیەكانی چیرۆك داگرتوەو رۆڵی تایبەتیانی هێندە گرنگ نەزانیوە: "هەر بەرودوایی‌یەك دەتوانێ تا رادەیەك بە سەركەوتن یان هەرەسهێنان بگاتو كامڵبوونی دەروونناسانە، یان رەوشتی كەسیەتی دەربخات. بەم چەشنە پاڵەوانی چیرۆك تەنیا ئامراز یان خاڵێك لە خزمەت كردەدا نیە. ئەو لە هەمان كات‌دا هەم ئامرازو هەم ئامانجی چیرۆكە"[١٠٨]. بە رەتكردنەوەی كردە وەكوو سەرچاوەی تێگەیشتنی رۆڵی تایبەتی كەسیەتیەكان، برێمۆن پۆلێن‌بەندی پرۆپی لەبۆ جۆرەكانی حیكایەتە فۆلكلۆریكە رووسی‌یەكان بە "دەستەبەندی میكانیكی" ناوزەد كرد[١٠٩]. بەڕای برێمۆن، رەنگە ئەم پۆلێن‌بەندی‌یە تا رادەیەك لەگەڵ ئەو سەد حیكایەتە فۆلكلۆریكەی كە پرۆپ تاووتوێی كردوون بگونجێت، بەڵام گشتگیركردنی تیۆری ئەو [پۆلێن‌بەندی] تەنگ‌و چەلەمەی زۆریش دروست دەكا. جگە لەمە، برێمۆن رەخنەی لەوە گرت كە پرۆپ بەشێك لە ئەركە

هەوێنیـیەكانی چیرۆك لەو گرووپانەدا كە پێوەندی بەوانەوە نیە، جیێ كردۆتەوە. لەوەش زیاتر، دەتوانین هەندێك لەو سیو یەك رۆڵە تایبەتیەی كە مەبەستی پرۆپ پێكەوە تێكەڵ بكەین. رەهەندێك كە برێمۆن لەبۆ پێكهاتەی گێڕانەوە بەردەستی خستوە، بەم چەشنەیە: رووداو یان پراكتیك دەبێت یان نابێت. ئەگەر ببێتە پراكتیك، دوو دۆخی هەیە، یان (كامڵ) دبێت، یان (كامڵ) نابێت. كەوابوو خاڵی دەسپێك نەك كردە، بەڵكوو لۆژیكی رووداوە[110]. هەربۆیە برێمۆن دوو رۆڵی لێك جیای لەنێوان كەسیەتیەكان دۆزیەوە: بكەریو بەركاری؛ وە دوو دەستە كەسیەتی دەستنیشان كرد: ئەوانەی كە كردەكە ئەنجام دەدەنو ئەوانەی كە كردە بە سەریاندا دێت. هەر گێڕانەوەیەك گۆڕانی بەركار بۆ بكەرو گەڕانەوەی ئەوە بۆ دۆخی بەركاری. بەركار رەنگە بەشێوەیەكی زەینی بۆ ئەم گۆڕانكاریە ئامادە بێت (بە پێی زانیاریەك كە وەدەستی دێنیێ، یان بە پێی سەمەدگەلێكی هەستیارانە: هەوەس، هیوا، تەماع، ترسو هتد)و رەنگە بەشێوەیەكی بەرجەستە، بارودۆخی دەرەكی وشیاری یان حەزو ئارەزوی گۆڕانی بەسەردا بیێو ئەو بكاتە بكەر؛ وە كەسانیتر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییەی ئەودا رۆڵگەلێكی تازە بگێڕن. كاری برێمۆن دەستخستنی دوا پێكهاتەی گێڕانەوەیە. ئەو تیۆرێكی لەمەڕ ئەم دوا پێكهاتەیە رێك خست كە كاریگەری زۆری لەسەر تیۆریی ئەدەبی دەیەی رابردوو دانا. گرنگترین خاڵێك كە برێمۆن (وەكوو دەرەنجامی لاوەكی باسەكەی خۆی) وەدەستی هێنا، ئەمەیە كە هەر فۆرمێكی گێڕانەوە، چیرۆك ئاسایە. هەر چەندەیش ئەدەبیات لە رەنگدانەوەی (كەتوار)ی زەینی نزیك بێتەوە.("راڕایی سێنت ئانتوان"ی فلۆبێر، "مەرگی ویرژیل"ی بروخ) دیسانەوە دەبیێ بیانكەر، گێڕانەوەكەرو چیرۆكبێژ بمێنێتەوە.بنەمای چیرۆكیی بی پاژەكان، وشە فرە زمانییەكانو رستەكانی كتێب واتا دەبەخشیێ.

"مەرگی ویرژیل"ی هێرمەن بروخ سادەترین پێكهاتەی لواوی هەیە: شاعیرێك لە سەفەریێ[كەوە] دێتو دەمریێ[111]. هەرچی لە كتێبەكەدا هاتوە، لە خولیا شاعیرانەكان، خەیاڵی ئیرۆتیك، دەركەوتەكانو بیرەوەرییەكانی شاعیر، لەتەك هەمان پێكهاتەی سادەدا واتا پەیدا دەكەن. بەبڕیوانی شیعر، بە گوتەی بروخ "لە توخمە گێڕانەوەییەكانەوە بە گەردووناسی دەگەین"[112].





پەراوێزكانی پاری شەشەم:

1. R. Jakobson and K. Pomorska, Dialogues, combridga, 1983. Pp – 14

2. **Ibid. p 17**

3. V. propp. Morphologiedu conte, trans. M. Derrida, T. Todorov C. kahn, paris, 1970.

٤ـ لە كتێبی پرۆپ دوو وەرگێڕان بە زمانی فارسی بڵاو كراوەتەوە:

و. پراپ، ریختشناسی قصەهای پریان، ترجمە ف. بدرەای، تهران، ١٣٦٨

و. پراپ، ریختشناسی قصە، ترجمە: م. كاشیگر، تهران، ١٣٦٨

5. V. propp, op. Cit. , p.28

[لە زمانی فارسیدا] وشەی "ریختشناسی" یان لە بەرامبەر morpholigy هێناوە. لە ئەدەبیاتی كلاسیكی فارسی "هیات" واتایەكی هەبوو كە بە وردی دەتوانین "هیات شناسی" لە بەرامبەر morophology بەكار بێنین: "بەلام (هیات) ئەوەیە كە كەسەكان بە هۆیەوە لێك جیان، بەتایبەت لەنێو خەڵكدا، هەرچەند كە بە روومەت هەموو یەكین... [بەلام] بە [هیات = روومەت = رواڵەتو قەبارە = و] جیاواز كە هەیانە لە یەكتر جیان". ناصر خسرو، جامع‌الحكمتین. تصحیح م. معین ـ ه. كرین، تهران، ١٣٦٣ ص ص ٨٢ ـ ٨١.

لە زمان عەرەبیشدا لە بەرامبەر morophology (علم هیأت) یان هێناوەتەوە:

The oxford english – Arabic Dictionery, oxford u. p., p. 790

بەلام لە فارسی ئێستادا بە زۆری كەڵك لە "ریخت شناسی" وەردەگرن.

6. V. propp, op. Cit., p. 6

٧ـ بەرهەمەكانی ڤلسۆفسكی تایبەتن بە تاوتوێكردنی ئەدەبیاتی فۆلكلۆریكی رووسی" بەلام ژوزێف بدیە توێژینەوەیەكی چڕوپڕی لەمەڕ ئەدەبیاتی جەماوەریی سەدەكانی نێوەڕاست ئەنجام دا كە لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاو بوونەوەی "حیكایەتەكان"و لە ساڵانی ١٩٠٣ تا ١٩١٣ بڵاوكردنەوەی چوار بەرگی "ئەفسانە قارەمانێتییەكان"ی لیێ كەوتەوە. دووبارە نووسینەوەی ئەفسانەی "تریستانو ئیزولد" كە لەلایەن ئەوەوە ئەنجام دراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

ژ. بدیە، تریستانو ئیزۆت، ترجمە پ. تاتل خانلری، تهران، ١٣٣٤.

8. Ibid., p. 31

لە دوو وەرگێڕانی فارسی كتێبەكەی پرۆپ كە پێشتر ناوم هێنان، چەمكی functionكە من بە رەوتی تایبەتی وەرگێڕاوە، خوێشكاری [هەمان خوێش یان خزم = خزمكاری(و)]و "كار"، [ئەرك] بەكار هاتوە.

9. Ibid., pp, 31 – 33

١٠ـ وشە فەرەنسییەكانی ئەم حەوت دەستەیە بریتین لە:

Heros یـان پاڵـەوان، princesse یـان کچـە پاشـا، Donateur یـان بەخشـەندە یـان فاڵچی، Auxiliaire یان یارمـەتیدەران، mondateur یـان گەیێـنەر، Agresseur یـان بـەدکار، Fauxhero یـان پاڵـەوانی سـاختە یـان شەڕەنگێز.

11. Ibid., pp. 96 = 97

بـۆ نموونـە، حیکایەتی بەناوبانگی منداڵان "کچۆڵەی شاڵ سوور" لەگەڵ سیمبۆلی پرۆپ بەراورد بکەین: شاڵ سوور پاڵەوانە، دایکـی کـە ئەو بۆ لای داپیرەی دەنێرێت، گەیێنەرە. دارپڕیش یارمەتیدەری پاڵەوانو هەم فاڵچییە. داپیرە ژنێکی چاکەکارە (کچـە پاشـا لـە پۆلـێنبەندی پرۆپدا). گورگیش کەسیەتیەکی شەڕەنگێزەو هەروەها پاڵەوانی ساختەش (خۆی لە جێیَ شاڵ سوور بە داپیرە دەناسێنیَو دواتر خۆی لە جێی داپیرە بە شاڵ سوور [دەناسێنیَ]).

12. Ibid., p, 29, p. 81.

١٣ـ وتـارێك کـە پـرۆپ لەژێـر سـەردێڕی "گـۆڕانو گۆڕانکارییـەکانی حـیکایەتەکان" نووسیبوی، نیشانەی پێوەندیی هەر "واریاسـیۆن"ێـك لە تەك دواپێکهاتەی حیکایەتە. ئەم وتارە چەشنی پاشکۆی وەرگێڕانی فەرەنسی "مۆرفۆلۆژی حیکایەت" (ص ص ٢٠٠ ـ ١٧٧) هاتوە.

١٤ـ دەقی رەخنەگرانەی کتێبی ئافاناسیف لە ساڵی ١٩٥٨ لە سێ بەرگدا لە مۆسکۆ لە چاپ دراوە:

A. N. Afanassiev, Narodngy Russkie Akazki, miscowa. 1958

١٥ـ لـەم بـارەوە بڕوانـنە وتـاری ملتینسکی بەناوی "توێژینەوەی پێکهاتەیی ناسینی پۆلێنبەندی حیکایەتەکان" کە وەکوو پاشکۆی کتێبی پرۆپ بە چاپە فەرەنسییەکەیەوە لکێنراوە.

16. J. M. Adam, le recit, paris, 1981, pp. 25 – 27

پـاری "حـیکایەت لـە تـەواوی خـۆیدا" لـە کتێپی پرۆپ (دەقی فەرەنسی لاپەڕەکانی ١٤٤ ـ ١١٢) روونکەرەوەی ئەم دوا پێکهاتەیە) لەم پارەدا پێوەندیی ناوەکیو زنجیرەیی کردەکان بە وردی روون کراوەتەوە.

١٧ـ لەم بارەوە بڕواننە پێشگوتاری فەرەیدون بەدرەیی لەسەر وەرگێڕدراوی فارسی:

و. پراپ، ریخت شناسی قصەهای پریان، ص ص بیست ـ بیست و پنج

18. V. propp, Tipologicheskige Issledoraniga po Folklor,moscowa, 1977.

19. Y. M. meletinsky, poetika mifa, moscowa, 1976

کتێبی دووهەمی "بیلبیلیۆگرافیای زانستەکان" بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە:

G. L. permyakov, from proverb to folk – tele, trans. Y. N. Filippov, moscowa 1997.

20. C. levi – strauss, Anthropologie straucturale, vol 2, paris, 1973. Pp. 139–173

وتارەکە بە سەردێڕی دوەمی "چەند بیرۆکەیەك لەمەڕ کتێبی ڤلادیمیر پرۆپەوە" یەکەمجار لە مارتی ١٩٦٠دا لە چاپ درابوو.

٢١ـ ئۆمبـێرتۆ ئـیکۆ بـە یارمـەتی زاراوەیـەکی ئینگلـیزی پـرۆپی بە "پسپۆڕی چیرۆکی سەرەکی" (The masterof master tale) ناودێر کرد.

22. R. Barthes, Laventure semiologique. Paris, 1985, pp, 313– 327.

23. A. Jolles, Formes simples, trans. A. M. Buguet, paris, 1927.

24. Ibid., p. 137

٢٥ـ بڕواننە پێشگوتاری ویراستاری وەرگێڕدراوی فەرەنسی:





Ibid., pp 7 –9

هاوسـەری یۆڵـس بە پێداگرییەوە وتوویەتی کە نایەتەوە بیری کە یۆڵس بیری لە زیادکردنی پۆلێنبەندیەکانی کتێبەکەی خۆی کردبێتەوە[!!].

٢٦ـ ئـەم باسـە تـا رادەیەك لە لێکۆڵینەوەی نۆر پرۆپ فرئای دەچیَ. بڕواننە وتاری چوارەم یان "تیۆریی ژانرەکان" لە: N. frey, anatomy of criticis. Princeton U. P., 1973. Pp. 243 – 340.

27. A. Jolles, op. cit., p. 11

28. Ibid., p. 12.

29. Ibid., p. 15.

30. Ibid., pp. 18 – 25.

٣١ـ وتـاری بینـیامین شەش ساڵ پاش کتێبی یۆڵس بڵاو کراوەتەوە“ تیایدا دەخوێنینەوە: "حیکایەتکەریی کە سەردەمانێکی دوورو درێـژ لـە چەقی کاردا جێی گرتبوو ـ کاری لادێی، دەریاییو شاری ـ خۆی فۆرمی ئامرازمەندانەی پێوەندی بۆ... ئەم پیشـە دەسـتییە کـە بـە حـیکایەتکەری پێـناس کـراوە، بەڕاسـتی لەلایەن خودی لسکۆفیشەوە بە پیشەی دەستی لە قەڵەم دەدرا...[!!].

و. بیـنامین، "حکایـتگر: اندیشـەهایی دبـارەی نیکلای لسکوف: نشانەای بە رهایی، ترجمە: ب. احمدی، تهران، ١٣٦٦، ص ٢١٠، ص ٢١٣.

32. A. Jolles, op. cit., p. 26.

33. Ibid., p. 27.

34. Ibid., p. 31.

35. Ibid., p. 39.

36. Ibid., p. 56.

37. Ibid., p. 64.

38. Ibid., p. 66.

39. Ibid., pp. 70 – 72.

40. Ibid., pp. 80 – 83.

41. Ibid., pp. 90 – 91.

٤٢ـ افلاتون، دورە آثار، ترجمە م. حز لطفی، تهران، ١٣٥٧، ج ا، ص ٨٢.

43. A. Jolles, op. cit., p. 91.

ماتـەئی لـە وتـارێکی سـەرنجراکـێشدا کاریگـەری ئوسـتورەی لە فۆرمی دەربڕینو لۆژیکی وتووێژی ئەفلاتوون دەستنیشان کردوە، بڕواننە:

j – f. MATTEI “The Theare of mgth in plato”, C. L. Griswold Jred, platonic writings p;atonic readings, london, 1988. Pp. 66– 85.

44. Ibid., p. 100.

45. Ibid., p. 205.

46. Ibid., p. 106.

47. Ibid., p. 107.

نهێـنی سەرنجڕاکیش بوونی چیرۆکەکانو فیلمە پۆلیسی‌یەکان (توێژینەوەی پۆلیس، تاوانکاری، دادگایی) هەر لەم "دۆزینەوەی (واقـع)ی داپۆشـراو"ەدا شـاردراوەتەوە. بـە دەربڕیـنی‌تر دەتوانین‌بڵێین کە تانو پۆی هەر چیرۆکێك خۆی جۆرە مەتەڵێکە" وە دۆزیـنەوەی دوایـن چیرۆك مەیلی بەرەوڕوو بوونەوە لەتەك تانو پۆ[ی چیرۆك] بەرهەم دێنیٚ[!!]. ئایا دەتوانین بڵێین کە چێژی زانسـت دۆزیـنەوەی مەتەڵەکانـە؟ وە ئەگـەر وایە، کۆمپیوتەرەکان وێرانکەری ئەم چێژە نین؟ لەوانەش چێژیش دەخەنە پاوانی خۆیانەوە.

48. A. Jolles, op. cit., pp. 114 – 116.
49. Ibid., p. 121.
50. Ibid., p. 123.
51. Ibid., p. 132.
52. Ibid., p. 137, p. 143.
53. Ibid., p. 145.

٥٤ـ لـە "مەسـنەوی"ی مەولانا ورد بینەوە: "لەم جۆرە چیرۆکە تەمسیلی [Allegory]یەدا وا دەردەکەوێ کە ئەو کەسـەی (تەمسـیل)ەکـە دێنێـتەوە لـە بارودۆخـێك کە هەقیقەتەکەی روون نیە، وێنەیەك پەیدا دەکات کە لە گوتارو پەندە باوەکـان دەچـێ، یـان لـە خۆیـەوە دایـان دەهێنێ تاکوو ئەو شتەی کە نادیارە لە رێگەی وێنەیەکەوە کە هەقیقەتو کۆتایی حاڵەتەکـەی روونـە [وابکـات] کـە بـۆ بەرامـبەر [گوێگـر ـ خوێنەر] شایان وێناکردن بێ. هۆی ئەمە کە ئەو [وێنەیە] بە وشەگەلێك وەکوو پەندو نموونەس مانا دەکەن لێرەدایە".

ع. زرین‌کوب، بحر در کوزه، نقد و تفسیر قصه‌ها و تمثیلات مثنوی، تهران، ١٣٦٦، ص ١٦٥.

٥ـ سـێ "حـیکایەتی رەوشـتی" لـە فیـلمی "فیداکاری"ی ئاندری تارکۆفسکی‌دا هاتوون. حیکایەتە رەوشتی‌یەکان لە "ئنجـیل"، "قورئان"و "مەسنەوی مەولانا"و زۆر لە بەرهەمەکانی عەتتار [ی نیشابووری] باسیان لێوە کراوە. هەڵبەتە لەم کتێبانەدا پەندیش زۆر بەکار هاتوە.

٥٦ـ رەچـەڵەکی "چـیرۆکە رەوشـتی‌یەکان" بۆ چیرۆکە هێندی‌یەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام فۆرمە (کامڵ)ەکەی دەتوانین لە ئەدەبـیاتی ئورووپـایی سـەدەی هەژدەهـەمدا بدۆزینەوە، لە سەدەی هاوچەرخدا، شەش فیلمی ئیریك رۆمێر (بەناوبانگترینیان "ئەو شەوەی لە ماڵی مودا بەسەرم برد") خاوەنی ناونیشانێکی گشتگیری "چیرۆکە رەوشتی‌یەکان"ن.

57. A. jolles, op, cit. p. 159.

وە خاوەنی بەکارهێنانی گشتی‌یە لە پۆلەکانی وانە وتنەوە، بەڕێوەبەرایەتیە پۆلیسی‌یەکان، دادگانو... .

58. Ibid., p. 161.
59. Ibid., p. 166.
60. Ibid., p. 173.
61. Ibid., p. 175.

٦٢ـ والـتر بینـیامین لەگـەڵ ئارنـایم هاوڕایە. لە وتاری "حیکایەتکەر: چەند بیرۆکەیەك لەبارەی نیکۆلای لسکۆفەوە" جەخـتی کـردوە کـە هونـەری حـیکایەتکەری لە نێو چووەو "ئێمە رۆژانە کەمتر لە پێشیان لە تەك کەسانێك بەرەوڕووین کە توانای گێرانەوەی‌حیکایەتیان هەبێو هەر رۆژەو زیاتر لە جاران لەگەڵ هەستکردن بە شەرمێك بەرەوڕوو دەبین کە لە ئەنجامی پێویسـتی دەربڕیـنی بیستنی حیکایەت، ئاخێوەر رادەگرێ. گوایە شتێکی ئاشنا لە تەك ئێمە، دڵنیاکەرەوەترین شتێك کە لە گەڵماندابوو، [ئێستاکە] لە ئێمە جیا کراوەتەوە: بینیامین. و، پێشین، ص ص ١٩٨ ـ ١٩٧

63. A. Jolls, op. cit., p. 180





64. Ibid., p. 181.
65. Ibid., p. 190.
66. Ibid., p. 197.
67. Ibid., pp. 198 – 200.

ئـەم هـێمایەی‌یۆڵـس چەشـنی ئـەو لێکۆڵیـنەوانەیە کـە باخـتین لـە کتێبی "بەرهەمەکانی فرانسوا رابلەو کولتووری جـەماوەریی لـە سـەدەکانی نێوەڕاستو رێنسانس‌دا، هێناویەتە گۆڕێ. هەردووك بیریار باسیان لە "نیگایەکی سوحبەتیانە بە جیهان" لەگەڵ "کەموکوڕی‌یەکانی جیهان" کردوە.

68. A. Jolles, op. cit., p. 203.

٦٩ـ کتێـبی ڤلادیمـیر یانکلـەویچ بـەناوی "گـەپی زیـرەکانە" وردترین لێکۆڵینەوەیە کە لەم بارەیەوە نووسراوە: V. Jankelevith, L'ironie, paris, 1987

70. Erasme, Elogede la foloe, paris, 1964.

اراسـم، مـدح دیوانگـی، تـرجمه م. ع. مسعود انصاری، تهران، ١٣٢٢. لە ئەدەبی فارسیش‌دا "لە ستایشی شێتی‌دا" چـەند هاوشـێوەیەکی هەیـە: چـەمکی "عقـلاء مجـانین" جۆرە ستایشێکە لە [جۆری] گەپی زیرەکانە کە لە قاڵبی شێتی‌دا، ئاوەزی دەسەڵاتداران رەت دەکاتەوە.

بڕواننە:

ابولقاسم حسن نیشابوری، "عقلاء مجانین" معارف، ٢/٢، تهران، ١٣٦٦، ص ص ١٢٨ ـ ٣٩

71. A. Jolles, op. cit., p. 204.

٧٢ـ لـە بـیرم دێ کـە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بەهرام سادقی لە وتووێژێك‌دا لەگەڵ "آیندگان [ئایندەکان = واتە ئەوانەی لە داهاتوودا دێن]" داوای لە رۆمان‌نووسە ئیدانیەکان کردبوو کە "تیپەکان بگەڕێننەوە بۆ سەر سەربازگەکان، بە داخەوە، ئێستا دەستم بە دەقی ئەو گفتوگۆیە ناگات.

73. A. Jolles, op. cit., 207.

pp. 209 – 210. ،.74. Ibid

٧٥ـ هەر لەم پارەدا چەندین دار پارەکەی (بینیامین)م وەبیر هێناوەتەوە" لە بەرهەمی ئەودا واتە "سەرچاوەی شین‌نامەی ئاڵمانی"شدا هێماگەلێکی رونکەرەوە لەمەڕ حیکایەتەوە دست دەکەوێت:

W. Benjamin, Origine du drame Baroque Allemand. Trans. S. muller, paris, 1985. Pp. 112 – 116.

وە هەروەها بڕواننە وتاری کورتی ئەو "مێژووی ئەدەبی‌و زانستی ئەدەبیاتگ لە:

W. Benjamin, Essais. I trans. M. Gandillac, paris, 1983, pp. 141 – 148.

76. le frontieres du conte, C. N. S., paris 1982.
77. R. pinon, le conte merveilleux comme objet detudes, liege, 1955. P. 3.
78. B. Bettelhime, Psychalyse dontesde fees, paris, 976. P. 24.

٧٩ـ رەچـەڵەکی وشـەی Narration بـۆ Narraraی لاتیـنی‌و Gnarus ی یونـانی دەگـات. Gnarus واتای زانسـتو ناسـینە کـە خۆی رەچەڵەکەکەی لە [زمانی] هێندو ئورووپی‌دا Gnaیە (Gnosی یونانی لەو جیا بۆتەوە) وشەی کـۆنو فەرامۆشـکراوی ئینگلـیزی Geenawwanیـش رەگەزەکەی بۆ ئەم وشە هێندو ئەورووپی‌یە دەگەڕێتەوە. بەم پێیە

گـێڕانەوە بـە واتای دۆزینەوەی زانستە، ئەرستۆش لە "تیۆری ئەدەبی"دا ئەو چیرۆکەی کە لەسەر لاساییکردنەوە دامەزراوە، بە "هاتنە ئارای زانین" ناودێری دەکرد.

Aristotle. The works, vol XI. Rhetorica/ poeitca, ed. W. D. Ross, oxford, 1971, 1848 b.

80. J. M. Adam, le texte narratif, Nathan U. P., 1948.

٨١ـ بـە مەبەسـتی لێکۆڵیـنەوەی وردتـر لەمـبارەوە بڕوانـنە: M. charles, le rhetorique de la lecture, paris, 1979.

82. A. J. Greimas, semantique structurale, paris, 1966

J. Greimas, Du sense, paris 1970.

83. A. J. Greimas, Du sense, II, paris, 1983.

84. Du sense, semantique structurale, pp. 200 – 208.

85. C. Levi – strauss, op. cit., p. 168.

86. A. J. Greimas, op cit., p. 191.

87. Ibid., pp. 173 – 176.

**گـێرماس گوڕانـی بە سـەر حـەوت کەسـیەتی حـیکایەتی کـە پـرۆپ دەستنیشـانی کـردبوون، هێـناو یارمـەتیدەرانی بـە جۆرە بەخشندەگەلێك لە قەڵەم داو لە پاڵەوانی ساختەی لە گروپی بەدکارو شەڕەنگێز جێ کـردەوە، لـە بەرامـبەردا کاراکتـەری وەرگـر (خـاڵی بەرامـبەری گەیێـنەر)ی هێـنایە گۆڕێ کـە مـەرج نـیە لەگەڵ پاڵەواندا یەك شت بێ.**

٨٨ـ لـە پـاش گێرماس، دوو توێژەریتر [بەناوەکانی] وێگۆردو مارسێل درول هەر [چەشنە] حیکایەتێك یان بە جۆرە چیرۆکێکی شکاندنی پەیمان دا بە قەڵەم" وە ئەم پێکهاتەیەیان هێنایە ئاراوە" پەیمان دەشکێ، هەوڵدان بۆ بەستنی پەیمانێکیتر دەست پی دەکاو پەیمانێکی تازە دەبەسترێت.

بڕواننە: V. Rober, "semiotique du conte" poetique. 6, 1972

٨٩ـ شـابرول زۆر لە راپۆرتەکانو ئەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤاری پڕفرۆشی Elle هاتوون، کردوە بە بابەتی توێژینەوەی خـۆیو بـەم ئەنجامـە گـەیی کـە لـەم چیرۆکانەدا لە هۆکارەوە بۆ هۆ، وە لەو دوماهیـیە خۆشەی کە دەشێ پێشبینی بکرێ، دەگەینە سەر رووداوەکان.

chabrol, Recit feminin, paris, 1971, pp. 13 –14

90. A. J. Greimas, maupassnt, la semimotique du texte, paris, 1976, p. 200

91. A. J. Greimas, semantique structurale, p. 222.

92. A. J. Greimas,, Du sense, pp. 39 – 40.

93. A. J. Greimas, semantique structurale, p. 97.

94. A. J. Greimas, ed Essais de semiotique poetique, paris, 1971, p. 88.

95. M. Merleau – ponty, le visible et invisible, paris, 1964, p. 243.

96. C. Bremond Logique du recti, paris. 1973.

97. Ibid., pp. 48 – 58.

98. Ibid., p. 131.





99. Ibid., p 71.

100. Ibid., pp. 99 – 100.

101. A. Camus, Theatre, Recit, Nouve;;es, paris, 1962. Pp. 361 – 362.

102. L. O. Mink "History And fiction as modes of compehension" R. cohen ed, new Directions in leterary History, london, 1974, pp. 107 – 123.

103. C. metz, Essais surla significati au cinema, paris, 1968. P 27.

104. L. O. Mink, op. cit., p. 123.

105. C. simon. "Entretien". Le Nouvelle critique, 105, 1977, p> 41

106. L. O. Mink, op. cit., p. 113.

107. Boethius, the consolation of philo sophy, trans, V. E. watts, lond on, 1986, pp. 163 – 176.

108. C. bremond. Op. cit., p. 25.

109. Ibid., pp. 18 – 19.

110. Ibid., P – 131.

**١١١ـ ویـرژیل دەگاتـە بـەندەری برۆندیسیۆمو دەڕواتـە کۆشـی ئۆگۆسـت. لـە باخەکـە پیاسـە دەکا، دەچـێتە ژوورەکەیـەوە، لـە پەنجەرەکەوە دوو پیاوو ژنێك کە سەرخۆشن، دەبینێ. هاوڕێکایو ئیمپراتۆر ئۆگوست دێن بۆ دیمانـەی. ویـرژیل وەسـیەت دەکاتو دەمـرێ. وە ئەمـە "رووداوەکـان"ی رۆمـانی بـرۆخە. یـان بـە گوتـەی خـۆی "(واقع)ی ئەم جیهانەیە کە چاوەڕێمان دەکات":**

H. Broch, La morted virgil, trans. A. cohn, paris, 1969, p. 387.

112. H. Broch, Creation Litteraire et connaissance, paris, 1966, p. 283.

## نێوەرۆك:

★پێشگوفتار................................................................٣
★پاژی یەکەم: زمانو نیشانە.. سۆسێر، پێرێس، مۆریس..........١٣
★پاژی دوەم: بایەخی فۆرم، فۆرمالیستە روسەکان.................٤٧
★ پاژی سێیەم: زمانو شیعر، یاکۆبسێن...............................٨٣
★پاژی چوارەم: لۆژیکی وتوێژ، باختین...............................١١٨
★ پاژی پێنجەم:میتۆدی دەربڕین: مۆکارۆفسکی،
لۆتمەن، وۆلفین، ئیسپیزێر............................................١٥٥
★پاژی شەشەم: فۆرمو واتا: پرۆپ، یۆلس،
گێرماس، برێمون.......................................................١٨٦



## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١-راپسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری
٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٣-گلگامێش: و : ئیدریس شێخ شەرەفی
٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەر،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا.
٥- دەرونزانی، و تار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨-عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە
٩- دەسەڵاتو حەقیقەت ، ئیدریس شێخ شەرەفی
١٠- لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، قوتابخانەی فرانکفۆرت
ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١١-خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، ئاسۆ جەلال
١٢-کۆمەڵناسی / ستار باقی
١٣ هیگڵ: رێبین رەسوڵ